KURDISTAN




کوردستان
سەرکەوتنی کورد لەگرەوی یەکیەتی و گرێبەستێکی نەتەوەییدایە
لە"ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
یەک لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات خەبات دژی:
سیاسەتی زەویی سووتاو و ئیکۆتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە
گەلاوێژی ٢٧٢٣
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- مودێلە سیاسی یان جۆری ڕێژیمەکان........................................................ د. بابان ئەلیاسی ..... ٤
٢- سەدەی بیستەم دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە........................................ کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٣
٣- ڕێبەری گەل.............................................................................. مستەفا شێخە ..... ١٨
٤- وانەکانی پووشپەڕ...................................................................... ئەلبورز ڕووبین‌تەن ..... ٢٣
٥- قاسملوو ٣٤ ساڵ لەمەوپێش، لە ٢٧ خولەکدا شۆڕشی ژینای بۆ گێڕاینەوە.................... ژیوار ڕەسووڵی ..... ٢٦
٦- کۆنفرانسی لۆزان و کاریگەرییەکەی لەسەر پرسی کورد........................................ حەسەن قارەمانی ..... ٣٠
٧- خەسارەکانی پاشەکشە و نرخی بەرەنگاری............................................... جەمیل سەرمەستی ..... ٣٢
٨- قاسملوو، ڕێبەرێک کە سیگاری "کێنت"ی دەکێشا........................................... یەعقووب ڕەوا ..... ٣٧
٩- کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان........................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٤٢
١٠- پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.......................... د. محەممەد حوسێنزادە ..... ٤٧
١١- ڕەوشت لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوودا............................................ ئاگری ئیسماعیل‌نژاد ..... ٥٥
١٢- (لە پەیماننامەکانی "سەعدئاباد" ڕا هەتا "بەغدا")........................................ مستەفا مەولوودی ..... ٥٨
١٣- هێز لای کێیە؟............................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٦٤
١٤- ڕۆحی لۆزان................................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٦٦
١٥- گەڕانەوەی گەشتی ئێرشاد بۆ شەقامەکان................................................... ئاویەر ..... ٧١
١٦- هەم دەرد و هەم دەرمان.................................................................... عەلی بداغی ..... ٧٥
١٧- قووڵایی ستراتێژی ئێمە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بێت.................................. مەجید حەقی ..... ٧٩
١٨- لە پەراوێزی پەیامی هاوخەمی بۆ عاشوورای حوسێنی......................................... تاهیر قاسمی ..... ٨٢
١٩- ساڵێک دوای مەرگی ژینا.................................................................. حەسەن قارەمانی ..... ٨٥
٢٠- دیالۆگ لەگەڵ پەراوێزەکان................................................................ کەریم پەرویزی ..... ٨٨
٢١- تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دێموکرات........................................... عەلی بداغی ..... ٩٢
٢٢- دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ.................................................................. شیوا مورادیان ..... ٩٥

٢٣- حوسێن ئەحمەدی‌نیاز: لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو جینایەت و تاوانێک پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی لەپشتە.............
........................................................................................... دیمانە: ئاسۆ مینبەری ..... ٩٨
٢٤- حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانیدا...................................... سمایل شەرەفی ..... ١٠٣
٢٥- ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان.............................. عومەر باڵەکی ..... ١٠٦
٢٦- پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................... د. محەممەد حوسێن‌زادە ..... ١١٠
٢٧- تێچووی ئێران بۆ یارمەتیدانی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین.......................... و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١١٥
٢٨- ٢٥ی گەلاوێژ، دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوا............................................ ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ١٢١
٢٩- خەبات ژیانە................................................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٥
٣٠- حیزبی دێموکرات لە بەردەم هەلومەرجێکی مێژووییدا............................................ مەنسوور مروەتی ..... ١٢٩
٣١- ورەی شۆڕش................................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٣٢
٣٢- قوتابخانەی گەلاوێژ.......................................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٣٥
٣٣- "ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین"..................................................... ئارام کەیخوسرەوی ..... ١٤٠
٣٤- ناونیشانی دروست کامەیە؟.................................................................. ئارمان حوسێنی ..... ١٤٥
٢٥- کاریگەریی پەیماننامەی ئەلجەزایر لەسەر پرسی کورد.......................................... مستەفا مەولوودی ..... ١٤٨
٢٦- ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیەک لە هەشت دەیەی ڕابردوودا................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٥٦
٢٧- حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی......................................... عەلی بداغی ..... ١٥٩
٢٨- ٢٥ی گەلاوێژ و چەند وتەیەک.................................................................. برایم چووکەڵی ..... ١٦٢
٢٩- حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە............................................ سمایل شەرەفی ..... ١٦٥
٣٠- مەرگی عەبدولکەریم شێخانی: خەسارێکی گەورە.......................... ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ١٦٧
٣١- کۆدەکانی فاشیزم............................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٧١
٣٢- کوردستان، چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا.................................................. عەلی بداغی ..... ١٧٦
٣٣- فتوای خومەینی و خەباتی گەلی کورد دوای ٤٤ ساڵ........................................ برایم چووکەڵی ..... ١٧٩
٣٤- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە..................................... سمایل شەرەفی ..... ١٨٢
٣٥- ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی ئێران - عێراق..... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٨٥
٣٦- خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە.. کوردکاناڵ .... ١٩٦

# مودێله سیاسی یان جۆری ڕێژیمەکان




د. بابان ئەلیاسی

## پێشەکی

ئەم نووسراوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی مۆدێلە سیاسیەکان (جۆری ڕێژیمەکان)و، ئەو فاکتەرانەی کە چارەنووسی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان، دوای دەرچوون لە دەسەڵات دیاری دەکەن. لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، سیاسەت زیاتر ململانێ و توندوتیژییە نەک سەروەری یاسا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان، کە بریتیە لە ڕێژیمە پاشایەتییەکان، کەسایەتییەکان، تەکحیزبی و سەربازییەکان(١)، لە زۆر ڕووەوە جیاوازن. جۆرەکانی دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی ئاڵوگۆڕی فەرمانڕەواکان و دەسەڵات دیاری دەکەن. هەر جۆرە ڕێژیمێک، کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی داینامیکی نێوخۆیی، نێو نوخبە و، پلەیەکی جیاوازی دامەزراوەییبوونی هەیە، کە تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی گۆڕینی سەرکردەیەک دیاری دەکات. ئابل ئێسکریبا فۆلک دیکتاتوورەکانی بە سەر چوار گرووپ دابەش کردووە. دیکتاتۆرە تەکرەوە کەسایەتی، سەربازی، حیزبی و، پاشاکان. ئابل پێیوایە کە جۆرەکانی دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی فەرمانڕەواکان دیاری دەکەن. لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦ - ٢٠٠٤، ٤٧٪ی دیکتاتۆرەکان پاش لەدەستدانی دەسەڵات زیندانی کراون، یان کوژراون، یان ناچاربوون بچنە

دەرەوە. دوو پێوەری بنەڕەتی یاریدەرن لەسەر گوستنەوە لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا: یەکەمیان مودێلی سیاسیی جۆری ڕێژیمە و، ئەوەی دیکەش، ئەدا و دەسکەوتی کارکردنی ڕێژیمەکە.

## جۆری ڕێژیمەکان

هەرچەند جۆری ڕێژیمەکان جیاوازن، وەک کەسایەتی، سەربازی... بەڵام ڕێژیمەکان پۆلێن دەکرێن بە دامەزراوەیی و نادامەزراوەییدا. ڕێژیمە دامەزراوەییەکان پێکهاتوون لە پاشایەتییەکان، کە پشت بە جێنشینی بۆماوەیی (ارثی) دەبەستن و، دیموکراسییەکان، کە پشت بە هەڵبژاردنی دەورەیی و کێبڕکێ دەبەستن. دیموکراسی و پاشایەتییەکان لەبەر ئەوەی ڕێسای فەرمییان هەیە، دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵات بە ڕێکوپێکی و جێنشینی لە دەسەڵاتدا مسۆگەر دەکەن. لە بەرانبەردا، ئەو ڕێژیمانەی نادامەزراوەیین، ئەم جۆرە یاسایانەیان نییە: ئەوان سیستەمێکی تا ڕادەیەک بێسەروبەر و ئەنارشین کە تێیدا ململانەکان سەبارەت بە دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵات بە شێوەیەکی تایبەت بە هێز چارەسەر دەکرێن. سەرەتا سەبارەت بە ڕێژیمە تۆتالیتاریزمەکان، هێندێ لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، هەڵسووکەوتیان لە هەمان ڕەفتاری ڕێژیمە تووتالیتارەکان دەچێ. نموونەیەکی هاوچەرخ دەکرێ ئاماژە بکرێ بە ڕێژیمی کۆرەی باکوور، یان هەندێک ڕێژیمی بناژۆخوازی ئایینی وەک کۆماری ئیسلامی لە ئێران. سەبارەت بە ڕوانینی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەسەر دیموکراسی، جۆزێف ئیستالین قسەیەکی لە پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسی و هەڵبژاردن هەیە کە دەتوانێ بۆچوونی بەشێک لە فەرمانڕەوا تەکرەوە کەسایەتیەکانمان بۆ ئاشکرا بکات، کە دەڵێت، (بەسە خەڵک بزانێت کە هەڵبژاردن هەیە. ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن هیچ بڕیارێک نادەن. ئەو کەسانەی دەنگەکان دەژمێرن، هەموو شتێک یەکلایی دەکەنەوە). یەکێک لەو نووسەرانەش کە بەکارهێنانی چەمکی تۆتالیتاریزمی بەناوبانگ کرد هانا ئارێنت (١٩٠٦ - ١٩٧٥) بوو. بە تایبەتی لە کتێبەکەیدا لە ساڵی ١٩٥١، بە مەبەستی وێناکردنی هاوبەشییەکانی نێوان نازیزم و ستالینیزم. سەبارەت بە ڕێژیمە تۆتالیتارەکان، زۆربەی زانایانی سیاسی پێیان ئەو ڕێژیمانە پێش سەدەی بیستەم دەگمەن بوون، چونکە نە ئامرازی تێکنۆلۆژی و نە پاساوی ئایدیۆلۆژی بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بوونی نەبووە. بەڵام لەم سەردەمەدا، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و میدیای جەماوەری دیکە، تا ڕادەیەک ئاسانکاری بۆ ڕێژیمە تۆتالیتاریزمەکان دەکەن. زۆرجار لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی پروپاگەندە، فەرهەنگ و کاریزمای کەسایەتی دروست دەکرێ. یەکیەتیی سۆڤیەتی جۆزێف ستالین و ئاڵمانی ئەدۆلف هیتلەر بە شێوەیەکی بەرفراوان بە دوو باشترین نموونەی ڕێژیمە تۆتالیتاریزمەکان دادەنرێت.

ڕێژیمە کەسایەتییەکان لە بنەڕەتدا لە فەرمانڕەوایەک پێک دێن کە هەموو دەسەڵات لە دەستی خۆیدا چڕ دەکاتەوە و لە ڕێگەی تۆڕەکانی مشتەریگەری، وەفاسەندن و ڕانتخۆری، پشتیوانیی هاوپەیمانییەکی بچووککراوە، دەسەڵات دەکرێت.

سەرکردە کۆنترۆڵی ئاشکرای دامەزراندن و دامەزراندنی سیاسی باڵا دەکات. نموونەی دیکتاتۆرە کەسایەتییەکان، دەکرێ ئاماژە بە قەزافی، شای ئێران، خومەینی، خامنەیی ... بکەین. حاکمە کەسایەتییەکان تا دەتوانن بەرەنگاری گۆڕانی ڕژێم ببنەوە. لە ئەگەری ڕووخانی ڕژێم، گۆڕانکاریی سیاسی بەزۆری دەبێت بسەپێندرێت، زۆرجار بە توندوتیژی. ڕژێمە کەسایەتییەکان کەمترین ئەگەری گواستنەوەیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەیە.

لە کۆی هەموو گۆڕانکارییەکانی ڕژێم لە دەسەڵاتی کەسایەتییەوە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە، تەنیا ٥%یان ناتوندوتیژی بوون. لە بەرانبەردا ٥٨% و ٦٧.٥%ی گواستنەوەکان لە ڕژێمی حیزبی و سەربازییەوە بەئاشتیانە بوون. لە ڕژێمە تاکەکەسیەکان لە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی دوو خەسڵەتی بنەڕەتیی، یەکەم: دروستکردنی پەیوەندی وەفاداری لەسەر بنەمای مشتەریگەری و گەندەڵی، دوورخستنەوە (ئیکسکلوژن)، گەشەی ئابووری تێک دەدات و نارەزایی دروست دەکات. ئەمەش ئەگەری کودەتا یان ڕاپەڕینی جەماوەری زیاتر دەکات. دووەم: ئاستێکی نزم لە بەدامەزراوەییکردنی ڕژێم و نەبوونی شێوازی ڕێکوپێک بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتداران، ڕکەبەرەکان بۆ ڕزگاربوون لە حاکمانی سەردەسەڵات، ناچار دەبن پەنا بۆ تیرۆرکردن ببەن. سەبارەت بە چارەنووسی دیکتاتۆرەکان دوای دەرکرانیان یان دەرچوون لە دەسەڵات، زانیارییەکانیش دەری دەخەن کە لە کۆتایی دەسەڵاتەکەیاندا، زیاتر دەسەڵاتدارە کەسایەتی و سەربازییەکان تووشی زیندانیبوون دەبن. بە پێچەوانەوە، بە دابینکردنی ڕێکاری ڕێکخراو بۆ گۆڕینی حوکمڕان، پاشاکان و سەرکردەکانی ڕژێمە حیزبییەکان، ئەگەری زیاتریان هەیە لە دوای جێهێشتنی دەسەڵات ڕووبەڕووی هیچ سزای زیاتر نەبنەوە.

لەمەڕ گۆڕینی دەسەڵات، فۆلک پێیوایە کە جۆرەکانی دەسەڵات یان مۆدێلی سیاسی، تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی فەرمانڕەواکان دیاری دەکەن. ئاڵوگۆڕەکە پەیوەندیی هەیە بەوەی چۆن ڕژێمەکان داینامیکی نێوخۆیی دادەڕێژن و، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاریگەرییان لەسەر شێوازی گۆڕینی دەسەڵاتداران هەیە. بۆ هێندێک لە سەرکردە سیاسییەکان، لەدەستدانی دەسەڵات نەک تەنها گۆڕینی دەسەڵات، ڕەنگە سزای زیاتری بەدوای خۆیدا بهێنێت. وەک چۆن لە حاڵەتی چاوشسکۆ، سەدام و قەزافی... بینیمان، نەک خۆیان و ڕژێمەکانیان، بەڵکوو بنەماڵەکانیشان تێدا دەچن. بەگشتی، بەشێک لە دیکتاتۆرەکان لە ئەنجامی لەدەستدانی دەسەڵاتدا، زیندانی کراون، کوژراون، یان ناچاربوون بچنە دەرەوەی وڵات. لەنێو جۆری ڕژێمەکاندا، سەرکردە سەربازی و کەسایەتییەکان، زیاتر لە پاشاکان یان فەرمانڕەواکانی ڕژێمە تاک حزبییەکان زیندانی دەکرێن. لە ڕوانگەی مێژووییەوە و، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، کودەتا یەکێک بووە لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات کە زۆرترین جار بەکارهێنراوە. لە دەیەی ١٩٨٠ زیاتر لە نیوەی حکومەتەکانی جیهان لە ئەنجامی کودەتایەکەوە هاتوونە سەر کار. بەگوێرەی فۆلک، زۆربەی فەرمانڕەوا پاوانخوازەکان، بە ڕێکوپێکی یان نا، بە دیکتاتۆرێکی دیکە دەگۆڕدرێن و دیکتاتۆرییەکی دیکە جێگەیان دەگرێتەوە. واتە ٧١.٧%ی فەرمانڕەوا کەسایەتییەکان،

**٨٧.٧%ی سەرکردەکانی حیزب-ڕێژیم و٦٧.٦%ی فەرمانڕەوا سەربازییەکان.**

لێکۆڵینەوەیەکی میلان و. سڤۆلیک، کە لە سەر تەواوی ئەو ٣١٦ سەرکردە تاکڕەوە کردوویەتی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ بۆ ٢٠٠٨ لانیکەم بۆ ماوەی یەک ڕۆژ پۆستیان گرتۆتە دەست و بە ڕێگەی نادەستووری دەسەڵاتیان لەدەست داوە. ئەم دەرچوونانە، هەموو دەرچوونەکان دەگرێتەوە -کە بەهۆی مردنی سرووشتی، لە ڕێگای هەڵبژاردن، دەنگدان لەلایەن دەستەیەکی دەسەڵاتدار، یان جێنشینی بۆماوەی (ارثی) نەبووە-. لەنێو ئەو ٣٠٣ سەرکردەی کە دەتوانرا بەدڵنیایەوە چۆنیەتیی لەدەستدانی دەسەڵاتیان بۆ دیاری بکرێت، تەنیا سیودوو سەرکردەیان بەهۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە دوورخرانەوە و، سی کەسی دیکەش لەژێر فشاری گشتیدا بۆ دێموکراتیزەکردن دەستیان لەکار کێشایەوە. ئەمەش نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دەرچوون لە دەسەڵات، بە شێوەی نادەستووری پێکدەهێنێت. بیست سەرکردەی تر تیرۆر کران و شانزە سەرکردە بە دەستێوەردانی دەرەکی دوورخرانەوە. بەگشتی تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە داینامیکی سەرکردایەتی تاکڕەووە هەیە، زۆرینەی ڕەهای دیکتاتۆرەکان، دەسەڵات لەدەست دەدەن بۆ ئەوانەی کە لەنێو بازنەی کۆشکی دەسەڵاتدان، نەک بە جەماوەر. وەک لە حاڵەتی قەزافی، یان شای ئێران بینیمان، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتە دەسەڵاتە تاکەکەسیەکان بە حاکمەوە گرێ دراوە، بەزۆری بە مردنی حاکم، دەسەڵاتیش لەگەڵ دیکتاتۆر دەمرێت. هەربۆیە ئەو کەسانەی نێوخۆی سیستم کە سوودمەندن لە ڕێژیم، پێ دەچێت، وەک نوخبەش ڕووخانی ڕێژیمەکە ئەو ئیمتیازاتانە لەدەست بدەن.

لەنێو هەموو جۆرەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا، لە ئەگەری ئەوەی کە لە کاتی دەرچوونی لە پۆستەکەیدا بێ سزا بمێنێتەوە، پاشاکان و سەرکردەکانی ڕێژیمە حزبییەکان زۆرترین شانسیان هەیە کە لە چارەنووسێکی سڵامەت بەهرەمەند بن: ٧٥% بۆ پاشاکان و ٦٦% بۆ فەرمانڕەواکانی ڕێژیمە حزبیەکان. داتاکان دەری دەخەن کە تەنها ٣٥.٩%ی ئەو ڕێژیمە کەسایەتییانەی کە دەکەون، ڕێگە بە بەدێموکراسیبوون دەدەن. بەپێچەوانەوە لە کۆی هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، ٦٢,٣% بە دێموکراتیزەکردن لە ڕێژیمە سەربازییەکان کۆتایی هات و ٤٠,٣% لە ڕێژیمە حیزبییەکاندا. بەپێچەوانە، مانەوە لە هاوپەیمانی دەسەڵاتدا، لەو ڕێژیمە دامەزراوەییانە کە ڕێکارەکانی گۆڕینی ڕێکوپێکیان هەیە، گۆڕینی سەرکردە لە ئەنجامدا نابێتە هۆی کەوتن یان کۆتاییهاتنی تەواوی ڕێژیمەکە. لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆرین و دەسەڵات بە تاکەکەسەوە گرێ دروان و کولتوور و کوڵتی کەسایەتی بەهێزە، وەک نموونەی لیبیی، یەمەن، ئێرانی زەمانی شا، بە گۆڕینی حاکم، دەسەڵاتیش لەگەڵ دیکتاتۆرەکە کۆتایی پێ دێت. بەڵام ئەم نموونە لە میسر کە ڕێژیمە حیزبیەکە بەهێز بوو سەرەڕای گۆڕینی حاکم، مۆدێلە سیاسیەکە لە شوێن خۆی مایەوە. بە پێچەوانەی مۆدێلە دێموکراسیەکان، دیکتاتۆریە سەربازی، پاشایەتی، تاکحیزبی و کەسایەتییەکان، ئەگەر دەسەڵات لەدەست بدەن، ئەگەری زۆرە ڕووبەڕووی چارەنووسێکی ناخوازراو ببنەوە. بە هۆی نەبوونی ڕێکارەکانی جێگۆڕینی ڕێکخراو، لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، چڕبوونەوەی دەسەڵات و



سەرچاوە
Serchawe

دڵسۆزی لەسەر بنەمای مشتەریگەری و وەفاسەندن، سەرکردە کەسایەتییەکان لە کاتی دەرچوونیاندا زیاتر لە سەرکردەکانی دیکە دەکوژرێن و هەڵدێن. دەرئەنجام چڕبوونەوەی دەسەڵات و بوونی دامەزراوە لاوازەکان دەبێتە هۆی نەبوونی ڕێکارە دامەزراوەییەکان بۆ جێنشینکردنی سەرکردایەتی و، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکی و ئالنگارییەکان لەنێو گرووپی نوخبە و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

نەبوونی لێهاتوویی، کاریگەری لەسەر چارەنووسی دیکتاتۆرەکاندا هەیە. ئەو سەرکردانەی لە کاتی دابەزینی ئابووریدا پۆستەکانیان لەدەست دا و ئەوانەی لە ململانێیەکی نێودەوڵەتیدا شکستیان هێنا، دەرکەوتووە، ئەگەری کۆتاییهێنانیان بە زیندان، زیاتر بووە. لێرەوە ئەدا و دەسکەوتی دیکتاتۆرەکان، لە هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، نەک هەر کاریگەری لەسەر ئاسۆی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا هەیە، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر ئەوەش هەیە کە ئایا دوای دەرچوونیان تووشی سزای زیاتر دەبن یان نا. لە حاڵەتی مەترسی لەسەر گۆڕینی ڕێژیمدا، دەتوانێت بڕیاردانی فەرمانڕەواکان خێراتر بکات لەوەی بۆ مانەوەی خۆیان شەڕێک هەڵگیرسێنن، یان ناچار دەبن ئارەزوو و تەماحە سیاسییەکانیان سنووردار بکەن. وەک چۆن لە حاڵەتی قەزافی بینیمان، بە گشتی ئەگەری ئەوە زۆرە کە دیکتاتۆرە کەسایەتییەکان، زیاتر لە جۆرەکانی تری حاکمان، بەهۆی ڕاپەڕینێکی چەکدارییەوە لە کارەکانیان دوور بخرێنەوە و تووشی شەڕی نێوخۆیی ببن.

ئۆدۆنێل و شمیتەر جەخت لەوە دەکەنەوە لەو شوێنانەی کە لەشکر ناتوانن ڕێگری لە گواستنەوەی دەسەڵات بکەن، هەوڵ دەدەن گەرەنتیی بەهێز بەدەست بهێنن کە لە هیچ بارودۆخێکدا تۆڵەی ڕابردوویان لێ نەکرێتەوە. ئەگەر ئەو زەمانەتە بەدەست نەهێنن، وەک هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکە دەمێننەوە. بە بۆچوونی پرێڤۆرسکیدا، مانەوەی لەشکری بەهێز و یەکگرتوو لە کاتی گواستنەوەدا، لە ئەنجامدا دیموکراسییەک بە هەندێک گەرەنتی دێتە کایەوە. هەنتینگتۆن پێیوایە کە بۆ ئەوەی دیموکراتیزەکردن دابین بکرێ، دەسەڵاتە دیموکراسییە نوێیەکان، نابێت بەرپرسانی پێشوو بە تاوانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دادگایی بکەن. واتە ئەو کاتە کە گواستنەوەکان لە ڕێگەی گۆڕانکاری لەلایەن نوخبەی ڕێژیمەوە سەرکردایەتی دەکرێن، یان ئەوەی گواستنەوەکە لە ئاکامی ڕێکەوتنێکە لە نێوان نوخبەی ئۆپۆزیسیون و نوخبەی ڕێژیمەکە.

لە بەرانبەر ئەم تێڕوانینە، زانایانی دیکە بۆیان دەرکەوتووە کە لێپێچینەوە لە ژێرپێکەرانی مافی مرۆڤ، دوای قۆناغی گواستنەوە، سەرکوتکردنی داهاتوو لە وڵاتانی ئینتقالی و هەروەها لە وڵاتانی دراوسێدا ڕادەگرێ. ئەدەبیاتی شەڕی بەلاڕێدابردنیش (انحرافی) باس لەوە دەکات کە ئەگەری دەستپێکردنی ململانێ بەهێزتر دەبێت، کاتێک پێگەی سەرکردەکان لە دەسەڵاتدا نائەمنیتر دەبێت. ئەگەری شەڕی نێوان دەوڵەتەکان بەکاردێت بۆ جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی و

بەرزکردنەوەی پشتیوانی جەماوەری بۆ حکومەت. ئارگومێنتێکی دیکە، ڕەدی دەکەنەوە کە سەرکردە کە ئەگەر مەترسی لە دەستدانی دەسەلاتیان هەبێت، شەڕ دەست پێ بکەن یان شەڕ درێژە پێ بدەن. ئەگەر ململانێ و شەڕەکان دەرئەنجامی سەرکەوتووی لێ بکەوێتەوە، ئەوا تیۆرواننینەکانی گشتی سەبارەت بە لێهاتوویی سەرکردە ڕەنگە بە شێوەیەکی ئەرێنی بگۆڕدرێن. بەڵام بەڵگە مەیدانییە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ڕاستیدا، ئەوە نائەمنی لە پۆستدایە کە دەبێتە هۆی ڕەفتاری ئاشتیانە و مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕی نێودەوڵەتی وا دەکات فەرمانڕەواکان زیاتر بێهێز بن.

سەبارەت بە دەرچوونیان لە دەسەڵات، بۆ هەموو جۆرە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، دوای دەرکرانی لە دەسەڵات، کامیان کەمتر تووشی سزا دەبێت، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکەی فۆڵک، پاشاکان و سەرکردەکانی ڕێژیمە حزبییەکان، کەمتر مەترسییان هەیە تووشی سزا بن: ٧٥% بۆ پاشاکان و ٦٦% بۆ فەرمانڕەواکانی ڕێژیمی حزبی، بە پێچەوانەوە ئەگەری ئەوەی کە ڕێبەرەی کەسایەتی چارەنووسی دەرچوونی سەلامەتی هەبێت تەنها ٣٩%یە. وەک حاڵەتی سوریە و لیبی، زیادبوونی پلەی نیگەرانی لە پێشێلکارییەکانی ڕابردوو ودەستتێوەردانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕەنگە مەرجەکانی دەست لەکارکێشانەوەی ئاشتیانە خراپتر بکات. پرسی سزادان پاش دەرچوون لە دەسەڵات، دەتوانێ ڕێگری بکات لە ڕوودانی گواستنەوەی ئاشتیانە. لەوانەیە دۆخێ درووست بکات کە ڕاپەڕینێکی پڕ تێچووی زۆر پێویست بێت بۆ هێنانەدیی دیموکراسی. وەک ئەوەی لیبی و سووریە. سزادان، نەک تەنها ڕێگری لە دیموکراسیکردن بەڵکوو گۆڕانکارییەکی ئاشتییانەش دەکا. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە کەم بکرێتەوە، دوو بژاردە هەن. یەکەم: ڕەنگە فەرمانڕەوای پێشوو وڵات بەجێ بهێڵێ و لە وڵاتێکی بیانی (وەک بن عەلی تونس) مافی پەنابەریی پێ بدرێت. دووەم: دەتوانرێت مەترسیی سزادان کەم بکرێتەوە ئەگەر نوخبە دەرچووەکان، توانای دەستوەردان لە سیاسەتدا بپارێزن ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لە پابەندبوونەکەی بە لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەدات. ئەم توانایە بە شێوەیەکی گشتی لای ڕێژیمە سەربازییەکان بە هێزە.

لەو ڕێژیمانەی کە ڕووبەڕووی دژایەتییەکی جەماوەری و ڕێکخراو و ئەگەری توندوتیژی دەبنەوە، لەشکر تاکەهێزێکە کە توانای شکستپێهێنانی ئەو جۆرە هەڕەشانەی هەیە. بۆ دیکتاتۆرەکان لەم هەلومەرجەدا، ڕەنگە وابەستەیی سیاسی بە سەربازەکان تێپەڕنەکراو بێت و تەنها ڕێگە پەنابردنە بۆ سپا و هێزە ئەمنیەتیەکان. بۆ جەماوەریش، ڕاپەڕین تاکە ڕێگای دەربازبوونە لە ڕاوەدوونان، گەندەڵی و تەنگەنای سیاسی و ئابووریە. لە دۆخی سیستەمی تاک حزبی ئوروپای کۆمۆنیستدا، پاش گواستنە بۆ دیموکراسی، هێندێک پێیانوانیە کە سزادان و دادپەروەری دوور خرایەوە، چونکە ئەندامانی دیار و بەرچاوی ئۆپۆزسیۆن وەک زانیاریدەر بۆ پۆلیسی سیاسی کاریان کردبوو. لێرەوە سەرکردەی حزبە نوێیەکانی دەسەڵات لە بەڵێنی لێبوردنیان بە نوخبەی پێشوو پاشگەز نەبوونەوە بۆ ئەوەی زانیاری لە سەر خۆیشیان بڵاو نەکرێتەوە.

زیادبوونی پلەی نیگەرانی لە پێشێلکارییەکانی ڕابردوو و بەشداریکردنی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕەنگە مەرجەکانی دەستلەکارکێشانەوەی ئاشتیانە خراپتر بکات. ڕێژیمە حیزبەکان، دوای دەرچوون لە دەسەڵات، توانای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نوخبەی پێشوویان هەیە. لەم حاڵەتەدا، توانای دامەزراوە حیزبییەکان، بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی و ڕاگرتنی پشکی گرنگی دەسەڵات لە ڕێژیمە دیموکراسییەکانی دواتردا، دەوری دەبێت لە پاراستنی نوخبەی پێشوو و دوورکەوتنەوە لە سزا. لە هەمان کاتدا کە پارتە باڵادەستەکانی پێشووی ڕێژیم لە هەڵبژاردنەکاندا لە دیموکراسییەکانی دوای گواستنەوەدا زۆر باش دەردەکەون. بەم پێیە ڕێژیمە حزبییەکان دەتوانن بژاردەیەکی باشی دەرچوون بۆ نوخبەکانی پێشووی ڕێژیم مسۆگەر بکەن و بەم شێوەیە تێچووی دەرچوون کەم بکەنەوە.

## کۆبەند

سەرکردە سەربازی و کەسایەتییەکان زیاتر لە پاشاکان یان فەرمانڕەواکانی ڕێژیمە تاک حزبییەکان زیندانی دەکرێن. ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی تا ڕادەیەک نیشانیان دا، بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی عەرەبی کە سیستەمی، پاشایان هەیە، زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی فەرانڕەوایی کەسایەتیان هەبوو، یەمەن، تونیس، میسر... تووشی شۆڕشی جەماوەری بوون. دیارە. ئەو وڵاتانەی پاشایەتی بوون، کەمتر بزووتنەوەکەی بەهاری عەرەبی گرتنیەوە. حاڵەتی وڵاتی بەحرەین جودا بوو، کە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر دەستی تێدا هەبوو. ڕەنگە فەرمانڕەوا تاکڕەوەکان ئەگەر هەست بەوە بکەن کە لە پاش لەدەستدانی دەسەڵات ئەگەری سزادانی بەهێزە، ئەم مەترسییە وابکات کە بەئاسانی لە دەسەڵات واز نەهێنی و هەوڵی پاراستنی دەسەڵات بدات. تەنانەت ئەگەر پەنابردنە بەر توندوتیژی بەرفراوان دژی دانیشتووان بەدوای خۆیدا بهێنێت. لە حاڵەتی قەزافی لە لیبیا و ئەسەد لە سوریا بینیمان کە دوای زیادبوونی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و مەحکوومکرانی نێودەوڵەتی، وازیان لە دەسەڵات نەهێنا. بەڵام لە حاڵەتی توونیس، بن عەلی زوو وڵاتی بەجێ هێشت. ڕەنگە تۆمەتبارکردنی قەزافی لەلایەن دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە ٢٠١١دا قورسایی زیاتری بۆ پرۆسەی گواستنەوە زیاد کردبێت، چونکە تا ڕادەیەک ڕێگری لە بژاردەی دەرچوون کرد.

## سەرچاوەکان:

دەکرێ بۆ وێنە، ئاماژە بە ڕێژیمەکەی قەزافی وەک ڕێژیمی کەسایەتی، حوسنی مەبارەک وەک ڕێژیمی حیزبی (تەک حیزبی)، و بۆ دیکتاتۆریی سەربازییش، دەکرێ ئاماژە بە ڕێژیمی سەربازی لە مالی، چاد، سودان و بێرمە... بکرێت. پاشایەتیی ڕەهایش، دەکرێ ئاماژە بە پاشایەتیی سعوودیە بکرێت. پاشایەتی، بریتییە لە دەسەڵاتێک کە پاشا، بەبێ

سنووردارکردنی یاسایی، حوکمڕانی دەکات. دیارە ئەمەش وا دەکات جیاواز بێت لە پاشایەتیی دەستوری.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Geddes, "Democratization after Twenty Years"; Ezrow and Frantz, Dictators and Dictatorships.
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004 Department of Political and Social Sciences, Universitat Pompeu Fabra, Barcelona, Spain
- Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism (1958)
- Geddes, "Democratization after Twenty Years."
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Javier Fernández López, Militares contra el Estado : España siglos XIX y XX, Madrid, Taurus, 2003, 1re éd., 303 p. (ISBN 84-306-0495-2)
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Milan W. Svolik ،Introduction: The Anatomy of Dictatorship Published online by Cambridge University Press: 05 November 2012
- De Milan W. Svolik - The Politics of Authoritarian Rule. First published 2012
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Geddes, "Democratization after Twenty Years."
- Geddes, "Democratization after Twenty Years."
- O'Donnell and Schmitter, Transitions from Authoritarian Rule, 29.
- Przeworski, Democracy and the Market.
- Huntington, The Third Wave, 231.
- Kim and Sikkink, "Explaining the Deterrence Effect."
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004
- Downs and Rocke, "Gambling for Resurrection."
- Chiozza and Goemans, "Peace through Insecurity."
- Abel Escribà-Folch Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004



سەرچاوە
Serchawe


**- Abel Escribà-Folcha cite Huntington in:  Accountable for what? Regime types, performance, and the fate of outgoing dictators, 1946–2004**
**- De Milan W. Svolik - The Politics of Authoritarian Rule. First published 2012**
**- Goodwin, No Other Way Out.**
**- Nalepa, Skeletons in the Closet.**
**- See Snyder and Vinjamuri, “Trials and Errors.”**
**- Wright and Escriba`-Folch, “Authoritarian Institutions.”**
**- Wright and Escriba`-Folch, “Authoritarian Institutions.”**

**ای گەلاوێژی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# سەدەی بیستەم دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە



**کەماڵ حەسەنپوور**

سەدەی بیستەم لە زۆر ڕوانگەوە سەدەی ڕچەشکاندن بوو و بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەدەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەیان نەبووە. لەو سەدەیەدا دوو جار جەنگی جیهانی ڕووی دا، چەند ئیمپراتوری دوای سەدان ساڵ دەسەڵاتداریی هەرەسیان هێنا و زانست پێشکەوتنێکی پێوانەیی تۆمار کرد. مرۆڤ لەو سەدەیەدا توانی ئەتۆم لەت بکات و لە وزەکەی هەم بە شێوەی ماڵوێرانکەر و هەروەها بۆ پێشکەوتن و خۆشبژیوی و ئاوەدانی کەلکی لێ وەرگیرا. لەو سەدەیەدا بوو کە تیۆرییەکانی دژە کۆلۆنیالیستی دارێژران و گەلێک جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە سەریان هەڵدا و بەشێکی بەرچاویان سەرکەوتن.

لەو سەدەیەدا چەندین ڕێبەری تاقانە سەریان هەڵدا و ناوی خۆیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرد. لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەتوانین باسی، گاندی، لێنین، مائۆ، چرچیل، ڕوزڤێلت و ماندێلا بکەین و لە ئاستی کوردستاندا دەکرێ باسی شێخ مەحمودی بەرزەنجی، سمکۆی شکاک، قازی محەممەد، مەلا مستەفای بارزانی، جەلال تاڵەبانی، دوکتور قاسملوو، فوئاد مستەفاسوڵتانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکەین. تایبەتمەندی هەموو ئەو سەرکردانە ئەوە بوو کە هیچکامیان بە قەولی



سەرچاوە
Serchawe

پێشینیان "لە پڕێک نەبوونە کوڕێک،" بەڵکوو پێگەی ئەوان لە ئاکامی چالاکیی دووردرێژ و کۆڵنەدەرانەی خۆیاندا بوو. دوکتور قاسملوو کە هاندەری نووسینی ئەو وتارەیە، لە هەڕەتی لاوەتیدا هاتە نێو گۆڕەپانی جووڵانەوە و چالاکیی سیاسی و لە ماوەی چەند دەیەدا توانی بیسەلمێنێ کە بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی بلیمەتی هەیە.

لەنێو تایبەتمەندییەکانی پێویست بۆ بوون بە ڕێبەرێکی باش، باسی ئەوانە دەکرێ: دیدی دوور، توانایی پێدانی ئیلهام بە دەوروبەر، بیری ستراتیژیک و ڕەخنەگرانە، توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە، ڕەسەنایەتی و خۆبواردن لە لاساییکردنەوە، خۆگونجاندن، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاری، پشوودرێژی و خۆڕاگری و هەروەها دڵئاواڵایی بۆ چاکسازیی بەردەوام.

گومان لەوەدا نییە هەرکام لە ئێمە کە تا ڕادەیەک دوکتور قاسملوو دەناسین، دەتوانین چەند نموونە لە هەرکام لەو تایبەتمەندییانە باس بکەین کە یان بە چاوی خۆمان لە ناوبراودا دیتوومانن یان لە نووسراوە و لێدوانەکانی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ناسیویانە، بە دۆست و نەیارەوە، خوێندوومانننەوە یان بیستوومانن. لێرەدا من تەنیا دەچمە سەر بەشێک لەو تایبەتمەندییانە کە شەهید دوکتور قاسملوو هەیبوون و دۆست و نەیار دانیان پێدا ناون.

لەبارەی دیدی دوور دەتوانین بە پشتبەستن بە کتێبی "کوردستان و کورد"، دروشمی ستراتێژیکیی حیزب لەو کاتدا، جێخستنی نەریتی گرتنی کۆنگرە و دژایەتیکردنی تاکپەرستی، بیسەلمێنین کە دوکتور قاسملوو خاوەنی دیدی دوور بوو. لەمەڕ بوونی توانایی ئیلهامدان بە دەوروبەرییەکانی، دەتوانین بۆ سەلماندنی بوونی ئەو تایبەتمەندییە لە ناوبراودا، بە گێڕانەوەکانی هەڤاڵان و دۆستانی چ لە نێو حیزب و چ لە دەرەوەی کاری حیزبیدا پشتڕاست بکەینەوە. هێشتا ٣٤ چوار ساڵ پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، وتەکان و بۆچوونەکانی ئیلهامدەری ئەویندارانی ڕێگای ئازادین. بۆ نموونەی بیری ستراتێژیک و ڕەخنەگرانە تەنیا ئاماژە بە دوو شت دەکەم کە سەلمێنەری ئەو تایبەتمەندییە لەلای دوکتور قاسملو بوون، یەکیان هێنانەدەری حیزبی دێموکرات لەژێر هێژمۆنیی حیزبی توودە و ئەوی دیکەش نامیلکەی کورتەباس. توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی دوکتور قاسملو بوو، بە شێوەیەک کە دەکرێ بڵێین ناوبراو بە کەلکوەرگرتن لەو تواناییە، توانیبووی کورد و پرسەکەی بە تایبەتی لە ئورووپادا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بناسێنێ و هێندێک دۆستی بۆ کورد پەیدا کردن کە وەفایان بۆ کورد و پرسە ڕەواکەی تا دواهەناسەی ژیانیان بەردەوام بوو و بەردەوام دەبێ. حاشا لەوە ناکرێ کە دوکتور قاسملو سیاسەتوانێکی کەتوارگەرا بوو و لەبەر ئەو هۆیەش خۆی لەگەڵ هەلومەرجی خەبات دەگونجاند. لە پەیوەندی لەگەڵ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی نە تەنیا بۆخۆی نموونەی ڕاستەقینەی ئەو تایبەتمەندییە بوو بەڵکوو هەوڵی دەدا هەموو گەلی کورد لەو ڕاستییە تێبگەیەنێ بۆیە وتەی، "گەلێک

ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا،" ئاماژە بەو ڕاستییەیە.

کاتێک چاو بە ڕووداوەکانی دەسپێکی سەدەی بیست و یەک تا ئێستا دەخشێنین، بۆمان دەر دەکەوێ کە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتن و ئینتەرنێت، دیاردەی ڕێبەری تاقانەش هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ و بوار بۆ جۆرێکی دیکە لە ڕێبەری بلیمەت دەڕەخسێ.

سەتەلایت، ئینتەرنێت و سۆسیالمێدیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئیزن بە تاکەکان دەدەن تا وەک تاک بیروڕای خۆیان بە ڕێژەیەکی بەربڵاو بەردەنگ بگەیەنن و هەروەها بۆخۆشیان بتوانن لە دید و بۆچوونی تاکەکانی دیکە ئاگادار بن. ئەو دیاردەیە دەتوانێ هەم ئەرێنی بێ و هەم نەرێنی.

لایەنە ئەرێنییەکەی ساکاربوونی گەیاندنی پەیام بە جەماوەرە کە دەتوانێ لە سازکردنی شەپۆلی بەربەرینی جەماوەریی دژی ڕێژیمی دیکتاتۆڕدا کاریگەر بێ، وەک چۆن لە شۆڕشەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا لە چەند وڵاتی جیاواز دیتوومانن. ئێستا بۆ کەس شاراوە نییە کە کاناڵە سەتەلایتییەکان و بە تایبەت سۆسیالمێدیا بۆ دروستکردنی ڕایەڵە لەنێوان سەدان هەزار و بگرە میلیۆنان مرۆڤ لە دەرەوەی سنووره جوغرافییەکان چەندە کاریگەرن.

لایەنە نەرێنییەکەی ئەو تەکنەلۆژیایە، تەوژمی بەلاڕێدابردن بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و سەرهەڵدانی دیاردەی ڕێبەرانێکن کە "لە پڕێک بوونە کوڕێک،" و هەروەها دیاردەی ئینفلوئەنسەر. مەترسیی ڕێبەری پۆپۆلیست و ئینفلوئەنسەری نائاگا بۆ کۆمەڵگە حاشایان لێ ناکرێ.

هەڕەشەیەکی دیکە کە دەتوانێ لەو سەدەیەدا دەوری زۆر خراپ بگێڕێ، دەوری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیای زانیارییە کە بە تێکەڵکردنی تواناییەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بەربڵاوی تاکەکان، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بیروڕا بە شێوەیەک بێ کە لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە دابێ کە خزمەتگوزارییەکانیان دەکڕن. نموونەی ئەو دیاردەیە لە ئابڕووچوونەکەی کەمبریج ئانالیتیکادا بینرا، کە ئاشکرا بوو فەیسبووک لەو بوارەدا و بۆ کاریگەریی لەسەر بۆچوونی بەردەنگەکان لە کاتی هەڵبژاردندا، زانیاریی بەکارهێنەرەکانی فرۆشتووە.

لە ئاستی وڵاتانی دیموکراتیکیشدا دەبینین لە سەدەی بیست و یەکدا زۆر بەدەگمەن لە هەڵبژاردنەکاندا حیزبێک دەتوانێ زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ دەوڵەتی زۆرینە پێکبێنێ. ئێستا دەمێکە یان

دەوڵەتی هاوپەیمانیی بوونە باو، یان دەوڵەتی کەمینەی لاواز کە حیزبی دەسەڵاتدار لە سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا ناسەرکەوتوویە، چونکە ناتوانێ ڕێژەی دەنگی پێویست لە پارلەمانی وڵاتەکەیدا بۆ سیاسەتەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

چەند نموونە تا ئێستا ڕوویان داوە کە کەسێکی دەوڵەمەند کە چەند کانالی ڕاگەیاندنی لە بەردەستدا بوون توانیویەتی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات و بەو شێوەیە ببێتە سەرۆکوەزیران یان سەرۆککۆمار. یەکێک لەو کەسانە سیلڤیۆ بەرلوسکۆنی، لە ئیتالیا بوو کە ماوەیەک لەوە پێش کۆچی دوایی کرد.

ڕەنگبێ بەشێک لە خوێنەران بڵێن، ئەو دیاردەیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕوو دەدەن و پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە نییە. بەڵام لەبەر ئەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان (بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هێشتا لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی دیکتاتۆڕیدایە، مەترسی بەلاڕێدابردنی بیروڕای جەماوەر هەمیشە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

دیاردەیەکی دیکە کە لە زۆر وڵات باوە، بوونی ناوەندکانی لێکۆڵێنەوە و دانانی ستراتیژیی جۆراجۆرە کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن تینک تانک .(Think tank) ئەو ناوەندانە کاریان لێکۆڵینەوە و داڕشتنی ستراتیژی لە بوارەکانی جۆراوجۆرەکانە و دەورێکی مەزن لە بەڕێوەبەریی سیاسەتەکانی وڵاتێکدا دەگێڕن. واتە لە جیاتی ئەوە کە ڕێبەری حیزبێک یان وڵاتێک بۆخۆی سیاسەتەکانی حیزبی خۆی بۆخۆی یان بە یارمەتیی دەوروبەرییەکانی داڕێژێ. ناوەندی تایبەتی بە کەلکوەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان، داڕێژەی سیاستی و ستراتیژیی بەڕێوەبەریی وڵاتن.

ئاخۆ ئەوە بەو مانایەیە کە ئیتر نابێ چاوەڕوانی ڕێبەری مەزن بین؟ بێگومان ڕێبەری مەزن ئیستاش بوونیان هەیە و لە داهاتووشدا دەبن بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە ڕێبەری تاقانە بە شێوەیەک کە هێژمۆنیی فکریی بەسەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکدا هەبێ، لە سەدەی تەکنەلۆژیای زانیارییدا هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ. چونکە تایبەتمەندیی ئەو سەدەیە پەرتەوازەبوونی بیروبۆچوونی خەڵک و هەڕەشەی شکڵدانی بیروبۆچوون و تەنانەت حەز و خولیا، لەلایەن کەسان و لایەنێکانەوەیە کە دەسەڵاتیان بەسەر تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەیە.

گومان لەوەدا نییە کە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی باش هەر ئەوانەن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام سەرکەوتوو ترین ڕێبەر (لەسەر ئاستی کوردستان)، بە بۆچوونی من کەسێک دەبێ کە لە پەیوەندیگرین لەگەڵ تاکەکان، دروستکردنی ڕایەڵە و هەروەها دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا سەرکەوتوو بێ. سەدەی بیست و یەکەم سەدەی ئاڵوگۆڕی بەردەوامە، کە وابوو ڕێبەری سەرکەوتوو کەسێکە کە خۆی و جەماوەر بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیە



سەرچاوە
Serchawe

و پڕ لە ئاڵوگۆڕە ئامادە بکات.

ڕێبەرانی سەرکەوتووی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ، ژمارەیەکی زۆر ڕاوێژکاری بە توانا لە بوارە جۆراجۆرەکانیـان هەن. ئەوان لە ڕاستیدا وەک ڕێبەری ئۆرکێستران، کار و ئەرکەکان بەسەر کەسانی لێزانـدا دابەش دەکەن و بۆخۆیـان ئەرکی خوڵقانـدنی هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی هەوڵەکان بەرەو ئاراستەی سەرکەوتن وە ئەستۆ دەگرن.

ئەگەر سـەردەمێک ڕێبەران بڕیـاردەری چارەنووسی گەلان و وڵاتـان بـوون، لە دەیەکـانی داهـاتوودا ئەوە ژیریـی دەسـتکرد و لێکگرێدانی زانستەکانی زانیاریی و بایۆلۆژیایە کە کۆمەڵگەکانی داهاتوو شکڵ دەدەن.


مـانەوە لە کەشوهەوای سـەدەی بیسـتەمدا، لە لایەن هەر ڕێبەرێـک و ڕێکخـراوێکەوە بـێ، دەتـوانێ ئاسـەواری کارەسـاتباری بەدواوە بێ، بۆیە دەبێ ئەزموونەکانی سەدەی ڕابردوومان، بە سەرکەوتن و نسکۆکانیەوە، بکرێنە وانە و چرای ڕێنیشـاندەر بۆ خەبـاتی داهاتوو. دەبێ هەر کام لە ئێمە بەگوێرەی توانا ئەرک وەخۆ بگرین و بـۆ بەرەوپێشبردنی خەبـاتی گەلەکەمـان بۆ ڕزگاریی هەوڵ بدەین.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێبەری گەل



**مستەفا شێخە**

دەستەواژەی "ڕێبەری گەل"م لە نووسینێکی دوکتور قاسملوو خواستووەتەوە. یەکەم جار دیوانی شێعریی "تاریکوڕوون"ی مامۆستا هێمن پەنجا ساڵ لەمەوبەر بڵاو دەبێتەوە و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە نووسینی پێشەکییەکی ١٥ لاپەڕەیی لەژێر سەردێڕی "شاعیری گەل" مانای قووڵ و مرۆڤدۆستانەی ئەم دیوانە شێعرییەی تێر و تەسەلتر کردووە.

وەک مامۆستا هێمن لە کۆتایی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی لەژێر ناوی "لە کوێوە بۆ کوێ"دا دەڵێت: ئەم دیوانە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی واتە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئامادە کراوە و دوور نییە پێشەکییەکەی دوکتور قاسملووش هەر لەو سەروبەندەدا نووسرابێت.

لە کاتێکدا خوێنەری بەڕێز چاوی بەم دێڕانە دەکەوێت، ٥٠ ساڵ بەسەر نووسینی پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی مامۆستا هێمندا تێپەڕیوە. ١٦ ساڵ دواتر وتووێژێکی کورت و بەپێزی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنیی

"بی.بی.سی" تۆمار کراوە و ئەم وتووێژەش ٢٥ سال دوای تۆمارکردنی بڵاو کراوەتەوە.

دیارە دوکتور قاسملوو پێشەکییەکەی دیوانی هێمنی دوای چاپ و بڵاوکردنەوە دیتووە، بەڵام وتووێژەکەی بی.بی.سی، ٢٥ ساڵ دوای تیرۆرکرانی بڵاو بووەتەوە. کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندینش بە جۆرێکە هەموو وتووێژێکی لەمجۆرە دوای دەستکاریکردنی کەم یان زۆر و ڕێکخستنەوەی دووبارە، لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێتەوە. هەر چۆنێک بێت، ئێستا ئەم دوو دەقەمان لەبەر دەستن و دەکرێت وەک بەڵگە پشتیان پێ ببەسترێت.

دوکتور قاسملوو لە پێشەکییەکەی بۆ "تاریکوڕوون"دا باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن دەکات و بۆ سەلماندنی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی، دەقی جوان لە چەندین شێعری ئەم دیوانە دەخوازێتەوە و هەروەها لە وتووێژ دەگەڵ دەنگی فارسیی "بی.بی.سی"شدا زۆر بەجوانی باسی دۆخی سیاسیی ئەوکات و هەڵسوکەوتی خەباتگێڕانی کورد و دەستەڵاتدارانی تاران دەکات. بۆیە دەکرێت هەم پێشەکییەکەی "تاریک و ڕوون" و هەم وتووێژەکەی ١٦ ساڵ دواتری دوکتور قاسملوو لە ڕوانگە و گۆشە نیگای جوداوە بکرێنە سەرچاوەی ڕوون و بەرچاوی بابەت و لێکدانەوەی زۆر. بەڵام ئەوەی لێرەدا ئامانجی ئەم نووسراوەیە، سەلماندنی گەلیبوونی ئەم دوو ڕێبەرە مەزنەیە. بۆیە بە هەردوویان دەڵێم ڕێبەری مەزن، چوونکە هێمنی شاعیر بەم هەموو دەقە ئەدەبییەی خوڵقاندوونی سەدان و هەزاران کچ و کوڕی بەرەو خەبات لە گۆڕەپانی زمان و ئەدەب و خۆشەویستی و یەکسانیدا هان داوە و لە ڕاستیدا ڕێبەرایەتییانی کردووە. ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملووش لە ئاستی سیاسیدا بۆ هەموو لایەک حاشاهەڵنەگرە.

## هێمن شاعیری گەلە

بەرلەوەی بچینە سەر گەلیبوونی مامۆستا هێمن، دەگەڕێینەوە سەر ڕا و بۆچوونی دوو فەرهەنگنووسی ناوداری کورد. "شێخمحەممەدی خاڵ" لە فەرهەنگی خاڵدا بۆ شیکردنەوەی وشەی "گەل" دەڵێت: "گەل، کۆمەڵێکی گەورەیە لە ئادەمی کە پێکهاتبێ لە چەند تیرە و عێل و هۆز و خێڵێک و هەموو بە یەک زبان قسە بکەن." عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ناسراو بە "هەژار موکریانی"ش لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا دەڵێت: "وشەی گەل بریتییە لە "کۆمەڵە بنیادەمی هاونەژاد و خاوەنی زمان و خدە و خووی تایبەت بە خۆیان".

بۆ بیرهێنانەوەی زیاتری گەلیبوونی مامۆستا هێمن پشت بە بەشێک لەو پێشەکییە دەبەستم کە دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی "تاریکوڕوون" نووسیویەتی:



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

"هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندووەتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاری هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە." (پێشەکیی دیوانی تاریکوڕوونی مامۆستا هێمن)

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی خاڵ و هەنبانەبۆرینەدا هاتووە، ئەو گەلەی هێمن شاعیریەتی، گەلی کوردە. هێمن شاعیری هەموو ئەو هۆز و تیرە و خاوەن زاراوە جۆرانەیە گەلی کوردیان پێکهێناوە. ئەم گەلە سەرەڕای هەبوونی پێناسەی گەلبوونی، لەگەڵ گەلانی دیکە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. ئەم جیاوازییەش لە چاوی دوکتور قاسملوو ون نەبووە و لە بەشێکی دیکەی پێشەکی بۆ دیوانی هێمن بەم جۆرە ئاماژەی پێ دەکات:

"هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەکەی خۆی دەپەرەستێ. بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکیتر نییە. لە هەموو دیوانی هێمندا شێعرێک کە بە خراپە باسی نەتەوەیەکیتر بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکیتر بە بەرزتر دابنێ، بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بەداخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەک ئەوە بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هێمنە".)سەرچاوەی پێشوو)

د. قاسملوو بۆ ئەوەی پێشان بدات هێمن شاعیری گەلێکی جیاوازە، ڕوانگەی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیە بۆ "پێشەوا قازی محەممەد" سەرۆککۆماری کوردستانمان بیر دەخاتەوە:

"هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانیڕا دیارە چەندە ئەو ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتووەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆش دەوێ چونکە:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، ڕابەر بوو
بەڵام بۆیە پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو

خەمی خەڵکی لەبەر بوو" (پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ تاریکوڕوون)

بەشەر واتە مرۆڤ و خەمخواردن بە خەڵکی دیکە و هەموو مرۆڤان تایبەتمەندیی هاوبەشی پێشەوا قازی، مامۆستا هێمن و د. قاسملووە.

## جەوهەری گەلیبوون لە سیاسەتدا ڕەنگ دەداتەوە

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، پێشەکیی قاسملوو بۆ "تاریکوڕوون"ی هێمن باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن و شێعرەکانی لە بواری نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە دەکات. بەڵام هەموو ئەم باسانە دەرفەتی زۆر و ڕەشکردنی لاپەڕەی فرەیان پێویستە. بۆیە بەکورتی دەچینە سەر ئەو وتووێژەی ڕێبەری کوردان، ١٦ ساڵ دوای نووسینی پێشەکیی تاریک و ڕوون و بە مەودایەکی کورتی بەر لە تیرۆرکرانی لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنی "بی.بی.سی"دا کردوویەتی.
دوکتور قاسملوو لەم وتووێژەدا بەڕوونی باس لە بارودۆخی سیاسیی کوردان و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا دەکات. بەڵام جەوهەری بەشی بەرچاوی لێدوانی لە بەرانبەر پرسیارەکانی پێشکەشکاردا هەمان جەوهەری نێوەڕۆکی ئەو پێشەکییە بۆ تاریکوڕوونی نووسیوە:

"ئەو پێناسەی ئێمە بۆ دێموکراسی هەمانە، زۆر بێخەوشە. دێموکراسی یانی ئازادیی بیروبۆچوون، ئازادیی ڕادەبڕین، ئازادیی زمانی نەتەوان، ئازادیی فەرهەنگ و هەروەها ئازادیی حیزبان. دەستەڵاتی بەڕێوەبردن بدرێتە دەست خەڵک، دەستەڵاتداریەتیی خەڵک لەدەست خەڵکدا بێت. ئێمە پێمانوایە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە داهاتووی ئێراندا ناتوانێت ئامانجی خەڵکی ئێران دابین بکات. جا چ ئەم دیکتاتۆرییە شاهەنشاهی بێت، چ دیکتاتۆرییەکی ئیسلامی بێت، چ دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بێت." (بەشێک لە لێدوانی دوکتور قاسملوو لە وتوویژ دەگەڵ تەلەفزیۆنی بی.بی.سی)

قاسملوو لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەچێتەوە سەر ئەو دێڕە شێعرەی، کە هێمن بۆ پێشەوا نوسیویەتی و بە سەرۆککۆماری کوردان دەڵێت: "هەر کورد نەبوو، بەشەر بوو/ خەمی خەڵکی لەبەر بوو. ..."

"ئێمە پێمانوایە ئێرانی ئێمە پێویستیی بە ڕێژێمێکی دێموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە، بەڵام بە پاراستنی بنەماکانی دێموکراسی، بە پاراستنی ئەو خاڵانەی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون و لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتوون دەتوانێت وڵاتی ئێمە بە ڕاستی بەرەو پێش ببات. بەمجۆرە ئێمە تەنانەت لە کوردستان کە بە بەرپرسیاریەتییەوە دەتوانم بە ئێوە بڵێم زۆرینەی نزیک لە هەموو خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی ئێمەن، ئێمە خۆمان بەتەنیا خاوەنی کوردستان نازانین و ئەوە خەڵکی کوردستانە تەما دەگرێت ئاخو

حیزبی دێموکرات دەبێت خودموختاری بەڕێوە ببات یان ڕێکخراوێکی دیکە." (هەمان سەرچاوەی سەروو)

ڕێبەری گەلی کورد لە درێژەی ئەم وتووێژەدا باس لە دێموکراسیی قووڵ دەکات و باشترە قووڵایەتیی دێموکراسییەکە لە زمان خۆیەوە ببیسین:

"ئێمە پێمانوایە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ لەنێو بچێت، هەموو ڕێکخراو و هەموو گرووپەکان دەبێت بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بکەنەوە و خەڵکی ئێران بە ئازادییەوە لەنێو ئەم ڕێکخراو و گرووپانە هەڵبژێرن. ئەگەر وابێت، بەمجۆرە ئێمە لە ئێران بڕوامان بە دێموکراسییەکی قووڵ هەیە، ئەو دێوکراسییەی ڕێز لە مافی هەمووان بگرێت، ڕێز لە مافی دژبەرانیش بگرێت، چونکە بە بڕوای ئێمە هیچ دێموکراسییەک بەبێ ڕێزگرتن لە مافی دژبەران ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنێت". (درێژەی وتووێژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بی.بی.سی)

دوای بڵاوبوونەوەی تاریکوڕوون و هەتا دوایین وتووێژی دوکتور قاسملوو زۆر جیاوازی و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەش لە نێوان دوکتور قاسملوو و مامۆستا هێمندا ڕوویان داوە، بەڵام هەردووکیان لەسەر ئارەزوو و ئاواتێکی هاوبەش پێداگرییان کردووە. قاسملوو دەڵێت:

"ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەمەیە زۆربەی نزیک لە هەمووی خەڵکی ئێران چیان دەوێت؟ زۆربەی خەڵکی ئێران ئاشتییان دەوێت، ئازادی و دێموکراسییان دەوێت و ئەمنییەت و ئاسایشیان دەوێت و کەسانێک بتوانن بەرنامەیەکی لەمجۆرە پێشانی خەڵک بدەن و وابکەن خەڵکی ئێران بە ڕاستبوونیان بڕوا بهێنن دەتوانن بەرنامەیەکی ئەوا جێبەجێ بکەن، من پێموایە ئەم توێژە لە داهاتووی ئێران براوە دەبێت." (هەمان سەرچاوە)

هێمنیش دوای بڵاوبوونەوەی دیوانی تاریکوڕوون شێعری "فرمێسکی ڕوونوو" لە کتێبی بارگەی یاراندا بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت:

"نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام
قاسپەی کەو بێتە گوێم، کوا گرمەیی مینم دەویٔ؟
بۆ دەبێ بمدەنە بەر گوللە یا ڕاوم بنێن
گەر گوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەویٔ"!

ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# وانەکانی پووشپەڕ



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

سات و ڕۆژ نییە لە ساڵدا بۆ کورد وەبیرهێنەرەوەی حەماسەیەک یا کۆستێکی گران نەبێت، بەڵام لە ٣٤ ساڵ لەوە پێش پووشپەڕ بە مانگی کۆستی گەلی کورد دادەنرێت، چونکە لەو مانگەدا بوو دەسەڵاتی تاران بەوپەڕی ناجوامێرانە وەک نەریتی هەمیشەیی نەمران دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەریان لە ڤییەنی پێتەختی ئوتریش تیرۆر کرد.

لە پووشپەری ئەمساڵ بۆ جارێکی دیکە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی جیدیتر لە هەمیشە ئازادیخوازانی کورد و بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکراتیان کردە ئامانج و لە پووشپەڕی زامدا جارێکی دیکە زامێکی دیکەی خستە نێو دڵی نیشتمانپەروەران.

مانگی پووشپەڕ وێڕای هەموو زامەکانی هەڵگری کۆمەڵە وانەیەکە بۆ بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان و لە هەمووشی گرینگتر بۆ سەرکەوتن دەبێ لە بەرچاو بگرین:

**یەکەم وانە**، وانەی دڵڕەقی داگیرکەری کوردستان دەسەڵاتی ناوەندیی تارانە کە بە درێژای مێژوو بۆ پەکخستنی بزاڤی ڕەوای ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ناجوامێرانەترین شێواز کەڵکی وەرگرتووە و لە داهاتووش وەردەگرێ بۆ ئەوەی کورد بە مافەکانی نەگات. کەواتە پووشپەڕ وانەیە بۆوەی بزانین تاران بە دانوستاندن نا، بە هێز چۆک دادەدات و کوردستان و کورد بە ئامانج دەگەن.

**دووەم وانە** کە لە پووشپەڕدا بۆ جارێکی دیکە سەلماوە، خۆڕاگری و بەردەوامیی ئازادیخوازی کوردە، واتە لە بەرانبەر هەموو جینایەتەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی کورد گرتویەتە بەر، کوردیش خۆڕاگر وەک هەمیشە، ئەگەر بە ئامانجی کۆتایی خۆی واتە ئازادییش نەگەیشتبێت؛ بەڵام بۆ ئازادی ژیاوە و نەیهێشتووە خەیاڵی داگیرکەر لە پیلانگێرییەکانی لە کوردستان ئاسودە بێت.

**سێیەم وانە**، دووپاتبوونەوەی ئەو ڕاستییەیە کە "نامرن ئەوانە وا لە دڵی میلەتا دەژین" و ئەوانەش لە دڵی میللەتا جێ دەگرن کە خەبات دەکەن بۆ ئازادی. ئەمڕۆ یاد و ناوی شەهیدان نەک لەبیر نەکراون، بەڵکوو ناوی ئەوانە بۆتە دروشمی جیلی نوێ و گوێی داگیرکەری پێ کەڕ دەکات و ئەو ڕاستییە دەڵێ کە ئەوان بە تیرۆرکردن و نەهێشتنی ڕێبەرانی ئێمە بە ئاکام ناگەن و نەگەیشتوون. چونکە ئەگەر ڕێبەرانی ئێمە بە جەستەش نەمابێ بە هزر و بە ڕامان زیندوون و ڕێنیشاندەرن.

ئەمڕۆ ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان و نەمر دکتور قاسملوو شۆڕشێکی پان و بەرین و پێشکەووتویان وەڕێ خستوە کە بۆتە چقڵی چاوی دوژمن و توانیویەتی ئەو ڕاستییە دەربخات کە کورد بۆ ئازادیخوازی پێشەنگە. لە پێشەنگی گرینگتریش ئەو شۆڕشە هەڵگری هەموو ئەو چەمکانە بوو کە دوکتور قاسملووی نەمر خەباتی بۆ کردبوو، تیئوریزەی کردبوو، و لە پراکتیکدا هەوڵی جێخستنی دابوو.

شۆڕش بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ناسرا کە دەکرێ لە وانەکانی دوکتور قاسملوودا لەبارەی ژن، یەکسانی و خەبات بۆ مافی ژیان، واتە گرینگیدان بە جوانییەکانی ژیان کە هەبوونی ئازادی بەرهەم دێنێ، بیانخوێنینەوە. داوا و داخوازیی ئەو شۆڕشە ئەو داخوازییەی دوکتور قاسملوومان وەبیر دێنێتەوە کە دژی هەموو هەڵاواردنێک بوو، لە هەمووشی گرینگتر دیسان پەیامی ئاشتی لە کوردستانەکەی دکتور قاسملوو سەری هەڵدا و داوای هاوخەباتی گەلە بندەستەکانی کرد.

لە کۆتاییدا و لە هەموو وانەکانی دیکە گرینگتر ئەوەیە تیرۆر ناتوانێ پێش بە خەباتی گەلێک بگرێ کە بۆ ئازادی

گەلاوێژی ٢٧٢٣

خەبات دەکات، بەڵکوو شێلگیرتری دەکات بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خەبات بدات. داگیرکەران نایانهەوێ ئەو وانەیە وەربگرن، بۆیە بەردەوامن لە تێرۆر، هەربۆیە بە هەموو شێوەیەک پێویستە درێژە بدرێ بەو خەباتە ڕەوایە و بە بەهێزی پێش بە تێرۆری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بگرین و ماف و ئازادییەکانی خۆمان بەدی بێنین.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## قاسملوو ٣٤ ساڵ لەمەوپێش، لە ٢٧ خولەکدا شۆڕشی ژینای بۆ گێڕاینەوە




### ژیوار ڕەسووڵی

باس لە چاوپێکەوتنێکی عینایەت فانی، ڕۆژنامەنووسی "بی بی سی" دەکەم. ئەو ساڵی ١٣٦٨چاوپێکەوتنێکی ٢٧خولەکیی لەگەڵ دکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کردبوو، کە دوای ٢٥ ساڵ "بی بی سیی فارسی" بڵاوی کردەوە. دەمەوێ لێکدانەوە و پێشبینییەکانی دوکتور قاسملوو لەو چاوپێکەوتنەدا لە وتارێکی کورتی تەحلیلیدا باس بکەم، بۆ ئەوەی باشتر لە گەورەیی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکە تێبگەین.

فەیلەسووفبوونی ئالێکسی توکویلی فەڕانسەوی (١٨٠٥ - ١٨٥٩) تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو، کە تیۆرییەکی لەسەر دیموکراسی هەبوو کە ئێستاش جێگەی مشتومڕە. بەڵکوو توکویل لەبەر ئەوە فەیلسووف بوو، چوونکە بەشێکی زۆر لە پێشبینییەکانی وەدی هاتن. شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨ کاتێک ڕووی دا، کە مانگێک پێشتر توکویل پێشبینیی کردبوو. ئەو هەر لە پرۆسەی شۆڕشەکەشدا ڕایگەیاند کە دەنگی پێی چەکمەکان لە تۆنی دەنگی شۆڕشگێڕەکاندا هەست پێ دەکات. دوایی ناپیلیۆنی سێیەم بووە سەرۆک و دوای ئەوەی جارێکیتر دەنگی نەهێناوە، خۆی وەکوو ئیمپراتۆر ڕاگەیاند؛ دواییش وەکوو

دیکتاتۆرێک ئیمپراتۆرییەکەی هەڵوەشایەوە. توکویل پێشبینیی زۆری وای هەبوو، هەربۆیە ئێستا ناوی بەرزتر لە هابز، لاک و مۆنتسکیۆ دێت.

قاسملوو و توکویل لە ڕووی باوەڕی قووڵیان بە دێموکراسی، مەرجدانان بۆ حکوومەتەکان و پێشبینییە سیاسییەکانیان زۆر لەیەکتر دەچن. لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ "بی بی سی" لە پێشبینییەکانی دکتور قاسملوو دەست پێ دەکەین:
دوکتور قاسملوو لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا دوای مردنی خومەینی چی بەسەر ئەو حکوومەتە دێت، لە خولەکی ٢٣ دا وەڵام دەداتەوە، کە لەگەڵ مردنی خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێک هەڵناوەشێتەوە، چوونکە هێشتا کەشی شۆڕش هەندێک لە بەجێماوەکانی ئەوکاتی بەرنەداوە. بەڵام قاسملوو پێی وابوو کە قەیرانەکان لەگەڵ مردنی خومەینی قووڵتر و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حکوومەت توندتر دەبن.

لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان دێموکراسی و گەشەکردنەوە هەیە. باوەڕی بە دیالکتیکی گەشە و دیموکراسی وای لێکردبوو، هەر لەو بەرنامەیەدا بڵێ ئەو کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرن چارەسەر نابن، چوونکە هیچ بەرنامەیەکیان بۆی نییە و لە بنەماشدا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە دژە دیموکراسییەدا ئیمکانی چارەسەریشیان نییە. هەر لێکدانەوە مەیلەو پێشبینییەی دوکتور قاسملوو بەڕوونی لە شۆڕشی ژینادا هەستی پێ کرا. ڕێژیم هیچ وەڵامێکی بۆ داواکارییەکانی خۆپێشاندان نەبوو، چوونکە نە بەرنامەی هەبوو، نە ماهییەتەکەی ڕێگەی وەڵامدانەوەی پێ دەدا.

چەکداربوون لە بەرانبەر سیستەمێکی دیکتاتۆری و دژەدیموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو زۆر گرنگ بوو. دوکتور لە وتووێژەکەی "بی بی سی"دا باس لەوە دەکات حیزبی دێموکرات داوای خودموختاری و دیموکراسی دەکات، بەڵام خومەینی تەنانەت باوەڕی بە نەتەوەبوونی کورد نییە و ناشتوانێ دیموکراسی هەزم بکات. ئەو لێرەدایە کە باس لە پەیوەندیی نێوان چەک و دێموکراسی دەکات. قاسملوو دەڵێ: زەمانەتی ئێمە چەکی ئێمەیە، تەنیا شتێکیش کە دەتوانێ جێگەی چەک بگرێتەوە، هەر دیموکراسییە. ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە دوای گوشارهێنانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چەککردنی بزاڤی کوردی دەیهێنێت و حیزبی دێموکراتیش ئەوەی بە هێڵی سوور داناوە.

بۆچی حیزبی دێموکرات لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادە نین بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی ڕەزا پەهلەوی بکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە باوەی ئەم ڕۆژانە، ٣٤ساڵ لەمەوپێش لەلایەن دوکتور قاسملووەوە دراوەتەوە. دوکتور قاسملوو دیکتاتۆریی شاهنشاهی، ئیسلامی و پرۆلیتاریا بەهەموو شێوەیەک ڕەت دەکاتەوە. دوکتور قاسملوو بەڕاشکاوی دەڵێ:

"سەڵتەنەت هەمان ئیستبدادە". ئەو هەر لەو چاوپێکەوتنەیدا باس لە ڕێگە چارە دەکات. ئەو دەڵێ چارەسەر، دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر هەموو نەتەوەکان و هاوکات دارشتنەوەی یاساکان لەسەر بنەمای مەنشووری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. پێشبینییەکانی دوکتور بە ڕادەیەک بۆ شۆڕشی ژینا بەدی هاتوون کە هەر ئەوکات دەڵێ: "کە دەڵێین مافی نەتەوەکان، مەبەستمان مافی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشە".

یەکێکی دیکە لە وانەکانی دوکتور قاسملوو کە ٣٤ساڵ لەمەوپێش بۆ شۆڕشی ژینا پێیەتی، وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە عینایەت فانی سەبارەت بە مەرجەکانی لە دانیشتن لەگەڵ خومەینیدا لێی دەپرسێ. دوکتور قاسملوو لە خولەکی چواردا ئاوا وەڵام دەداتەوە کە لە دیدارەکەیدا داوا لە خومەینی دەکات خودموختاری بۆ کوردستان بەفەرمی بناسێت، ئەوکات ئەوانیش ئامادەن دەنگ بە یاسای بنەڕەتی بدەن. بەڵام خومەینی ئەو کارەی نەکرد و ئەوانیش بێ دوودڵی دەنگیان بە یاسای بنەڕەتی نەدا. مەرجدانان و پێداگری لەسەر مەرج و کاردانەوەی ڕادیکاڵ دوای جێبەجێ نەکردنی ئەو مەرجە لەلایەن دوکتور قاسملوو، لەکاتێکدایە کە لە شۆڕشی ژینادا ڕێکخراوە و کەسایەتیی سیاسی هەبوون کە بەبێ مەرج مەنشوورەکانیان واژۆ کرد، بەبێ ئەوەی باس لە لانیکەمی داواکارییە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کرابێت. جیاوازییەکی دیکەی مەرجدانانی ١٣٥٨لەگەڵ مەرج دانەنانی ١٤٠٢لەکاتێکدایە، کە ئەوکات ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی خومەینی و دانانی مەرجی خودموختاری ڕوون بوو کە هێرشی سەربازیی هەمە لایەنەی ڕێژیمی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستا لە دیاسپۆرا و لە کەشێکی ئارامدا بوو. جیاوازیی دووهەمیش ئەوە بوو کە مەرجەکانی دوکتور قاسملوو لە خومەینییەک بوو کە بەهێزترین و یەکلاکەرەوەترین کەسایەتیی ئەوکات لەسەر ئەرزی واقیع بوو، بەڵام ئەوەی ١٤٠٢بەبێ مەرج مەنشوورێک واژۆ کرا، کە کەسایەتییە دیارەکە و بە گوتنێکی دیکە بەرانبەرەکە هیچ دەسەڵاتێک و بگرە هیچ تەشکیلاتێکی لەسەر ئەرزی واقیع نەبوو.

یەکێکی دیکە لەو پرسیارانەی لەو ماوەیەدا باس دەکرێت، ئەوەیە کە ئایا حیزبی دیموکرات حیزبێکی چەپە یان نا؟ یان دەبێ لەسەر چ بنەمایەک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران هاوکاری و هاوپەیمانی بکات. دوکتور قاسملوو ٣٤ساڵ لەمەوپێش لەو وتووێژەدا بە "بی بی سی" دەڵێ: "ئێمە حیزبێکی مارکسیستی نین، ئێمە حیزبێکی دێموکراتین، ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتمان نییە و لە هەموو بۆچوون و توێژەکان ئەندامی حیزبی دیموکراتن." هەربۆیە دوکتور قاسملوو ئەو کات بە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ژینای گوت کە ئێمە نەتەوەین، مافی سیاسیی خۆمان داوا دەکەین و بە کەمتر لەوەش ڕازی نابین.

ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# کۆنفرانسی لۆزان و کاریگەرییەکەی لەسەر پرسی کورد



حەسەن قارەمانی

## پوختەی ئەو شتانەی لە کۆنفرانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ ڕووی دا

کۆنفرانسی لۆزان کە لە نێوان ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ تا ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ بەڕێوەچوو، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی گرنگ بوو کە ئامانجی دووبارە پێناسەکردنەوەی دیمەنی جیۆپۆلەتیکی ئوروپا بوو لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم. یەکێک لە لایەنە مشتومڕاوییەکانی کۆنفرانسەکە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ پرسی کورد - پرسی ماف و خاک بۆ گەلی کورد کە بەهۆی لێکەوتەکانی دوای جەنگەوە کاریگەریی خراپی لەسەر ببوو.

## ئەو بڕیارانەی کە کاریگەرییان لەسەر خاک و ئایندەی سیاسیی کورد هەبوو

لە کۆنفرانسی لۆزاندا زلهێزە سەرکەوتووەکان کە بریتی بوون لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یۆنان و تورکیا، هەوڵیان دا کە ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی چارەسەر بکەن و نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکەن. ئەمەش

لە ڕێگەی پەسەندکردنی چەند ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆلێکەوە ڕووی دا، کە بە تایبەتی پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەبوو.

پەیمانی لۆزان: ئەم ڕێککەوتنە سەرەکییە سنوورەکانی تورکیا و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە یەکپارچەیی خاکەکەی دامەزراند. کورد، وەک کەمایەتییەکی نەتەوەیی، ئەگەری دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەدەست دا، کاتێک خاکەکەی وەک نەتەوەیەکی جیا نەناسرا.

پەیمانی کەماڵ ئەتاتورک (پەیماننامەی سنوورەکانی دەوڵەتی نوێ): ئەم پەیماننامەیە سنوورە مۆدێرنەکانی تورکیای دیاری کرد، بەڵام ئینکاری خاکی مێژوویی کوردەکانیشی بەدوای خۆیدا هێنا. بەم شێوەیە کورد دابەش بوو بەسەر چوار وڵاتدا، ئەوانیش تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، ئەمەش یەکێتی سیاسی و کولتوورییان لاواز کرد.

برگەکانی پاراستنی کەمینەکان: هەرچەندە لە دەستووری نوێی تورکیادا برگەی پاراستنی کەمینەکان هەبوون، بەڵام ئەو پاراستنانە سنووردار و بێکاریگەر بوون لە دابینکردنی پێداویستی و مافەکانی کورد.

## کاردانەوەکانی کورد و لایەنە بەرژەوەندخوازەکانی تر لە دوای کۆنفرانسەکە

کاردانەوەکانی کورد بەرامبەر بە دەرئەنجامی کۆنفرانسی لۆزان تێکەڵاو و ئاڵۆز بوون. زۆرێک لە سەرکردە و ڕۆشنبیرانی کورد نائومێدیی خۆیان لە دانپێدانان بە سەربەخۆیی و مافە خاکییەکانی کورد دەربڕی. هیواکانیان بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی تایبەت بە خۆیان لەناو چووبوو، کە بووە هۆی بێزاری و ناڕازیبوون.

بەو پێیەی پرسی کورد بووبوو بە پرسێکی نێودەوڵەتی، تەنیا کورد نەبوو کە کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بە دەرئەنجامی کۆنفرانسەکە. لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە، لەوانە هەندێک لە وڵاتانی دراوسێ و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەو بڕیارانەیان شەرمەزار کرد، کە وەک تێکدانی ماف و چارەنووسی کورد سەیر دەکرا.

دابەشبوونی خاکی کورد و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بەردەوام بووە لە دروستکردنی گرژی لە ناوچەکەدا .بۆیە هەوڵێکی نێودەوڵەتی پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی دیالۆگ و دانوستان، بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەرێکی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و دروستکردنی ئایندەیەکی ئاشتی و پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا بێتە دی.



سەرچاوە
Serchawe

## دەرئەنجامەکانی کۆنفرانسی لۆزان:

کۆنفرانسی لۆزان بە دانپێدانان بە مافەکانی کورد و خۆبەڕێوەبەری بەڕێوەچوو. ئەوان یەکێک بوون لە گەورەترین نەتەوەکان کە سنووری نەتەوەیی خۆیان نەبوو و بەم شێوەیە فرێ درانە ناو دۆخێکی سیاسیی ئاڵۆزەوە. خاکەکەیان لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا دابەش بوو، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی دانیشتووانی کورد و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کولتووری و زمانەوانییان.

## بەردەوامیی ستەم و ململانێ:

دوای کۆنفرانسی لۆزان، کورد لە وڵاتانی ئاماژەپێکراودا ڕووبەڕووی جۆرەها چەوساندنەوە بووەتەوە. سنووردارکردنی مافە ڕۆشنبیرییەکان و قەدەغەکردنی زمان و نەبوونی نوێنەرایەتیی سیاسی، کوردیان ڕاگرتووە و گرژییەکانیان زیاتر کردووە.

## پێویستیی چارەسەری نێودەوڵەتی:

پرسی کورد بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە و مافەکانی مرۆڤ بووەتە نیگەرانییەکی نێودەوڵەتی. ئەو ململانێیە بەردەوامە نەک هەر گوزەرانی کورد بەڵکوو ئارامیی هەموو ناوچەکەش دەخاتە مەترسییەوە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی کورد، پێویستی بە چارەسەرێکی نێودەوڵەتی هەیە کە ئەکتەرە پەیوەندیدارەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوە ناوچەییەکان لەخۆ بگرێت.

## ئەنجام:

پرسی کورد تەنیا بابەتێکی ناوخۆیی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا نییە، بەڵکوو پرسێکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتییە کە پێویستی بە چارەسەری نێودەوڵەتی هەیە. بە فێربوون لە هەڵە مێژووییەکان و بەشداریکردن لە دیالۆگ و دانوستان، دەتوانین ئایندەیەک دروست بکەین کە کورد بتوانێت بە ئاشتی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی. تەنیا لە ڕێگەی پابەندبوونێکی بەکۆمەڵ و جیهانەوە دەتوانین شەرمەزاریی لۆزان بگۆڕین بۆ دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام لە ناوچەکەدا.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خەسارەکانی پاشەکشە و نرخی بەرەنگاری



جەمیل سەرمەستی

بە درێژایی مێژوو لە هەموو دونیادا شەڕ و بەربەرەکانێ بە هۆکار، کەرەستە و شێوازی جۆراوجۆر و لە فۆرم و نێوەرۆکی تایبەت بە سەردەمی تایبەت و بە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تایبەتی لایەنەکان بۆ بەدەستهێنان یان بەرگری لە ماف، قازانج و بەرژەوەندییەکی دیاریکراو یان پێچەوانەکەی بۆ داگیرکردن و کوشتنی بەرانبەر و گەورەکردنەوەی بازنەی دەسەڵات و هتد... لە ئارادا بووە. ئەم ڕەوتە هەروەها هەتا ئێستاشی لە گەڵدا بێت، بە گۆڕانکاریی تایبەت بەم سەردەمەوە بەردەوامە و پێدەچێ هەتا مرۆڤیش لەسەر ئەم گۆی زەوییە بمێنێ، شەڕ و پێکهەڵپڕژانیش بەردەوام بێت.

لە هەموو سەردەمەکاندا کۆمەڵێک پلان، ڕێگا و ڕێکاری تایبەت بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و پیلان و و زاڵبوونی لایەنێک بەرسەر لایەنێکی دیکەدا کاریان لەسەر کراوە و تاکتیک و ستراتیژیی جۆراوجۆر تاقی کراوەتەوە کە یان سەرکەوتوو بوون، یان تووشی شکان هاتوون. ئەوانەی کە شکاون، بۆ قەرەبووی شکانەکانیان پێداچوونەوەیان بە بەرنامە و پلانی خۆیاندا کردۆتەوە و ڕێگای نوێیان تاقی کردۆتەوە و ئەو لایەنانەش کە سەرکەوتوو بوون، دیسان بۆ سەرکەوتنی زیاتر و

بەردەوامبوون لە پێشڤەچوون، بەخۆیاندا چوونەتەوە و خۆیان تەیار کردۆتەوە. ئەمانەش پێوەستن بە ژیری و وریایی لایەنەکان و خوێندنەوەی پیلان و سیناریۆکانی دوژمن کە گرینگییەکی یەکجار تایبەتی هەبووە و هەیە و هەردوولای شەڕەکان هەموو هەوڵیان ئاگاداربوونە لە بەرنامەی بەرانبەر و داڕشتنی دژەکەی بووە.

هەرچەند زۆر هۆکار و تایبەتمەندی و ئامرازی دیکەی وەکوو ئابووری، هەڵکەوتەی جوغرافی، نۆرمە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی وشیاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەران و جەنگاوەران و بە گشتیی خەڵکی کۆمەڵگەکان بۆ شکان یان سەرکەوتن لە شەڕدا دەور دەبینن؛ بەڵام شتێک کە نەگۆڕە و لەمێژە باوە دەڵێن لە شەڕدا لایەنی زوڵملێکراو و مافخوراو هەم وورەی زیاترە و هەم حەزی سەرکەوتنی.

ئەگەر باسەکەمان بسوورێنینەوە سەر پرسی کورد و خەڵک و خەباتی کوردستان و بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژووی دووری دابڕینی خاکی کوردان لە یەکتری تەنیا چاوێک بە خەباتی سەد ساڵی ڕابردوودا بگێڕین، دەبینین کە سەرەڕای قارەمانەتی و گیانفیدایی ڕێبەران و خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئەو نرخ و باییانەی کورد لە بەریەککەوتنەکان لەگەڵ داگیرکەراندا تووشی بووە، کەچی ئێستاش لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەگەیشتووە بەو مافگەلەی کە لە هزر و بیریدا چێی کردوون.
ڕەوتی خەباتی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان پێمان دەڵێن کە دوژمنانی کورد لە هەر چوارلاوە هەموو هەوڵێکیان بۆ نسکۆپێهێنان بە شۆڕش و خەباتی کورد لە هەرکام لە بەشەکان بووە و سەرەڕای ناکۆکییە زۆر و جۆراوجۆرەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتری، بەڵام بۆ لەبارېردنی خەبات و دەسکەوتی سیاسیی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان هاوپەیمانن و کەم نین ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی لە ناوچە کە لەسەر حسێبی کورد کراون، کە گەلەکۆمەکێی چەند ساڵ پێش دژی کەرکووک و هەرێمی باشووری کوردستان یەک لەوانە.

تازەترینی ئەو هەنگاوانە لەلایەک لەشکرکێشیی ئێران و تورکیە بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی زەوی و ئاسمانەوەیە کە مەبەست لێدان لە بنکە و بارەگای سیاسی و مەدەنیی حیزبە سیاسییەکانی باکوو و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەلایەکی دیکەش و هاوکات چڕبوونەوەی گوشارەکانی حکوومەتی ناوەندیی بەغدایە کە لە چەند بەرەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەئامانج گرتووە.

ئەوەندە بۆ سەر مەترسییەکان بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، دەبێ ئەوانیش بەرنامە و پلانی تایبەت بە خۆیان هەبێت. بێگومان بۆ چۆنیەتیی بەگژداچوونەوەی هەر دوژمنێک پێویست بە ناسینی بنەڕەتیی لایەنی بەرانبەر لە هەموو بوارێکدا هەیە، وەکوو: چەندیوچۆنیی هێزی مرۆیی، کەرەستەی شەڕ، جوگرافیای شەڕەکە و


سەرچاوە
Serchawe

پێداویستییەکانی، پێگەی جەماوەری، توانای ئابووری، دژایەتی یان لایەنگری هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕوانگەکانیان و بە گشتیی سیاسەتی جیهانی -کە بەستراونەتەوە بەوەیکە یان لە بەرژەوەندی کێ دایە و بەرژەوەندی کام لایەن دەکەوێتە مەترسییەوە- چەندایەتی و چۆنایەتیی و توانایی کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی زەمەنی و هتد...

ئەوەندەش کە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، لە ڕووی لۆجستیکەوە ئەوە شەڕێکی ناهاوسەنگە و لەڕووی نێوەرۆکیشەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی ئەو شەڕە بریتییە لە بیرکردنەوە و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەمەلیات بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی دوژمن دەیکات، بۆ ئەوەی بە کەلکوەرگرتن لە لاوازییەکانی دوژمن زۆرترین قازانج دەستەبەر بکات. لەم چوارچێوەیەدا دوو تیئۆریی سەرەکی هەیە:

ئەلف) تیئۆریی ناهاوسەنگیی بەرژەوەندی: بەو مانایەی کە لایەنە بەهێزەکان کەمتر حەز و ئارەزووی سەرکەوتنیان هەیە؛ چوونکە بوونیان لە مەترسیدا نییە. لە لایەکی دیکەوە لایەنە لاوازەکان زیاتر حەز و ئارەزووی سەرکەوتنیان هەیە؛ چوونکە تەنها سەرکەوتن گەرەنتیی هەبوون و مانەوەیان دەکات.

ب) تیئۆریی کارلێکی ستراتیژی: بەپێی ئەم تیئۆرییە هەموو ستراتیژییەک دژە ستراتیژییەکی خوازراوی هەیە. بۆیە ئەو هێز و لایەنگەلەی توانای لێکدانەوەی ستراتیژیی دوژمنیان هەیە دەتوانن بە هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی دژەستراتیژی گونجاو ئەگەری سەرکەوتنیان زۆر زیاد بکەن.

**بەپێی ئەمانە هەڵبژاردنی شێوەی بەرەنگاریی زۆر گرینگە و ئەگەر بەکورتی باسی بکەین پێنج فاکتەری سەرەکیی لە شەڕدا دەور دەبینن:**

١- نیشتمان یان جوغرافیا

٢- ئاستی پشتیوانیی و پاڵپشتیی خەڵک لە هەرکام لەو لایەنگەلە

٣- هێز و کەرەستەی سەربازی

٤- ئیرادە و بیروبڕوای هێزە شەڕکەرەکان

٥- ڕێبەری و مودیرییەتی شەڕ. (کە تێکڕای چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەمانە دەکاتە هێز و قورسایی تۆ، نەک یەک یان دوو فاکتەریان و هەر هێزێکیش دەبی جووڵە سیاسی و سەربازییەکانیشی لە ئاست ئەو قورساییانەدا بێت، ئەگینا دەشکێت).

لەبەر ئەوەی مەبەستەکەمان چۆنیەتیی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەو بوارەشدا کورد ئەزموونی دەیان ساڵ شەڕی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەیە، لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێزی مرۆیی و کەرەستەی شەڕ، ئەزموونی سەرکەوتنمان کەم نەبووە کە بێجگە لە شەڕی پارتیزانی و بەرگریی پێشمەرگانەی ساڵانی دەیەکانی شەست و حەفتا، شەڕی سێ مانگە وەکوو سەرکەوتنی کورد بە سەر کۆماری ئیسلامیدا بۆ مێژوو تۆمار کراوە.

ڕاستە ساڵانێکە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پاراستووە و لە شێوەکانی دیکەی خەبات بەدژی ئەو ڕێژیمە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کەڵکی وەرگرتووە؛ بەڵام هەم بۆ دوژمن و هەم بۆ خەڵکی کوردستان شاراوە نییە کە ئەو هێزە سیاسییەکانی کوردستان چەندە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی کە چەندقات زیاتر لە خۆشمان دەزانێ ئەو هێزانە چەندە مەترسین بۆ سەر مان و مەوجوودییەتی و، زۆر باش بەوەش دەزانێت کە ئێستا بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتیی چەندە لەبارن بۆ هەڵتەکاندنی بناغەی ڕێژیم و، لە شۆڕشی ژیناشدا باشتر بۆی دەرکەوت توانا و کاریگەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شوێندانانیان لەسەر خەڵکی کوردستان و کاریگەریی ئەو خەڵکەش لەسەر خەڵکی ئێران چەندە، بیر لە بێدەنگکردن و لەکارخستنی ئەو هێزانە دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی پێگەی هەرێمی کوردستانیش وەکوو مەترسییەکی گەورە دەبینێ و دەزانێ هەم لە بواری سیاسی و جوغرافییەوە و هەم لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە چەندە دەتوانێ هاندەر بێ بۆ ڕەوتی مافخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ڕاستیدا فشار و هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ترس و نیگەرانییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە هێزی کوردی هەیەتی. کۆماری ئیسلامی لەو سۆنگەیەوە کەو لەو شەڕە دەترسێ لەو بارودۆخە نالەبارەی نێوخۆییدا تووشی ببێت، بە هەڕەشە و هەندێ هێرشی تاکتیکیی وەکوو مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەی شرۆڤە و بۆچوونی زۆربەی هەرەزۆری سیاسییەکانی کورد، دەیهەوێ ئەو شەڕە لە خۆی دوور بخاتەوە. چونکی ئەوە تاکتیکێکە بۆ ئەوەی دوژمنەکەت دەسپێشخەری شەڕێک نەبێ کە خۆت قازانجی لێ ناکەی و تەنیا بۆ پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان و لە ڕاستیدا هەڵخەڵەتاندنی لایەنی بەرانبەرە. لەشکرکێشی و هەرای میدیایی بۆ سنوورەکانی ئەفغانستان و ئازەربایجانیش هەر لەو پێوەندییەدایە.

## دەبێ چی بکەین؟

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو جۆرە خەباتێکی تاقی کردۆتەوە و بە خەسار و دەسکەوتەکانیشی دەزانێت، هەر بۆیە بە خوێندنەوەیەکی ژیرانە و بوێرانە بۆ دۆخەکە و بە ڕوانینێک بۆ دۆخی کۆماری ئیسلامی و پاڵپشتی و ئامادەیی خەڵکی کوردستان -کە لە ئێستادا لە لوتکەی خۆیدایە- پێویستە خۆ بۆ بەرەنگارییەکی توند ئامادە بکەین و هیچ کام لە شێوازەکانی خەباتمان لە بەرچاو ون نەبێت. چارەسەرنەکرانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێژیم نەک ئەوەی بیهەوێ، بەڵکوو لە توانایدا نییە بەئاستەم لایان لێ بکاتەوە، دۆخێکی دیکە لە ململانێیەکان لەگەڵ ڕێژیم بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بزووتنەوەی سەراسەریدا دەسەپێنێ؛ بەتایبەت کە ڕێژیم ستراتیژیی توندوتیژیی لەپێشەوەی هەموو ئەگەرەکان داناوە.

کەڵکوەرگرتن لە کێشەی نێوخۆیی ڕێژیم، ڕێکخستنی سیاسی و تەشکیلاتیی پتری خەڵک و کۆمەڵگە، یەکگریی هێزە سیاسییەکان هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی سەرانسەریدا، هەنگاوی بەکردەوە بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی، بەرینکردنەوەی خەباتی دیپلۆماسی و خۆئامادەکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی کۆماری ئیسلامی بەشێوەی خۆی بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەن کە حیزبەکان هەم بە تاک و هەم بەکۆمەڵ لەسەرشانیانە.


**پوختەی مەبەست:** **ئەگەر دواجار ڕەوتی ململانێیەکان بەرەو ئەو ئاقارە چوو، بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ ئیمکان و دەرەتانی بەرگری و خەبات و مەیدانداری لەو گۆڕەپانەشی هەبێت و ئەوش خۆی پلان و ستراتیژیی هاوبەشی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی پێویستە.**

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# قاسملوو، ڕێبەرێک کە سیگاری "کێنت"ی دەکێشا



یەعقووب ڕەوا

لە سەروەختی تای جیهانی بزووتنەوە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستییەکان و ململانێی هێڵە جیاوازەکانیدا، قاسملوو کەسێک بوو چیتر باوەڕی بە بیروباوەڕەکانی باو لە ژێر ئیدەی عەداڵەتخوازیدا نەمابوو. ئەو کە پێشتر خۆی بە مارکسیست و کۆمۆنیست دەزانی، لە تێزی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"دا وەکو دێموکراسیخوازێکی عەداڵەتخواز دەردەکەوێت.

بەهاری پراگ بەهاری فیکریی قاسملووش بوو. هزری ئەلێکساندەر دوبچەک، سەرکردەی ئازادیخوازی چیکۆسلۆڤاکیا، هەمان ئەو وڵاتەی کە قاسملوو تێیدا خوێندوویەتی و لە گرنگترین زانکۆکەیدا مامۆستا بوو، سێبەرێکی قورسی خستبووە سەر کۆمەڵگە و ژینگەی فیکری و ئەکادیمیی ئەو وڵاتە. دوبچەک دەیگوت؛ سۆسیالیزمی ئێمە دەبێ ڕووخسارێکی ئینسانیی هەبێت. هەرچەندە سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیست بوو، بەڵام ئیدی بڕوای بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و لە ڕاستیدا حیزبی کۆمۆنیست نەمابوو. چاکسازییەکانی لە کردنەوەی فەزای فیکری، سیاسی، ڕۆژنامەوانی، چاکسازی ئابووری و دێسانترالیزەکردنی سیاسەت و فراوانکردنی فیدراڵیزمی چیکۆسلۆڤاکیا بە دڵی فەرمانڕەواکانی سۆڤییەت نەبوون. ئەو

خەڵکەی تازە لەو ماوە کورتەدا هەوای ئازادییان هەڵمژیبوو، لەناکاو ڕووبەڕووی هێرشی توند و سەربازیی بلۆکی پەیمانی وارشۆ بوونەوە.

لەو کاتەدا قاسملوو کە مامۆستای زانکۆی پراگ بوو، لەگەڵ ڕووناکبیران و ئازادیخوازانی دیکە وێڕای ئیمزای نامەیەک و بڵاوکردنەوەی ئەم هێرشەیان مەحکووم کرد و بەرگرییان لە ئازادییە هەبووەکان کرد. ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی نەک هەر لە زانکۆ، بەڵکوو لە چیکۆسلۆڤاکیاش دەربکرێت.

دوکتور قاسملوو کە وەک بەهاری پراگ بە قووڵی گۆڕدرابوو، خۆی لە سۆسیالیزمی هەبوو دوور خستەوە و مەودایەکی زۆریان کەوتە بەین. توخمە بنەڕەتییەکەی گۆڕانی فیکریی قاسملوو، ڕەتکردنەوەی هەر شێوە دیکتاتۆرییەت و ئیمان بە دێموکراسییەت بوو. ئەو جەوهەرەی کە لە نزیکەی هەموو ڕەوتی چەپەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە کوباوە هەتا ئالبانی و ئەفغانستان، بێڕەنگ بوو. بە بڕوای قاسملوو، سۆسیالیزم نەک بەرتەسککردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە نییە، بەڵکو دەبێ لە خزمەتی گەشەکردنی تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بێ. ئەویش وەک دوبچەک پێی وابوو ئازادی واتا تێکۆشانێکردنە لە هەر جۆرە چەوساندنەوە و مۆرەبوون و بەرزکردنەوە ئینسان بۆ تاکایەتییەکی بەڕێز و خاوەن بوون. لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی خەباتی مرۆڤ تەنیا ڕزگاریی چینایەتی نەبوو، بەڵکو گەشەکردنی تاکیش بوو. تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵ و قووڵ لە ئازادیی مرۆڤ کە سنوورێکی دیاریکراوی لەگەڵ دێموکراسیی بۆرژوازی و مێگەلروانی چەپدا هەبوو. لە هەردووکیاندا مرۆڤ ئیتر بوونەوەرێکی ئازاد نەبوو، بەڵکوو ئامرازێک بوو.

هەرچەندە ئەو ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تاکەکەسییانەی ئەو تەکەزی لەسەر دەکردن، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ دێموکراسیی لیبراڵدا نەبوو، بەڵام لە بواری ئابووریدا، وێڕای ڕێزگرتن لە ئازادیی هەڵبژاردنی تاک لە دەستێوەردانی ئابووریدا، دابینکردنی ژێرخانی ئابووریی-کۆمەڵایەتی بەئەرکی حکوومەت دەزانی لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک دوور لە چەساندنەوە. سنووری دیاریکراوی ڕوانگەی قاسملوو لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی، خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمبوونی بوو لە بەرانبەر گەشەی سەرمایە و بەهای زیادکراو.

بەڕای ئەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی ئیدەئال نەک کۆمەڵگایەکی بێ چین بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی بێچەوساندنەوە بوو. زۆر بە دیاری لە تیۆریی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و ڕوونکردنەوەیدا، ئاماژە بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی چینایەتی دەکا نەک نەهێشتنی. ئەو تیۆرییانەی گەشەسەندن کە لە ساڵانی دواتردا پێشنیار کراون و تیشکیان خستە سەر سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، زۆرترین یەکدەنگییان هەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی قاسملوو. لەکاتی ڕوونکردنەوەی "کورتە باس"دا، بەڕوونی

باس لەوە دەکات کە بیست بۆ بیست و پێنج ساڵ پێویستە بۆ جێبەجێکردنی سۆسیالیزم لە کوردستاندا. ئاماژەش بەوە دەکات، ئەگەر بتوانرێت بەرە بەرە جیاوازیی مووچە بۆ یەک بۆ دە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کەم بکرێتەوە، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت.

جەوهەری "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" گەشەسەندنی کوردستانە لە ناوچەیەکی ناپێشکەوتووەوە بۆ وڵاتێک کە خەڵکەکەی هەست بە بەختەوەری بکەن. گەیشتن بە ئامانجێکی لەو شێوەیە جگە لە دەست بردن بۆ بیردۆز و ڕێکارەکانی گەشەپێدان نەدەکرا. گەشەسەندن لە ناوئاخنی خۆیدا فرەڕەهەندە و زۆربەی تیۆرییەکانی گەشەپێدان لەسەر بنەمای گەشەسەندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هتد ڕاوەستاون. لە گرنگیی ئازادی و دێموکراسی نزیک لە لیبراڵ دێموکراسی و جەختکردنەوەی لەسەر پێویستی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لەسەر بنەمای بەشداریکردنی هەموو سپێکترۆم و ڕەوتە سیاسییەکان دەردەکەوێت گەشەسەندنی سیاسیی هاوشانی گەشەسەندنی ئابووری لە عەینی کاتی دیسانترالیزەبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هزری قاسملوودا چەندە تۆخە.

ئەو کە لە گەنجیەوە چووبووە ئورووپا، زیاتر لە هەر غەیرە ئورووپاییەک لە جەوهەری گۆڕانی بیرکردنەوە و ژیانی ئورووپا تێگەیشتبوو. زۆر باش لەوە تێگەیشتبوو کە جەوهەری پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بوونی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە. خاڵی وەرچەرخانی ڕێنێسانسی ئورووپایی، پێکهاتنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بوو لەبارەی خۆیەوە. ئەو ڕاچڵەکانە گەورە فیکرییەی کە بە گومانەوە سەیری هەموو شتێکی پێش خۆی دەکرد. سەرەتا لە سوژە تێدەگەیشت، پاشان دەیخوێندەوە و دواجار ڕەتی دەکردەوە و بیرۆکەیەکی نوێی لەسەر خۆڵەمێشی بیرە کۆنەکان هەڵدەچنی. ئەم شێوازە بیرکردنەوە هەموو مرۆڤێکی بە چەکێک تەیار دەکرد کە هیچ بیرکردنەوەیەک نەیتوانی ڕامی خۆی بکات. بیری ڕەخنەگرانە سەرەتا لە فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا دەرکەوت و دواتر لە زانستە ئەزموونییەکان و ڕەهەندەکانیتردا. ئەمە سەرەتای مۆدێرنیتە و لەدایک بوونی مرۆڤی مۆدێرن بوو. بۆدلێر دەڵێ: مۆدێرنیتە جۆرێکە لە پەیوەندی کە دەبێت لەگەڵ خۆمان دایبمەزرێنین، مۆدێرن بوون واتە خۆمان وەک ئەوەی هەین قبوڵ نەکەین و لە خۆمان یاخی بین.

قاسملوو لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ جیهانی مۆدێرنی ئوروپایی لە هەمبەری خۆی ڕابوویەوە، خۆی ناسیەوە و خۆی دارشتەوە. بەڵام ئەو ڕووناکبیرێکی ئورووپایی بە هەندێ خەمی بچووکەوە نەبوو، بەڵکوو خۆی وەک مرۆڤێکی خاوەن بەرپرسیارێتیی مێژوویی دەدیت. هەرچی تێگەیشتنی سەبارەت بە ماکی پێشکەوتنی جیهانی ڕۆژئاوا هەیبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکەی جیهان-ژینی خۆی بەکاری هێنا. بەم شێوەیە بە پێکهاتەی فیکری ڕەخنەگر و مۆدێرن ڕووبەڕووی کێشەی "کوردستان و کورد" دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرەتا سەمپاتی حیزبی تودە (لایەنگری سۆڤیەت) و کۆمۆنیست بوو، زۆری نەخایاند دژی خۆی ڕاچەنی و لە بەرانبەری ئەوەی کە کێیە و چی دەوێت دەست دەکات بە پرسیارکردن: وەک مرۆڤێکی کورد کێیە؟

ئەمە گرنگترین پرسیارە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا مرۆڤی کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە. ئەو ئەم پرسیارە بنچینەییە وەڵام دەداتەوە کە لە ڕاستیدا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤی کورد و جیهانی دەوروبەر و هەروەها تێگەیشتن لە کێشەکەی خۆیەتی. سەرەتا لە "کوردستان و کورد" وەکو ئەکادێمیسیەنەک و پاشان وەک پسپۆڕێکی سیاسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆتاییدا وەک سەرکردەیەکی سیاسی بەرنامەی تایبەتی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" دەخاتە ڕوو. بە میتۆدۆلۆژیای ئەکادیمی و چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی پرسی کورد و کوردستان دەوروژێنێت. کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و کوردستانیش وەک خاکێکی داگیرکراو پیشان دەدات کە گەلەکەی لە مافی حوکمڕانی بەسەر چارەنووسی خۆیاندا بێبەش کراون. چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد وەک مەسەلەی بنەڕەتی بزاڤ و بزووتنەوەی کوردستان دەناسێنێت و گەڕاندنەوەی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد بە ئەرکی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەزانێت و سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو سیستەمێک بۆ خزمەت بە بەختەوەریی نەتەوەی کورد فۆرمولە دەکات. تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی ئەو لە هەموو بەرهەمەکانیدا دیارە. بە ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە سێی حیزبی دێمۆکرات دەردەکەوێت، بێبەزەییانە ڕەخنە لە ڕابردوو دەگرێت. خاڵە لاوازەکان دەدۆزێتەوە و لادانەکان دەستنیشان دەکات و لە کۆتاییدا نەخشەی ڕێگا ڕوون دەکاتەوە. ڕەنگە کەمتر خوێندنەوەیەک وەک ئەوەی قاسملوو هەبێ کە کۆماری کوردستانی ئاوا بەوردی و ناسکی نەشتەرگەری و خەسارەناسی کردبێ. خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەستنیشان و هۆکارەکانی شکست و بەردەوام نەبوونی بزاڤەکەی دیاری کردبێ. سەبارەت بە حیزبیش ڕەخنە لە ڕابردوو دەگرێت و نەخشەڕێگای داهاتوو دەخاتە بەردەم کۆنگرە.

وەها شێوازێک لە بیرکردنەوە لە ڕاستیدا لە نێو سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە سەردەمی خۆیدا تەواو نوێ بوو. ئەو خاوەنی عەقڵێکی مۆدێرن و ڕەخنەگر بوو کە ئەوانی دیکە نەیانبوو. لە گێژاو ئالۆزی جیهانی چەپ و سەرلێشێواوی چەپەکانی کوردستان لە نێوان هێڵە جیاوازەکاندا، ئەو ڕێگای ڕاستی دۆزیەوە. قاسملوو بەڕوونی لەو بڕوایەدا بوو کە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی سەرووی هەموو خەباتێکی دیکەیە و خەباتی چینایەتی بە هۆکارێکی لاوازکردنی خەباتی نەتەوەیی نەدەزانی. خاڵی بەریەککەوتنی نێوان ئەو و بەشێک لە هاوڕێ کۆنەکانی لە کۆنگرەی ٤ی حیزبدا ئەمە بوو؛ "بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی جیهانی ئەرکی بزووتنەوەی کوردستان نییە"!

هەر ئەو دێرە کورتە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستاندا. ئەو



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

جووڵانەوەی کوردستانی لە فەزای سیاسی جیهانی، ناوچەیی و کوردستانی لە ڕوانگەی چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە دەبینی. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە قووڵی دژی "ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ" بوو، بەڵام هاوپەیمانی چینی زەحمەتکێش و چەوساوەی کۆمەڵگە لەگەڵ چینی نێوەڕاستی شارییدا کە بە "وردەبورژوازی شاریی" ناوی دەبات، بە پێویست دەزانێت. ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب، بەڕوونی باس لەوە دەکات کە لە پرۆسەی خەباتدا پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە داخوازی و خەمی چین و سپێکترۆمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت چینی کرێکاری و چەوساوە بدرێت و هەر هاوپەیمانییەک لەگەڵ هێزە کۆنەپەرست و پاشوەڕۆیەکان ڕەتدەکاتەوە و تەنانەت بە زیانیشی دەزانێت.

لە کۆتاییدا تەنیا دەتوانین بڵێین کە بیرکردنەوە و شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی قاسملوو لەگەڵ پرسی کورد و کوردستاندا زۆر بنچینەیی و بە پرەنسیپ و سیستماتیکە و تا هێستاش ئیعتباری هەیە.

***


تێبینی:

یەکەم: لە نێوەڕاستی پشێوی جیهانی چەپدا، تەیف و ڕەوتە جۆراوجۆری کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی تەنانەت لە ڕووی فۆرم و ڕواڵەتیشەوە دەناسرانەوە، وەک چۆن تەنانەت هەندێکیان جگەرەی تایبەتیان دەکێشا و خۆیان لەهەرچی بە وتەی خۆیان ڕووی بورژوازی هەیە بەدوور دەگرت.

دووهەم: هاوڕێی زۆر خۆشەویستم کاک ناسر خودامرادی بۆی گێرامەوە کاتی خۆی کەسێکی زۆر بەرێز و خوێندەواری ناسیوە کە بە ڕواڵەت هیچ تێکەڵییەکی دەگەڵ سیاسەت نەبووە، بەڵام هەتا ئەو ڕادەیە قاسملووی خوێندبۆوە و دەیناسی کە دەیزانی دوکتور سێگاری "کێنت"ی دەکێشا. کێنت برەندێکی سیگاری ئامریکاییە.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان



**ئاسۆ مینبەری**

**د. قاسملوو: هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە**

بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەت، یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە بە بەردەوامی، بەتایبەت لەلایەن چالاکانی بواری ژنانەوە کەوتووەتە بەر باس و زۆر جاریش ڕەخنە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان گیراوە کە ئاخۆ بۆچی بەو جۆرەی کە پێویست و شیاوە، ژنان لە ڕیزەکانیاندا لە ئاستی بڕیاردان و کایەی سیاسیدا نابینرێن.

بەو پێشینە مێژووییەوە کە کوردستان هەیەتی، کەس ناتوانێ نکۆڵی لە بوون و بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بکات، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە، دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستانە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ناکرێ حاشا لە کەمڕەنگبوونی بوون و بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بکرێ.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ژنان بۆ یەکەمجار بە شێوەی ڕێکخراو چوونە نێو تەشکیلات و کاری ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە و هەر ئەمەش وێڕای مێژووی دیار و بەرچاوی ژنان لە کوردستان بوو بە پاشخانێکی بەهێز بۆ بەشدارییان لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی دواتردا.

ڕاستە کە بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە پێویست و شیاوی پێشینەی خەبات و تێکۆشانی کوردستانە، لە مەیدانی کردەوەدا دیار بن، بەڵام بێگومان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشاندا جێ‌پەنجەیان هەر دیارە. لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا، کۆمەڵێک فاکتەر توانیویانە پاڵنەر بن بۆ ئەوەی ژنان زیاتر خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا ببیننەوە، لە هەندێ قۆناغیشدا بەپێچەوانە کۆمەڵێک فاکتەر بوونەتە هۆی دواکەوتنی زیاتری ژنان کە بەداخەوە زیانەکەی بەر هەموو کۆمەڵگە و بەتایبەتیش بەر بزووتنەوەی ڕەوای کورد کەوتووە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستاندا بخشێنین دەبینین کە ژنان، هاوشانی پیاوان بەمەبەستی سەرخستنی دۆزی ڕەوای کورد تێکۆشاون و هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، لە هەر بڕگەیەکدا بەپێی فەرهەنگ و نۆرمی زاڵی ئەو بڕگەیە لە مێژوو ئەوانیش توانیویانە ڕۆڵ بگێڕن و بێگومان ڕۆڵی ئەرێنیشیان گێڕاوە، بەڵام دیسانەوە لەمپەرەکان نەیانهێشتووە کە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیی کورددا، جێگە و پێگەیەکی شیاو بێت.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسیدا جێی بایەخ و گرینگە؟ ئایا بەبێ بوونی ژنان خەبات سەر ناکەوێ؟ ئەگەر ژنان لەم گۆڕەپانەدا نەبن گەیشتن بە ئامانج ئەستەمترە؟ لە هەمووی گرینگتر، بوونی ژنان دەتوانێ چی بە خەباتەکە ببەخشێ؟ وڵامی کۆی ئەم پرسیارانە لە وتەیەکی ڕێبەری نەمری گەلەکەمان، دوکتور قاسملوودا خۆی دەنوێنێ. دوکتور قاسملوو دەفەرموێ: "هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە."

لەڕاستیدا بوونی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ و توێژێکی خاوەن ماف، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ گەیشتن بە ئامانجە. هەروا کە دوکتور قاسملوو ئاماژەی پێ دەکات، پێشکەوتووبوونی کۆمەڵ، لە گرەوی بەشداریی زیاتری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە و لە ڕاستیدا کزبوونی ئەم بەشدارییە، کزبوونی خەبات و بزووتنەوەشی بەدواوە دەبێ، ئەگەر ژنان بتوانن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداریی چالاکانەیان هەبێ و پۆتانسیەلی خۆیان لەم پێناوەدا بخەنە گەڕ و ئەرکەکە لە ئەستۆی خۆیان نەکەنەوە، بزووتنەوەکە زۆر زیاتر لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە.

چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خەبات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ڕاستیی ئەم بابەتە دەردەخات. لە هەر بڕگەیەک لە مێژوودا کە ژنان ڕۆڵی زیاتریان گێڕابێ و زیاتر خۆیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دابێت، ئەوە خەباتەکەش گەرموگوڕتر بووە و ئاکامەکەشی دڵخوازتر.

بەڵام، نموونەی بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە و پێشکەوتووبوونی ئەم بزووتنەوە و خەباتە، شۆڕشی ژینایە. لەم شۆڕشەدا بە ڕوونی ئەو وتەیەی دوکتور قاسملوو کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا خۆی دەنوێنێ و دەکرێ شیکاری تەواویشی لەسەر بکرێ.

ڕوونە کە کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەراندا، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، لەم ڕێڕەوە مێژووییەشدا، یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە ئەکرێ وەکوو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکان لە ڕەوتی خەباتی کورددا ناوی لێ ببردرێت، بەشداریی هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بووە کە لە شۆڕشی ژینادا دیسانەوە خۆی بەرجەستە کردەوە.

پاش زیاتر لە ٤ دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە تاران، چەخماخەی خەباتێکی نوێی لێ دا. دەسپێکی ئەم خەباتە لە کوردستانەوە بوو و ئەمەش بۆ پێشینەی خەبات لە کوردستان دەگەڕایەوە چونکە لە ڕاستیدا کوردستان هەمیشە بەنیسبەت کردەوەکانی دەسەڵات دژکردەوەی هەبووە، بەڵام ئەمجارە دژکردەوەکە بەربڵاوتر بوو. چەخماخەی ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە لێ درا چونکە کوردستان هەمیشە بەستێنی خەبات بووە و ئامادەتر، پێشینەی سیاسیی کوردستان و بوونی حیزب و ڕێکخراوەکانیش وای کرد کە سەرهەڵدانەکە لە کوردستان ڕێکخراوتر و سازماندراوتر بێت، لەم دۆخەشدا دیسانەوە ژنان بوون بە بەشێکی گرینگ لە بزووتنەوەکە؛ پاش بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازای"، لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان هەڵ دایەوە. ئەمە هەنگاوێکی گرینگ بوو، چونکە ئەوان ڕێک لەو کاتە هەستیارەدا، بەرانبەر ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو وەستانەوە کە ٤٠ و چەند ساڵ بوو، لەژێر سێبەرەکەیدا ژیابوون، ژنان بەم جووڵەیە، ڕۆحێکی تازەیان وەبەر خەباتەدا کردەوە و نیشانیان دا کە بوونیان و بەشدارییان لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پاوانخوازیی دەسەڵاتدا چەندە دەتوانێ کاریگەر و گرینگ بێ.

ئەم جووڵەیەی ژنان، بووە نوێنگەی وتەکەی دوکتور قاسملوو و بەشداریی چالاکانەی ئەوان بوو کە توانیی پێشکەوتن بە

بزووتنەوەکە ببەخشێ و لە هەمان کاتیشدا تێکۆشانیان لە مەیدانی کردەوەدا و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەدەستی بەتاڵ لە بەرانبەر هێزی پۆشتەی ڕێژیم، سەلماندی کە تێکۆشانی ژنان چەندە دەتوانێ شانسی سەرکەوتن زیاتر بکاتەوە، ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی گرێ بدرێ بە تێکۆشانی ژنانەوە، بەڵام بە هێنانەوەی چەندین فاکت، ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی دەنوێنێ کە ڕێک بەشداریی ژنان بوو کە توانی تا ڕادەیەکی زۆر شۆڕشی ژینا، وەکوو شۆڕشێکی گشتگیر لە سەراسەری ئێراندا پێناسە بکات.

- پاش شەهیدبوونی ژینا، ئەوە کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە خاوەنداره‌تی لە کچەکەی کرد و نەیهێشت تەرمەکەی بە بێدەنگی و بە دوور لە چاوی جیهانەوە ئەسپەردەی خاک بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا فڕێدانی سەرپۆشەکان لەلایەن ژنانەوە لە سەر مەزاری ژینای جوانەمەرگ، جووڵەیەکی زۆر کاریگەر بوو، لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم جووڵەیە وەکوو هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی شۆڕشەکە چاوی لێ بکرێ، یەکەم بەو هۆیەوە کە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بە چالشدا کێشا و دووەم بەو هۆیەوە کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی پاش ساڵانێکی زۆر، لەوێوە سەری هەڵێنایەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشەکە.

- ژنان بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئەمجارە لە بەرەی پێشەوەی شۆڕشەکە بوون، سۆزی دایکانەی ئەوان بۆ ژینا و هاوسۆزی لەگەڵ دایکی ژینا وای کرد کە ئەوان بوێرانە بێنە مەیدان و جڵەوی خەباتەکە بە دەستەوە بگرن.

- دایکی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، بە وتەکان و ئاکاری ئاوەزمەندانەی خۆیان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکەدا هەبوو، ئەوان بە خۆڕاگری و پێداگرییان لەسەر وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراوی خۆیان و ڕۆڵەکانیان، بوون بە سیمبولی خەباتەکە و هێمایەک بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە.

- ژنان بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵەکانی لەدەستچووی ژیانیان لەژێر سێبەری ستەمی ڕێژیمی ئاخوندیدا، هەوڵیان دا فاکتەری گرینگ و کارای بزووتنەوەکە بن تا ئەو ئاستە کە باوکی شەهیدێک لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بەغیرەتبوونی پیاوان، بە غیرەتی ژنانەوە پێناسەوە دەکات و دەڵێ، لەمەبەدوا بۆ ئەوەی پیاوێک زۆر پیاو و بەغیرەت بێ دەبێ زۆر ژن بێ!

ئەمانە نموونەگەلێک لە ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادان، کەوابوو وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ، بە کردەوە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە چەندە بوونی ژنان و کارابوون و تێکۆشانیان لە بزووتنەوەیەکدا دەتوانێ گرینگ و شوێندانەر

**بێت. بێگومان ئەم بەشدارییە بەرفراوانەی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادا، کاریگەریی ئێجگار گەورەی لەسەر داهاتووی ژیانی ژنان دەبێ. بەو واتایە کە ئەگەر لە قۆناغی ئێستادا ئەم شۆڕشە بە ئاکامی دڵخواز نەگات، بەڵام بێگومان توانیویەتی لەسەر ڕوانین و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەگشتی بەرانبەر بە ژنان و هەروەها خودی دەسەڵاتیش بەرانبەر بە هێزی ژنان کاریگەریی ئەتۆی هەبێ.**

**ئەگەرچی زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە کەڵەکەبوونی ستەمی چەندین ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر یەک و کۆمەڵێک پرسی گرینگی وەک پرسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و ... لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا کاریگەرییان هەبوو، بەڵام نابێ لە بیری بکەین کە بوونی ژنان و هێزی ژنان توانیی شۆڕشەکە زیندووتر بکاتەوە و خاڵێکی وەرچەرخان بۆ گۆڕینی سیمای پیاوانەی بزووتنەوە و شۆڕش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بێت.**

**لە ڕاستیدا داماڵینی ڕواڵەتی پیاوانە لەسەر بزووتنەوەی مافخوازی لە کوردستان، دەکرێ وەکوو یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا چاوی لێ بکرێت، دەسکەوتێک کە لە ئاکامی تێکۆشانی ژنان هاتە ئاراوە و وای کرد کە بە پێچەوانەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانی پێشوو، زیاتر کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێر نزیک بکاتەوە.**

**دەکرێ بڵێین شۆڕشی ژینا و ئەو ئەرکوەخۆگرییەی ژنان لەم قۆناغە لە خەباتدا، وەڕاستگەڕانەوەی وتەکانی دوکتور قاسملوو بوو، لە ڕاستیدا تێکۆشانی ژنان لە بزووتنەوەی ئێستای کوردستاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، دوکتور قاسملوو باسی لێ کردبوو و بە گرینگی زانیبوو. بەڵێ.**

**شەهید د. قاسملوو گوتەنی: "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە."**

**٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



د. محەممەد حوسێنزادە

(بەشی یەکەم، چییەتی و پرۆسەی بەئەمنییەتیکردن)

## پێشەکی

زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بابەتەکان, پرسەکان یان دیاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەئەمنییەتی دەکرێن، یان کوردستان بە گشتیی بەئەمنییەتی کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام کەمتر باس لە ڕەوت و پرۆسەی بەئەمنییەتیکردن کراوە. تەنانەت هەندێک جار بەئەمنییەتیکردن (Securitization) و میلیتاریزەکردن (Militarization) پێکەوە تێکەڵ کراون یان لانیکەم هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا لەلایەن هەندێک لە بەکارهێنەرانیانەوە دانەنراوە. من لەم کورتە نووسراوەدا زیاتر مەبەستمە باس لە چۆنیەتی و پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم. گرنگیی ئەم باسە لەوەدایە کە دەگەینە مودێلێک کە یارمەتیمان دەدات هەر کات باس لەوە کرا دیاردەیەک ئەمنییەتی بووەتەوە، بزانین کە چ پرۆسەیەکی تێپەڕاندووە. بە کورتی، دەمەوێت بڵێم بۆ من

لێرەدا ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسەیە زۆر گرنگترە لە هێنانەوەی نموونە یان بابەتی جۆراوجۆر کە کۆماری ئیسلامی بەئەمنییەتیی کردوونەتەوە، هەرچەند هەوڵم داوە لە بەشی دووەمی نووسراوەکەمدا بۆ تێگەیشتنی وردتر و باشتر لە بابەتەکە باس لە چەند نموویەکی بەرجەستە و بەرچاوی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم.(١) کەوابوو ئەم نووسراوەیە لەبری ئەوەی بیەوێت پەیوەندی نێوان دوو یان چەند فاکتەر یان بگۆڕ ڕوون بکاتەوە، زیاتر وەڵامی پرسیارێکە سەبارەت بە خودی پرۆسەی بەئەمنییەتیکردن. پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە کە پرسێک یان دیاردەیەکی تایبەت چۆن بەئەمنییەتی دەکرێتەوە و بەئەمنییەتیکردن چ پرۆسەیەک تێ دەپەڕێنێت و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بەئەمنییەتیکردنە چۆنە؟.بۆ ئەم مەبەستە و وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە سەرەتا بەکورتی باس لە چییەتی و نێوەرۆکی بەئەمنییەتیکردن و هەنگاوە پێویستەکان دەکەم و پاشان دەپرژێمە سەر نموونەکانی بەئەمنییەتیکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## چییەتی و پرۆسەی بەئەمنییەتیکردن

بەئەمنییەتیکردن یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی قوتابخانەی کوپێنهاگ (Copenhagen School) لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کە تەواوکەری ڕوانگەی پێشکەوتووانە و قووڵی ئەو قوتابخانە بۆ پرسی ئەمنییەتە. بیرمەندانی سەر بەم قوتابخانەیە کە باری بوزان (Barry Buzan) و ئۆلێ ووڤەر (Ole Wœver) لە بەناوبانگترینەکانیانن زیاتر لەسەر پرسەکانی تایبەت بە ئەمنییەت کاریان کردووە. بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بوون و نەبوونی ئەمنییەت گرێ دەدەنەوە بە بوون و نەبوونی هەڕەشەوە. (٢) بۆیە بەئەمنییەتیکردنی پرسێک یان دیاردەیەک بەو مانایە دێت کە ئەو پرسە یان ئەو دیاردەیە وەک هەڕەشەیەک سەیر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەندامانی کۆمەڵگە ددان بەوەدا بنێن و قەبووڵی بکەن کە ئەو پرسە یان ئەو دیاردەیە هەڕەشەیە. کەوابوو هەڕەشەکان لە بەستێنی کۆمەڵگە و بە پشتبەستن بە باوەڕ و بڕیاری ئەندامانی کۆمەڵگەوە چێ دەبن؛ ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە بەئەمنییەتیکردن پرسێکی کۆمەڵایەتی یان نێوانزەینییە.(Intersubjective) هەروەها ئەمە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە وا نییە ئەو شتە یان ئەو پرسە کە بەئەمنییەتی دەکرێت حەتمەن هەڕەشە بێت، بەڵکوو هەر بە درووستکردنی باوەڕێکی هاوبەش و بەکۆمەڵ سەبارەت بەوەی کە ئەو دیاردەیە هەڕەشەیە، ئەمنییەتی دەبێتەوە و بەرەنگاربوونەوە یان پووچەڵکردنەوەی بە هەر شێوازێک ڕەوایی پەیدا دەکات.

یەکەم جار ئۆلێ ووڤەر لە لێدوانێکدا لە ساڵی ١٩٨٩ باسی لە بەئەمنییەتیکردن کرد. دەستپێکی باسەکەی ووڤەر پۆلێنبەندیکردنی پرس یان بابەتەکانی کۆمەڵگەیە. ووڤەر دەڵێت ڕاستەهێڵێکی ئاسۆیی وێنا بکەن کە پرسە ئاساییەکان



سەرچاوە
Serchawe

لە سەرێکی و پرسە ئەمنییەکان لە سەرێکی دیکەیین. پرسە سیاسییەکانیش لە نێوەڕاستی ڕاستەهێڵەکە. کەوابوو ئێمە لە کۆمەڵگەدا هەم پرسی ئاساییمان هەیە، هەم سیاسی و هەم ئەمنییەتی. پرسە ئاساییەکان یان ناسیاسییەکان ئەو پرسانەن کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە نییە. سیاسییەکان ئەوانەن کە دەوڵەت دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی بڕیاریان لەسەر بدات و سەرچاوەیان بۆ دابین بکات. پرسە ئەمنییەتییەکانیش ئەوانەن کە وەک هەڕەشە دەنوێنرێن و ڕەنگە بەرەنگاربوونەوەیان پێویستی بە دانانی یاسای نوێ یان تەنانەت پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکانی ئێستا بێت.(٣)

ئەوەی کە ئایا بابەتێک ئاساییە یان سیاسی یان ئەمنییەتی گرێدراوی هەلومەرج و کات و شوێنە. دەکرێت پرسێک ئێستا ئاسایی یان سیاسی بێت و لە داهاتوودا ببێتە پرسێکی ئەمنییەتی. پێچەوانەکەشی هەر وایە. هەر بۆیە دیاردەگەلێکی وەک کۆچ، کولتوور، فرەنەتەوەیی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، مەزهەب، شوناس و هتد دیاردەگەلێکن کە دەکرێت لە کات و شوێنە جیاجیاکاندا ببنە بابەتی ئەمنییەتی و لە هەر وڵاتێکدا ببن بە پرسی سەرەکی. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، هەر پرسێک کاتێک دەکەوێتە بازنەی ئەمنییەت یان بەئەمنییەتی دەکرێت کە وەک هەڕەشەیەکی هەبوو (existential threat) بنوێنرێت. هەڕەشەی هەبوو بە هەڕەشەیەک دەگوترێت کە بوون و مانەوە (بۆ نموونە بوون و مانەوەی حکوومەت، وڵات، کۆمەڵگە و هتد) بخاتە مەترسییەوە. هەر بۆیە، پێویستە ئەو هەڕەشە خێرا پووچەڵ بکرێتەوە. لەسەر ئەو ڕاستەهێڵەدا، هەرچی لە پرسە ئاساییەکانەوە بەرەو پرسە ئەمنییەکان بڕۆین، هەڕەشە زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە و پێویستە خێراتر پووچەڵ بکرێتەوە. لێرەدایە کە ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر یان ئەو ئەکتەرەی (بۆ نموونە دەوڵەت، حیزب، سەرکردە و هتد) کە پرسەکان بەئەمنییەتی دەکاتەوە، دەتوانێت ڕێوشوێنە ئاساییەکان و یاسا و ڕێساکان بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان پێشێل بکات.

## پرسە ئاساییەکان – پرسە سیاسییەکان – پرسە ئەمنییەتییەکان

وەک باس کرا لە پرۆسەی بەئەمنییەتیکردندا پێویستە ئەندامانی کۆمەڵگە باوەڕیان بە "هەڕەشەی هەبوو" هەبێت و زۆر گرنگ نییە کە ئایا بە ڕاستی بابەتێک یان پرسێک هەڕەشەیە یان نا، گرنگ ئەوەیە ئەندامانی کۆمەڵگە قایل بن و قەناعەت بهێنن کە هەڕەشەیە. بە واتایەکی تر، نواندنی هەر بابەتێک وەک هەڕەشە لە زەینی ئەندامانی کۆمەڵگەدا، زۆر گرینگترە لە هەبوونی دیاردەیەک کە بە ئاشکرا هەڕەشەیە بەڵام کۆمەڵگە وەک هەڕەشە نایبینێت. ئەم قایلکردنی کۆمەڵگە بناغەی سەرەکی پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنە، چوونکە بڕیاری ئەندامانی کۆمەڵگە لەکۆتاییدا لەسەر شێوازی بڕیاردانی ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر کاریگەری دادەنێت. ووڤەر لەم بارەوە دەڵێت، بە نواندنی هەر دیاردەیەک وەک هەڕەشەی هەبوو،



سەرچاوە
Serchawe

ئەو شتە بەرەو بەئەمنییەتیکردن دەڕوات، بەڵام کاتێک بەئەمنییەتی دەبێتەوە کە "بەردەنگەکان" قایل بن و وەک هەڕەشە قەبووڵی بکەن. ئەگەر "بەردەنگ" وەک هەڕەشەیەک ددانی پێدا نەنێت، تەنیا هەوڵێک بۆ بەئەمنییەتیکردن دراوە، بەڵام دیاردەکە بەئەمنییەتی نەکراوەتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە نێوان "هەوڵدان بۆ بەئەمنییەتیکردن" و "بەئەمنییەتیکردنی سەرکەتووانە" جیاوازیی هەیە. بە بڕوای وۆڤەر، دەبێ بۆ قایلکردنی بەردەنگەکان بە هەبوونی هەڕەشە، بەڵگە و ئارگیۆمێنت بهێنرێتەوە. لە ڕاستیدا، توانای هێنانەوەی بەڵگە و ئارگیومێنت جگە لەوەی کە نیشان دەدات دیاردەیەک هەڕەشەیە، وا دەکات کە بەردەنگەکان بەبێ چەندوچوون قایل بن کە هەر هەوڵێکی نائاسایی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هەڕەشەیە پێویست و پاساوهەڵگرە. هەڵبەت قایلکردنی بەردەنگیش هەمیشە بە شێوەی شارستانیانە و بە ڕەزامەندی تەواو نییە و بێگومان هەر قایلکردنێک تێکەڵاوێکە لە ناچارکردن و ڕەزامەندی. بەمجۆرە، لە پرۆسەی بەئەمنییەتیکردندا هەم ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر و هەم بەردەنگ دەور دەگێڕن.(٤)

دەکرێت بڵێین لە بنەڕەتدا هیچ دیاردەیەک ئەمنییەتی نییە، بەڵکوو ئەوە "زمان"ە کە دەیکات بە دیاردەیەکی ئەمنییەتی. بۆیە لە پرۆسەی بەئەمنییەتیکردندا ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر پێش هەموو شتێک پێویستی بە گوتاری بەئەمنییەتیکەرە. گوتاری ئەمنییەتیکەر هێندە گرینگە کە هەندێک لە شارەزایان لە پێناسەی بەئەمنییەتیکردندا دەڵێن بەئەمنییەتیکردن واتە کردەی گوتاری .(Speach-Act) کەوابوو، پرۆسەی بەئەمنیکردن پێش هەموو شتێک گوتارە و ئەو گوتارە دەبێ و پێڕەوی لە ڕێزمانی ئەمنییەتی بکات: "وا لە خەڵک بکەیت کە باوەڕ بەوە بهێنێن کە پرسێکی ئاسایی پرسێکی ئەمنییەتییە و پێویستە بە زووترین کات چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و ئەگەر ئەو هەڕەشەیە پووچەڵ نەکرێتەوە ئەوا چیدیکە ئێمە وەک ئەوەی کە هەیەن نابین، چونکە هەبوونی ئەو هەڕەشەیە لەنێومان دەبات". کەوابوو، ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر دەبێ بە یارمەتی دەسەڵاتەکەی بەسەر زماندا زاڵ بێت و لە ڕێگەی گوتاری ئەمنییەتییەوە هەوڵی نواندنی هەڕەشە بدات. دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی حکوومەتیش هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی هەڕەشە دەدەن بۆ ئەوەی بەردەنگ قایل بێت کە دیاردەیەکی تایبەت هەڕەشەیە. ئەو گوتارە دەبێ سەرەتا شتێک یان بابەتێک وەک هەڕەشەیەکی ترسناک نیشان بدات و پاشان ڕێگەچارەش بۆ دەربازبوون لەو هەڕەشە پێشنیار بکات، هەر لەم چوارچێوەیەدا وۆڤەر دەڵێت ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر کاتێک دەتوانێت بانگەشەی هەبوونی هەڕەشەی ئەمنیی بکات کە هەندێ نیشانەی تایبەت هەبن و بکرێت ئاماژەیان پێ بکرێت. بۆ نموونە ئەکتەرێک دەتوانێت ئاماژە بە چەکداربوونی نەیارانی یان نیەت و ویستی دوژمنکارانەی ئەوان بکات و وەک هەڕەشەیەک بیاننوێنێت و ڕێگەچارەیەکیش (وەک هێرشی سەربازی، سەرکوتکردن و هتد) بۆ سڕینەوەی ئەو هەڕەشە پێشنیار و دواتر جێبەجێ بکات. ئەمە ڕێک هەمان ئەو پرۆسەیە کە کۆماری ئیسلامی لە چەند مانگی رابردوودا جارێکی تر سەبارەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گرتوویەتیە بەر. هەڵبەت من لە درێژەدا بە هێنانەوەی نموونەی زیاتر باس لە چۆنێتی بەئەمنییەتیکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، تا ئێرە تەنیا ویستوومە ئەوە بگەیەنم کە بە ئەمنییەتیکردن یانی



سەرچاوە
Serchawe

نواندنی پرسێک، بابەتێک یان دیاردەیەک وەک هەڕەشەی هەبوو و پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنیش سێ قۆناغ لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: ناساندنی دیاردەیەک وەک هەڕەشەی هەبوو لەلایەن ئەکتەری بەئەمنییەتیکەرەوە، قایلکردن یان قەناعەتهێنان بە بەردەنگ و لە کۆتاییدا بڕیاردان و جێبەجێکردن.(٥)

***

## یادداشتەکان و سەرچاوەکان

١- تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی خۆیان ددانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە ڕوانگەی ئەمنییەتییان بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و بە گشتی کوردستان وەک مەترسی و هەڕەشەیەک سەیر دەکەن. بۆ نموونە حەسەن ڕوحانی سەرۆککۆماری پێشووی ئێران لە میانەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا بەڵێنی دا ڕوانگەی ئەمنییەتی بە نیسبەت نەتەوە نافارسەکان و کلتوورەکەیان بگۆڕێت. ئەو دانپێدانانە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا نەک هەر دەرخەری ئەوەیە کە دیاردەکان لە کوردستان ئەمنییەتی دەکرێنەوە، بەڵکوو هەموو کوردستان وەک پرسێکی ئەمنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. سەرەڕای ئەو ددان پێدانانە و هەروەها ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەی بەیاننامەی ١٠ مادەیی سەبارەت بە مافی کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێران، دەوڵەتی ڕۆحانیش بە کردە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرۆککۆمارەکانی پێش خۆی نەبوو. لە بەئەمنییەتیکردن و میلیتاریزەکردن و زیادکردنی ژمارەی هێزە سەربازییەکان لە کوردستان بەردەوام بوو و لە قۆناغی سەرۆکایەتی ئەودا لەسێدارەدانی سوننەکان، کوردەکان و عەرەبەکان و هەروەها کوڵبەرانی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کرد. بۆ سەرچاوەی ئەم بابەتە و هەروەها خوێندنەوەی وتارێکی ورد و بەپێز لەم بارەوە و بە گشتی سەبارەت بە پرسی بە ئەمنییەتیکردن (و بەتایبەت میلیتاریزەکردنی) ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانە ئەو سەرچاوە کە لە هەموو بوارەکاندا نموونەی بەرجەستەیان هێناوەتەوە:

کمال سلیمانی و احمد محمدپور، امنیتی‌سازی زندگی: کردستان شرقی (ڕۆژهەڵات) تحت حاکمیت کشور فارسی- شیعی، ترجمە: خوشناو قاضی، صص ١-١٨، لەو لینکەی خوارەوە لەبەردەستە:

https://www.kurdipedia.org/files/relatedfiles/2020/379308/0001.PDF?ver=132254622640000000

٢- "قوتابخانەی کوپێنهاگ" ناوێکە کە "بیل مەک سوئینی" لە وتاری "ناسنامە و ئەمنییەت: بوزان و قوتابخانە کوپنهاگ"

لەسەر نووسراوە و بیروبۆچوونەکانی "باری بوزان"، "ئولی وۆڤەر"، "دو ویلد" و چەند نووسەرێکی تر داینـاوە. ئەو بیرمەندانە بە گشتی سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە بواری ئەمنییەتدان، بۆیە لە ئاراستەی بنیاتنانی پێگەیەکی سەربەخۆی زانستی بۆ پرسی ئەمنییەت هەنگاویان ناوە. دیارە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ئەمنییەت لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی کوپێنهاگەوە لە چەند دێڕێکدا ناکرێت و ناومکینە و لەڕاستیدا ڕەنگە ئەوە بابەتی چەندین کتێب بێت؛ من لێرەدا تەنها وەک سەردێر ئاماژە بە هەندێک لە گریمانە سەرەکییەکانیان دەکەم. بە گشتی قوتابخانەی کوپێنهاگ کە بە تایبەت لە دوای شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت پەرەی سەند، بەرپەرچدانەوەیەکە بەرامبەر تیۆرییە پێشووەکان و بەتایبەت ڕوانگە و بیروبۆچوونەکانی ڕیالیزم و لیبرالیزم. ڕیالیستەکان پێیان وابوو کە باشترین و گونجاوترین ڕێگەی دابینکردنی ئەمنییەت پەرەپێدان بە هێزە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە. بەتایبەت هێزی سەربازی. ئەوان هەڕەشەی سەربازییان بە گرنگترین جۆری هەڕەشە لەسەر ئەمنییەتی وڵاتان دەبینی. لیبراڵەکانیش بەپێچەوانەوە پێیان وابوو کە جێگیرکردنی ئاشتی نێونەتەوەیی تاقە ڕێگەی دابینکردنی ئەمنییەتە. بۆیە ناوەڕۆکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی ئەمنییەتیش پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی کوپێنهاگ زیاتر پرسگەلێک وەک شەڕ و ئاشتی بووە. هەر دووی ئەم خوێندنەوانە لە ڕوانگەی باری بوزانەوە بەرتەسک و ساکاران. باری بوزان بە ڕەخنەگرتن لەم خوێندنەوانە دەڵێت بە پێچەوانەی ڕوانگەی ڕیالیستەکان کە پێیان وایە ئەمنییەت لە ڕێگای هێزەوە بە دەست دێت یان بە پێچەوانەی ڕوانگەی ئایدیالیستەکان کە پێیان وایە ئەمنییەت لە ڕێگای ئاشتییەوە دابین دەبێت، ئێستا پێویستە ڕوانگەیەکی میانە یان مامناوەندی بێتە ئاراوە کە هەر دوو چەمکی هێز و ئاشتی لە خۆ بگرێت و ئەوەش گونجاوترین پێناسە دەبێت بۆ ئەمنییەت. لەکاتێکدا کە ڕیالیزم و لیبرالیزم ئەمنییەت وەک هێز و ئاشتی وەک دوو بابەتی عەینی و بەرچاو پێناسە دەکەن، قوتابخانەی کۆپێنهاگ پێی وایە ئەمنییەت بابەتێکی نێوان زەینییە و گرێدراوی تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. هەروەها ئەوان پێیان وایە ئەمنییەت چەندین لایەی هەیە و تەنیا نەبوونی هەڕەشەی سەربازی بە مانای دابینبوونی ئەمنییەت نییە. چونکە ناوەڕۆک، سەرچاوە و ئامانجی هەڕەشەکان گۆڕدراوە. هەر بۆیە یەکێک لە گرنگترین باسەکانیان چەند لایەییبوونی ئەمنییەتە و پێنج لایەیەی ئەمنیەتی واتە ئەمنییەتی سەربازی، ئەمنییەتی سیاسی، ئەمنییەتی ئابووری، ئەمنییەتی کلتووری و ئەمنییەتی ژینگە دەستنیشان دەکەن. واتە لەم ڕوانگەوە نەک هەر بوون و نەبوونی هەڕەشەی سەربازی بەڵکو بابەتگەلێک وەک دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە و داهاتەکان، پاراستنی مافەکانی نەوەکانی داهاتوو، دابینکردنی مافی نەتەوەکان، جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ژینگە و هتد دەتوانن ببنە هۆی ئەمنییەت و نەبوونیان دەتوانێ ببێتە هۆی نائەمنی. هەر ئەمە دەرخەری ئەو خاڵەشە کە ئەگەرچی قوتابخانەی کوپێنهاگ زیاتر لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا باسی لێ دەکرێت، بەڵام زۆر جار بیروبۆچوون و ئەو چەمکانەی دایان هێناون بۆ شیکاری ئەمنییەت یان پرسە ئەمنییەکانی نێوخۆی وڵاتانیش بەکار دەهێنرێن و بەپێچەوانەی باقی تیۆرییەکان و بە تایبەت ڕیالیزم کە نێوخۆیان بە تەواوەتی پشتگوێ خستووە، ئەمان گرنگییەکی زۆریشیان بە ئەمنییەتی نێوخۆیی داوە. هەڵبەت هەرچەندە بیرمەندانی کوپێنهاگ

دەوڵەت بە تاکە مەرجەعی ئەمنییەت نازانن و باس لە ئەمنییەت لە ئاستی تاکەکان، ئەمنییەتی کۆمەڵگە، ئەمنییەتی نیشتمانی و ئەمنییەتی ناوچەیی و ئەمنییەتی جیهانی دەکەن، بەڵام لەکۆتاییدا ئەمانیش زیاترین گرنگی بە ئەمنییەتی نیشتمانی یان هەمان ئەمنییەتی دەوڵەت دەدەن کە دەکرێت لێرەدا لەژێر کاریگەری ڕیالیستەکاندا بن. لە ڕاستیدا ئاسایشی ناوچەیی یان هەرێمی یەکێکە لە داهێنانەکانی بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە. تا پێش ئەوان تیۆرییەکانی ئەمنییەت تەنیا باسیان لە ئەمنییەت لە دوو ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا دەکرد و گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ئەمنییەتی ناوچەیی نەدەدا. بەڵام بیرمەندانی کوپێنهاگ ئەمنییەتی ناوچەیی بە گرنگ دەزانن و لە لێکۆڵینەوەکانیشیاندا زۆر جار لەسەر ناوچەیەکی تایبەت چڕ دەبنەوە؛ بۆ نموونە باس لە ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمنییەتی ئەورووپا، ئەمنییەتی جیهانی سێیەم، ئەمنییەتی ئەمریکا و هتد دەکەن. ئەمە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورە بوو. چونکە لەکاتێکدا لە ئاستی جیهانیدا زیاتر هەوڵی شیکردنەوەی ڕەفتار و سیاسەتی وڵاتانی زلهێز دەدرا و لە ئاستی نێوخۆییدا زیاتر سیاسەت و ڕەفتاری نێوخۆیی و کاریگەریی لەسەر ئەمنییەت تاوتوێ دەکرا (زیاتر لەلایەن لیبرالەکانەوە) بەڵام گرنگی بە ئاستی ناوچەیی نەدەدرا کە شیکاریی کورتتر دەکرێتەوە و زیاتر وڵاتانی ناوچەیی لەبەرچاو دەگیرێن. بیرمەندانی قوتابخانەی کوپێنهاگ ئەو بۆشاییەیان پڕ کردەوە. هەروەها یەکێک لە گرنگترین چەمکە داهێنراوەکانی قوتابخانەی کوپێنهاگ کە هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی و هەم ئاستی نێوخۆدا بۆ شیکاری دیاردەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت، چەمکی بەئەمنییەتیکردنە کە من لەم نووسراوەدا بۆ شیکردنەوەی پرسێکی نیوخۆیی بەکارم هێناوە. هەڵبەت بیرمەندانی کوپێنهاگ باس لە پرۆسەی غەیرەئەمنییەتیکردن یان ئاساییکردنەوەی پرسە ئەمنییەکانیش دەکەن کە ئەمە دەتوانێت ناوەڕۆکی وتارێکی تر بێت و من لێرەدا بە پێویستم نەزانیوە باسی بکەم. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەبارەت بە ئەمنییەت لە ڕوانگەی قوتابخانەی کوپێنهاگەوە بۆ نموونە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

- محمد تقی آذرشب، مرتضی نجم آبادی و رامین بخشی تلیابی. جایگاه امنیت در مکتب کپنهاگ: چارچوبی برای تحلیل"، فصلنامە تخصصی علوم سیاسی، سال سیزدهم، شمارە چهلم، پاییز ١٣٩٦.

- باری بوزان. مردم، دولتها و هراس، مترجم و ناشر پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران، چاپ اول، ١٣٧٨.

٣- بەراوردی بکە لەگەڵ لاپەڕەکانی ١٧٥ و ١٧٦ی ئەو سەرچاوە: بهاره سازمند، مکتب کپنهاگ و امنیت زیستمحیطی خلیج فارس: واکاوی فعالیتهای سازمان راپمی، مجموعه مقالات نهمین همایش ملی خلیج فارس، ١٣٩٢، لەو لینکەی خوارەوەدا لەبەردەستە:

https://www.sid.ir/paper/880461/fa#downloadbottom



سەرچاوە
Serchawe


گەلاوێژی ٢٧٢٣

٤- لەم بارەوە بڕوانە لاپەڕەی ١٥ی ئەو سەرچاوەیە: سید جلال دهقانی فیروزآبادی و سید یوسف قرشی، نظریه و روش در مطالعات امنیتی‌کردن، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال پانزدهم، شماره چهارم، زمستان ١٣٩١، شماره مسلسل ٥٨،

٥- بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەبارەت بەو سێ قۆناغە بڕوانە: حسین قاسمی، الگویابی مدل امنیتی‌سازی فضای مجازی در جمهوری اسلامی ایران: مطالعه موردی تلگرام و توییتر، پایان‌نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد، تهران: دانشگاه خوارزمی، دانشکده حقوق و علوم سیاسی، ١٤٠٠. هەروەها سەیری ئەو سەرچاوە بکە: بهاره سازمند، پێشوو، لاپەڕەی ١٦.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# ڕەوشت لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوودا



**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**

لە زمانی کوردییدا ڕەوشت لەبری ئەخلاق لە زمانی فارسی و عەرەبیدا داندراوە، هەڵبەت ڕەوشت وەک باری مانایی زیاتر لە وشەی "Ethos"ی یۆنانی نزیکە هەتا ئەخلاقی عەرەبی! چون ئیتهۆس بەمانای کۆمەڵە کردار و ئاکارێکە لە تێفکرینەوە سەرچاوە دەگرێت و بنەمایی ئەخلاق زیاتر فەرهەنگ و کۆمەڵگایە! بەڵام بنەمای ئیتهۆس یان ڕەوشت تێفکرینی تاکە!

ئەگەر ئەو مانایە لە ئیتهۆس یان ڕەوشت کە ئیفلاتوون لە کتێبی کۆماردا هێناویەتە بەرباس لەبەر چاوبگرین، بنەمای ڕەوشتی دوکتور قاسملوو لەسەر ماف و ڕێز بۆ مرۆڤەکانی‌تر بووە! بۆ شیکردنەوەی ئەو باسە دەبێت ئاوڕێک لە ئەخلاق لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بدەینەوە. بنەمای ئەخلاق لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەسەر هێزە! واتە مرۆڤێک کە هێزی بێت، ئاساییە ئەو هێزە لە هەموو بەستێنێکی ژیانیدا بەکار بێنێ و هیچ گوێ نەداتە کەسانی ژێردەستی و، بەپێی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپی خۆی هەتا ئەو جێگای توانای هەیە هەڵسووکەوت بکات؛ بێ لەبەر چاوگرتنی مافی بەرانبەرەکەی. لە وەها دۆخێکیش دایە کە تۆ دەتوانی ڕوانگەی هابز لەو پەندە کوردییەدا بەڕوونی بەدی بکەی" مست لە

درێشەی دەگەڕێتەوە".

بەڵام بنەمای ڕەوشتی دوکتور قاسملوو لەسەر ماف بووە، واتە مرۆڤ دەبێت ئاکار و کرداری لەسەر بناغەی ئەوە دانێ کە مرۆڤەکانی دەوروپشتی مافیان هەیە و دەبێت ڕێز لەو مافانە بگیرێت. لێرەدا باسێک گرینگ دێتە پێش ئەگەر من وەکوو مرۆڤ باوەڕم بە مافی مرۆڤەکانیتر چ لە چوارچێوەی بنەماڵە و چ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا بێت، ئەوکات هێز بۆ خۆپاراستن بەکار دێنم و ماف وەکوو بنەمای هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤەکانیتر دەبێتە بناغەی ڕەوشتی من.

لەو پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو دەڵێت: "مەسەلەی بنەڕەتی بۆ من کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خەباتم بۆ کردووە، مەسەلەی لەنێوبردنی ستەم بووە"! ڕوونە کە پێوەری پێوانی ستەم دیاریکردنی ماف بۆ ئینسانەکانە! بەو پێیەشە کە دوکتور قاسملوو بەرانبەر بە دوژمنی خۆی پرسی تێرۆر ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەمن پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێمۆکراسیدا دەڕۆن، ڕێنوێنی دەکرێن و لایەنگری و خەڵکیان لەگەڵە، پێویستیان بە بەکارهێنانی تێرۆریزم نییە، لە پەیوەندی بە خۆشمانەوە دەبێت بڵێم، لەگەڵ ئەوەی کە خومینی چەند جار بۆ دژایەتی ئێمە تێرۆری بەکار هێناوە، بەڵام ئێمە هێچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردووە و بە پەیڕەوی کردن لە ئوسوولمان بارمتەگرتنمان مەحکووم کردووە! هەمیشە تەیارەڕفاندن و بۆمبدانان لە شوێنی گشتیمان مەحکووم کردووە" ئەو قسانەی دوکتور قاسملوو لە کاتێدایە کە وەک خۆشی لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ گۆڤاری لیبراسیۆن باسی دەکات کۆماری ئیسلامی تێرۆر ڕێبازێک بووە کە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێناوە؛ بەڵام دوکتور قاسملوو وەکوو کەسێک کە بنەمایی باوەڕی و ئاکاری لەسەر بناغەی مافی مرۆڤەکان دامەزراوە، ئامادە نییە لەو جێگاییەی کە هێز نیزامی دەتوانێ مرۆڤی ئاسایی لەنێوبەرێ ئەو هێزە بەکار بێنێ و ئامادە نییە شێوازی تۆقاندن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتێکی تەنانەت تێرۆریستیش بەکار بێنێ.

هەر لەسەر بنەمای باوەر بە مافی ئینسانەکان لەسەر ڕەوشتی تەشکیلاتی! دوکتور قاسملوو دەڵێت: "ئەوە ئەسڵێکی گرینگی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێت، بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەفرادی سەرەوە و ئۆرگانی سەرەوە بکات و لە هەمان کاتیشدا دەبێت، بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەفرادی خوارەوە و ئۆرگانی خوارەوەی خۆی بکات! شێوەی ئووسوولی ئەوەیە کە نابێ بە تەحکووم و دەستووردان و توندوتیژی و کوێخایانە دەستوور بەسەر ئۆرگانی خوارەوە بدات و بەشێوەی چاپلووسی و تەمەلووق و پێداهەڵگووتن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەندام و ئۆرگانی سەرەوەی خۆی بکات".

ڕێز گرتن لە خەباتی مرۆڤەکانیتر و هاوحیزبییەکانی خاڵێکیتر لە ڕەوشتی دوکتور قاسملوو بووە. بەڕێزیان لەسەر ئەوەی بۆ حیزبی دێمۆکرات توانییوەتی لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێ سێ هۆکاری بۆ دێنێتەوە و دەڵێت:

گەلاوێژی ٢٧٢٣

**یەکەم**. سیاسەتی ئوسوولیمان هەڵبژاردووە و خۆمان لە دروشمی زل پاراستووە.
**دووهەم**. خەڵکی کوردستان پشتیوانی ئێمەیە و هەتا خەڵک پشتیوانەی حیزب بێت، حیزبی دێمۆکرات دەتوانێ درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات.
**سێهەم**. هۆی مانەوەی خەباتی ئێمە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بووە.

خاڵی گرینگی کە ئەو سێ خاڵە پێکەوە گرێ دەدات، باوەڕ بە مافی ئینسانەکانیتر، بەپێی ئەوە ڕوانگەیە کە فیداکاری پێشمەرگە وەکوو مەرجی سەرەکی مانەوەی خەبات سەیر دەکات، چون لەگەڵ ڕاستبوونی ئەو هۆکارە دەبێت، پێشمەرگە مافی خۆییەتی ئازایەتی و لەخۆبرووردیی و فیداکارییەکانی باس بکرێت و وەکوو هۆکار مانەوەی خەباتی نەتەوەی کوردستان لەبەر چاو بگرێت، ئەگەر غەیری ئەوە بکرێت لە ڕاستییدا تۆ مافی مرۆڤێکی زەحمەتکێش و لەخۆبوردووت پێشێل کردووە، کەلەگەڵ بنچینەی بیری دوکتور قاسملوو نایەتەوە، چون ئەو باوەری بە خەبات لەدژی ستەم بووە.

لەسەر ئەخلاقیش لە سیاسەتدا، دوکتور قاسملوو لەو باوەڕە دایە: "ئێمە بێئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە و بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین" هەر لەو پەیوەندییەش دایە کە لە کلاسی کادرەکانی حیزبدا دەڵێت: "بانگەشە بۆ حیزبایەتی و سیاسەتی حیزبی وەکوو دوکانداری وایە، وەک چۆن لە دووکانداریدا ئێمە دەتوانین بڵێین تەماتەی ئێمە جوانە، یان میوەی ئێمە باشە! بەڵام ناتوانین بڵێین تەماتەی جیران دووکانەکەمان خراپە! لە بانگەشە بۆ حیزبایەتی زیاتر باس لەسەر سیاسەتی خۆمان و تایبەتمەندی خۆمان دەکەین". کە ئەوەش خاڵێکی گرینگ لە سیاسەتدایە و ئەو ڕوانگەیە لە ڕاستییدا پێش بە پرۆپاگاندا و پۆپۆلیزم دەگرێت، و لە باتی ئەو لەسەرخۆبوون، پێکەوە هەڵکردن و بۆ یەکدابوورین دێنێتە ئاراوە.

پەختەی مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو بنەمای ڕەوشتی سیاسی، تەشکیلاتی و شۆڕشگێڕیی خۆی لەسەر باوەڕ بە مافی مرۆڤ دامەزراندبوو. لەباتی پرۆپاگاندا و پۆپۆلیزم سیاسەتی پێکەوە هەڵکردن و ڕێزلێنان لە ئەویتری کردۆتە بنەمای کار و چالاکیی سیاسی خۆی و ئەگەریش ئەو ئاکارە بکرێتە بنەمای کاری گشتیی لایەنەکان دەتوانین هیوامان ئەوە بێت کە هاوپەیوەندی و یەکگرتووی پتەو دادەمەزرێ و ڕوونە چالاکیی بەرینیش لە ئاکامی ئەو هاوپەیوەندی و یەکگرتووییە دێتە دی.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد



**مستەفا مەولوودی**

**(لە پەیماننامەکانی "سەعدئاباد" ڕا هەتا "بەغدا")**

پەیماننامەی سەعدئاباد لە ژوئیەی ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە کۆشکی سەعدئابادی تاران لە نێوان چوار وڵات (ئێران، عێراق، ئەفغانستان و تورکیە)دا ئیمزا کرا. ئەو پەیماننامەیە کۆمەڵێک بەرنامە و ئامانجی هەبوو کە لە ١٠ ماددەدا گەڵاڵە کراوبون، و یەکێک لە ئامانجەکانی پێوەندی بە چارەنووسی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە هەبوو. ماددەی ٢ی پەیماننامەکە دەڵێ:

"دەوڵەتانی خاوەنشکۆ بەڕاشکاوی بەڵێن دەدەن پارێزبەندیی (مصونیت)، سنووری هاوبەشی یەکتر بن و بە تەواوی ڕێزی دەگرن". لە مادەی ٧یشدا هاتووە: "هەرکام لە دەوڵەتانی بەڵێندەر پێبەند دەبێ کە لە سنوورەکانی (سرحدات) خۆیەوە ڕێگری بکات لە دروستکردن یان چالاکیی دەستە و تاقمی چەکدار و پێکهێنانی هەر جۆرە هەیئەتێک یان ڕێکخراوێکی دیکە بۆ خراپکردنی ئەو دامەزراوانەی کە هەمانە، یان بەر بگرێت بە تێکدانی نەزم و ئەمنییەت لە هەر بەشێک لە خاکی

بەڵێندەری دیکە (لەسەر سنوور یان جیا لە سنوور)یان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی لایەنی دیکە."

لە مادەی ٢دا ئەو دەوڵەتانە بەڵێن بە یەکتر دەدەن سنووری هاوبەشی یەکتر بەتەواوی بپارێزن. ئەوە بۆ بەشێک لە وڵاتان دەکرێ پاساوی یاسایی هەبێ و ڕەچاوکردنی ئەو مادەیەش کێشە بۆ دانیشتووانی سەر سنوور دروست نەکات، بەڵام لە نێوان سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیەدا بەتەواوی پێچەوانەیە، لەبەر ئەوەی سنووری ئەو سێ وڵاتە خاکی کوردستانە و دانیشتووانی سەر ئەم خاکە هەموویان لە ڕەگەزی کوردی ڕەسەنی ئەو هەرێمەن و بەپێی بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکان ئەو پێکهاتەیە (کورد) لە سەدەی چواری پێش زایینەوە لەم دەڤەرە ژیاون و بوونیان هەیە.

ئەو خاڵە ئەگەر زۆریش شیتەڵ نەکرێ و شی نەکەینەوە، ئەگەر لەلایەک ڕەزامەندیی چەند دەوڵەتی لەسەرە، بەڵام کۆمەڵێک کێشەی مێژوویی، سیاسی، نەتەوەیی، کولتووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریشی بۆ خەڵکی ئەو سەرسنوورانە کە کوردن پێک هێناوە. لە شیکردنەوەی مادەی ٧ دا زۆرتر و وردتر دەچینە ناو بابەتەکە.

لە مادەی ٧ی پەیماننامەی سەعدئاباددا دەڵێ: "هەر کام لە دەوڵەتەکان پێشگیری دەکەن لە دروستکردنی هێزی چەکدار لەسەر سنوور کە هەموویان کوردن واتە بێجگە لە ئەفغانستان، (ئێران و تورکیە و عێراق). هەروەها پێشگیری دەکەن لە پێکهێنانی هەیئەت و ڕێکخراوی جەماوەری لەنێو خەڵکی سەر سنوورەکان کە کوردن و مێژوو دەری خستووە بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیی خۆیان بەردەوام لە تێکۆشان و خەبات و خۆڕێکخستندا بوون.

ئەو دەوڵەتانە جیا لەوەی کە بەڵێن بە یەکتر دەدەن پێشگیری بکەن لە دروستکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە و هەیئەت، بەڵکوو بە خراپکار و تێکدەریشیان دەناسن. بە قەولی خۆیان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی سنوور و هێزەکانی حکوومەتەکانیان هەموو ڕێکارێک دەگرنەبەر.

ئەگەر بەوردی لە نێوەرۆکی مادەی ٧ی پەیماننامەی سەعدئاباد ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەوڵەتانە سەرەڕای کێشە و جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەکتری، بەڵام بۆ سنووردارکردن و بەچۆکداهێنانی کورد و کپکردنی بزووتنەوەی ئەو گەلە تێکۆشەرە جیا لەوەی هەر کامەیان لە هەموو هێز و توانای خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە، بەڵکوو بۆ پێشێلکردنی مافی نەتەوەیەک کە لەو ناوچەیەدا مێژووەکەی ئەگەر لە مێژووی تورک و فارس و عەرەب دێرینتر و کۆنتر نەبێ لانیکەم هاوتەریبە لەگەڵ ئەو نەتەوانە، هاوکاریی یەکتر دەکەن. ئەو پەیماننامەیە بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان یاسایی نییە. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتەکان بە فەرمیشی بناسن. بەندی ١ی ماددەی ١ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ:



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

"هەموو نەتەوەیەک مافی ئۆتۆنۆمیی هەیە، لە ڕێگای ئەو مافەوە چارەنووسی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و گەشەی فەرهەنگیی خۆی ئازادانە دیاری دەکا."

بەپێی مادەی ٧ی پەیماننامەی سەعدئاباد لە سنووری سێ وڵات کە پێکهاتەکەی هەمووی کوردە و مێژووی بوونی لەو هەرێمە بۆ زۆرکۆن دەگەڕێتەوە کە بۆتە سنووری ئەو سێ وڵاتە، کۆمەڵێک کێشە و بەربەستی بۆ دروست دەکرێ بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو سنوورە بەئاسانی نەتوانن تەنانەت هاتوچۆش بکەن.

لە مەنشووری "ئاتلانتیک"دا کە لە ئووتی ساڵی ١٩٤١ی زایینیدا بڵاو کراوەتەوە و لانیکەم بە پەسندی ١٠ وڵات گەیشتووە و هەروەها مەنشووری "ئاتلانتیک" کە لە ژانویەی ١٩٤٢ بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کامڵ بووە، لە بەندی ٢دا ئاوا دەڵێ: "ئەوان خوازیاری ئەوەن ئاڵوگۆڕی سنووریی وڵاتان بە ویستی سەربەستانە و دانیشتوانی خەڵکی بێ."

ئەگەر چاوێک بە مێژووی دیاریکردنی سنووری ئەو وڵاتانەدا بخشێنین کە کوردستانی تێدا دابەش کراوە، لە دوای شەڕی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤دا و لە ڕێککەوتنی زەهاودا لەنێوان ئیمپراتووری سەفەوی و عوسمانی تا هەرەسهێنانی ئیمپراتووری عوسمانی و لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتانی تورکیە، عێراق و سووریە کە کوردستان بۆ جاری دووهەم واتە لەنێوان سێ دەوڵەتی دیکەدا دابەش کراوە و کوردستان بۆتە چوار پارچە؛ بەبێ لەبەرچاو گرتنی مێژووی کوردستان و داخوازی و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان، ئەو وڵاتە پان و بەرینەیان (کوردستان) دابەش کردووە؛ بێ‌ئەوەی بایەخیان بۆ ویستی خەڵکی کوردستان دانابێ. ئەوان بە زانیاریی تەواوەوە غەدرێکی مێژووییان لەو نەتەوە ڕەسەن و دێرینە یانی کورد کردووە. بەندی ٣ی مەنشووری ئاتلانتیک دەڵێ: "ئەوان بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەتیان، بۆ ویست و خواستی خەڵکی وڵاتە جۆراوجۆرەکان ڕێز دادەنێن. خوازیاری ئەوەن سەروەریی و سەربەخۆیی ئەو خەڵکانەی کە بە زۆر لێی بێبەش کراون بۆیان بگەڕێندرێتەوە".

بەداخەوە لە کوردستان لە بەختی کوردان تەواو بە پێچەوانەیە و نەک بە هیچ شێوەیەک خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکوو بەبێ لەبەرچاو گرتنی مافی ئەو نەتەوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە و بەبێ خواستی خەڵکی کوردستان، خاکەکەی دابەش کراوە. تەنانەت بۆ ئەو دابەشکردنە چەندین سێناریۆ و پیلانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بەدژی خەڵکی کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی ویستی دەوڵەتانی حاکم و بەرژەوەندیی زلهێزەکان داندراوە و زوڵم لە کورد کراوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو سێناریۆیانە لە سنوورەکان لە پەیماننامەی زەهاو، و لە پەیماننامەی ئەرزەڕوومی ١ و ٢، و لە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ و کۆنگرەی لۆزان و زۆر وردە ڕێککەوتن و پەیماننامەی وەک پەیماننامەی عێراق و تورکیە، پەیماننامەکانی سەعدئاباد، بەغدا و هی دیکە تا کۆتایی لە پەیماننامەی ئەلجەزایردا دەبیندرێ.

لە بەندی ٦ی مەنشووری ئاتلانتیکدا هاتووە: "ئەوان خوازیاری ئاشتین بۆ هەموو نەتەوەیەک لە جیهاندا. دەبێ هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ لەسەر زەویی خۆیان سەربەستانە و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بژین". ئەوەش بەداخەوە بۆ کورد لە کوردستان بە هیچ شێوەیەک دابین نەکراوە، بەڵکوو بە شێوازی جۆراجۆر ڕێگە لە کوردان دەگرن بە ئازادی و سەربەستی لەسەر خاک و وڵاتی خۆیان بژین. لە بەڵگەنامەی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر باسی مافی کەمایەتی بە هەموو جۆرەکانیەوە کراوە. هەرچەند کورد لە کوردستان و لەنێو ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەریاندا دابەش کراوە کەمایەتی نییە، بەڵکوو نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو، ڕەسەنایەتی و ڕابردووی پڕ لە خەبات و قوربانییە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ تەنانەت وەک کەمایەتییەکیش مافی نەپارێزراوە و وەک کەمایەتیی خاوەن ماف هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکراوە؛ بەڵکوو بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هۆی دەسەڵاتی حاکمانی ناوچە، دەوڵەتان و زلهێزە بەرژەوەندیخوازەکان سەرەتاییترین مافی پێشێل دەکرێ.

هەروەک باس کرا پەیماننامەی سەعدئاباد یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی هاوکاری کردنی ئەو سێ وڵاتەیە (ئێران-عێراق - تورکیە) بۆ سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی کوردان لەسەر سنوورەکانی ئەو چوار وڵاتە (ئێران،عێراق، تورکیە، سووریە) کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. سەرەڕای مەنشووری ئاتلانتیک و ئووسوولی چواردە بەندیی ویلسۆن و گەلاڵەی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکان لە حقووقی نێونەتەوەییدا، بەڵام ئەوانە بە ڕێککەوتن و پەیمان، مافی ڕەوای ئەو نەتەوە ڕەسەن و دێرینەیان بە شێوەی جۆراوجۆر پێشێل کردووە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە ئاراوە، مادام پەیماننامەیەک ئیرادە و مافی نەتەوەیەک بەڕوونی و بەزۆری پێشێل بکات، دەکرێ وەک پەیماننامەیەکی چەند قۆڵیی ڕەوا بۆ پارێزگاری لە سنووری ئەو وڵاتانە دابنێین؟ من پێم وایە ئەو پەیماننامەیە و هەموو ئەو پەیماننامانەی لەو شێوەیەن، پەیماننامەی یاسایی و ڕەوا نین و ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن. هەر وەک دەبینین لە ڕێککەوتنی زەهاو تا دەگاتە ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥، هەموویان دژی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بوون هەربۆیە کورد هیچ کامیانی بە ڕەوا نەزانیون و ڕێزی لێ نەگرتوون. بەڵکوو ئەوەندەی دەرفەتی بۆ گونجابێ بەرهەڵستیان بۆتەوە. هەربۆیە بەو ماوە دوور و درێژە کە کورد پاکتاو کراوە، نە کورد دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵگرتووە، نە سنوورەکانی ئەو وڵاتانەش بە بەستنی ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامانە ئارامی و ئاسوودەییان بەخۆیانەوە دیتووە، نە کێشە و پرسی کورد چارەسەر کراوە و نە تەناهی ئەو وڵاتانەش هاتۆتە دی؛ هەربۆیە ئەو پەیماننامانە ناتوانن یاسایی و ڕەوا بن.

**پەیماننامەی بەغدا (١٩٥٥)**

ئەو پەیماننامەیە لە ٢٤ی فێورییەی ١٩٥٥ی زایینی لە نێوان وڵاتانی تورکیە و عێراق لەژێر ناوی (پەیماننامەی هاوکاریی دوو لایەنە) ئیمزا کراوە. پەیماننامەی بەغدا لە پێشەکییەک و ٨ مادە و ٢ شیکردنەوە پێکهاتووە.
لە دواییدا کۆمەڵە وڵاتێکی دیکەش بە پەیماننامەی بەغدا پەیوەست بوون. ئینگلیس لە ٣٠ی مارسی ١٩٥٥، پاکستان لە ٢٣ی سێپتامبری ١٩٥٥ و ئێران لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٥٥ چوونە نێو ئەو پەیماننامەیەوە. هەرچەند پەیماننامەی بەغدا لە بناغەدا کاری دەوڵەتی ئەمریکا بووە، بەڵام ئەمریکا نەچۆتە نێو ئەو پەیماننامەیە، هەتا نەبێتە هۆی پێناخۆشبوونی یەکیەتیی سۆڤییەت و، وڵاتانی عەرەبی لە خۆی نەڕەنجێنێ.

پاش کودێتای ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ هەر چەندە عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاندبوو دەوڵەتی عێراق بە هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان وەفادارە، بەڵام لە ٢٤ی ئووتی ١٩٥٩ڕەسمەن ڕایگەیاند کە لە پەیماننامەی بەغدا دەکشێتەوە و لە ٢٤ فێورییەی ١٩٦٠ بەڕەسمی لەو ڕێککەوتنە هاتۆتە دەرێ. هەر بۆیە ناوەندی ئەو پەیماننامەیە لە بەغداوە گوازراوەتەوە بۆ ئانکارا. لە مانگی ئووتی ١٩٥٩ ئەو پەیماننامەیە ناوەکەی بە (پەیماننامەی سیتۆ) گۆڕدراوە.

ئەو پەیماننامەیە لە سەردەمی شەڕی سارددا بە ئامانجی کار و بەربەرەکانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و پێشگرتن لە نفووزی مارکسیزم پێکهاتوە. دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیە و پاکستان کە بە چاودێریی دەوڵەتی بریتانیا کاریان دەکرد، بەڵام دیسانیش لەسەر سنوور لە کۆنترۆڵی سنووری یەکتری خافڵ نەبوون. لەو پەیماننامەیەشدا هەر چەندی بۆیان کراوە، کورد و بزووتنەوەی کوردیان سنووردار کردوە.


شکڵ و سازماندانی پەیماننامەی بەغدا لە یەک شوڕای وەزیران و چەند کۆمیتەیەک پێکهاتوە، کە یەکێک لە کۆمیتە گرینگەکان کۆمیتەی نیزامی و کۆمیتەی کار بە دژی خراپکاران و دژی ئاژاوەگێڕی بووە کە سروشتییە مەبەستیان لەو خراپکار و ئاژاوەگێڕانەی سنوور کە باسیان لێ کراوە لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق و تورکیە، کورد و تێکۆشەرانی کوردن کە تێدەکۆشن بۆ مافەکانیان لەسەر خاکی کوردستان کە کەوتۆتە سەر سنووری ئەو سێ وڵاتە و داگیرکەران ئەو خاکەیان لەنێو خۆیاندا دابەش کردووە. (درێژەی هەیە)

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هێز لای کێیە؟



**ئاسۆ مینبەری**

١٠ مانگ بە سەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا تێدەپەڕێ.لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا، بینەری کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بووین. شەقامەکان دوابەدوای مەرگی ژینا، بوون بە گۆڕەپانی بەهێزی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕێژیمیش ناچار بوو بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەر کردەوەیەک ببات. بۆیە لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا بینیمان کە چۆن بە سەرکوت و دەسبەسەرکردن و سەپاندنی حوکمی زیندان و تەنانەت لەسێدارەدان و جێبەجێکردنیشی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو نەیەڵێ دۆخەکە تەشەنە بستێنێت، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو، خۆڕاگری و پێداگریی خەڵک لەسەر مانەوە لە شەقام بوو، سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی سەر ڕێگاشیان.

ڕێژیم هەوڵی دا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، گەشتی ئیرشاد بۆ ماوەیەک سڕ بکات، هەڵبەت ئەمە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە هێزەکانی ڕێژیم، لە جلوبەرگ و فۆرمی جیاوازدا سەرکوتی خەڵکیان ئەکرد، جا با گەشتی ئیرشاد نەبێ، خۆ سپای پاسداران و هێزەکانی ئیتلاعات و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی تر هەر بەردەوام بوون. بەڵام ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی پووشپەڕ، هەواڵدەریی مێهری سەر بە ڕێژیم لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە گەڕانەوەی ماشینەکانی گەشتی ئیرشاد و پۆلیسی گەشتی ئیرشاد

"بە ئامانجی ئەنجامدانی مەئموورییەتی خۆیان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانێک کە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیان تێک داوە"، کرد. ئەم هەواڵە زۆر زوو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی تەنی و کاردانەوەی خەڵکی بەدواوە بوو. لە ڕاستیدا هەموان دەزانین کە مەبەستی ڕێژیم لە هێنانەوەی ئەم هێزە، دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێیە، بەڵام لە پەنا ئەمەشدا هەندێ ڕاستیی دیکە هەیە کە نابێ لەبیرمان بچێت.

وردە وردە لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی نزیک دەبینەوە. ڕێژیم لە ١٠ مانگی ڕابردوودا بەرەورووی قەیرانێکی زۆر گەورە بۆوە کە لە ئاکامی کردەوەیەکی هەر ئەم هێزەدا هاتە ئاراوە کە دیسان، خەریکە دێتەوە مەیدان و ئەرکی سەرکوتی پێ دەسپێردرێ، کەوایە ڕێژیم باش دەزانێ گەشتی ئێرشاد چ هێزێکی دڕندەیە و باشیش دەزانێ کە چۆن وەک هێزێکی ئاتەش بە ئێختیار کەڵکی لێ وەربگرێ و لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی حاڵەتێکی وەک مەرگی ژینا ئەمینیدا، ئەوپەڕی هەڵوێستەکەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم هێزە و یا وەکوو ئێستا، سڕکردنەوەی دووبارەی بۆ ماوەیەکی کورت بێ، بەڵام خاڵی بەرانبەری ئەم هێزە دڕندەیە، خەڵکن! خەڵکێک کە ١٠ مانگ پێش ئێستا لە بەرانبەر ئەم هێزەدا وەستانەوە و وایان کرد کە لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێ، لەلایەن ڕێژیمەوە بشاردرێتەوە!

زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە هێنانەوەی ئەم هێزە لەم کاتەدا، نیشاندەری ترسی ڕێژیم لە سەرهەڵدانی دووبارەی خەڵکە، ئەویش لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا، بەڵام هۆکاری دیکەشی هەیە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئەوەی کە لە ڕێژیم پیشان درا، دەسەڵاتێکی داڕووخاوی بێهێز بوو، دەسەڵاتێک کە هیچ ڕەوایییەکی نەماوە و لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە کراوەتە ئامانج و ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ بەدی ناکرێ. بۆیە ڕێژیم لەم کات و ساتەدا ـ بە عادەتی هەمیشەیی خۆی کە لە کاتی بێدەسەڵاتیدا ـ دەستی کردووەتەوە بە هەڕەشەکردن لە هێز و لایەنە سیاسییەکان. لە ڕاستیدا ڕێژیم دەیەوێ بەم شێوازە و بە قەولی خۆیان "ئێقتدار"ی خۆی نیشان بدات و بڵێ، سەرەڕای تێپەڕبوونی ١٠ مانگ لە خۆپیشاندانەکانتان، ئەوەتا هەر لەسەر پێم و منم کە بڕیار دەدەم کام ناوەندی ژێر دەسەڵاتم سەرکوتتان بکات.

گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیم لە کاتە هەستیارەکاندا، دڕندەترین هێزەکانی خۆی دێنێتە گۆڕەپانەکەوە، بەڵام هەمیشە یەک ڕاستیی لەبیر کردووە، ئەویش هێزی خەڵک بووە. ڕاستە کە ڕێژیم کەرەستە و ئیمکاناتی زۆری بۆ سەرکوت پێیە و دەتوانێ تێچوویەکی زۆریشی بۆ بدات، بەڵام هیچکات ناتوانێ لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵکدا بوەستێت، هەروا کە هیچ دەسەلاتێکی دیکتاتۆر تاکوو ئێستا نەیتوانیوە لە بەراانبەر ئیردەی گشتیی خەڵکدا هێزی مانەوەی هەبێ. دروستکردنی ترس و

گەلاوێژی ٢٧٢٣

دڵەڕاوکێ بە هێنانەوەی گەشتی ئیرشاد تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانێ یارمەتیدەری ڕێژیم بێ، چونکە ئەوە خەڵکن هێزی سەرەکییان لەلایە و ئەوە ئەتوانن کە ئەتوانن ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕن.

هەر لەم ڕۆژانەدا، بە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خەریکن بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو و بەیاننامە، یەکتر بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی یەک ساڵەی شەهیدبوونی ژینا بانگهێشت دەکەن و دەڵێن: "دەگەڕێینەوە بۆ سەر شەقامەکان و درێژە بە خەبات دەدەین."

پرسی ڕەچاوکردنی حیجاب ئەگەر پێشتر تەنیا وەکوو نافەرمانییەکی مەدەنی چاوی لێ دەکرا و ژنان بەم نافەرمانییە تەنیا دەیانویست بەرانبەر بە پێشێلکرانی یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان نارەزایەتی دەرببڕن، ئێستا ئیدی ڕەچاونەکردنی حیجاب، تەنیا نافەرمانییەکی مەدەنییە نییە، پرسێکی سیاسیی گرینگی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتییە و دەکرێ وەکوو چەکێکیش بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چاوی لێ بکرێت. چەکێکی بەهێز کە تەواویەتی ڕێژیم و ئیدئۆلۆژییەکەی کردووەتە ئامانج و لە دەیان چەکی مۆدێرنی شەڕکەر کاریگەرترە. گەشتی ئیرشاد و باقی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، ئەگەرچی پێیان وایە دەتوانن وەکوو ڕابردوو توندوتیژی بنوێنن و خەڵک تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بکەن، بەڵام دەبێ باش بزانن، کە خەڵکی ئێستا، لە خەڵکی ١٠ مانگ پێش تووڕەترن، ئەگەر ١٠ مانگ پێش هەرکەس لە پێگەی خۆیەوە شەڕی لەگەڵ دەسەڵات و بیری چەقبەستووی دەکرد، ئێستا هەمووان بە دەم ئازارەکانی یەکترەوە، دەستی هاوڕێیەتی و هاوخەمی و هاوهەنگاوبوونیان بە یەک داوە و پێکەوە بوونەتە هێزێکی قایم کە بە هیچ دەسەڵاتێک لە بن نایەت و بێگومان سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# رۆحی لۆزان



**کەریم پەرویزی**

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە ماڵوێرانییەکی زۆری بەدوای خۆیدا بۆ جیهان هێنا و بە تەواوبوونی شەڕ هێشتاش لە ڕێگەی پەتا کوشندەکانی وەکوو ئانفلووانزا و برینی ڕەش، سەدان هەزار قوربانیی گرت، دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ، واتە بریتانیا و فەرانسە و ئامریکا، هەندێک بڕیاری سیاسییان دا کە پێشی دووبارەبوونەوەی وەها نەهامەتییەک بگرن و لە ڕاستیدا دوای سەرکەوتنیان هەم بەرژەوەندییەکان دابەش بکەن و هەم پێشی زەرەرەکانی داهاتوو بگرن. بۆیە بەپێی پەیماننامەی سێڤری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، خاکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابەش کرا و هەندێکی دەوڵەتی نوێیان ڕاستەوخۆ بۆ دامەزراند و هەندێکی خرایە ژێر سەرپەرستیی فەرانسە یان بریتانیا تاکوو دواتر دەوڵەتیان بۆ دابمەزرێنن، وەکوو عێراق و سووریە!

لەو نێوەدا بەشێک لە خاکی کوردستان کە بە دوو ویلایەتی مووسڵ و دیاربەکر باسی کرابوو، بەڵێنیان پێ درابوو کە دوای پرسیارکردن لە خەڵکەکە! دەوڵەتیان بۆ دابمەزرێ لەژێر سەرپەرستیی بریتانیا و دواتر سەربەخۆ بکرێن، وەک بڵێی لە

هۆزەکانی باشووری عێراق یان هۆزە عەرەبەکانی سووریە ڕاپرسییان کردبێ!

پەیمانی سێڤر هێشتا هەموو بەندەکانی جێبەجێ نەکرابوو کە بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و چەند ساڵ دواتر لە ١٩٢٣ی زایینیدا، پەیمانی لۆزان مۆر کرا.

لە سێڤردا بەرژەوەندیی زلهێزەکان لەوەدا بوو کە خاکی ژێر دەستی عوسمانی دابەش بکەن و دەوڵەتی جیاواز بۆ هەموو نەتەوەکان دروست بکەن.

لە لۆزاندا بە هاتنەئارای کۆمۆنیزم لە ڕووسیە و هێزگرتنی ئەرتەشی سوور، بەرژەوەندیی زلهێزەکان گۆڕا! ئیدی ئازار و هێرشەکانی عوسمانییان لەبیر چوو و نیگەرانی ئازار و هێرشەکانی کۆمۆنیزم لە خاکی ڕووسیەوە بوون. بۆیە ڕێککەوتنیان کرد کە دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە ڕووسیە دوور بخەنەوە و دەوڵەتی ناوەندیی بەهێزیان بۆ دروست بکەن تاکوو وەکوو سەنگەری خڕکەبەرد لە دەوری ڕووسیە  بن و پێشی پەرەگرتنی کۆمۆنیزم بگرن!

لە سێڤر تا لۆزان لە ماوەی پێنج ساڵدا بەرژەوەندیی زلهێزەکان ئاڵوگۆڕی قووڵی بەسەردا هات و لەو نێوەدا خەڵکی ناوچەکە بێئاگا بوون لەو بەرژەوەندییە گۆڕاوانە!

تورکە لاوەکان بە ڕێبەریی کەماڵ ئاتاتورک قازانجیان لەو ئاڵوگۆڕانە کرد و دەوڵەتی تورکیەی نوێ و دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێزیان بۆی دامەزراند و کورد و ئەرمەنییان جینۆساید کرد! لە ئێرانیشدا پشتی مەشرووتەیان گرت تاکوو شای قاجار لە ڕووسیە دوور بخەنەوە! دواتر پشتی ڕەزا خانیان گرت تاکوو دەسەڵاتی بەهیزی ناوەندی بۆ تاران دروست بکەن.

**بەڵام ئەوەی لە نێوخۆی کوردستان ڕووی دا، لە لۆزاندا، چەند خاڵی سەرەکی بوون:**

**یەکەم؛** بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبوو و دەوڵەتەکان سیاسەتی دیکەیان پێڕەو دەکرد، بەڵام کورد بە باشی سیاسەتەکانی نەدەخوێندەوە و  لە شوێنی دیکە بەدوای وەڵامەکاندا دەگەڕا! هەر بۆیە کاتێک ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی نەمر دێتە ئاراوە، بوون کەسانێک کە لەو بەرژەوەندییە گۆڕاوانە تێناگەن و هەبوون کەسانێک کە پێیان وابوو دژایەتیکردنی بریتانیا و پشتیوانیکردن لە گەڕانەوەی عوسمانی چارەسەرە!



سەرچاوە
Serchawe

یـان ڕاپەڕینـی سمکۆی شـکاک زیـاتر لەوەی لای زلهێزەکـان وەکـوو ڕاپەڕینـی نەتەوەیـی کـورد چـاوی لـێ بکـرێ، وەکـوو دەستێوەردان و پیلانی کۆمۆنیزم دەبینرا!

**پرسی دووهەم؛** بریتییە لە لاوازیی کورد لە دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی و لۆبی لە لای زلهێزەکان.

لەو کاتەدا کە شەریف پاشای بەناوبـانگ خەریکی کار بووە بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد، هەوڵێکی بێوێنە بـوو بەڵام زۆر کز بوو چونکە کورد لەو کاتەدا یەکپارچە نەبوون و خەڵکی دیکە هەوڵی دیکەی دەدا کە ئەو کارانەی شەریف پاشای بەتـاڵ دەکردەوە!

تێنەگەیشـتن لە دیپلۆماسـیی نێـونەتەوەیی و چـۆنیەتیی کـارکردنی ئامرازەکـانی و هەروەهـا نەزانـین لە بەرژەوەنـدییە جیاوازەکانی ئەوبەری مێزی دیپلۆماسییەکە هەوڵەکان بەرەو خەسار دەبا.

**پرسی سیهەم؛** پرژوبڵاوی و لە خراپترین حاڵەتیشدا دژبەیەک کارکردنی نێو نەتەوەکەیە.

لە سێڤر تـا لۆزان، کورد نەک وەکوو نەتەوەیەک دەرنەکەوت، بەڵکوو بە چەندین گرووپـی جیـاواز خۆیـان نیشـان دا کە هەر گرووپەو جۆرێک دەڕوانێتە دەوروبەر و هەنـدێجار دژی یەکیش بـوون لە ڕوانینەکانـدا! زۆر سروشتیە کە زلهێزەکـان و هێزە ناوچەییەکان لەو پرژوبڵاوییە کەڵک وەردەگرن و ڕووداوەکان بە قازانجی خۆیـان دەشکێننەوە.

دوای سەد ساڵ لە تێپەڕینی پەیمانی لۆزان، هێشـتاش ڕۆحی لـۆزان واتە ئەو سـێ خـاڵە جەوهەرییە لە کەموکوڕییەکانمـان ڕۆڵی دیاریکەریان هەیە لە ڕووداوەکاندا.

ڕووداوەکانی سێ دەیەی ڕابردوو لە ناوچە و کاریگەرییان لەسەر کورد ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە تێگەیشتنمان لە دیپلۆماسیی و وەرچەرخانە مێژووییەکان لە ئاستی پێویستدا نییە.

یەکێک لە لاوازییەکانی تێگەیشتن لای هەندێ کەس لەنێو کورددا ئەوەیە کە ئێستا بـاس لەوە دەکرێ کە دەبـێ کـار بکەیـن بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان هەڵبوەشێتەوە!

بەپێی پەیمانی لۆزان چەندین دەوڵەت درووست کراون و تەنیا کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو بالانسی هێز و دەسەلات و بەرژەوەندیی ناوچەیەکی دیاری کردووە و زۆر شت لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا گۆڕاون!

پێمان وا نەبێ بە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی لۆزان ئیدی بە شێوەی ئۆتۆماتیکی هەموو ئەوە دەسەلاتە ناوچەییانە هەڵ دەوەشێنەوە و بە شێوەی ئۆتوماتیکی کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی یەکپارچە کە هەموو کوردستان دەگرێتەوە!

ئەو پەیماننامانە بە مێژوو ئەسپێردراون و وەکوو ڕێککەوتننامە و بەڵگە مێژووییەکان ڕەنگە کەڵکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیان هەبێ، بەلام خەبات لە ئەمڕۆ و لە سەر ئەرزی واقیع دەکرێ نەک بە وەها خەیاڵێک کە گەر هەوڵ بدەین پەیمانی لۆزان هەڵوەشاوە ڕابگەیەندرێ ئیدی دەگەین بە هەموو مافەکانمان!

ئەو جۆرە لێکدانەوە درێژەی هەمان تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندیی زلهێزەکان و چۆنیەتیی کارکردنی دیپلۆماسیی نێونەتەوەییە.

خاڵێکی گرینگتر لە ڕۆحی لۆزاندا، پرژوبلاویی کورد بوو کە هەندێجاریش دژ بەیەک کاریان دەکرد و هەوڵەکانی یەکدییان بەتاڵ دەکردەوە!

ئێشتەش پەرتەوازەیی نێو کورد و دژبەیەک کارکردنی هەندێ لایەن، ئەو دەرەتان و درزە دەدا بە دوژمنان کە زۆرتر پەرتەوازەمان بکەن و زۆرتر بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەکوو بەرژەوەندیی ئێمە پێناسە بکەن!

دەربازبوون لە لۆزان بریتی نییە لە هەوڵدان بۆ هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی ئەو پەیمانە چونکە دەوڵەت و دەسەلاتی پێکهاتوو لەسەر ئەو پەیمانە سەد ساڵە هەن و بەرژەوەندی و بالانسەکان ئاڵوگۆڕی قووڵیان بەسەردا هاتووە و کوردیش دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانەی نییە! بەڵکوو دەربازبوون لە لۆزان بریتییە لە دەربازبوون لە ڕۆحی لۆزان!

**دەربازبوون لە ڕۆحی لۆزان بریتییە لە:**

**یەکەم؛** تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی زلێزان و بالانسە ناوچەیی و جیهانییەکان،

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

**دووهەم؛ دیاریکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەسەر ئەساسی بینینی واقیعەکان،**

**سێهەم؛ گەر بە یەکپارچەیی هەوڵ بۆ گەیشتن بۆ مافەکان نادەین لانیکەم دژ بە هەوڵە نەتەوەییەکانی یەکدی هەوڵ نەدەین!**

**وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین**

**ەی گەلاوێژی ٢٧٢٣**

# گەڕانەوەی گەشتی ئێرشاد بۆ شەقامەکان



**ئاویەر**

کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی ئایدۆلۆژێکی توتالیتێرە کە لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسیی توندئاژۆ دامەزراوە، ئایدۆلۆژیکبوونی وەها حکوومەتێک پێش لە هەر ڕێفۆرم و چاکسازیەک دەگرێ، تەنیا چەند ساڵ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ خەڵکی ئێران ئەو کەتوارەیان بۆ ڕوون بۆوە کە ڕێبەرانی ئەو شۆڕشە نە تەنیا درۆیان دەگەڵ خەڵک کردووە و بەڵکوو دەگەڵ حکوومەتی پێشوو هیچ چەشنە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و بە واتایەکی دی ئاوێنەی یەکترن و کلۆنیالیزم و دیکتاتۆڕی و دژبوون لەگەڵ ئازادی لەوەشیان دا وەکوو دەسەڵاتی پێشوو دووپات بۆتەوە.

هەر ئەو بابەتە وای کرد خەڵک بیر لە ڕێفۆرم و چاکسازی لە ناو ئەو دەسەڵاتەدا بکاتەوە، هیوایەک کە هەتا خەزەڵوەڕی ٩٨ درێژەی کێشا، بەڵام لە خەزەڵوەری ٩٨ بەولاوە خەڵک بەو ئاکامە گەیشتن کە ڕێفۆرم و چاکسازی لە چوارچێوە و قاڵبی کۆماری ئیسلامیدا نە تەنیا مومکین نییە، بەڵکوو ئەمرێکی مەحاڵە و ئەو بە ناو ڕێفۆڕمخوازانەی لە هەڵبژادنەکاندا بەشدارییان دەکرد، فرت و فێڵی مەلاکانی تاران بووە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی دەنگدان،



سەرچاوە
Serchawe

ئەویش بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە دنیای دەرەوە بدەن کە بەشداریی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بە مانای ڕەزایەتی خەڵک لە کۆماری ئیسلامییە، لە خەزەڵوەری ٩٨دا کە بە هۆی گرانیی بەنزین خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین، هەر وەک دیتمان ڕێژیم بە دڕندانەترین شێوە ئەو ناڕەزایەتییانەی سەرکوت کرد و شەقامەکانی بە خوێنی هەزاران لاوی ئەو وڵاتە سوور کرد و گیانی لێ ئەستاندن، ناکارامەیی و فەشەل پێهاتنی دەوڵەت لەلایەک و لەلایەکی تر دەست شووشتنەوەی خەڵک لە ڕیفۆرم و هەر چەشنە چاکسازییەک، خەڵکی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە کۆماری ئیسلامی نەک زەرفیەتی هیچ گۆڕانێکی تێدا نییە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندئاژۆتر و دڕندەتر دەبێ، لە پاش خەزەڵوەری ٩٨ کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێژیم گەیشە ئەوپەڕی خۆی و ئەگەر پێشتر تۆزە شەرعییەتێکی لە بەناو هەڵبژاردنەکان بۆ ڕەوایی خۆی مسۆگەر دەکرد، لە پاش ئەو جینایەتانەی کە کردی، شەرعییەت و ڕەوایی کۆماری ئیسلامی بە تەواوەتی لەناو چوو؛ کۆماری ئیسلامیش پاش خەزەڵوەری ٩٨ چیدیکە بیری لە ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سەندووقی دەنگدان نەدەکردەوە و وەکوو حکوومەتێکی نیزامی و دەسەڵاتێکی ناڕەوا کە بە زۆری سەرکوت و داپڵۆسین لەسەر کارە، درێژەی بە دەسەڵاتەکەی دا، ئێستا کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی ناڕەوایە کە هیچ شەرعییەتێکی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نەماوە و بە زەبری چەک و سەرکوت و داپڵۆسین و گیران و سێدارە درێژە بەو دەسەڵاتە ناڕەوایەی خۆی دەدات.

نزیک بە دە مانگ لەمەوبەر کچە کوردێک لە تاران لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە دەسبەر دەکرێ و لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا گیانی لێ دەسێندرێ، کوشتنی ژینا وەکوو کچە کوردێک کە تەنیا بۆ سەردان چووبووە تاران جێی شک و گومانە، چون بەپێی یاساوڕێساکانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ باڵاپۆشیی زۆرەملێ هەیەتی ژینا ئەو یاساوڕێسایانەشی ڕەچاو کردبوو، ئەوە ئەو گومانە قایمتر دەکا کە هۆی کوشتنی ژینا پەیوەندیی بە کوردبوونیەوە هەبووبێ و ئەوان کوردبوونی ژینایان وەکوو دەرفەتێک چاو لێ کردبێ بۆ چاوترسێن کردن و تۆقاندن و خۆف خستنە ناو کچانی تارانەوە، کە ئەگەر ملکەچی ویست و داخوازییەکانی حکوومەت بۆ باڵاپۆشیی زۆرەملێ نەبن ئەوە سەرەنجام و ئاکامی هەمووتان!

بەڵام ئەوەی حکوومەت بیری لێ نەکردبۆوە ئەوە بوو کە کاردانەوەی کوردستان دەگەڵ ناوەند جیاوازە و هەتا ئەمڕۆکە نەیتوانیوە ئەو نەتەوەیە تەسلیمی ویست و داخوازییەکانی خۆی بکات، هەر ئەوە بوو پاش گەڕانەوەی تەرمی ژینا بۆ سەقز لە یەکەم ساتەکانی پاش ئەسپەردەکردنی بە خاک، پرووسکەی شۆڕشێک بە ناوی ژن، ژیان، ئازادی لە سەقز هەڵدایسێ و زوو تەشەنە دەکاتە هەموو شارەکانی کوردستان و ئێران بهگشتی.

هەر چەند ئەو شۆڕشە ئێستا تووشی مەندی و ڕاوەستان هاتووە، گرینگترین هۆشی دەگەڕێتەوە بۆ ناتەبایی و پرشوبڵاویی دژبەران و ئۆپۆزیسیۆن بەڵام بەو مانایە نییە بۆ هەمیشە بەم شێوازە دەمێنێتەوە، ئەو شۆڕشە وەکوو ژیلەمۆیەک وایە و هەر

ساتێک ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ژێلەمۆیە بگەشێتەوە و ببێتە ئاگرێک کە زۆر لە جاری پێشوو بەهێزتر و بەتینتر و دووبارە خەڵک شەقامەکان بخەنە ژێر پێ و ڕکێفی خۆیانەوە، شۆڕشێک کە کۆماری ئیسلامیی هەتا لێواری هەڵدێر برد و بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا لەو لێوارە فڕێی دەداتە خوارێ و وەکوو تووی هەرزن لەبەر یەکی بڵاو دەکا و کۆتایی بە تەمەنی نگریسی ئەو حکوومەتە کلۆنیالیستە دێنێ، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆژانە جێی سرنج و پرسیارە گەڕانەوەی گەشتی ئێرشاد بۆ شەقامەکانە، لە حاڵێکدا کە ژینا بە دەستی ئەو گەشتەوە گیانی لێ ئەسێندرا و ڕق و تووڕەیی خەڵک بە نیسبەت ئەو گەشتە لەوپەڕی خۆیدایە و کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بە سەدان دەردەوە دەناڵێنێ و حکوومەت گەیشتۆتە لێواری هەڵدێر و نەمان بە چ مەبەستێک گەشتی ئێرشادی ڕەوانەی شەقامەکان کردووە و هەتا بۆ جارێکی دی وەکوو سەگی هار بەریان داتە گیان کچان و ژنانی ئەو وڵاتە و حازر نییە بە هیچ مەرجێک پاشەکشە لە باڵاپۆشی زۆرەملێ بکا؟ هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیان وابوو لە پاش شۆڕشی ژینا، گەشتی ئێرشاد بۆ هەمیشە کۆ دەکرێتەوە، حکوومەت لە بابەت باڵاپۆشییەوە پاشەکشە دەکا و لانیکەم لەم بوارەوە نەرمی دەنوێنێ، بەڵام ئەوەی لێی تێنەگەیشتبوون چییەتیی کۆماری ئیسلامییە؛ هەر وەکوو لە سەرەوە باسمان کرد، کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی ئایدۆلۆژیکە، نەگۆڕانیش زاتی حکوومەتەکانی ئایدۆلۆژیک و توتالیتێرە، ڕەنگە لە هەندێک برگە و قۆناغدا بە شێوەی تاکتیکی نەرمی بنوێنێ بەڵام دەگەڵ ئاسایی و ئارام بوونەوەی دۆخەکە و تێپەڕین لە قەیران و تەنگوچەڵەمە، ڕێچکەی جاران دەگرێتەوە بەر، هەر بۆیە دەبینین ئێستا پتر لە پێش شۆڕشی ژینا باڵاپۆشیی ژنانی خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە و تەنانەت بە کامێراش کۆنترۆڵیان دەکا، ئایدۆلۆژیکبوون و نادێمۆکراتیکبوونی کۆماری ئیسلامی پێش لە هەر چەشنە ڕیفۆرمێک دەگرێ و هیوا بەستن بە چاکسازی لەو وەها حکوومەتێکدا تراویلکەیە.

ئەگەر ئاڵقەی حکوومەت بە نیسبەت سەرەتاکانی شۆڕش چاو لێ بکەین دەبینین ساڵ لە دوای ساڵ ئەم ئاڵقەیە بچووکتر دەبێتەوە و لایەنگرانی حکوومەت ڕۆژ دوای ڕۆژ کەم دەبێتەوە، تەنانەت حکوومەت زۆر لە لاینگرانی وشکەڕۆ و دەمارگرژی خۆی لەدەست داوە، بە پێچەوانەش ئاڵقەی میللەت ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر و یەکگرتووتر و قایمتر دەبێ، ئەگەر لەم ئاڵقە بچووکەی حکوومەت بەکرێگیراوانێک کە بۆ پارە ملکەچ بوون لێی دەرهاوێین، دەبینین ڕێژەی ئەو کەسانەی وەکوو تاک، لایەنگری لە حکوومەت دەکەن ڕێژەیان ئێکجار کەمە، ئەو کەمینەیە کەسانێکی توندئاژۆ و دەمارگرژن کە جودا لە پارە، باوەڕی قووڵیان بەو حکوومەتە هەیە، لێرەدایە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دڵی ئەوانە ڕاگرێ و لەدەستیان نەدا و لە ئاڵقەکەدا بیانهێڵێتەوە، بە هیچ شێوازێک ئیزن نادا باڵاپۆشی ببێتە ئیختیاری، ئەمانە تاقمێکن هەتا ئێستا پشتی حکوومەتیان گرتووە و حکوومەت لە ڕۆژە سەختەکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ و وەکوو سەگی هار بەریان دەداتە گیانی خەڵک، حکوومەت باش دەزانێ ئازادکردنی باڵاپۆشی ئەو تاقمە لە ئاڵقەکەدا دەباتە دەرێ و ئەم ئاڵقەیە لەمەی کە هەیە بچووکتریش دەبێتەوە. ڕازی ڕاگرتنی ئەو تاقمە بەشێکە لە هۆی باڵاپۆشیی زۆرەملێ، گەڕانەوەی گەشتی ئێرشاد بۆ

گەلاوێژی ٢٧٢٣

شەقامەکان ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە کۆماری ئیسلامی نە تەنیا توانای ڕیفۆرمی لە خۆیدا نییە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندئاژۆتر و دڕندەتر لە جاران هەڵسوکەت دەکا، هەر بۆیە تەنیا ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگار بوون لەم حکوومەتە نگریسە، ڕووخان و تێپەڕین لەم حکوومەتە دیکتاتۆر و توتالیتێرەیە بۆ حکومەتێکی دێموکرات کە نە تەنیا مافی ژنان بەڵکوو هەموو مافەکانی مرۆڤ ڕەچاو بکا.

٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# هەم دەرد و هەم دەرمان



عەلی بداغی

دوکتور قاسملوو لەبارەی ڕەخنەگرتن لە خۆ، یان ڕەخنە لە ڕابردووی تێکۆشان و هەڵوێستەکان لە هەر حیزبێکی سیاسیدا ڕاشکاوانە دەڵێ: "ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکات. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانە، پێلێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا." بەو پێشەکییە دەچینە نێو باسی "ئۆپۆزیسیۆن" و پێگەوجێگەی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕەخنە بەجێیانەی پێویستە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی وڵات بگیردرێت و لەژێر تیشکی ئەو بۆچوونەدا ئەو خوێندنەوە نوێیەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لە کردەوە و هەڵوێست و ڕابردووی خۆیان و تواناکانی ئێستایان بیکەن.

لەوەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چلوپێنج ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە

نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەری پێشکێش بکات، لەوەدا کە ئەم ڕێژیمە نوقمی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، لەوەدا کە کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە نیزامێکی سیاسیی قەیرانخوڵقێن و دژ بە بەها و بایەخە جیهانگیرەکان دەناسرێ و، لە هەمووی گرینگتر لەوەدا کە کەمترین شەرعییەتی خەڵکیی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە؛ هیچ کەس و لایەنێک هیچ شک و گومانێکی نییە. ئەدی بۆچی سەرەڕای ئەو دۆخە ڕێژیم هێشتا لەسەر پێیە و نەڕووخاوە؟ باوترین وەڵامەکان هەمیشە ئەوە بووە: ڕێژیم بە هۆی ئەوەی هەموو ئابووری و سامانی گشتیی وڵاتی پاوان کردووە، دەزگا ئەمنییەتی و نیزامییەکانی خۆی بە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژیی سەرکوت تەیار کردووە و، هەروەها دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بێ هیچ سڵکردنێک لە کوشتار و جینایەتدا هەیمەنەی دەسەڵاتیان پاراستووە. لە تەنیشت ئەوەشدا لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن بووەتە هۆی ئەوەی قۆناغەکانی تێپەڕین لە ڕێژیم هەتا ئێستا دواکەوتبێ. ئەوەی لێرەدا جێی باسی ئێمەیە، ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن بۆچی لەو دۆخەدایە و چارەسەر و ڕێگاکانی دەربازبوون لێی کامانەن؟

ئەزموونی نیزیک بە ساڵێک شۆڕشی ژینا و ناکارامەیی ئۆپۆزیسیۆن لە خاوەندارەتیی لە شۆڕش و وێژمانەکەی و بوونی بە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکوو ڕاست بوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستایەتی کە لە قەیراناویترین دۆخی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی ویست و ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران بکات. کارنامەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ۱۰ مانگی ڕابردوودا دەریخست کە سەرەڕای خۆڕاگری و خوێندانی بەردەوامی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی لاوازیی خۆی نەک هەر نەیتوانی ڕێوشوێنی پێویست و کاریگەر بۆ داکۆکی لە نارەزایەتییەکان بگرێتە بەر؛ بەڵکوو بەهۆی دەرکەوتنی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی لایەنەکانی دژبەری ڕێژیم و بێتوانایی لە چارەسەرکردنیان و کۆبوونەوەیان لەسەر پلاتفۆڕمێکی گشتگیر، بزووتنەوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیشیان تووشی ڕاوەستانی کاتی کرد.

خاڵی لاواز لەنێو دڵی ئەو ناکۆکییانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ڕێژیم ئەوەیە، بەشە سەرەکی و شوێندانەرەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەبری ئەوەی بیر لە ڕێکخستنی خەباتی خەڵک و کۆکردنەوەی هێزەکان لەسەر تەوەرگەلی وەک ئازادی و دێموکراسی و مافی بەرابەر و وەکیەک بۆ هەمووان بکەنەوە؛ بیریان لەسەر چەندوچۆنیی پاوانی دەسەڵاتی خۆیان لە دوای کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو تەسکبینی، چەقبەستوویی و بەرژەوەندخوازییەش هەتا ئێستا نسکۆی شۆڕش لە نێوخۆ و هەڵکشانی تێچووی خەبات بۆ خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

هەروەها یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زەبروزەنگی ڕێژیم و سەرکوتی خوێناویی خەڵکی بۆ دڵنیایی ڕێژیم لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و شوێندانەر دەگەڕێتەوە کە بتوانێ سەنگەرەکانی بەرگریی مەدەنی و کۆڵایەتیی خەڵک و وزەی

خەباتگێڕیی ئەوان ڕێکبخات. هەر لە نەبوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بەهێزە وەک فاکتەرێکی دیاریکەریشدا، ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا نەک هیچ پاشەکشەیەک لە بەرژەوەندیی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا ناکات؛ بەڵکوو بە سازان لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتان و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵیان بوار بۆ سەقامگیریی زیاتری خۆی و سەرکوتی هەراوتری نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ خۆش دەکات. بەمجۆرە هەم تێچووی دژایەتی و نارەزایەتیدەربڕین بۆ خەڵک دەباتە سەرێ و هەم ئەو پەیامەش بە کۆمەڵگەی جیهانی دەدات کە ئاڵترناتیڤێک بۆ ئەو بوونی نییە و وڵاتان لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆشیان بوویێت باشتر وایە لەگەڵی بڕۆن بە ڕێدا.

لە کاتێکدا نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی گشتیگیر، سێکۆلار و دێموکرات لە تەنیشت سەرکوتی بێبەزییانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بووەتە هۆی خاوبوونەوەی ڕەوتی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لە سەرشەقام و کۆمەڵگەی مەدەنییشی تا ڕادەیەک تووشی پەسیڤی کردووە، ئەوە تەنیا یەکیەتیی هێزە سیاسییەکان و دەرکەوتنی ئاڵترناتیڤی ڕێژیمە کە هیوا و هۆمێد و هێز و ورە دەداتەوە بە خەڵک. چونکی مەحاڵە نیزامێکی سەرکوتگەر و ڕێژیمێکی توتالیتێری وەک کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا بەچۆک دابێت و دێموکراسی و ئازادی بۆ هەموو پێکهاتەکان لەجێی ئەو جێ بگرێت، مەگەر ئەوەی سەرەتا یەکگری و هاوپێوەندییەک لە نێوان لایەنە سیاسییە جۆراوجۆر و شوێندارەکانی وڵات دروست بوویێت و لە ئاکامی ئەو یەکیەتییەدا خەبات و خوێنی خەڵک ئاراستەی ڕاستەقینە و یەکلاکەرەوەی خۆی وەرگرتبێت.

**بە سەرنجدان بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەشێک لە ڕێکارەکانی بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە، بریتین لە:**

- ئەزموونی مەنشووری جۆرجتاون دەریخست پلاتفۆرمێک کە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و خویابوونی ویست و داخوازە سەرەکییەکانی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی وڵات نەبێت، جێکەوتن و سەرکەوتنی مەحاڵە. هەروەها ناکرێ هیچ گرووپ و لایەنێک بەتەنیا خۆی بە ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی دابنێت و هیچ لایەن و هێزێکیش بەتەنیا ئەم ڕێژیمەی پێ ناڕووخێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە و بە ڕەخنەگرتن لە خۆیان لە چەقبەستوویی ئیدئۆلۆژیک و مەزنیخوازیی لەخۆڕا دوور کەونەوە. ئەوانە وانەیەکی گرینگن بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە دەبێ ڕەچاویان بکات.

- یەکێکی دیکە لە خەسارەکانی ئەم دۆخە یەکترنەناسین، متمانەنەکردن و نەبوونی هاوکاری لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵاتە. هەر ئەو پێکەوەکارنەکردن و بێمتمانەیە وای کردووە



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

تێگەیشتنێکی دروست و واقعبینانە لەسەر چەندیوچۆنیی چەمکەکان، فەلسەفەی سیاسی و مافی جۆراوجۆرییەکان و بەرنامە و شێوەکانی خەبات و بەرەنگارەی لە نێوخۆی وڵاتدا پێک نەهاتبێت. هەڵبەستنی پردی پێوەندی و پڕکردنەوەی کەلێن و مەوداکان یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

- مەرج نییە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا یەک بگرن کە بە سەرنجدان بە مەودای فکریی زۆری نێوانیان سەخت و ئەستەمە، بەڵام دەکرێ لەبری دژایەتی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی، هاوکاری و هاوبەشیی یەکتری لە پرۆژەکانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمدا بکەن و وزەی خەباتگێڕیی خۆیان بنێنە سەر یەک. کەواتە ئەگەر نەکرێ لە ژێر یەک ساباتدا هەموو بتوانن کۆ ببنەوە، بەڵام دەکرێ هەمووان لە سەنگەرێکدا دژی دوژمنی هاوبەش بچنە بەرەیەکەوە.

- پاش ئەو قۆناغە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لە دۆخی چاوەڕوانی بێتە دەرێ و ئیبتکاری بەکردەوەی بۆ ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی نارەزایەتی و ئاراستەبەخشین بە ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت. بۆ نموونە لە کاتێکدا هەمووان دەزانن مانەوەی ڕێژیم گرێدراوی داهاتی نەوتییە، ئۆپۆزیسیۆنی کارا و خاوەنبەرنامە نایەت وەک ئۆپۆزیسیۆنی چاوەڕوان چاوی تەنیا لە گەمارۆخستنە سەر ڕێژیم، یان هەڵتەکانی بەهۆی گەندەڵی بێت، بەڵکوو پلان بۆ وەڕێخستنی مانگرتنە بەرفراوان و بەردەوامەکان لە پیشەسازیی نەوتی وڵاتدا دەدات کە شاڕەگی ئابووریی ڕێژیمە.

- ئۆپۆزیسیۆن دەبێ پتر لەوەی چاوی لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو دەسەڵات بێت، هەوڵی بەهێزکردنی خۆی و گرێدانی تواناکانی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتیی نێوخۆ بدات. بە پلەی یەکەم ئەوە ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری و توتالیتێردا نییە کە دەبێتە هۆی ڕووخانی، بەڵکوو یەکیەتیی هێز و یەکگریی دژبەرانیەتی کە لە دەسەڵات ڕایدەماڵێت.

داهاتووی ئۆپۆزیسیۆن بەندە بەو ڕەخنەگرتن لە خۆ و پێداچوونەوە بە هەڵوێست و خوێندنەوە بۆ کاری هاوبەش لە داهاتوو، ئەگینا شۆڕشی نێوخۆی وڵات لە ئەوانیش تێدەپەڕێت.

٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# قووڵایی ستراتیژی ئێمە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بێت




**مەجید حەقی**

خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، خەباتێکە لەپێناو ئازادی نیشتمان و گەیشتن بە سەروەریی سیاسی و خەباتێکی سێکۆلار بە واتای ڕاستەقینەی وشەیە. بەو واتایە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان "سێکۆلار"ن و ئایینیان وەک کەرەسەی سیاسی بەکار نەبردووە؛ بەڵام ئەرکدارن قووڵایی ستراتێژیی خۆیان پێناسە بکەن. قووڵایی ستراتێژیی هەر بزاڤێک دەبێ پێکهاتە و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە لەپێناویدا خەبات دەکات.

کوردستان پەلکەزێرینەی ئایین و نەریتە جیاوازەکانی ئایینییەکانە. جیا لەوە لە نێو کوردستاندا ئازەری، ئەرمەنی و ئاسووریش دەژین کە بەشێکن لە خەڵکی کوردستان و بێگومان ڕزگاریی کوردستان بە واتای ڕزگاریی ئەوان و ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مافانەی ئەوانیشە کە لە جاڕنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و دەبێ بنەمای ئەخلاقی و سیاسەتی بەڕێوەبەری جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازنە بێت.

بە شێوەی نەریتی دەسپێکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە ناوچەکانی ورمێ و موکریان بووە و دواتر بەرەو بەشەکانی دیکەش پەرەی ئەستاندووە. زۆربەی خەڵکی کورد لەو ناوچانەدا پێڕەوی مەزهەبی سوننەن. بۆیە بەشێوەی نەریتی سەرەڕای ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان سێکۆلارن، بەڵام سێکۆلاریزمێک لە جۆری سوننەن. بەرهەمی ئەو جۆرە کولتووره هەست بە هەڵاواردنی یارسانییەکان لەنێو بزاڤی نەتەوایەتی و لەوانە حیزبە کوردستانییەکاندا بووە و جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە چالاکانی یارسانی لە حیزبەکان و دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەی تایبەت بە یارسانەکان لێکەوتەی ئەو ڕوانگەیە بووە. تایبەتمەندیی کۆمەڵگە تێکشکاوەکان ئەوەیە لە سەر کەرت و گرووپی جیاواز دابەش دەبن و وەک شیشەی وردوخاشکراو بە زۆری پێکەوە لکێندراون و بە بچووکترین لێگەر لێک جیا دەبنەوە. ئەمەش دەرفەت بە نەیاران و دژمنان دەدات زۆر بەئاسانی دەستێوەردان لەنێو کاروباری نێوخۆیی ئەو کۆمەڵگەیانەدا بکەن و قەیرانی نێوخۆیی بخوڵقێنن و ئەو کۆمەڵگەیانە بە کۆمەڵگەی "بدوی" تاوانبار بکەن.

لە ڕابردوودا هەتا ئەمرۆشی لەگەڵ بێت، داگیرکەرانی کوردستان جیاوازییە خێڵەکی، ئایینی، مەزهەبی و تەنانەت زاراوەییەکانی کوردستانیان بەدژی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بەکار بردووە و بەهۆی تێکشکاویی کۆمەڵگەی کوردستان لەو سیاسەتەشدا تا ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو بوون. بەڵام شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" هەلومەرجێکی تازەی خوڵقاندووە، هەلومەرجێک کە لەودا جیاوازییەکان نەتەنیا هەڕەشە نین، بەڵکوو هۆی یەکگرتنەوەن. ئەگەر تا پێشتر بە هۆی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەنتەری بزاڤی نەتەوایەتی تەنیا ناوچە "سوننیەکان"ی کوردستان بووە، ئیتر ئەمرۆ پانتایی خەباتی نەتەوایەتی هەموو ناوچەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە و بگرە کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی کوردستانیش خۆیان بەبەشیکی گرینگ لە بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان پێناسە دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی سیاسەتی دووبەرەکی خستنەوەی نەیارانی کوردستان لە سەدەی پێوەندییەکان و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا لەبەرانبەر گەورەترین مەترسیی و لێکترازان هەڵکەوتووە. وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستانە و ئەمەش بە واتای زانیاری و شارەزایی لەمەڕ چۆنیەتیی و یەکخستنەوەی جیاوازییەکان لە چوارچێوەی خەونە هاوبەشەکانە.

بزاڤی ڕزگاریخوازانە ئەگەر بیهەوێ سەرکەوتوو بێت و ئامانجەکانی بپێکێت، دەبێ هەمەگر (inclussive) بێت. جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە بەفەرمی بناسێت و ڕێز لەو جیاوازییانە بگرێت. جیاوازییەکان بکاتە هەوێنی هێزبەخشین بە بایەخە هاوبەشەکان و لەگەڵ ئەمەش ئەو جیاوازییانە بە دەوڵەمەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی بزانێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قۆناغێکی هەستیار تێپەر دەکات، قۆناغی لەبەرانبەر یەکتر ڕاوەستانی بایەخە توندئاژۆ و

دژبەرەکان. لەوەها کەشێکدا ئەو بیروباوەڕ و سیاسەتە دەبیاتەوە کە بتوانێت خاوەنداریێتی لە هەموو بایەخە کۆلێکتیڤە کۆمەڵایەتییەکان بکات و خۆی بپارێزێت لە بوون بە هێزێکی ئایدیۆلۆژیی تەک ڕەهەندی و نوێنەرایەتیی تەنیا چینێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

دانپێدانان و ڕێزگرتن و بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانی کوردستان یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی بایەخە هاوبەشەکان کە کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانی لە دەوری ئامانجی هاوبەشدا کۆ بکاتەوە. پێشکەوتوویی بەواتای دژایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی خەڵکدا نییە، بەڵکوو بەواتای خوڵقاندنی کەشێکی هێمن و کۆکەرەوەیە کە هەموو خەڵک تێدا هەست بە ئارامی بکات و لە مەترسی پەراوێز خران نەبێت.

سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد دەرفەت و پۆتانسیەلی بەهێزن بۆ یەکگرتنەوە و بەهێزکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوایەتی و بەهێزکردنی یەکگرتوویی لە ڕێگەی مکانیزمە دێموکراتیکەکاندا. کاتی ئەوە هاتووە جیاوازییەکان لە دەوری خاڵە هاوبەشەکان کۆ بکرێنەوە و هەڵاواردن لە هەموو ئاستەکانی کولتووری سیاسی، ڕێکخراوەیی و هزری ئێمەدا نەمێنێت. هەڵاواردنە نەبینراوەکان دەتوانێت زیاتر لە هەڵاواردنی ئاشکرا و بەرچاو ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازانی کۆمەڵگە. شتێک کە لە ڕابردوودا زۆر بە جوانی ڕێژیمە داگیرکەرەکان "کۆنترۆلیان" کردووە و هەرکات پێویست بوو بێت دژی بزاڤی نەتەوایەتی بەکاریان بردووە.

ئەمڕۆ ئێمە لە هەمووکاتی زیاتر پێویستمان بە سازکردنی پردی بڕوای کۆمەڵایەتی و وێکگەیشتنی سیاسی و جڤاکی هەیە و ئەمەش بە واتای بەرفراوانترکردنی ئاسۆی سیاسیمان و بەهێزکردنی قووڵایی ستراتیژیکی نەتەوەییمانە.

٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# لە پەراوێزی پەیامی هاوخەمی بۆ عاشوورای حوسێنی


Mustafa Hijri
@MustafaHijri

ئەورۆ ٦ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٢ی کۆچی بەرانبەرە لەگەڵ ١٠ی مانگی محەڕەم ڕۆژی شەهید بوونی ئیمام حوسێن.
پەیڕەوانی ئایینی شیعە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ماتەمینی، یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە.
بەم بۆنەوە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە هەموو پەیڕەوانی ئایینی شیعە، بە تایبەت هاونیشتمانانی کوردی شیعەمان لە ئێران دەکەین.

**تاهیر قاسمی**

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئایین هێشتا یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی هێز بۆ بەرهەمهێنانی و هاندانی کۆمەڵگەیە. هەر ئێستا چەندان دەسەڵات لە سەر بنەمای مەزهەب خەریکن وڵات و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و هاوکات ماف و ئازادییەکانی خەڵکی پێ سەرکوت دەکەن. بۆیەش نەدیتن و بازدان بەسەر ئەو بابەتە گرینگەدا بۆ هەر حیزبێکی سیاسی - نەتەوەیی خەسارهەڵگرە.

خەڵکی کوردستان بە سەر ئایین و ئایینزای جیاوازدا دابەش بوون. هەر لە ئایینزاکانی شیعە و سوننەوە تا ئایینی یارسان و ئێزدی و جوولەکە و مەسیحی و... . سروشتییە ڕازیکردنی پێڕەوانی ئەو هەموو ئایینانە بۆ هەر حیزبێکی نەتەوەیی کارێکی چەتوونە. بەتایبەت کە دەبینین ئایینەکان هەمیشە لەگەڵ یەک تەبا نین. جاری وایە یەکتر بە کافر و خوانەناس و دژ بە بەهاکانی خۆیان تاوانبار دەکەن و بەو پێیەش بە خوێنی سەری یەکتر تینوو دەبن.

حیزبی دێموکرات ئەگەرچی حیزبێکی سیکۆلارە و بەردەوام جەخت لەسەر جیایی دین لە سیاسەت و حکوومەتدا دەکا، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، ئایین دەوری خۆی لەو حیزبەدا گێڕاوە. قورئان یەک لەو پیرۆزییانە بوو کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دەبوو سوێندی وەفاداریی پێ بخۆن. پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری کوردستان مەلا و قازیی شەرع بوو. مەلا و مزگەوت و حوجرەکان لە سەرەتاوە دەوری گرینگ و بەردەوامیان لە دامەزران، بووژانەوە و پەرەگرتنی حیزب و خەباتەکەیدا گێڕا. دواتریش کە حیزب ڕادیۆی دامەزراند، ڕۆژانە بەرنامەکانی بە "چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز" دەستی پێ دەکرد. بەڵام ئەو چەند ئایەتەی قورئان لەنێو ناتەبایی ئایینەکاندا، بۆ حیزب بێ دەردیسەر نەبوو. بێجگە لە ڕەخنەی چەپ و لائیکەکان سەبارەت بە نەفسی دانانی قورئان، سەرەتا لە سۆنگەی ڕەخنەی پێڕەوانی ئایینی یارسان سەبارەت بە گوتنی دەستەواژەی "شەیتانی ڕەجیم"، حیزب ئەو بەشە لە خوێندنەوەکەی لادا. دواتریش کۆتاییهێنانی خوێندنەوەکە بە "صدق الله العظیم" و خۆ پاراستن لە دانانی "صدق الله العلی و العظیم" کە خواست و باوەڕی شیعەکانە، کەوتە سەر جوغرافیای سوننەنشینی مەیدانی تێکۆشان و، بەدەر لە خواست و دەسەڵاتی حیزبەکە، لانیکەم لە ڕوانگەی بەشە شیعەنشینەکەی کوردستان، زیاتر مۆرکی سوننەبوونی لە حیزب و خەباتەکەی دا.

ئەوە کە بۆ حیزبێکی نەتەوەیی تا کوێ دروستە خۆی لەو بابەتە ئایینیانە هەڵقوتێنێ، جێگای ڕاوەستە لەسەر کردنە، بەڵام ساڵانێکە حیزب ئەو نەریتەی بۆخۆی داناوە کە لە بۆنە ئایینییەکاندا پەیامی پیرۆزبایی بۆ پێڕەوانی ئەو ئایینانە دەنێرێ. هەر لە پەیام بە بۆنەی جێژنی سەری ساڵی مەسیحییەوە تا جێژنە گشتییەکانی ئیسلام وەک قوربان و ڕەمەزان یان جێژنەکانی ئایینی یارسان وەک جێژنی خاوەنکار. ئەگەرچی جێژنەکانی قوربان و ڕەمەزان هی سەرجەم موسوڵمانانن بەڵام بەپێی ئەو گرینگایەتییەی کە پێڕەوانی ئایینزای شیعە بۆ تازیەباریی عاشوورا و ڕۆژانی موحەڕەم هەیانە، بێدەنگە لێکردنی حیزب هەم نیشانەی هەڵاواردن و بەهێند نەگرتنی کوردانی باوەڕدار بە ئایینزای شیعە بوو و هەمیش پشتڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی تانەی سوننیگەرایی لە حیزب و خەباتەکەی و لە جوغرافیای تێکۆشانی. بۆیەش ناردنی پەیام لە ئاستی هاوخەمی لەگەڵ پێڕەوانی ئەو ئایینزایەدا،

## لە چەند ڕوانگەوە دەتوانێ گرینگ و جێی بایخ بێ:

١- حیزبی دێموکرات حیزبی نەتەوەیی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. حیزبێکی نەتەوەییش پێویستە ڕێز لە بەهاکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بگرێ بە بەها ئایینییە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیشەوە و بەو بەهایانەشەوە کە هی خەڵکن بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی لە تاران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکاوەژۆی کردوون.

٢- مادام ڕێبەریی حیزب ناردنی پەیام بۆ بۆنە ئایینییەکانی ئایینەکانی تری لای خۆی کردووە بە نەریت، ناکرێ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان و کوردانی نیشتەجێی ناوچەکانی دیکەی ئێران لەو نەریتە بێبەری بکا و بە بێدەنگەکردن لە

بەرامبەر گرینگترین بۆنەی ئایینیی کوردانی شیعە، خۆی تووشی سیاسەتی هەڵاواردنی ئایینی بکا.

٣- نایەکسانیی ئایینی و زاڵکردنی ئایینێک بەسەر ئایینەکانی دیکەدا یەک لە سیاسەتە هەرە دزێوەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێرانە. حیزبی دێموکرات نابێ لە سۆنگەی دژایەتیی ئەو سیستمە تۆتالیتێرەدا کە ئایینزای شیعەی بەسەر ئایینەکانی دیکەدا زاڵ کردووە، تووشی هەمان سیاسەتی نایەکسانیی ئایینی ببێتەوە.

٤- لە پەنا یەکسانیی ئایینەکاندا، ئاسایشی ئایینی و ئەوە کە پێڕەوانی هەموو ئایینەکان بە مەرجی دەستدرێژی نەکردنە سەر ماف و ئازادیەکانی خەڵک و ئایینی دیکە، مافی بەڕێوەبردن و پەرەدان بە ئایینەکەی خۆیان دەبێ هەبێ، بابەتێکە کە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی کۆماری ئیسلامی و لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات پێویستە وەک جێگرەوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ بکەن و لە پێناویدا تێبکۆشن.

٥- هاوخەمیکردن لەگەڵ کوردانی شیعە، ئەرخەیانیدان بەو بەشە لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم خەڵکی سەر بە ئایینزای شیعە لە ئێرانە کە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە بە هیچ جۆر بە مانای دژایەتی لەگەڵ ئەوان و دینەکەیان نییە.

٦- هاوخەمیکردن لەگەڵ شیعەکان ئەستاندنی چەکی شیعەگەری لە ڕێژیمێکە کە بەردەوام هەوڵ دەدا بەو چەکە هەم خۆی بپارێزێ و هەمیش ئازادیخوازان و باوەڕ و ئایینەکانی دیکەی پێ سەرکوت بکا. هەوڵدانە بۆ ئەستاندنەوەی هەموو ئەو ئامرازانەی کە ئەم ڕێژیمە پێی وایە لە پاوانی خۆیدایە و دەبێ هەروا بمێنێتەوە.

لەم نێوەدا پێویستە هەمووان بزانن کە ئایینزای شیعە بەر لەوەی دینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی بێ، ئایینی بەشێکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هاوخەمی لەگەڵ کوردانی سەر بە ئایینزای شیعە بە بۆنەی عاشوورا و محەڕەم، مینای پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنەکانی ئایینیەکانی تر، ئەرخەیانیدان بە پێڕەوانی سەرجەم ئایینەکانە کە لە کوردستانێکی ئازاددا هەموان دەتوانن بە مەرجی دەستدرێژی نەکردنە سەر ئەویدی، دین و باوەڕەکانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، بە بێ ئەوەی دینی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنن یان هەوڵ بدەن حکوومەتی پێ بەڕێوە بەرن. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەگەر دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، زامنی ئەو پاراستن و دەستدرێژی نەکردنە دەبێ. ئەوەش زۆر جیاوازە لە پێناسە کردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە خەباتی حوسێنی، عومەری یان هەر ئایین و ئایینزایەکی تر.

٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵێک دوای مەرگی ژینا



**حەسەن قارەمانی**

ساڵێک لەمەوبەر هەواڵی مەرگی ژینا ئەمینی نەک کوردستان و ئێران، بەڵکوو جیهانیشی هەژاند. ئەو کچە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئێرشادی کۆماری ئیسلامییەوە کوژرا. ئێستا ساڵێک تێپەڕیوە وئێمە کۆمەڵێک وانەی گرنگمان وەرگرتووە کە دەتوانن ڕێنماییمان بکەن لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتێکی تاوانکار و بەرەوپێشبردنی دادپەروەری و دێموکراسی. ئەم چوارچێوەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی مەرگی ژینا ئەمینی شەپۆلێکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی و داواکاریی گۆڕانکاریی بەدوای خۆیدا هێنا، زۆر گرنگە. هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە دۆسییەکەی ژینا ڕووداوێکی گۆشەگیر و ئاسایی نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە ڕەوتێکی فراوانتری ستەم و سووکایەتیکردن بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگا.

یەکێک لە وانە هەرە بەرچاوەکانی ڕووداوی دڵتەزێنی مەرگی ژینا ئەمینی، ئەوەیە کە بەرەنگاربوونەوەی نیزامێکی تاوانبار بە تاکە تاکێک هەڵناگیرێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیستەمێکی چەوسێنەری دامەزراو و بەهێز، پێویستە خەڵک یەک بگرن و پێکەوە کار بکەن. هاوپشتی و ڕێکخستن و هاوکاریی نێوان گرووپ و چین و توێژە جیاوازەکان بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی بەهێز زۆر گرنگە.

ژینا ئەمینی بوو بە هێمای بەرەنگاربوونەوەی ستەم. هەروەها مەرگی دڵتەزێنی ژینا ئەمینی گرنگیی هاودەنگیی نێوان هەموو چین و توێژەکانی مرۆڤی بیر خستەوە. کورد و بەلووچ لە مێژوودا ستەملێکراوترین گەلی ناوچەکە بوون و بە یەکگرتن دەتوانن دەنگێکی بەهێزتر بۆ داوای مافەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکان دروست بکەن.

کورد و بەلووچ بە تێپەڕاندنی دابەشبوونەکانی ڕابردوو و تێگەیشتن لەوەی کە خەباتیان هاوبەشە، دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر سەرچاوە و پشتیوانی بۆ یەکتر کۆ بکەنەوە و بزووتنەوەیەکی بەهێزتر بۆ گۆڕانکاری پەرە پێ بدەن.

مەرگی ژینا ئەمینی، سەرنجی جیهانیی وەرگرت و جەختی لە گرنگیی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و هۆشیاری لە دۆخی ناوچە چەوساوەکان کردەوە. بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مافی مرۆڤ و ئەو ئالێنگارییەی کە مرۆڤ لە ڕێژێمە تاوانکارییەکاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە

هەروەها مەرگی دڵتەزێنی ژینا ئەمینی تیشکی خستۆتە سەر گرنگیی پابەندبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. گرنگە وڵاتان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و تاکەکان وەک دەنگی چەوساوەکان مامەڵە بکەن و داوای دادپەروەری بکەن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆشیارکردنەوەی پێشێلکارییەکانی دژی کورد و بەلووچ و پاڵنانی سزا و دیپلۆماسی، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ ببینێت لە فشار خستنەسەر ڕێژێمی تاوانکاری بۆ ئەوەی بە پێی نۆرمەکانی نێودەوڵەتی مامەڵە بکات.

پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام بن لە چاودێریکردن و ڕاپۆرتکردن لەسەر پێشێلکاری و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. جگە لەوەش، گەمارۆ و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان لە دژی ڕێژێمە تاوانکارییەکان دەبێ بتوانرێت پاڵنانی گۆڕانکاری و ڕێگریکردن لە پێشێلکارییەکانی زیاتر.

دوای یەک ساڵ لەمەرگی دڵتەزێنی ژینا ئەمینی، گرنگە دان بە هێزی میدیای نێودەوڵەتیدا بنرێت بۆ ئەوەی پرسی مافی مرۆڤ بگەیەنێتە بەرچاوی جیهان. بە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا و پلاتفۆرمەکانی تر، بزووتنەوەکانی خەبات بۆ گۆڕانکاری دەتوانن بە خێرایی بڵاو ببنەوە و پشتیوانی لە سەرانسەری جیهاندا بەدەست بهێنن. گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان و هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر دۆخی ناوچە چەوساوەکە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی و سەرکردە سیاسییەکان هەبێت بۆ هەڵسوکەوت.



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

شەڕی دیموکراسی و دادپەروەری ڕووداوێکی یەکجارەکی نییە. پێویستی بە خۆڕاگری و پابەندبوون و هەوڵی درێژخایەن هەیە بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری ڕاستەقینە. گۆڕانکاری دەکرێت خاو بێت، بەڵام گرنگە دەستبەردار نەبین بەڵکوو بەردەوام بین لە کارکردن بەرەو ئامانجەکانی دامەزراوە دیموکراسییەکان و مافی مرۆڤ و دادپەروەری.

یەکێک لە وانە هەرە چارەنووسسازەکانی مەرگی دڵتەزێنیی ژینا ئەمینی، گرنگیی پلاندانانی درێژخایەن و چالاکیی بەردەوامە. گۆڕانکاری بە دەگمەن لە شەوێکدا دێت، بەتایبەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمێکی تاوانکاریدا. پێویستە چالاکوانان ئامادە بن کە خەباتیان ڕەنگە درێژخایەن و سەخت بێت، بەڵام بە پابەندبوون بە ئامانجەکانیان و ڕێکخستنی ستراتیژییەوە، دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات پێشکەوتن بەدەستبهێنن.

**١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# دیالۆگ لەگەڵ پەراوێزەکان



میـثاق حـق زنـدگی

فراخوان برای اعلام میثاق با هدف دفاع از «حق زندگی»

**۱۵ تشکل سیاسی، حزب و ائتلاف دموکراسی‌خواه (شامل ۳۲ گروه اپوزیسیون) متن «میثاق حق زندگی» را همزمان به صورت جداگانه و انفرادی منتشرکردند و خود را به آن متعهد دانستند.**

گفتنی است متن منتشرشده از سوی تعدادی از این گروه‌ها، دارای تفاوت‌های جزئی است که برآمده از تفاوت نگاه این گروه‌ها نسبت به مسأله‌ی هویت مرکز-پیرامون است. همچنین در متن برخی از گروه‌ها از واژگان متفاوتی برای نامیدن حکومت فعلی و آینده‌ی ایران استفاده شده است. از آنجا که رسالت این میثاق حل مناقشه‌ی هویتی مرکز-پیرامون نیست، همچنین ادبیات و صورت‌بندی کلامی تغییر جمهوری اسلامی، در اصل محتوای میثاق تغییر زیادی ایجاد نمی‌کند، کمیته کارزار «میثاق حق زندگی» خود را ملزم به انعکاس اخبار مربوطه می‌داند و از متعهدان به هر سه متن مشابه قدردانی به عمل می‌آورد.

اسامی ۱٤ ائتلاف، حزب و تشکل سیاسی به این شرح است:

۱- اتحاد جمهوری‌خواهان ایران
۲- جبهه مردمان ایران
۳- جبهه ملی ایران ـ اروپا
٤- حزب چپ ایران
٥- حزب دمکرات آذربایجان
٦- حزب دمکراتیک مردم ایران
۷- حزب مشروطه ایران (لیبرال دمکرات) **
۸- سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)
۹- سازمان‌های جبهه ملی ایران در خارج از کشور
۱۰- شورای مدیریت گذار
۱۱- شورای ملی تصمیم
۱۲- کنگره ملیت‌های ایران فدرال*
۱۳- نقشه راه برای دموکراسی در ایران
۱٤- همبستگی جمهوری‌خواهان ایران
۱۵- همبستگی فراگیر برای آزادی و برابری در ایران*

*تغییرات در متن منتشر شده از سوی این گروه ها به این شرح است:
۱- تغییر عبارت "تعلق اتنیکی" به "تعلق فرهنگی، زبانی و ملیتی"
۲- تغییر عبارت « دوره‌ی مبارزه با حکومت حق‌کُش ولایی، در جریان گذار و در دوره‌ی پس از آن» به عبارت « دوره‌ی مبارزه برای تغییر کلیت (سرنگونی) حکومت "جمهوری اسلامی" و پس از آن تشکیل نظام سیاسی دمکراتیک جایگزین»

**تغییر در متن منتشر شده از سوی حزب مشروطه ایران به این شرح است:
تغییر عبارت "تعلق اتنیکی" به "تعلق به خانواده اقوام ایرانی"

**کەریم پەرویزی**

**ڕێگای زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانی شتێک ببینی یان بڕیار بدەی و نەیبینی!**

**ڕەنگە بینینی شتەکان زۆر ئاسانتر بێ لە نەبینینیان، بەڵام هەندێ جار بەرژەوەندیی کەسەکان و هەندێ گرووپ لە نەبینیندایە!**

**لە ئێرانێکدا کە بە دەستی دیکتاتۆری دەسەڵاتی حاشاکەرەوە گیرۆدە بووە، ساڵانێکی دوور و درێژە کە گرووپی جیاواز خەبات دەکەن بۆ ئەوەی لەم سیستمە تێپەڕن یان لانیکەم گرووپی دیکە و خەڵکی دیکە بێنە سەر کار کە تایبەتمەندیی جیاواز لەمانەی ئێستایان هەبێ، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە تا ئێستا بێئاکام ماونەتەوە.**

**بێئاکامانەوەی خەبات و تێکۆشان بۆ تێپەڕین لەم ڕێژیمە بەو مانایە نییە کە هیچ نەکراوە و هیچ دەسکەوتێک نەبووە،**

بەڵکوو لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا زۆر کەلێن و قوژبن بە ڕێژیم چۆڵ کراوە و سیستمی دەسەڵاتدار لە زۆر بواردا پاشەکشەی کردووە و گەورەترین دەسکەوت ئەوە بووە کە ئیدئۆلۆژیی ئەم ڕێژیمە بەتەواوی دارزیوە و چیدی وەڵامی بۆ بەسیجیەکانیشی پێ نییە. کاتێک کە هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکی ئەم وڵاتە بەرپرسانی ڕێژیم فیلمی گەندەڵیی ئەخلاقییان لێ بڵاو دەبێتەوە ئیدی تەنانەت توندڕەوترین بەسیجیەکانیش قرقوپ دەکەن و دەزانن کە ئیدئۆلۆژییەکەیان ڕزیوە و بۆگەنی ناوچەی گرتۆتەوە.

پرسیاری گەورە ئەوەیە کە بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە ئەم ڕێژیمە ڕزیوە وەلا بنرێ و دەسەڵاتێکی دیکە لەجێی دابنرێ؟ هۆکاری بێئاکاممانەوەی خەبات و تێکۆشان لە ئاستی هەموو ئێراندا ڕەنگە تاک ڕەهەندی نەبێ و چەند فاکتەری سەرەکی کاریگەرییان هەبێ، بەڵام گرنگترین فاکتەر بریتییە لە دروست پێناسەنەکردنی کێشە و پرسی سەرەکیی جوغرافیای ئێران و نەبینینی ڕاستیی کۆمەڵگا.

کاتێک ڕێژیمێکی سیاسی لەسەر کارە و دەسەڵاتی هەیە، دژبەرەکەی هەرچەند لە باری سیاسی و ئیدئۆلۆژیکەوە ڕەنگە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ڕێژیمە بیر بکاتەوە، بەڵام ئەگەری زۆرە کە لەژێر کاریگەریی نۆرم و هێژموونیی ئەو ڕێژیمەدا هەندێ دەستەواژەی سەرەکی دووپات بکاتەوە و ببێتە سەرچاوەی بیرکردنەوەی کە لە هەمان ڕێژیمی وەرگرتووە و ناتوانێ هەقیقەت ببینێ!

گەر زۆر دوور نەڕۆین هەر لەم ڕۆژانی ڕابردوودا کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی بەدواداچوون بۆ مافی ژیان، بەقەول پەیماننامەیەکی بڵاو کردەوە کە لە یەکەم نیگادا زۆر جوان دێتە بەر چاو کە گرووپە سیاسییە جیاوازەکان پێبەند بەوە بن کە لە ئێستە و داهاتوودا مافی ژیانی خەڵک و تاک پێشێل نەکەن. بەڵام هەندێ قووڵبوونەوە لە بەناو پەیماننامەکە هەندێ لە سیماکانی گرفتە سەرەکییەک لە ئێراندا نیشانمان دەدا:

**یەکەم:** لە ڕاگەیەندراوی ئەو کۆمیتەی بەدواداچوونەدا هاتووە کە ئەو گرووپانەی ئیمزایان کردووە لەسەر هەندێ دەستەواژە جیاوازییان هەبوو و ئێمە چونکە خۆ لە "کێشەی ناوەند - پەراوێز" نادەین، ئەو دەقە جیاوازانە وەک خۆیان دێنین!

جارێ هەر لە سەرەتای ئەم ڕستەیەدا پرسیار دەخولقێ و دڵنیابوون لە بڕوا بە مافە پێناسەکراوەکانیش دەچێتە ژێر پرسیار!

بۆچی ئەو کۆمیتەیە خۆی لە کێشەی باسکراو دوور دەگرێ؟ مەگەر هەر چالاکێکی مافی مرۆڤی نابێ بڕوای ڕەهای بە مافەکانی مرۆڤ هەبێ و مەسلەحەتسەنجی نەکا و گەر کێشەیەک هەیە لایەنی هەقیقەت بگرێ؟ ئەی ئەوان بۆ لایەنگریی هەقیقەت ناکەن و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن؟ پرسی دیکە و سەرەکی لەم ڕستەیشدا ئەوەیە کە بۆچی ئەوان کێشەکە بە ناوەند- پەراوێز پێناسە دەکەن؟ کێ ئەو مافەی پێداون کە لایەنێک بە ناوەند بناسێنن و لایەنی دیکە بە پەراوێز؟ باشتر نەبوو بڵێن کێشەی نێوان مافخوراوەکان و پشتیوانانی پێشێلکەرانی ماف!؟

**دووهەم:** پەیماننامەی جیهانی هەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ و دەیان ساڵە هەموو جیهان کاری لەسەر کردووە و جوانتر و ڕێکوپێکتر لە هەموو دەقێکی ناوچەیی، ئەو ڕاگەیەندراوە جیهانییانە باسیان لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان کردووە. بۆچی ناڵێن هەموو گرووپەکان پێبەندی ئەو پەیماننامانە بن و هەموو پەیماننامە جیهانییەکانیان قبووڵ بێ؟! بۆچی پەیماننامەیەکی کورتکراوە و سەروگوێ بڕاو دێنن کە گرنگترین مافەکانی نەتەوەکان و مافەکانی تاکیش دەسڕێتەوە؟

سێهەم: لەنێو ئەو کەسانەی کە بەقەول ئیمزایان کردووە، گرووپی وا هەیە کە بەنیسبەت مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار نییە و هەر هەمان ئەدەبیاتی ڕێژیمی ئێستا بەنیسبەت نەتەوە ستەملێکراوەکان یان بەقەولی کۆمیتەی بەدواداچوونەکە، "پەراوێزەکان!" بەکار دەبا و پێی وایە کە نەتەوەی جیاواز بوونی نییە لە ئێراندا و ئەوەی هەیە هەندێ خێڵ و عەشیرەن! ئەم گرووپە تەنانەت ئەم چەند خاڵە کورتکراوەی وردە مافانەشیان قبووڵ نییە و بە دەسکارییەوە بڵاویان کردوەتەوە!

لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی حاشالێکەر بۆتە هۆی ماڵوێرانی لە ئێراندا و هەم نەتەوە ستەملێکراوەکانی کوشتار کردووە و تاوانی دژی مرۆڤایەتیی بە دژیان ئەنجام داوە و هەم بە بیانووی دابینکردنی یەکپارچەیی سەرزەوینی و دۆخی ئەمنییەتییەوە! ستەمی سیاسیشی دژ بە نەتەوەی فارس پەردەپۆش و پاساودراو کردووە، گرووپی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە کە لەژێر هەمان هێژموونیی کۆماری ئیسلامیدا نەتەوەکان بە جوداییخوازی تۆمەتبار! دەکا و دژی مافە بنەڕەتییەکانیانە!

پەیمان ئیمزاکردن لەگەڵ وەها گرووپگەلێکدا ئیمکانی نییە چونکە بۆ پەیماننامە و هاوکاری پێویست بە دیالۆگە و دیالۆگیش لە بۆشاییدا دەست پێ ناکا و جێبەجێ نابێ بەڵکوو دیالۆگ لە بەفەرمی ناسینی ناسنامە و مافی بەرامبەرەوە دەست پێ دەکا. گرووپێک کە بە فەرمیت ناناسێ و ناسنامەی نەتەوەیی چەواشە دەکا و وەکوو خێڵ دەتبینێ، زۆر ڕوونە کە لەگەڵت دیالۆگ ناکا بەڵکوو لە هەر کۆبوونەوەیەکدا هەوڵ دەدا کە نەسیحەتت بکا کە نەبیتە داردەستی دوژمنانی وەهمی و بێیتە سەر ڕێگای ڕاستی ناوەندپەسند! واتە خۆت وەکوو بوونەوەرێکی بێ ناسنامە بناسێنە کە تەنانەت فارسیش نیت تاکوو

گەلاوێژی ٢٧٢٣

مافی تەواوت پێ بدرێ بەڵکوو دەبێ لە قۆناخێکی پێشترەوە دەست پێ بکەی و هەوڵ بدەی زمانی نەتەوەی دەسەڵاتدار فێر ببی تا دواتر وەکو مرۆڤ قبووڵ بکرێی!

ئەوەی بە کورتی باس کرا، ئاوڕدانەوەی خێرا بە بیانووی ئەم پەیماننامە کورتکراوەی ئەم ڕۆژانە بوو بۆوەی وەبیر بێنینەوە کە پرسی سەرەکی لە ئێراندا بریتییە لە بەڕەسمی ناسینی ناسنامەی یەکدی و دواتر لەسەر مێزی وتووێژی هاوتا دانیشتن تاکوو بۆ داهاتوویەکی هاوتا و سیستمی دابینکەری مافی هاوتامان قسە بکەین و هاوکاری بکەین.

دیالۆگ بەو شێوە نایەتە ئاراوە کە هەوڵ بدەین ئەوەی هەیە نەیبینن و ڕاستییەکان بە شێوەی دیکە پێناسە بکەن و جا لە سەر ئەساسی پێناسەی دەسکرد، سیستمی دیکە دابڕێژن. خۆ ئەم جۆرە کارە سەد ساڵە پێڕەوی دەکەن و ئێرانی گەیاندووەتە ئەم شوێنەی کە هەیە! پێویستە جۆرێکی دیکە ببینن!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دێموکرات




**عەلی بداغی**

ئەمڕۆ شەممە، ١٤ی گەلاوێژ، دوو ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تێپەڕی. تێرۆرکرانی شەهید مووسا باباخانی لە شاری هەولێر لە درێژەی شەپۆلی نوێی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم ڕووی دا کە بە تەقینەوەی شەوی یەلدای بەردم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە شەوزستانی ١٣٩٥ دەستی پێ کرد و، دواتر تێرۆری کاک قادر قادری، فەرماندەی نیزامی و سەباح ڕەحمانی، ئەندامی حیزبی دێموکرات لە زستانی ساڵی ١٣٩٦ و پاشان هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی بەدوودا هات. ئەم شەپۆلە نوێیەی تاوانخوڵقێنیی ڕێژیم لە بەردەوامیی خۆیدا مووشەکبارانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری پاییزی ساڵی ڕابردووی لێ کەوتەوە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ١٣ کادر و پێشمەرگە و تەنانەت منداڵی تەمەن یەک ڕۆژە و؛ بە تێرۆری "لوقمان ئاجی"، "عادڵ موهاجیر" و "سیامەند شابۆیی" لە پووشپەڕی مانگی ڕابردوو درێژەی پێ دراوە.

مووسا باباخانی، خەڵکی کرماشان کە ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لە هۆتێل سلێمانیی شاری هەولێر تێرۆر

کرا، وەک تازەلاوێکی کرماشانیی بەهەست و شۆڕشگێڕی گەلەکەی هەر لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد. شەهید مووسا وەک پێشمەرگە و کادرێکی بەووج لە ماوەی ٢٣ساڵ تێکۆشانی پێشمەرگانەیدا زۆربەی قۆناغەکانی وێستگەکانی ژیانی حیزبیی بڕی و لە کۆنگرەکانی ١٥، ١٦ و ١٧ی حیزبی دێموکراتدا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرا. مووسا باباخانی لە ئۆڕگانەکانی پارێزگاری، تەشکیلات و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا ماندوویینەناسانە لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و، کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان تێکۆشا. هەر ئەو چالاکییە بەرچاو و هەڵسووڕانە دیار و شوێندانەرەشی بوو کە ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبووە ئامانج کە دواجار توانییان بە تێرۆر کردنی، مەبەستە گڵاوەکەی خۆیان بەدی بێنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بەبەردەوامیی تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیار لەسەر تێرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی دراوە. بەڵام بەدەر لەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی بە دوژمنی قەستەسەری بزووتنەوەی کورد لە ئێران دەزانێ، و هیچ کات و دەرفەتێکی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی کورد بەفیڕۆ نەداوە؛ لە ئاستی سەرانسەریشدا هەمیشە چەکی تێرۆری لەدژی نەیارانی بەکار هێناوە. بۆ نموونە تەنیا لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەر لە نێوخۆی وڵاتی تێرۆر کردووە.

لە دەرەوەی وڵاتیش بە درێژایی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، باڵوێزخانە کۆنسوولگەری و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم بوون. وەک چۆن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی مانگی جولای خۆیدا ئاشکرای کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردووە. ئەم ڕاپۆرتە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی لەخۆی نەگرتووە کە هەر بەپێی ئامارەکان و لەسۆنگەی بۆشایی ئەمنییەتی و دەستئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کران و سەدان کەسیش بە برینداری گیانیان دەرباز کرد.

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئایدۆلۆژیی خۆی هەموو کاتێک تێرۆری بە چەکێکی پێویست و کاریگەر بۆ نەهێشتن و تێدابردنی نەیارانی خۆی زانیوە. هەروەها بۆ لێدانی مخالفانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلاندارشتن بەمەبەستی زەبروەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بریتییە لە تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی و؛ بەشداری و تێوەگلانی لە کردەوە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی وەک ئارژانتین، تایلەند، هیند، کێنیا، بەحرەین و عێراق. بەڵام تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکرات کەوتووە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکرات وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان وایە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەنەوە و ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش سەلماندوویەتی کە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و کردنیانی بە چەکێک لەبەرانبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان بە ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی هەس نەدرێنەوە، لەسەر ئەو خەت و شوێنەیان بەردەوام دەبن.

**١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**

# دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ




**شیوا مورادیان**

لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، دوای ٣ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی، کۆمەڵەی ژ . ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی دێموکراتیان دامەزراند.

ڕەنگە باسکردن لە دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لەم سەردەمە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام حیزبی دێموکرات لە سەردەمێکدا دامەزرا کە بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای ئەو کەشە سیاسییەی کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئێران و کوردستانی گرتبووەوە بە خوێندنەوەیەکی مۆدێڕن و جیهانبینییەکی نوێیەوە بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی کوردی خستە سەر ڕێبازێکی نوێ و کاری گرووپی و نیزاممەند هاتە ئاراوە، کە ئەمە لەو کاتە زەمەنییەدا کارێکی کەموێنە یان باشتر وایە بڵێین کارێکی بێوێنە بووە.

دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتوو و تەنراو بە بیری



سەرچاوە
Serchawe

**عەشیرەیی کارێکی ئەستەم بووە، ئەوەی کە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە تەنانەت حیزبی دێموکرات بەرنامەی سیاسیی خۆی لە سەر ٨ خاڵی زۆر گرینگ دادەمەزرێنێت کە ئەو ٨ خاڵە بریتی بوون لە:**

**یەکەم**: نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوچەی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودمۆختاری دەستەبەر بکات.

**دووهەم**: مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێت (تەواوی کاروباری ئێدارەکان بە زمانی زگماکی بەڕێوە بچێ).

**سێهەم**: لەسەر بناغەی یاسای بنەڕەتی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکات.

**چوارەم**: کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ لە خەڵکی ناوچەکە بن.

**پێنجەم**: لەسەر ئەساسی یاسای بنەڕەتی لە نێوان خەڵکی جووتیار و خاوەن ملکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێت کە مافی هەر دوو لایەن دەستەبەر بکات.

**شەشەم**: حیزبی دێموکرات تێدەکۆشێ لە خەباتدا لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان، ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکان و...، یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

**حەوتەم**: حیزبی دێموکرات بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد، دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتی و کانگاکانی کوردستان.

**هەشتەم و کۆتا خاڵ**: حیزب خوازیارە هەموو گەلانی ئێران هەلی تێکۆشانی ئازادییان پێ بدرێت و بەختەوەر بن.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە حیزبی دێموکرات پاش نزیک بە ٧٨ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا، بە بوونی هەموو ئەو پەلامارانەی کە لەلایەن دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و ئاخوندییەوە بەرەو ڕووی بوونەتەوە و سەرەرای ئەوەی کە هەموو گرووپ

گەلاوێژی ٢٧٢٣

و دەوڵەت و دەسەڵاتێک پێیان وابوو لە دوای تێرۆری دوو سکرتێری کاریزما و لێهاتووی ئەو حیزبە، دەیان و بگرە سەدان کادر و پێشمەرگەی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵدەگرن، بە پێچەوانە هەموو جارێک دێموکرات بەهێزتر لە جاران بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە خەبات بەردەوام بووە.

ئەمە نەک تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات لەسەر سیاسەتێکی دروست دامەزراوە، بەڵکوو دەرخەری ئەوەشە کە دێموکرات بە سیاسەتە دروستەکەی لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگایەکی وەها گەورەی هەیە کە دێموکرات و خەڵک وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد دەدەن.

دێموکرات ئێستاش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا حیزبی پێشڕەو و ڕێنیشاندەرە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بناغەی ئەم حیزبە لەسەر دێموکراسی و بنەما و باوەڕێکی پتەوی نەتەوەیی دانراوە. هەر بۆیە پاش نزیک بە ٧٨ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا، دێموکرات پێناسە و ٢٥ی گەلاوێژ، باوەڕە بە ڕێبازێکی دروست.

١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

# حوسێن ئەحمەدی‌نیاز: لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو جینایەت و تاوانێک پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی لەپشتە



دیمانە: ئاسۆ مینبەری

**ئاماژە:**

**لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستاندا هەڵکشانی بەرچاوی بە خۆی بینیوە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو دەستیان بە ڕەشبگیر لەنێو چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزیدا کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیان و بەتایبەت زیندانییانی سیاسی کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا دوو حاڵەتی کوژران و گیانلەدەستدان لەژێر ئەشکەنجەدا لێ کەوتەوە، بابەتێکی هەستیاری پێوەندیدار بە دۆخی زیندان و بەندکراوان لە کوردستانە کە مەبەست کوشتنی مووسا ئیسماعیلی و پەیمان گەڵوانی لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی پووشپەڕ لە زیندانی ورمێیە. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی "لوقمان قادری" لە زیندانی ورمێدا کەوتووەتە ژێر گوشار و جیا لەوەی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردەیان خستۆتە بەردەم گوللەبارانی درۆیین و بەو شێوەیە ئەشکەنجەیان کردووە، هەڕەشەی بڕینەوەی دەست و لاق**



سەرچاوە
Serchawe

**و بێسەروشوێنکردنیشیان لێ کردووە. کوردکاناڵ لە وتووێژێکی تایبەتدا ئەم بابەتەی لەگەڵ "حوسێن ئەحمەدی‌نیاز"، مافناس و پارێزەر تاوتوێ کردووە کە "کوردستان" پوختەیەک لەم وتووێژە دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی.**

**ئاسۆ مینبەری**: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان و ئەشکەنجەی زیندانیان لە کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە، پێتان وایە هۆکار چییە؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: ئەوە بەشێکە لە سیستەمی هەمیشەیی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پەرەپێدانی سەرکوت و کەمکردنەوەی ئاستی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و هەروەها پەرەپێدانی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگەدا، لە هەموو شێوازە نایاساییەکان کەڵک وەردەگرێ. ئەگەر بڕیار بێ یاسا سەروەر بێت لە ئێراندا و من وەکوو پارێزەرێک بمەوێ پشت بە یاسا ببەستم، سەرەتا پشت بە ماددەی ٣٨ی یاسایی بنەڕەتیی ئێران دەبەستم کە تێیدا هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک قەدەغە کراوە و هەر کردەوەیەک لە چوارچێوەی زۆرلێکردن و گوشارهێنان و ئەشکەنجەدا بێت، ڕێگەی لێ گیراوە و هەر جۆرە دانپێدانانێکی زۆرەملێش هیچ کاریگەرییەکی نییە و پشتی پێ نابەسترێت. بەڵام بەداخەوە ئەم یاسایە لە ئێراندا حاکم نییە. سەرنج بدەن لە دادگا و دادسەراکاندا هەر لەم شێوازە کەڵک وەردەگرن کە قەدەغە کراوە و لە هەموو دۆسییە سیاسی و ئەمنییەتییەکانیشدا کە هەیە و بینیومانە، بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر چاوەدێری سیستەمی دادوەریدا، لەم شێوازە نامرۆڤانەیە کەڵک وەردەگرێت کە بتوانێ ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکات، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک سەرکوت بکات و هەر جۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێک لە ئێراندا، بە تەواوەتی سەرکوت بکات.

**ئاسۆ مینبەری**: بەپێی ئامارەکان، ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا دەسبەسەر کراون، چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزین، ئێمە دەزانین کە ئەم کەسانە لە چوارچێوەی دیاریکراوی ڕێکخراو و NGO کانی خۆیاندا چالاکی دەکەن و تێکەڵ بە کاروباری سیاسییش نابن، هۆکار چییە کە کۆماری ئیسلامی دەست لەوانیش ناپارێزێت؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەر جۆرە چالاکییەکی مەدەنی، بە ئەمنییەتیی پێناسە دەکرێ. چونکە ئەم ڕێژیمە هەموو شتێک لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە چاو لێ دەکات. ژن یا پیاوێک کە چالاک بێ، ئەنجومەنێکی خێرخوازی و بەگشتی هەرکەسێک لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بیەوێ هەنگاوێک هەڵ بگرێ، جا چ لە بواری مرۆیی بێت یان ژینگەیی، یان هەر بوارێکی دیکە، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە مەترسیدار و ئەمنیەتییە. تەنانەت خوێنەرێکی ڕۆژنامەش ئەتوانێ لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، وەک دوژمن چاوی لێ بکرێت، واتە بازنەی دوژمن‌ناسی لە

کۆماری ئیسلامیدا بەپێی بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژیی حاکم بەسەر ئەم ڕێژیمە دیاری کراوە. هەر کەس لەو چوارچێوەیەدا بێت، بە دوژمن دادەنرێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەمانە دەبێ مەحکووم بکرێن، زیندانی بکرێن، لەژێر چاوەدێریدا بن، جا چ چالاکی کرێکاری بێ، چ ڕۆژنامەنووس بێ، چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزی بێ، تەنانەت کەسێک کە جلی کوردیی لەبەر بێت، یان خوێندکار بێت، هەموو ئەمانە بەپێی ئیدئۆلۆژی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دوژمنن و مەترسیدارن. چونکە لە ڕاستیدا ئەوان دژایەتییان لەگەڵ ئاگایی و زانستە، زانستە کە ئەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵگە و ئەمە بۆ کۆماری ئیسلامی مەترسیدارە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری و ئاگایی خەڵک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی دژ بە چالاکانی مەدەنی، خوێندکاران، کرێکاران، ژنان و تەنانەت منداڵان بووە.

**ئاسۆ مینبەری: وەکوو یاسای ٣٨ی یاسایی بنەڕەتی کە تێیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە کراوە، ئایا یاسایەکیش هەیە کە تێیدا باس لە پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی کرابێت و کۆماری ئیسلامی پشتگوێی خستبێت؟**

**حوسێن ئەحمەدینیاز**: لە کۆماری ئیسلامیدا یاسا شتێکە و سیاسەتی خودی دەسەڵات شتێکی دیکەیە، ئەگەر بەڕاستی لە ئێراندا یاسا سەروەر ببوایە، هەر نەبێ ئەو هەموو چارەڕەشی و ستەمە بەرانبەر بە خەڵک نەدەبوو. لە چێوارچێوەی ئەم دەسەڵاتەدا، ئەوەی کە لە یاسادا باسی لێ کراوە، هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت، چونکە هیچ گرینگییەک بەم یاسایانە نادرێت، ئەساسەن یاساکان بوونی فیزیکییان نییە و ئەمە تەنیا یاسایەکە کە نووسراوە و هیچ کەڵکێکی نییە. بۆ نموونە ماددەکای ٥، ٦ و ٧ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری دەڵێ هەرکەس دەسبەسەر دەکرێ، مافی دەسپێڕاگەیشتن بە پارێزەر و بێدەنگبوونی هەیە، وای دابنێین کە کەسێک دەسبەسەر دەکرێت و دەبردرێتە کەلانتەری یان ئیدارەی ئیتلاعات و بڵێ من بەپێی ماددەی ٦ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەریی ئێران مافی بێدەنگبوونم هەیە و تا پارێزەرەکم نەیەت قسە ناکەم، پێتان وایە لەو ناوەندە چۆن لەگەڵ ئەو کەسە هەڵسوکەوت دەکرێ؟ بە ڕادەیەک ئەشکەنجەی دەکەن کە بەگشتی مافی بێدەنگبوون و هەبوونی پارێزەریشی لەبیر دەچێتەوە. کەوابوو ئەو شتانەی لە یاسادا باس کراون تەنیا لە چوارچێوەی کتێبەکاندان و لە ڕاستیدا لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا جێبەجێ نابن و ئیمکانی نییە یاسا بتوانێ سەروەر بێت.

**ئاسۆ مینبەری: لەو ڕۆژانەدا زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی لوقمان قادری لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ورمێوە بە گوللەبارانکردنی درۆ و ساختە ئەشکەنجە درا. ئەم جۆرە لە ئەشکەنجە چۆنە و ئایا ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە باوە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا؟**



سەرچاوە
Serchawe

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، لە زیندانەکاندا و بەتایبەتیش ئەو زیندانانەی لەژێر چاوەدێریی ناوەندە ئیتلاعاتییەکاندان، دادیار، دادوەر و لێپرس خۆیان چاوەدێری بەسەر سیستەمی ئەشکەنجەدا دەکەن. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن زووتر دانپێدانان لە زیندانییەک وەربگرن، لە شێوازی جیاواز کەڵک وەردەگرن. وەک لەسێدارەدرانی ساختە، بۆ نموونە بە زیندانییەکە ڕادەگەیێنن کە ئەوە حوکمی تۆیە و ئێستا دەتبەین لەسێدارەت بدەین، کەسەکان دەبەنە پای داری سێدارە و زۆر جار تەنافەکەش لە ملیان دەئاڵێنن، ئەمانە هەموویان شێوازگەلێک لە ئەشکەنجەکردنن کە بۆ وەرگرتنی دانپێدانان و سەرکوت بەکار دەهێنرێن. ئامانج لەم کارەش ئەوەیە لە ئەگەری ئازادبووندا، ئەم کەسانە هەرگیز بیر لە ناڕەزایەتیدەربڕین نەکەنەوە. مەسەلە ڕوونە. لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بەداخەوە بینیومانە زۆربەی ئەو کەسانەی بە شێوەی ڕاستەقینەش تیرباران کراون، پێش لەوە چەندین جار تیربارانی ساختە کراون، بەداخەوە ئەو کەسانەش کە تۆمەتباری ئەمنییەتیین کەس ئاگای لێیان نییە و دووربینەکانی ئەوێ چالاک نین تاکوو ئاگادار بین لە ڕووداوەکان، لە ڕاستیدا هەزاران جینایەت لەوێ ڕوو دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە لە ئەشکەنجە بەرپرسایەتییەک ناخاتە سەریان، چونکە لە ڕاستیدا لەلایەن یاساوە و بەپێی "مصونیت قضایی، سیاسی یا تعقیب"، پارێزراون. کەوابوو بۆ هەموو جینایەتێک بەپێی ئیدئۆلۆژیی خۆیان، پاساو دەهێننەوە.

**ئاسۆ مینبەری**: بەنیسبەت کەیسی لوقمان قادری، سەرەڕای بردنی بۆ شوێنی نادیار و بەستنەوەی بە دارەوە، هەڕەشەی بڕینەوەی دەست و لاقیشیان لێ کردووە، ئایا بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئەتوانێ کاریگەریی لەسەر دۆخی ئەم جۆرە زیندانییانە هەبێت؟ یان ناوەندە مافی مرۆییەکان دەتوانێ بێنێتە دەنگ؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: جاوید ڕەحمان نوێنەری تایبەتی مافی مرۆڤی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە ڕاستیدا بەرپرسە لەوەی کە ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ بە دەستی بگات تاکوو کاریان لەسەر بکرێ. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانیش لە سویس ئەرکەکەی پێڕاگەیشتن بەم جۆرە دۆسییانەیە، خودی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەرکی ئەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوانە بکات. ئەمە لانیکەم کارێکە کە لەم بوارەدا دەبێ جێبەجێ بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم بە میدیاییکردن و ئاگایی بەخشینە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا زیاتر بکەونە بەر چاو و هەوڵ بدرێت کاریان بۆ بکرێ. ئەگەرچی وڵاتانی ئورووپایی خۆیان باش دەزانن کە لە ئێراندا ئەشکەنجە هەیە بەڵام دەبێ ئاگادار بن کە لە کوردستاندا ئەم ئەشکەنجەیە زۆرتر و نامرۆڤانەترە و بزانن ڕۆڵەکانی کوردستان ڕۆژانە چ ستەمێکیان لێ دەکرێت.

**ئاسۆ مینبەری**: بەرەبەرە لە ساڵڕۆژی قەتلی حکوومەتیی ژینا ئەمینی نزیک دەبینەوە، پێتان وایە ئەمە تا کاریگەریی



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

لەسەر زۆربوونەوی ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان هەبووە؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: هەموو ترسی کۆماری ئیسلامی لەوەیە کە لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا، خەڵک بڕژێنەوە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە شێوازێکی تردا دەست پێ بکەنەوە، حکوومەت لەم شتە زۆر دەترسێ، هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە کەڵک وەربگرێ تاکوو خەڵکی پێ سەرکوت بکات. ڕێژیم بۆ پێشگرتن لەم ڕووداوە، سەرکوت و ترساندن زۆرتر ئەکاتەوە، کوشتار زۆرتر دەکاتەوە، لە هەموو کتێبەکاندا هەیە کە دیکتاتۆرەکان زۆر دەترسن لەوەی کە خەڵک بێنە سەر شەقام و خۆپیشاندانەکان بەربڵاوتر بکەنەوە. بەڵام خەڵک چیدیکە ناترسن و حکوومەتیان باش ناسیوە، حکوومەت هیچ ڕەواییەکی نەماوە و تەنانەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتیشدا بڕوایان بە یەکتر نەماوە، بەم هۆیەوە سەرکوت و گوشارەکانیش بۆ سەر خەڵک زیاتر دەکاتەوە.

**ئاسۆ مینبەری**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

## حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ساڵەی دامەزرانیدا




**سمایل شەرەفی**

٧٨ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆتاییەکانی شەڕی جیهانیی دووهەمدا یەکەم حیزبی مودێرنی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژینانەوەی کوردستان (کۆمەڵەی ژێکاف) کە سێ ساڵ بوو بە شێوەی نهێنی چالاکیی دەکرد، لە شاری مهاباد دامەزرا. حیزبی دێموکرات دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد دامەزراند و لە قەوارەی ئەم دامەزراوە نەتەوەییدا دەستی دایە پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێچکەیەکی نوێی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا بەڕووی ئینسانی تێکۆشەری کورددا کردەوە.

حیزبی دێموکرات کە لە خەبات و تێکۆشانی نزیک بە هەشت دەیەی خۆیدا دژ بە دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا، چەندین قۆناغی سەخت و پڕلە کەوتن و هەستانەوەی تێپەڕاندووە، ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو، یادی لەدایکبوونی خۆی دەکاتەوە.
ئەم حیزبە کە لە ئاکامی لێکترازانێکی تەشکیلاتیدا بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لەژێر دوو ناوی "حدکا" و "حدک"دا درێژەی بە



سەرچاوە
Serchawe

تێکۆشان دا، لە گەلاوێژی ئەمساڵدا بە یەکگرتوویی و یەککڕیزی، هەم یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە و هەم ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەیدا تێپەر دەبێ.

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب لە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی وەک یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی سیاسیی حیزب و، وەک داوا و ئارەزووی چەندین ساڵەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات کە ڕێبەرایەتیی بەشی زۆری بزووتنەوەکەی لەسەر شانە، زەرووڕەتێکی مێژوویی بوو. دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا دوای کەمتر لە مانگێک تێپەڕین بە سەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و شوێنەواری یەکگرتنەوە و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و ڕەزایەتی خەڵک لەنێوخۆی وڵات و هەروەها وەزەگرتنی تێکۆشەرانی دێموکراتی لێ کەوتەوە، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر یەکگرتوویی خەڵک لە سەر شەقامەکانی کوردستان دانا و وزەیەکی بەگوڕتری بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بەرانبەر بە دیکتاتۆری لە ئێران بەخشی. بە جۆرێک کە زیاتر لە هەمیشە ڕێژیمی تارانی تووڕە و تووشی دەستەوەستانی کرد.

کاربەدەستانی ڕێژیم نەیانتوانی ڕق و تووڕەیی و ترسی خۆیان لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و کاریگەریی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە سەر هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵک بشارنەوە، بۆیە هەر دوای مانگێک تێپەڕین بە سەر یەکگرتنەوە و چەند ڕۆژێک تێپەڕین بەسەر شۆڕشی ژینادا، هێرشی مووشەکی و درۆنییان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە و بەخەیاڵی خۆیان، ویستیان چاوگەی وزە و دڵخۆشیی خەڵکی سەر شەقامەکانی کوردستان کوێر بکەنەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کە لە شەقامەکانی کوردستانەوە درووشمەکانی "کۆیە بەتەنیا نیە، کوردستان پشتیوانییە" و "کوردستان قەڵای دێموکراتە" بەرز بوویەوە.

هاوکات لەگەڵ یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزب و ساڵوەگەڕی یەکگرتنەوەدا، بەرەو یادکردنەوە لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینا دەڕۆین و باس لە گۆڕانکارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا دەکەین کە هەموویان شوێنەواری تایبەتی و قوڵیان لەسەر یەکتر داناوە و دادەنێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک سەرمایەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە ڕەسالەتێکی نەتەوەیی مافخوازانەی لەسەرشانە، تاقیکارییەکی مێژوویی و هەستیاری لەپێشە. لە ڕەوتی نزیک بە یەکساڵەی شۆڕشی

گەلاوێژی ٢٧٢٣

ژینا و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم ڕووداوە مێژووییەدا، دەرکەوت کە کورد لە کوردستانی ئێران و بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی سەرانسەری و نەتەوەکانی ئێران، چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە. نفوز و پێگەی ئەم حیزبە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و لەنێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، هەروەها ئێعتباری لەنێو کۆڕوکۆمەڵە ئێرانی و نێونەتەوەییەکاندا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تەمەنەوە حیزبێکی کۆنی لەمێژینەیە، بەڵام لە ڕوانین و هەڵوێست و جیهانبینیدا، بەڕۆژ و وڵامدەرە.

بۆیە حیزبی دێموکرات بە بێ ئەوەی بەم سەرکەوتن و ئیمتیازانە لەخۆبایی بێ، پێویستە لەگەڵ بڕینی کەیکی ٧٨ ساڵەی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی، خۆی بۆ وڵامدەربوون بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکان کە دەستیان پێکردوە ئامادەتر بکات و، بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پاراستنی یەکگرتوویی ڕێزەکانی، درێژە بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان بدات.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان



عومەر باڵەکی

لە سەردەمی ئێستادا ڕاگەیاندنە گشتییەکان یەکێک لە گرینگترین کەرەستەکانی پێگەیاندنی خەڵک و تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەو ڕووداوانەیە کە لە دەوروبەریان یا لە سەرانسەری جیهاندا ڕوو دەدەن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا خوێندنەوە و گوێگرتن لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ماوەی نێوان سەدەی ١٩ و سەدەی ٢٠دا بە چەشنێک پەرەی گرتووە کە بۆتە جۆرێک لە عادەتی ڕۆژانە و کردارێکی کۆمەڵایەتی.

لەمێژە بۆ پێناسەی دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی لەنێو پێکهاتەی دەوڵەتەتدا دەگوترێ کە ڕاگەیاندنە گشتییەکان کۆڵەکەی چوارەمی دەسەڵاتن. چونکە ڕاگەیاندنە گشتییەکان بێجگە لە گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵگە، حوکمی چاوەدێرییان بەسەر کاروکردەوەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتدا هەیە و لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی تایبەتیان هەیە لە دروستکردنی پێوەندیی فەرهەنگی، سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەنێوان دەوڵەت و پێکهاتەکانی وڵاتدا. لە سەردەمی ئێستادا ڕادەی ئازادی ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە هەر وڵاتێک دەتوانێ پێوانەییەکی باش بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی پێشکەوتوویی ئەو وڵاتە لە بواری پەرەسەندن و گەشەکردنی دێموکراسی و ئازادییەکاندا.



سەرچاوە Serchawe

لە سەردەمی ئێستادا بە بەرەکەتی ئینترنێت و تێکنۆلۆژیی سەردەم، سەردەمی بە جیهانیبوون و ڕاگەیاندنە. بۆیە هیچ بابەت و ڕووداێک لە بەرچاوی خەڵک ون نابێ و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چاوەڕوانیی خەڵک لە ڕاگەیاندن بە گشتی ئەوەیە کە ڕاستییەکان بگەیەنێتە دەستی خەڵک. چونکە ئەوە سەلمێندراوە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆیانە لە جیهاندا بایەخ و حورمەتی نێونەتەوەییان هەیە کە لە کاروکردەوەی خۆیاندا زیاتر هەوڵیان داوە، ڕاستیی ڕووداوەکان بگەینە دەستی خەڵک و هەر ئەوەش وا دەکا هەر کاتێک ئەو جۆرە دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە پێگەیەکی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان دەستبەر کردووە، ئەگەر ڕەخنەیەکی سیاسی و یا کۆمەڵایەتی لە حکوومەت بگرن، دەوڵەت بێ دوودڵی گرینگی پێ بدات و بۆ چارەسەرکردنی ڕەخنەکە بە دوایدا دەڕوات.

لە سەردەمی ئێستادا بەپێی عورفی نێونەتەوەیی کەم دەبیندرێ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەتایبەتی ڕۆژنامەکان بە بیانووی ئەوەی بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە کە، بە دڵی فڵان و فیسار دەوڵەت و تەشکیلات سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبووە تووشی کیشەی یاسایی بن. چونکە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێکی ناڕاست و دوور لە واقعییەت پێش هەموو لایەک زیان بە ئیعتیباری ئەو ڕۆژنامە یا دەزگای ڕاگەیاندنە دەگەینێ. هەروەک پێشتریش باس کرا، لە جیهانی دێموکراسیدا باوەڕ وایە کە دەزگای ڕاگەیاندن لە پێناو خزمەت بە کۆمەڵگەدا پێک هاتووە و، لە پێگەیاندن و تێگەیاندنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. بۆ پاراستنی ئەو ئەسڵە کە ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێ ئازاد بن لە نووسینی ڕاستیی ڕووداوەکان و گرینگییەکی تایبەت دەدەن بەو بابەتە. بۆ نموونە لە ئەسڵی یەکی یاسای بنەڕەتی ئەمریکادا هاتووە کۆنگرەی ئەمریکا (مەجلیسی میللی و سەنا) هیچکات مافی ئەوەیان نییە یاسایەک پەسند بکەن کە ئازادیی ڕاگەیاندن بەرتەسک بکاتەوە و هەروەک باس کرا ئەو ئەسڵە لە یاسای بنەڕەتیی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیکە لە دنیادا ڕەچاو دەکرێ.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ماوەی ٤٤ ساڵە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوونەتە سەناگۆی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و لە بازنە و چوارچێوەییەکی دیاریکراودا کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەست نیشان کراوە، هەڵدەسووڕێن. بۆیە هەر کاتێک ڕۆژنامەیەک یا ڕۆژنامەنووسێک ویستی ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی خۆی بەجێ بگەیەنێ و، لە ڕاستیی ڕووداوێک کە لە کۆمەڵگەدا ڕووی داوە بکۆڵێتەوە و بۆ بەردەنگەکانی ڕاگوێزێت، تەڕدەست لەگەڵ دژایەتی دەزگاکانی پێوەندیدار بە وەزارەتی ئیرشاد و چاپەمەنییەکان و دەزگای داد و ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە ئینتیزامییەکان ڕووبەروو دەبێتەوە. دواتریش بە تۆمەتی جۆراوجۆر ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێ و ڕەنگە بەبێ هۆکار بۆ ڕاگرتنی کاتی و یا داخستنی یەکجاری ئەو ڕۆژنامە یا گۆڤارە و ئەو کردارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییە کە لە دەرکەوتنی حەقیقەت و ڕوونبوونەوەی هۆکاری ڕووداوەکان ترسیان هەیە. بۆیە لە هەموو ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوودا سەرجەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە ئێران بکەنە کۆمەڵگەیەکی داخراو کە گەلانی ئەو وڵاتە سەریان بەکاری

خۆیانەوە بێ و نەپرژێنە سەر ئەو بابەتە کە بزانن لە ناوچەکانی دیکەی ئێران چ دەگوزەری و کۆمەڵگەی جیهانی بەهۆی پێشکەوتنی تکنۆلۆژی لە بواری سیاسیی، ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی بە چ خێراییەک ئالوگۆری بەسەردا دێ. هەر بۆیە کاتێک لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١هەتاوی ڕۆژنامەنووس "نیلووفەر حامیدی" ڕاپۆرتێکی لەسەر کوژرانی کچە کوردێکی سەقزی بە ناوی "ژینا ئەمینی" بە دەستی پۆلیسی بەناو ئەخلاق بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکرد ئامادە کردبوو و، ڕۆژنامەکە ئەو ڕاپۆرتە و هەواڵەکەی بە وێنەکانی "ژینا ئەمینی" لەسەر تەختی نەخۆشخانە بڵاو کردەوە؛ چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەنووسەش گۆردرا. بەدوای ئەوەی نارەزایەتییەکان بە کوشتنی ئەو کچە کوردە لە بەردەرگای ئەو نەخۆشخانەیەی تەرمی ژینا ئەمینی لێ بوو لە تاران دەستی پێ کرد، پۆلیس ئێران و دەزگای داد بە جێگای ئەوە دڵی خەڵک بدەنەوە و خەڵکی تووڕە ئارام بکەنەوە، کەوتنە سەرکوتکردنی خەڵکی نارازی و بە کوشتنی ژینا ئەمینی و دەستبەسەرکردنی نارازییان و لەو نێوەدا خانمە ڕۆژنامەنووس "نیلووفەر حامیدی"یش بە تاوانی! ئەوەی لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە خەڵکی لە ڕاستیی ڕووداوەکە ئاگادار کردووتەوە دەستبەسەر کرا. بە دوای ئەودا خانمە ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە ناوی "ئیلاهە محەممەدی" یش لە سۆنگەی ئەوەی ڕاپۆرتی لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی "ژینا ئەمینی" لە گۆڕستانی ئایچی سەقز ئامادە کردبوو، و بڵاوی کردبۆوە؛ ئەویش لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کرا. بەندکردنی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە و دەیانی دیکە نیشان لەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە دەرخستنی ڕاستییەکان دەترسن، چونکە بەدەرخستنی ڕاستییەکان کۆمەڵگەی ئێران هەروەک لە ڕاپەرینی ژینادا دیتمان بەڕوویاندا دەتەقێتەوە.

ئەگەر بە کورتی لە بواری یاساییەوە بڕوانینە دەستبەسەرکردنی ئەو دوو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە دەبینین هەم بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و هەم بەپێی یاسا نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوان هیچ تاوانێکیان نەکردووە کە زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژ بێ دادگاییکردن و دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر بن. ئەوە لە حاڵێکدایە هەتا ئێستا هیچ دادگاییەک پێک نەهاتووە بۆ ئەوەی هۆکاری شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی بۆ کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی ڕوون بکاتەوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی ژینا لەسەر شەقامەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بوون و بکەرانی ئەو ڕووداوە بە قسەی هەموو شارەزایانی بواری زانستی جینایی کوشتنی بەئانقەست بدرێنە دادگا و سزایان بەسەردا بسەپێندرێ. بەڵام هەروەک پێشتر باس کرا، دوو ڕۆژنامەنووس بە تاوانی گەیاندنی زانیاری بە خەڵک بەو شێوە سزا دەدرێن.

بەپێی نێوەرۆکی ئەسڵی ٣٢ لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کەسێک کە وەکوو تۆمەتبار دەستبەسەر دەکرێ، دەبێ بەشێوەی نووسراو لە هۆکاری دەستبەسەرکردنەکەی تێ بگەیەندرێ و لانیکەم لە ماوەی ٢٤ ساعاتدا پەروەندەی سەرەتایی بدرێ بە دادگا بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا ڕێوشوێنی دادگاییکردنی ئامادە بکرێ. لە ئەسڵی ٣٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

ئیسلامی سەبارەت بە پارێزەر بۆ تۆمەتبار دەڵێ: "لە هەموو دادگاکاندا لایەنەکانی کێشە، مافی ئەوەیان هەیە پارێزەر بۆخۆیان دەستنیشان بکەن و ئەگەر لە توانایاندا نەبوو حەقدەستی پارێزەر بدەن، لەسەر دادگایە ئیمکاناتی دابینکردنی پارێزەریان بۆ دابین بکا." بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نیلووفەر حامیدی و ئیلاهە محەممەدی زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژە دەستبەسەر کراون و نەک لەو ماوەدا نەبردراونەتە بەردەمی هیچ دادگایەک، بەڵکوو لەلایەن دەزگای دادی ئێرانەوە ئیزنیان پێ نەدراوە دەستیان بە پارێزەریش ڕابگا و کاتێکیش پارێزەریان بۆ دیاری کراوە، ئەوجار پارێزەرەکان نەیانتوانیوە دەستیان بە بەڵگەکان ڕابگا بۆ ئەوەی بتوانن لە بەردەمی دادگادا داکۆکی لە "بریگرتە" ی خۆیان بکەن.

کاتێکیش لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ئەو دوو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە دەبردرێنە بەردەم دادگا، دادوەر ئیزن نادا دادگاییەکە بەشێوەی ئاشکرا بەڕێوە بچێ. ئەوەش لە بواری یاساییەوە لەنگ و لۆریی زۆری تێدایە، چونکە بەپێی یاسا ئەو جۆرە دادگایانە بێجگە لەوە دەبێ بەشێوەی ئاشکرا و بەبوونی پارێزەری تۆمەتبار بە ئامادەبوونی "هیئت منصفه" بەڕێوە بچێ.

هەموو ئەوانە نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە ئاشکرابوونی ڕاستییەکان بۆ کۆمەڵگە زەندەقیان چووە، بەڵام درەنگ یا زوو ئەو تابۆیە زیاتر دەشکێ و گەلانی ئێران زیاتر و زیاتر ڕاستییەکانییان بۆ ڕوون دەبێتەوە و ئەوکاتە هیچ هێزێک ناتوانێ پێش بە لافاوی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرێ.

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی دیاردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




د. محەممەد حوسێنزادە

پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی پرسەکان لە ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پراکتیزەکردنی هەمان ئەو پرۆسەیە کە لە بەشی پێشوودا باس کرا. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بە تایبەت بە گەڕانەوە بۆ چەمکگەلێکی وەک "جیاییخوازی" ، "هەڵوەشانەوەی سنوورەکانی ئێران" و "تێکچوونی یەکپارچەیی و "تەواوییەتی ئەرزی" زۆربەی پرسەکان یان تەنانەت داواکارییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەئەمنییەتی بکات. بۆ نموونە ساڵانێکە هەوڵ دەدات داواکاری جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکان و تەنانەت پرسێکی وەک خوێندن بە زمانی دایکی وەک هەڕەشەیەک زەق بکاتەوە و لەگەڵ خوازیارانی ئەو مافانە هەر جۆر ویستی ڕەفتار بکات و لە کوردستان بە هەر شێوەیەک ویستی سیاسەت بکات. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا زمان یاخود گوتارێکی ئەمنییەتی بەکاردەهێنێت بە مەبەستی قایلکردنی هاووڵاتییانی ئێران (و بە تایبەت فارسەکان کە بە جۆرێک دەوڵەتی ناوەندی نوێنەرایەتیی بەرژوەندییە سەرەکییەکانیان دەکات). وەک گوتم چەمکەکانی جیاییخوازی و تەواویەتی ئەرزی و تێکدانی یەکپارجەیی وڵات چەمکە سەرەکییەکانی ئەو گوتارەن کە دەوڵەتی ناوەندی لە تاران زیاتر پەنای بۆ دەبات و وەک لە درێژەشدا ئاماژەی پێ دەکەم تەنانەت ڕووناکبیران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵاتیش



سەرچاوە
Serchawe

لە مامەڵە لەگەڵ کوردەکان یان حیزبەکان وەک نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پەنا بۆ ئەو گوتارە دەبەن. بەمجۆرە، کۆماری ئیسلامی توانیویەتی پرسە ئاساییەکان یان سیاسییەکان وەک پرسی ئەمنیی نیشان بدات و دواتریش کوردستان میلیتاریزە بکات(١) و تەنانەت زۆر جار یاسا و ڕێساکانی خۆی بە بیانووی هەبوونی هەڕەشەی گەورە و هەبوو لەسەر وڵات پشتگوێ بخات.

هەر لەم چوارچێوەیەدا زۆر جار بینیومانە کاتێک نەک باس لە بابەتێکی وەک فیدرالیزم، تەنانەت کاتێک باس لە پێویستیی خوێندن بە زمانی دایکی لە کوردستان یان باقی هەرێمە نەتەوەییەکانی نێو جوغرافیای ئێران دەکرێت، خێرا هەندێک لە دامودەزگا بەناو کولتوورییەکانی حکوومەت یان "فەرهەنگسەراکان" باس لە مەترسی دابەشبوون و هەڵوەشانەوەی ئێران لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە دەکەن. ئەمە نموونەیەکی بەرجەستە لە بەکارهێنانی زمان یان گوتاری بەئەمنییەتیکردنە. هەر بە پشتبەستن بەم گوتارە، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات ئەمنییەتی دەکرێتەوە و تەنانەت فێرکاری نافەرمیی زمانی کوردی وەک هەڕەشەیەک سەیر دەکرێت و بە هەموو جۆرێ هەوڵ دەدرێ گرفت و کێشە بۆ ئەو ناوەند و ئەنجومەنە مەدەنی و سەربەخۆیانە دروست بکرێ کە هەوڵی فێرکردنی زمانی کوردیی دەدەن. بۆیە سەیر نییە کە دەبینین مامۆستایەکی زمانی کوردی (خاتوو زارا محەممەدی وەک مامۆستای زمانی کوردی لە سنە وەک نموونە) حوکمی زیندانی بەسەردا دەسەپێت و حکومەت و دامودەزگاکانیش وەڵامدەرەوەی ئەو نین کە بۆچی هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانەکەی ڕادەستی دادگا ناکەن. هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەوڵ بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە بنەڕەتدا پرسێکی ئەمنییەتییە و پرسێکیش کە ئەمنییەتی بوو حکوومەت بە ڕەوای دەزانێت لە لەسەرەوە/دەرەوەی دەستوور و یاسا کار بکات. ڕەنگە ئەمە یەکێک لەو نموونە یان حاڵەتانەی بەئەمنییەتیکردن بێت کە تێیدا ڕۆڵی ڕۆشنبیران و نووسەرانی فارسیش لە ڕەوتی بەئەمنییەتیکردنی پرسەکاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت. کاتێک هەندێ لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی فارس هاودەنگ لەگەڵ حکوومەت بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەر جۆرە ددانپێدانان و قەبووڵکردنی زمانە نافارسییەکان دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی ئێران، دەبن بە بەشێکن لەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ قایلکردنی هاووڵاتیانی ئێران بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی دایکی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر تەواوییەتی ئەرزی ئێران بە هەژمار وێنا بکەن. هەندێک لەو ڕۆشنبیرانە بە ڕادەیەک دەکەونە خزمەتی بەهێزکردنی ئارگیومێنتی بەئەمنییەتیکردن کە دەڵێن "تەنیا خاییان هەوڵ دەدەن زمانی فارسی تەنیا بە زمانی فارسەکان بزانن ". لەڕاستیدا ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی بوونی باقی نەتەوەکانە جگە لە فارسەکان. تەنانەت هەندێک لەوانە، وەک محەممەدڕەزا شەفیعی کەدکەنی، پێی وابوو پێداگری لەسەر خوێندن بە زمانی دایکی پیلانێکی دەرەکی و بە تایبەت پیلانی ئینگلیسەکانە. ئەمە درێژەی هەمان گوتاری فارسیستە کە هەر جۆرە داواکارییەکی نافارسەکان بە پیلان یان پیلانێکی دەرەکی نیشان دەدات.(٢) لە ڕاستیدا ئەگەر بەناو ڕۆشنبیران و تەنانەت نووسەرانی فارس نەبن، کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە قایلکردن و قەناعەتهێنان بە کۆمەڵگە وەک نواندنی ئەو پرسە وەک

هەڕەشەی هەبوو تووشی کێشە دەبێت و ئەوەش دەتوانێت پرۆسەی بەئەمنییەتیکردن تووشی گرفت یان لاواز بکات.
بەئەمنییەتیکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتیش هەر ئەم پرۆسەیە تێدەپەڕێنێت. کاتێک بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا دەڵێ ژینگەپارێزان بوونەتە بڵندگۆی "دژە شۆڕش " و دواتر بە دەیان و سەدان کەناڵ و ماڵپەڕی ئێرانی ئەوە وەک سەردێڕ دادەنێن، ژینگەپارێزی دەبێتە هەڕەشە و بابەتێکی نائاسایی کە پێویستی بە چارەسەرێکی تایبەت و نائاسییە. بۆیە خێرا لە ناوەندە پەیوەندیدارەکان پلان و پیلان دژی ژینگەپارێزان دادەڕێژرێت.

وەک نموونەیەکی دیکەی بەرجەستەی بەئەمنییەتیکردنی پرسەکانی ڕۆژهەڵات، دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) چەند ئەندامێکی حیزبی کومەڵەی شۆڕشگێڕان لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کران، خێرا وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژێم و سپای پاسداران لە ڕاگەیەندراوێکدا باسیان لەوە کرد کە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە پلانیان بۆ تەقاندنەوەی ناوەندێکی هەستیاری سەربازی لە ئیسفەهان هەبووە. هاوکات لە میدیاکانیاندا پڕۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو حیزبە لەگەڵ موسادی ئیسرائیل پەیوەندی هەبووە و لەلایەن ئەو وڵاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە ڕاسپێردراون. هەر لەو کاتەدا ٢٠١ بەناو نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم ڕاگەیەندراوێکیان سەبارەت بە توڵەسەندنەوە لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەرکرد. هەر لە ڕاگەیەندراوەکانی ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمدا ئاماژەش بەوە کرابوو کە "کۆڵبەران" پێشتر کەلوپەلی سەربازی و چەکوچۆڵی پێویستیان بۆ نێوخۆ بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو عەمەلیاتە گواستووەتەوە. لێرەدا دەبینین کە لەژێر ناوی "تەقاندنەوەی ناوەندێکی هەستیاری سەربازی" و "پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل" و "هاوردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات" هەم پرسی حیزبەکان و هەم کۆڵبەران ئەمنییەتی دەکرێتەوە. ئەمە لە لایەکەوە بوو بە یەکێک لە بیانووەکانی هێرشی دواتری مووشەکی و پەهپادی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم ڕەواییدان بە کوشتنی کۆڵبەران لە داهاتوودا. لە بیرمان نەچێت کە پێشتریش هەندێ لە کاربەدەستان و بەرپرسانی حکومەت بانگەشەی ئەوەیان کردبوو کە لەگەڵ کوڵبەرەکان "کەسانی دژە شۆڕش " دێنەوە نێو وڵات و ئێمە ناتوانین لێکیان بکەینەوە. هەر ئەمەیە وا دەکات کە ساڵانە سەدان کوڵبەر تەقەیان لێ بکرێ و بکوژرێن و کەسیش لێپرسینەوەی لێ نەکرێت. لۆژیکەکەی ئاسانە: کۆڵبەری بابەتێکی ئەمنییەتییە. وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێداوە، هەر بەکارهێنانی وشەی ئەمنییەت دەتوانێت کلیلی ڕەواییدان بە بەکارهێنانی هێز یان سەرکوتکردن یان پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا بێت.

لە میانەی ڕاپەڕینی ژیناشدا بینیمان لە کاتێکدا کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بڕیاریان دابوو لە ناردنی هێز بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات خۆیان ببوێرن، بەڵام سپای پاسدارانی ڕێژیم لە پیلانێکدا وێنەی هەندێ لە هێزەکانی خۆی لە جلوبەرگی پێشمەرگەدا بڵاو دەکردەوە و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هێزی پێشمەرگە نێردراوەتەوە و بۆیە پێویستە و ڕەوایە خۆپیشاندەران بە توندترین شێواز سەرکوت بکرێن. دیسان هەندێک لە پانئێرانیستەکان و لایەنگرانی دەسەڵاتی ناوەندی

کە لە دەرەوە خۆیان بە ئۆپۆزیسیونی ئێران دادەنێن هەندێ وێنەی سالانی ڕابردووی پێشمەرگەیان بڵاو کردەوە و دووبارە کەوتنە چوارچێوەی خزمەت بە گوتاری بەئەمنییەتیکردنی خۆپیشاندانەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

هەڵبەت جگە لەو نموونانەی کە ئاماژەم پێ کردن، نموونە زۆری دیکە هەن کە کەسانێک لە دەرەوەی دەسەڵات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاسانکاریی بۆ پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی ڕۆژهەڵات لەلایەن حکوومەتەوە دەکەن. بۆ نموونە لە سالانی ڕابردوودا هەندێجار بینیومانە کاتێک چەند پێشمەرگەیەکی سەر بە حیزبەکان چالاکییەکی تەشکیلاتییان لە نێوخۆ ئەنجام دەدا یان دەکەوتنە کەمینی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم و ناچار دەبوون بەرگری لە خۆیان بکەن، خێرا دەستەیەک بەناو سەربەخۆ یان ڕیفۆرمخواز لە ڕۆژهەڵات ڕەخنەیان دەگرت کە گوایە ئەو چالاکیانەی پێشمەرگە دەبێتە هۆی میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات. لەڕاستیدا، خودی ئەو پاساوهێنانەوە لە خزمەتی بەئەمنییەتیکردن و میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتدا بوو. چونکە لە ماوەی سالانێکی دوورودرێژ کە خەباتی چەکداری لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەستاوە، نەک هەر هیچ هەوڵێک بۆ ئاساییکردنەوە یان چارەسەرکردنی پرسی کورد نەدراوە و هیچ پرسێکی ئەمنیی سیاسی یان ئاسایی نەبووەتەوە، بەڵکو بە کردەوە کوردستان بووەتە بنکەیەکی سەربازیی گەورە و زیاتر لە هەموو کات میلیتاریزە کراوە و بە بنکە و پایەگای سەربازی تەنراوە. ئەگەر میلیتاریزەکردن ئەنجامی بەئەمنییەتیکردن بێت، ئەمە نیشان دەدات کە تەنانەت دوای وەستانی خەباتی چەکداری بەئەمنییەتیکردن لە هەموو بوارەکاندا (سیاسیی، ژینگە، ئابووری، کلتووریی) پەرەی سەندووە. لەڕاستیدا ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕووی داوە سەلمێنەری یەکێک لە ڕوانگەکانی بیرمەندانی قوتابخانەی کوپێنهاگیشە کە دەڵێن هەموو بابەتێک (بابەتە سیاسییەکان، ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ژینگەش) دەکرێت ئەمنییەتی بکرێتەوە. ئەمانەی کە ئاماژەم پێدان تەنیا وەک نموونە بوو، هەر دیاردەیەکی دیکەش دەکرێت بە پشت بەستن بەم مودیلەی بەئەمنییەتی کردن شرۆڤە بکرێت.

## ئەنجام

بەئەمنییەتیکردن پرۆسەیەکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دیاردەی ئاسایی یان سیاسی کە پێشتر یان هەر لە بنەڕەتدا ئەمنییەتی نەبوون، بکەونە چوارچێوە و بازنەی ئەمنییەتییەوە. پرۆسەیەکە کە تێیدا ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر هەوڵ دەدات دیاردەیەک وەک هەڕەشە بنوێنێت بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێک کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت، تەنانەت لە دەرەوەی یاسا و ڕێسا باوەکان مامەڵەی لەگەڵ بکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە گوتار و زمانی بەئەمنییەتیکردن و بەڵگەهێنانەوە یان دروستکردنی بەڵگەیە بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بینینی ئەو بابەتە وەک مەترسی بهێنێت و ڕەوایی بە هەموو کردەوەکانی خۆی بدات. لەم پرۆسەیەدا هەم بابەتەکە دەتوانێت لەڕاستیدا هەڕەشە نەبێت و تەنیا وەک هەڕەشە بنوێنرێت و هەم بەڵگە و ئارگومێنتەکان دەتوانن ساختە و ناڕاست بن. هەر لەم چوارچێوەیەدا، کۆماری

ئیسلامی وەک ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستان زیاتر لە چوار دەیەیە هەوڵی بەئەمنییەتیکردنی پرس و بابەتەکانی ڕۆژهەڵات بەمەبەستی میلیتاریزەکردنی ئەم ناوچەیە و پتەوکردنی پێگەی ناڕەوای خۆی دەدات. ئەو ڕژێمە لە ڕێگەی بەئەمنییەتیکردنی داواکارییە ئاساییی یان سیاسییەکان هەوڵی داوە ڕێگاچارەیەک بۆ کونتڕۆڵکردنی دۆخەکە یان باشتر بڵێم سەرکوتی خەڵک و داواکارییەکانیان بدۆزێتەوە. ئیستا ئیتر هەموو پرسە سیاسییەکان واتە هەر پرسێک کە پەیوەندی بە داواکارییەکانی خەڵک سەبارەت بە پێدانی مافە نەتەوەییەکان یان تەنانەت حوکمڕانی باش و دێموکراتیانەوە هەبێت، بەئەمنییەتی کراون. بۆیە هەموو ڕێگاچارەکانیش بەرتەسک کراونەتەوە لە بەکارهێنانی هێز و باقی شێوازەکانی توندوتیژی و سەرکوتکردن. کۆماری ئیسلامی بەبەکارهێنانی زمانی بەئەمنییەتیکردن لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە هەندێ چەمک وەک جوداییخوازی و هەڵوەشاندنەوەی ئێران، توانیویەتی لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە فارسەکان لەو پرۆسەیەدا لەگەڵ خۆی بخات. ئەمەش وای کردووە تەنانەت بەشێک لە ئۆپوزیسیونی بەناو سەراسەری لە دەرەوەی ئێران زۆر جار بەرامبەر داخوازییەکانی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پەنا بۆ هەمان زمان و گوتاری کوماری ئیسلامی لە پرۆسەی بەئەمنییەتیکردنی کوردستان ببەن. وەک لەم نووسراوەیەدا وتم لە پرۆسەی بەئەمنییەتیکردندا دەبێ وا بنوێنرێت کە هەڕەشەکان مەترسییان بۆ هەمووان هەیە و بەرژوەندییەکانی زیاترین ژمارەی دانیشتوانی وڵاتێک دەخەنە مەترسییەوە. بۆیە ئەم باسە دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بێت کە بۆچی هەم کۆماری ئیسلامی و هەم هەندێ لە ئۆپۆزیسیونی فارس بەردەوام لە مامەڵە لەگەڵ کوردەکان باس لە تەواوییەتی ئەرزی، یەکپارچەیی وڵات و جیاییخوازی یان سەربەخۆییخوازی کوردەکان دەکەن و لەو پرسەدا هیچ جیاوازییەکان پێکەوە نییە.

## یادداشتەکان و سەرچاوەکان:

١- شایانی ئاماژەیە وەک پێشتر ئاماژەم پێ داوە من لە نێوان میلیتاریزەکردن و بەئەمنییەتیکردنی کوردستان جیاوازی دادەنێم. ئەم دوو چەمکە گەرچی زۆر تێکەڵ دەکرێن بەڵام دەتوانم بڵێم میلیتاریزەکردن بەشێک یان باشتر بڵێم یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی سیاسەتی بەئەمنییەتیکردن. بەئەمنییەتیکردن دەروازەیەکە بۆ میلیتاریزە کردن. بۆیە کاتێک دەڵێین بەئەمنییەتیکردنی کوردستان تەنیا مەبەست دامەزراندنی بنکە و بارەگای سەربازی لە کوردستان نییە؛

٢- کمال سلیمانی و احمد محمدپور، امنیتیسازی زندگی: کردستان شرقی (ڕۆژهەڵات) تحت حاکمیت کشور فارسی- شیعی، ترجمە: خوشناو قاضی، صص ١٠-١١ .

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# تێچووی ئێران بۆ یارمەتیدانی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین




**کریستیان ساینس مۆنیتۆر – سکات پیترسن**

**و: کەماڵ حەسەنپوور**

یەکەم کاریگەریی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران لە جەنگی ئۆکراییندا لە کۆتاییەکانی ئاگوست ئاشکرا بوو، کاتێک ڕووسیە کەڵکی لە شاهید - ١٣٦ وەرگرت تا تۆپخانەی جۆری M777 ی ئەمریکایی لەنێو بەرێ، کە هێزەکانی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەو کاتەوە، درۆنە کامیکازە و جۆرەکانی دیکەی ئێرانی، دەورێکی بەرچاویان لە هەڵمەتی ڕووسیە لە ئۆکرایندا گێڕاوە. یەکەم بە هۆی پەشۆکاندنی هێزەکانی ئۆکراینی لە بەرەی جەنگ بە درۆنی هەنگێو کە ٨٠ کیلۆ تەقەمەنی هەڵدەگرن و، پاشان بە ناردنی شەپۆلی ئەوان دژی ئامانجەکانی مەدەنی و ژێرخانی ئەو وڵاتە لە سەرانسەری ئۆکراین.

هێزەکانی ئۆکراینی ئێستا فێری خستنەخوارەوەی درۆنە هێواش و بەژاوەژاوی ئێرانی، کە دەنگی ماتۆڕەکەیان وەک هی ئامێری چیمەنبڕ دەچێ، بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوپەیمانیی ئێران-ڕووسیە، بە دروستکردنی ناوەندی بەرهەمهێنانی درۆن

بۆ کەرتی کشتوکاڵ، لە ناوچەی تاتارستان کە سەدان کیلۆمیتر لە مۆسکۆ دوورە، خەریکی پەرەئەستاندنە، گوایە ئێستا ئەو شوێنە بۆتە ناوەندی بەرهەمهێنانی هاوبەشی درۆنی ئێرانی. ئەوەش ئاکامەکەی بۆ ئێران جێگای ڕەزامەندی بووە، چونکە دەوری نەریتیی ڕووسیە وەک پارێزەر - مشتەری، پێچەوانە بۆتەوە. ئەوە نیشانەی هاوپشتی دژەئەمریکایی لە ڕووسیە لە کاتی پێویستدا بووە، هەردوو وڵات کەوتوونە ژێر گەمارۆی بەربڵاوی ئەمریکایی و ئورووپاییەوە. ئێران هیوادارە بتوانێ دەسەڵاتی ژیۆپۆلیتیکی خۆی گەشە پێ بدا و ببێتە هۆی دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی پێشکەوتووی پارێزگاریی ئاسمانیی S-400 و فڕۆکەی شەڕکەری سوخۆ ٣٥.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێچووی ئێران گەلێک زۆر بووە. لایەنگری لە ڕووسیە لە جەنگ دژی ئۆکراین تەنانەت هەڵگرتنی بەشێک لە گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی زۆرتر وەدوا خستووە و، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەری ڕێککەوتنێک لەمەڕ خاوکردنەوەی گەشەی بەرنامەی ناوکیی ئێران تەنانەت پێش داگیرکاریی ڕووسیە، لاواز ببوو، دوورە دیمەنی داهاتووی ئابووری پڕ لە کێشەی ئێران تاریکە.

عەلی واعیز، سەرۆکی پرۆژەی ئێران سەر بە گرووپی کێشەی نێونەتەوەیی دەڵێ، " ئێران هیچ بژاردەیەکی جێگرەوەی نەبوو و نەیدەتوانی پشتگیریی ڕووسیە نەکات، چونکە ئێران دۆستی زۆر نین." ئاغای واعیز دەڵێ، "ڕووسیە تاقە وڵاتێکە کە کەڵکی لە ڤیتۆ وەرگرتووە تا لە ئەنجومەنی ئاسایش پارێزگاری لە ئێران بکات. تەنیا وڵاتێکە کە لە ساڵانی ڕابردوودا تەکنەلۆژیی بەرگریی داوە بە ئێران؛ و لە سووریە ئێرانی ڕزگار کرد. شوێنێک کە بە بۆچوونی من ئێران لێکدانەوەی هەڵەی کرد... ئەوان ئاستی کاردانەوەی ئورووپاییەکان لەمەڕ پرسی ئۆکراین وهەروەها چەندە بە سەر ئێراندا دەشکێتەوەیان بە کەم گرت".

## کاردانەوە لەسەر دیپلۆماسی ناوکی

وڵاتە یەکگرتووەکان، کە تا ئێستا بایی دەیان میلیارد دۆلار کەرەستەی سەربازیی بۆ ئۆکراین دابین کردووە، وەک "هاوبەشییەکی بێوێنە" باسی پەیوەندییەکانی کرێملین لەگەڵ ئێرانی لە جەنگێکدا کردووە کە ڕووسیە تووشی زەختی سەربازیی و سیاسی بووە.

ڕەنگبێ ئێران وای دانابێ کە شتێکی کەمی بۆ لەکیسدان لە ئورووپا هەیە چونکە بازرگانییەکەی لەگەڵ ئەوێ تێدا چووبوو. هەروەها ئێران متمانەی بە ئورووپا نەمابوو، چونکە لە جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی بۆ بووژاندنەوەی ئابووری ئێران، دوای



سەرچاوە
Serchawe

کشانەوەی سەرکۆمار ترامپ لە ڕێککەوتننامەی ناوکی لە ٢٠١٨، شکستیان هێنابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پشتگیریی ئێران لە ڕووسیە، کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەکانی واشینگتۆنیش هەیە.

ئاغای واعیز هەروەها دەڵێ، "ئەوە بۆتە هۆی دژوارتر بوون و لە ڕوانگەی سیاسییەوە پرتێچووتربوونی دیپلۆماسیی ناوکی. چونکە هەر ڕێککەوتنێک کە لەویدا ئێران لە بواری ئابوورییەوە سوودی پێ بگا، لە ڕوانگەی توندئاژۆیان لە واشینگتۆن وەک دابینکردنی دارایی بۆ ئەو دوو لایەنەی جەنگ لە ئۆکراین سەیر دەکرێ".

ئەو هاوکارییە لەگەڵ مۆسکۆ لە ئاگوستی ساڵی ڕابردوو دەستی پێ کرد، کاتێک ئێران یەکەم درۆنەکانی بۆ دابین کردن. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ڕووسیە بە فرۆکەیەکدا ١٤٥ میلیۆن دۆلار دراوی نەغد و سێ هاژەکی بۆ ئەندازیاریی پێچەوانە ناردە ئێران: یەکی جاڤەلین و یەکی ستینگەر، هەر دووکیان ئەمریکایی و یەک دانە جیلی داهاتووی چەکی سووکی دژە تانک (NLAW)، هی بریتانیا کە هەموویان بۆ ئۆکراین نێردرابوون بەڵام کەوتبوونە دەست ڕووسیە.

وڵادتە یەکگرتووەکان لە مانگی مایدا گوتی ڕووسیە ٤٠٠ درۆنی ئێرانی وەرگرتوون، ئەگەرچی ئۆکراین دەڵێ ١٧٠٠ دانەن. ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکانی ئێران لە مانگی مارچدا گوتیان گرێبەستی کڕینی فرۆکەی شەڕکەری سوخۆ ٣٥ تەواو بووە.
پرۆفیسۆر عەبدولڕەسوڵ فەرزام دیوسالار، پسپۆڕی ئێران لە زانکۆی کاتۆلیکا دێل ساکرۆ کڤۆرێ لە میلان دەڵێ، "ئەوانە دوو دەوڵەتن کە ڕوانگەکانیان لەمەڕ هەڕەشە هاوشێوەیە و لە پەیوەندی لەگەڵ یەرمەتیدانی یەکتر لە بواری ئاسایشی وڵاتەوە خۆیان وەک هاوکاری باشی یەکتر دەزانن." ئەو دەڵێ، سەرەڕای مێژووی ڕووسیە لە وەدواخستندا " ڕووسیەییەکان ئەوەی بەڵێنیان دابوو، پێشکەشیان کرد. ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ پشتگیری لە کاکڵەی ئاسایشی ئێران نەگۆڕن".

## گەشەی دەیان ساڵە

بەرنامەی درۆنی ئێران لە کاتی جەنگی ئێران-عێراق لە هەشتاکانی زایینیدا، وەک ئامرازێکی ستراتێژی ناهاوشێوە بۆ بەرپەرچدانەوەی کێبڕکێکارانی ناوچەیی دەستی پێ کرد کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تەیار کرابوون و هەروەها بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خودی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەستی پێ کرد.

بەرنامەی ئێران هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتن و ئەندازیاریی پێچەوانەی درۆنی پێشکەوتووی ئەمریکایی کە لە عێراق و ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەرگیرابوو، لە ناویاندا درۆنی دژە ڕاداری RQ-170 کە "سی ئای ئەی" کەڵکی لێ وەردەگرتن

و بە ساغی لە خاکی ئێران لە ٢٠١١ لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بەردرابۆوە، گەشەی کرد.

ئێران ئەزموونەکانی لەگەڵ میلیشیا شیعەکان، لە حیزبوڵڵای لوبنان تا حوسییەکانی یەمەن بەش دەکات هەتا جەنگی ئۆکراین. ترۆپکی نموونەی تواناییەکانی درۆنی ئێرانی لە سێپتەمبەری ٢٠١٩ ئاشکرا بوو، کاتێک بنکەی پاڵاوتنی نەوت لە خۆرهەڵاتی عەرەبستانی سعودی بە ١٨ درۆنان لە عەبقیق هەنگێوتران.

ئێران بە فەرمی حاشا لە گواستنەوەی درۆن بۆ ڕووسیە لە کاتی جەنگدا دەکات و ئیدیعای بێلایەنی دەکات. بەڵام کەڵکوەرگرتنی ڕووسیە لە "هێزی درۆنی" ئێرانی لە ئۆکراین سەرچاوەی شانازی بووە بۆ ئێران. ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ئێران لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا گوتی، "چەند ساڵ لەوەپێش دەیگوت وێنەکانی درۆنەکانی ئێرانی و هاژەکەکانی نموونەی فۆتۆشاپ کراون. ئێستا دەڵێن درۆنەکانی ئێرانی گەلێک مەترسیدارن س؛ بۆچی ئەوان بە وڵاتێکی تایبەت دەفرۆشن؟"

ڕۆژنامەی توندئاژۆی کەیهان لە فیبروواری بەو "ئالنگارییە" خۆی هەڵناوە کە هەناردەکردنی کەرەستەی سەربازی، بەتایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی دروست کردووە و ئیدیعای کرد "سەرجەم باڵادەستی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە هێناوەتە ژێر پرسیار".

بەڕاستی، بۆ بڕیاردەرانی ئێران، نزیکتر بوونەوە لە ڕووسیە ئاکامی سروشتیی ساڵانێکی زۆر مامەڵەی خراپ لەگەڵ خۆراوایە. هەنگاوی یەکلاکەرەوە کاتێک بوو کە دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، کە بە بەرجام ناسراوە، کشایەوە و گەمارۆکانی سەپاندنەوە .

مامەڵەی ڕووسیە - ئێرانیش دژواریی خۆیان هەبووە: بۆ وێنە، لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ی زایینی، ڕووسیە بۆ ماوەی چەند ساڵ تەواوکردنی ڕێئاکتۆری وزەی ناوکیی بوشەهر، کە بۆ ئێرانی دروست کردبوو، وەدوا خست. یاساغکردنی چەند ساڵە لەلایەن ڕووسیەوە دژی کڕینی سیستەمی هاژەکی بەرگریی ئاسمانیی S-300 نموونەیەکی دیکەیە.

مۆسکۆ هەروەها پشتیوانیی لە گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێرانی کرد کە بووە هۆی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥. بەڵام لە هەمان ساڵ، کاتێک هێزە زەمینییەکانی ئێران و میلیشیا هاوپەیمانەکانی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار بەشار ئەلئەسەد شەڕیان دەکرد، ڕووسیە هێزی سەربازیی نارد تا هەوشانی ئێران، لە سەرکەوتنی ئەسەد دڵنیا بێ.

## سنووردانانەکانی ئێران

لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ ئێران خۆی سنووردار کردبێ. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ئێران ڕاهێنەری ناردنە بنکەکانی ڕووسیە لە دوورگەی کەریمە و ئەولاتر تا ڕاهێنان بە ئەفسەرانی ڕووسیە بکات چۆن کەڵک لە درۆنەکان وەرگرن. بەڵام هاژەکی بالیستیکی هەنارده نەکردوون، سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی هاژەکەکانی ڕووسیە و ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەمەڕ وتووێژ لەو بوارەدا. هەروەها ئیدیعاکانی ئێران لەمەڕ بێلایەنی، ئەوە دەگەیەنن کە دەرگای بۆ هاندەرە ئەرێنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها خۆبواردن لە ڕەخنەی نێوخۆیی بۆ پشتگیریی لە داگیرکردنی وڵاتێک، لە کاتێکدا کە ئێران لە هەشتاکانی زایینیدا لەلایەن عێراقەوە داگیر کرابوو، ئاواڵا هێشتۆتەوە.

ڕۆژنامەی ڕیفۆرخوازی "ئیعتیماد" لە ئوکتوبردا هۆشداریی دا: "بەڕاستی هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ وڵاتێک کە خەریکی جەنگە "هەنگاوێکی گەلێک ڕیسکدارە، بە تایبەتی کاتێک کە وەرگرەکە بەفەرمی وەک لایەنی هێرشبەر ناسراوە." هەروەها نووسیبووی، "ئێمە بۆخۆمان لە کاتی جەنگ لەگەڵ عێراق تووشی هەمان نەهامەتی بووینەوە. ئێران دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەکانی بێ ... بەو گرینگییە ستراتێژیکییەی خۆراوا دەڕوانێتە ئۆکراین، مەسەلەکە گیروگرفتێکی جیددی دیکە بە لیستەی کێشەکانمانەوە زیاد دەکات".

وێدەچی ڕووسیەش گەیشتبێتە هەمان ئەو سنوورداریيە. حەوتووی ڕابردوو بە پشتگیریی لە لێدوانێک لەگەڵ ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، دوای کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنە لە مۆسکۆ، دەسەڵاتی ئێرانی بەسەر سێ دوورگەی کەنداوی فارسدا هێنابوو ژێر پرسیار، کە ئیمارەتەکانی یەکگرتووی عەرەبی ئیدیعای خاوەندرییەکەیانی دەکات، و ئەوە بووە هۆی تووڕەیی لە ڕادەبەدەری ئێران.

پرۆفیسۆر دیوسالار دەڵێ: "زۆر باسی 'مەزنترین' پشتگیریی ئێران لە ڕووسیە دەکرێ، بەڵام ئەوە دەیتوانی زۆرتر بێ. ئێران وریا بوو کە خاکی ئۆکراین بە هی ڕووسیە نەزانێ؛ ئەو وریا بوو چرای سەوز هەڵنەکات... و ڕووسیە لەوە تووڕە بوو." ناوبراو هەروەها دەڵێ، ئێران تاقمێک ناکۆکی لە سەر خاک لەگەڵ دراوسێکانی هەن کە دانپێدانانی کارێکی پڕ مەترسی دەبێ. "لە ڕوانگەی ڕووسیەوە، پشتیوانی تەواو نییە. لە ڕوانگەی ئێرانەوە، ئەوە ئەوپەڕی ئەو شتەیە ئەوان دەتوانن پێشکەشی بکەن".

گەلاوێژی ٢٧٢٣

ئاغای واعیز لە گرووپی کێشەی نێونەتەوەیی دەڵێ، بەڕاستی ئەگەر ئێران بە پشتیوانییەکەی لە ڕووسیە گەڕانەوە بۆ جۆرێک ڕێککەوتنی ناوکی ئاڵۆز کردووە، کە بۆتە هۆی سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئەو وڵاتەدا، کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنەکەش تێچوویەکی خستۆتە سەر جەنگی ئۆکراین کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان گەلێک گرینگە.

ئەو دەڵێ، "ئەمن پێموایە، بهاتبا بەرجام بووژاباوە و ئێران شتی زۆرتری بۆ لەکیسچوون هەبا، ئەوکات گەلێک زۆرتر لە پشتگیریی لە ڕووسیە لە جەنگە دەستدرێژیکارانەکەی دژی ئۆکراین، بەگومان دەبوو".

توێژەرێکی ئێرانی یارمەتیی بەو ڕاپۆرتە کردووە.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ٢٥ی گەلاوێژ، دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوا




**ناسر ساڵحی‌نەسڵ**

پاش داگیرکردنی ئێران لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە و هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و دوورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ ئەفریقای باشوور، جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی بەخێرایی پەرەی گرت. لە وەها کەشوهەوایەکدا نەتەوەکانی ئێران خوازیاری دامەزرانی سیستەمێکی دێموکراتیک بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکانی لەسەر بنەمای دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناناوەندگەرادا بوون. بەڵام ڕێژیمی حەمەڕەزا شا و دەستوپێوەندییەکانی لە فیکری بەهێزکردنی حکوومەتێکی ناوەندگەرا و داخراو بۆ ئێران بوو.

لە وەها بارودۆخێکدا جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد، دژ بە زۆرداریی دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی چەند تایبەتمەندییەوە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەهێزتر بوو. چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی جەنگی دووهەمی جیهانی، شوێنی



سەرچاوە
Serchawe

ڕوودانی چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بوو. ئەو ڕاپەرینانەی کە لە ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان سەریان هەڵدا، هەموویان ئامانجی سیاسی و نەتەوایەتی و فەرهەنگییان هەبوو. هەروەها لە ناوچەی موکریان، پاش ڕووخاندنی ڕەزاشا و هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی شاهەنشایی و نەمانیان لە ناوچەکە، بە هۆی هێندیک تایبەتمەندی جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی و کاریگەریی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەلومەرجێکی لەباری تێدا ڕەخسا و پاش ماوەیەکی کەم، بوو بە ناوەندی چالاکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و نەتەوەیی. لە٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد "ژێکاف" یەکەم ڕێکخراوەی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەبوو و ئامانجی، ڕزگاریی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام چونکە "ژێکاف" نهێنی بوو و لە جوغرافیایەکی دیاریکراو و چوارچێوەیەکی داخراودا بوو، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە و لە سەرەوەی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەستی بە پێویستیی دامەزرانی حیزبێکی مودێڕن و پێشکەوتوو کرد، هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر بناعەی تەشکیلاتیی "ژێکاف" و بە هیممەتی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد لە شاری مەهاباد دامەزرا. هەروەها پرۆگرامی سیاسی خۆی لە ٨ ماددەدا بڵاو کردەوە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژوویی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێکهێنانی حیزبیکی سیاسی، پێشکەوتوو و مودێرندا. هەروەها وەک حیزبیکی سیاسی _ نەتەوەیی و دێموکراتیک هاتە گۆڕپانی خەبات و تێکۆشانەوە و خۆی وەک نوێنەری تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێو ڕووداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کوردستاندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەک حیزبێکی خاوەن هەڵوێستی جەماوەری، پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەروەها هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی مافە نەتەوەیەتییەکانی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت، لە مێژوویی سیاسی خەباتی ڕەوادا، بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو توانا و چالاکی خۆی وەگەڕ خست بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان. هەر بۆیە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویی خەباتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و لە مێژوویی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی دادەنرێت. لە بڕگەیەکی چارەنووسسازدا لە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی سەرکۆمار و هاوڕێیانی و گرتن و زیندانیکردنی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نفووزی ساواک لە تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە

ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا بە هیممەت و تێکۆشانی کادرە لاوەکانی و لەژێر ڕێنوێنیی کادری لاو عەبدولڕەحمان قاسملوو، پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران پچڕاند. پاشان چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خستەوە. هەروەها سەرلەنوێ ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی بە چاپ گەیاندەوە.

برگەیەکی دیکەی خەباتی حیزبی دێموکرات، ڕاپەرینی پڕ لە شانازیی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوییە بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە بەشێک لە جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو ڕاپەرینە چارەنووسساز و شۆڕشگێرانەیە نزیک بە ١٨ مانگی خایاند. بەڵام ئەو شۆڕش و ڕاپەرینە چارەنووسسازە بە شەهیدکرانی دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، بە ئەمری حەمەڕەزا شا، لەلایەن ئەرتەشی شای ئێران دامرکایەوە.
برگەیەکی دیکەی مێژوویی سیاسی حیزبی دێموکرات گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٧٠ی زایینی، بۆ کوردستانی باشوورە. پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و دارشتنی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار پاش کۆنگرەی سێهەم، بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبێکی پێشکەوتوو و مودێڕن کە بە خاڵێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی سیاسیی حیزبیکی کوردی دێتە ئەژماردن.

برگەیەکی دیکەی خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکرات پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قوناغێکی دیکەی خەباتی سیاسیی خۆیەوە. لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی خومەینیدا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هات. قوناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سیستەمێکی نوێ و نەناسراو بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان گەلی کورد بوو. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەرلەنوێ خەباتی ئاشکرای خۆی لە میتینگی ١٠٠ هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تامی ئازادیی ڕاستەقینەی دەچێژت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سەرەوەی نەبوو. بەڵام بەداخەوە پاش بێئاکامبوونی وتووێژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی خومەینی بریاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە لە نەورۆزی سالی ١٣٥٨ی هەتاویدا ڕێژیمی خومەینی هێرشێکی بەربلاوی نیزامیی بۆ سەر شاری سنە دەست پێکرد. پاشان خومەینی بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و لەشکرکێشیی پاسدارانی نەزانی ڕێژیم بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، کە ئەو شەڕە نابەرانبەرە تا ئێستاش لە شێوەی

گەلاوێژی ٢٧٢٣

جۆراوجۆردا له ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە.

خاڵی گرنگ و جێگای وردبوونەوە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا دوکتور قاسملوو یەکەم کەسی کورد و ئێرانی بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەلێک بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی ویلایەتی فەقیهی لە ئێراندا لە قەلەم دا. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕیفراندۆمی گۆڕینی سیستەم بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کرد.
بەڵام هەر ئەوکات زۆر لایەنی چەپ و مارکسیزم، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئەمپریالیزم و بەتایبەت ئامریکا هەنگاو دەنێت و ئەو لایەنە چەپانە بە کردەوە پشتیوانییان لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی خومەینی دەکرد. کاتێک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لەلایەن تاقمێک بە ناو خوێندکارەوە دەستی بەسەردا گیرا، زۆر لایەن پشتیوانییان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی کرد، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو ئەو کردەوەی ڕێژیمی خومەینی بۆ گرتن و دەسبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئامریکای مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی زانی، کە ئێستا بۆتە جێگای ئافەرینی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و جیهانی پێشکەوتوو.

ئەورۆ کە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی شار و شەقام و ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینا، تەوەر و میحوەری سەرەکی باس و خواستەکانە ناوچە و جیهان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە چاو و چرای ئێران، سەرچاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون بەو چەمکانە و واقیعبینبوون لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئێستا کە باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی شار بۆتە فەرهەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی بێبەش لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران هەر لە کاتی دامەزرانیەوە تا ئێستا دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێڕنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران بووە کە باوەڕی قووڵی بە خەباتی مەدەنی، شار و شەقام هەیە و هەبووە. هەر بۆیە ئێستاش پاش نزیک بە هەشت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی، ڕێباز و قوتابخانەی چوارچرا نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتووە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە و وەک گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا دەر کەوتووە.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خەبات ژیانە



**ڕەزا دانشجوو**

"پاپیۆن" یەکێکە لەو فیلمانەی بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵت دەکات. هەر دیمەنێک لەم فیلمە دەتوانرێت بە چیرۆکی کەسێکەوە ببەسترێتەوە. چیرۆکێکی ناوازە لە وازنەهێنان و ملنەدان بۆ نادادپەروەری. ئەوکاتەی گوێیەک نییە بۆ بیستنی ڕاستییەکان و مرۆڤ ناچار دەبێت ڕێگایەکی تر بۆ ئەستاندنی مافە پێشێلکراوەکانی هەڵبژێرێت. ئەمە سەرەتای خەباتێکە، لایەنێکی تەسلیمبوون و ملکەچبوونە بۆ ویست و داوای ستەمکار و لایەنەکەی تری گەڕان بو دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگارییە. ئەم ڕزگارییە کە زۆربەی کاتەکان بەئاسانی وەدەست نایەت و پێویستی بە نەسرەوتن و تێپەڕاندنی سەختی و نەهامەتیەکانە. ئیرادەی لاواز کۆتایی ئەم ململانێیەیە، ئەوکاتەی کە هەست بە سەر ئیرادەدا زاڵ دەبێت و مرۆڤ خۆی تەسلیمی چارەنووس ئەکات، ئێتر گەیشتن بە ئازادی دەبێتە خەون و خەیاڵێکی بێسەرەنجام.

ئەوەی "پاپیۆن" دەکاتە فیلمێکی جیاواز و سەرنجڕاکێش ئیرادەی ماندوویینەناسی پاڵەوانی فیلمەکە لەم شەڕەدایە. هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگر بێت لە گەیشتن بە ئازادی، نە زیندانی تاکەکەسی لە هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون دەیترسێنێت، و نە

بوونی ڕاوچییەکانی مرۆڤ دەتوانێت لەم ڕێگەیە دوودڵی بکات. دوودڵی خاڵی دەستپێکی گومانکردن لە بڕیارێکی دروستە. "پاپیۆن" هاوڕێیەتی لەگەڵ جەماعەتی گوڵ قەبوڵ دەکات لە کاتێکدا باش دەزانێت ئەم هاوڕێیەتییە دەتوانێت سەرەتای تووشبوونی نەخۆشییەکی مەترسیدار بێت، بەڵام باوەڕی بەو ڕێگایە هەیە کە هەڵیبژاردووە، و دەزانێت کە ئەم ڕێگایە ڕێگای ڕزگارییە. دوورخستنەوە و فڕێدانی بۆ "دوڕگەی شەیتان" لوتکەی ئەم ململانێیەیە. لەم شوێنەدا جارێکی تر هاوڕێ کۆنەکەی دەبینێتەوە، تێدەکۆشێت جارێکی تر قەناعەتی پێ بهێنێت کە لەم شوێنە دوورکەوتەوەش هیوایەک بۆ داهاتوو هەیە و لێرەشدا مرۆڤ دەتوانێت بیر لە ڕزگاری بکاتەوە. ئەم دوورگەیە سنوورێکە لە نێوان "پاپیۆن" و هاوڕێکەیدا. ئەو هاوڕێیەی کە ئیتر لە شەڕ و ململانێ بێزارە. لە چاوی هاوڕێکەیدا، خەبات و تێکۆشان چیتر وەڵامدار نییە، مرۆڤ ناچارە ملکەچی قەدەر و تەسلیمی چارەنووس بێت! هاوڕێیەکەی بەجێی خەبات بۆ ڕزگاری دەیهەوێت لەم دوورگەیەدا بمێنێتەوە و چاوەڕێی مردن بکات. بەڵام "پاپیۆن" بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی "موریس". پاپیۆن دەیهەوێت دونیای دەرەوەی دوورگە نیشان هاوڕێیەکەی بدات، لە کۆتاییدا "موریس" ڕازی دەبێت تا ببێتە موسافیری ڕێگەی ڕزگاری. مۆسیقای ناوازە و دڵڕفێن و ئاسمانی "جێری گۆلد سمیت" بەشێکە لە چیرۆکی هیوابەخشی خەبات بۆ ڕزگاری، بێ وەستان، بێ دوودڵیی.

سێکانسی کۆتایی پاپیۆن شاکارێکی تەواو و مانیفێستی کۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە ئازادییە. چرکەساتێک پێش ڕۆیشتن "موریس" دیسان پەشیمان بووەتەوە، دەترسێت و داوا لە "پاپیۆن" دەکات کە ئەویش نەڕوات. تێکۆشان بۆ ڕازیکردنی موریس ئیتر بێئەنجامە، پاپیۆن دەبێت بڕیار بدات، ماڵئاوایی لە موریس دەکات و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ خۆی داوێتە نێو شەپۆلەکانی سەرسوڕهێنەری ئوقیانووس و سواری چەند تەختەدارێک ڕێگای ڕزگاری دەبڕێت، سەخت و چەتوون بەڵام دەکرێت و دەبێ ببێت.

"پاپیۆن" لەنێوان چاوەڕوانیی بۆ مردن و هەوڵدان بۆ مانەوە، ڕێگەی دووەم هەڵدەبژێرێت. شکستەکان هەرگیز نەیانتوانیوە ئیرادەی بەچۆک دابێنن، و ئێستا بەئیرادەتر لە هەموو کاتێکە. بەدەستهێنانی ئازادی سەخت و چەتوونە، ڕزگاری بایەخی زۆری هەیە و تێچووی خۆی دەوێت. "پاپیۆن" لە کاتێکدا خەریکە لە "دوورگەی شەیتان"، ئەم شوێنەی هەم لەلای زیندانبانەکان و هەم لای زیندانییەکان هەڵاتن لێی مەحاڵ بوو، بەرەو ڕزگاری دوور دەکەوێتەوە، هاوار دەکات: "جەماعەتی زۆڵ، چاولێکەن، من زیندووم". پاپیۆن زیندوو مایەوە، چونکە لە ململانێی ژیاندا بەجێی تەسلیمبوون و ملکەچی، خەبات و سەرهەڵدانی هەڵبژارد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی دوورودرێژی خەبات و تێکۆشان لەدژی دوو دەسەڵاتی فاشیست، لە چەندین بەربەست و قۆناغی سەخت تێپەڕیوە، دەیان ناخۆشی و نەهامەتیی بە چاوی خۆی بینیوە، لە ئێعدام و تیرۆرکردنی

ڕێبەران و سەدان کادر و ئەندامەوە تا کۆچ و ئاوارەیی زۆرەملێ، لە هێرشی سەربازییەوە تا مووشەکباران، لە هەوڵدان بۆ تێکدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد تا هتد. بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ، سەرەڕای هەموو ئەم ڕووداوانەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەسەر حزبی دێموکراتدا سەپێنراون و هەندێ ڕووداوی ناخۆشی نێوخۆیی وەک دابڕان و دابەشبوون، حیزبی دێموکرات توانیویەتی وەک کۆنترین حیزبی سیاسیی چالاک نەک تەنیا لە جوغرافیای کوردستان بەڵکوو لە ئێراندا بە شێوەیەکی دینامیکیتر لە پێشوو درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات.

لە بەرانبەردا پێویستە بگوترێ زۆرێک لەم حیزبانەی سەردەمێک توانای کۆکردنەوەی بەمیلیون کەس خەڵکیان هەبوو و ژمارەی ئەندامەکانیان دەگەیشتە سەدان هەزار، ئێستا لە ساحەی سیاسیدا نە ناویان هەیە و نە ناونیشانیان ماوە! ڕەنگە گرنگترین هۆکاری ئەم جیاوازییە لە پرۆسەی پێکهێنانی ئەو حیزبانەدا بدۆزرێتەوە. زۆربەی ئەو حیزبانە دەرەنجامی شێوەیەکی تایبەت لە بیرکردنەوە و لەژێر کاریگەریی بیروڕای زاڵی سەردەمی خۆیان و لە ڕاستیدا کارکردی پێشهاتە جیهانی و ناوچەییەکان بوون، لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەری هەڵداوە و دەرەنجامی پەرەسەندنێکی فیکری لە کۆمەڵەی ژ-کاف بۆ کۆماری کوردستانە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات هیچ کاتێک شتێکی جیا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات نەبووە و ناتوانێت بێت.

هۆکاری مانەوەی دێموکرات وەک بزووتنەوەیەکی کاریگەر دوای نزیک بە هەشتا ساڵ خەباتی سیاسی نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕاستییە کە حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بووە هەیە. ئەم پێوەندییەی نێوان دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵات هەرچەندە فاکتەرێکی زۆر هاندەرە لە ڕێگای تێپەڕاندنی قەیرانەکان بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵام لە هەمان کاتدا قورسایی بڕیاردان لەم حیزبەش چەند بەرانبەر دەکات.

هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەم ڕۆژانە لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، گوشاری داگیرکەران، بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ململانێی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەستیاری ئەم بابەتە دوو هێندە دەکات. بڕیارە سیاسییەکان بەشێکن لە پرۆسەی کاری حیزبێک و بەپێی هەلومەرج و پێداویستییەکانی ڕۆژ دەردەچن و ڕەنگە تاقمێکیان لەلایەن خەڵکەوە خوازراو نەبن و ئەمە لە دونیای سیاسەت ڕێگەپێدراوە. بەڵام هیچ بڕیارێکی حیزبی ناتوانێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک لە هێڵەسوورەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لابدات.

بۆ نموونە وەستانی شەڕی چەکداری لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا دەتوانرێت وەک بڕیارێکی سیاسی کە بەپێی بارودۆخی

ناوچە گیراوە پۆلێن بکرێت. بەڵام خەبات و تێکۆشان سیاسی لەدژی داگیرکەر بە هەر شێوەیەک ڕێگەپێدراوە و بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەم نیشانە شەرەفە بە هەموو شێوەیەک پارێزراوە. ئەم نیشانە شەرەفە دەرئەنجامی خوێنی هەزاران شەهیدی سەربەرزە و شتێک نییە پشتگوێ بخرێت. خەبات ژیانە و تەسلیمبوون کۆتایی کارەساتبارانەی خەونی ڕزگاریخوازییە. وشەکان ناتوانن حەقیقەت بگۆڕن، ئەوە بارودۆخەکانن کە شوناس بە وشەکان دەبەخشن.

ئەوانەی تەپڵی نائومێدی لێ بدەن و وەک "موریس" لە خەبات و تێکۆشان ماندوو بوون، چارەنووسیان تێداچوونە. هەڵاتن لە"دوورگەی شەیتان" یش ئاساییە ئەگەر مرۆڤ کۆڵ نەدات و باوەڕی بە بەرخۆدان و ڕزگاری هەبێت، ئەوکات دەتوانێت ببێتە هاوسەفەری شەپۆلەکانی دەریا و سواری تەختەدارێک بەرەو شوێنی مەبەست ڕێگا ببڕێت. دەبێ باوەڕت بە خەبات هەبێت و دەبێ ئازادی ئامانجت بێت، ئەوکات مرۆڤ دەتوانێت چاوەڕوانی داهاتوو بێت، ئەم ڕۆژەی کە ئاڵای کوردستان لەسەر لوتکەی چیاکانە شەکاوە و کەسێک لە ناخی دڵییەوە، ساڵیان تووڕەیی لە قورگیدا، هاوار دەکات: "ها داگیرکەر، لە بیرتە پێم گوتی، ئێرە نیشتیمانی منە و تۆ درەنگ یا زوو دەبێ بڕۆیت."

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# حیزبی دێموکرات لە بەردەم هەلومەرجێکی مێژووییدا




**مەنسوور مروەتی**

بەرەوپیلی یەک ساڵەی شۆڕشی ژینا و سەرهەڵدانی نوێی خەڵکی ئێران دەچین. ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی هەمووان هەڵسەنگاندن و خەسارناسییەکی واقعبینانە بۆ ئەم یەکساڵەی تێکۆشانی خۆیان بکەن. ئەگەر ئەم ماوەیە خاڵی هاوبەشی هەموو خەڵکی ئێران ڕزگاربوون لە دەست زوڵم و زۆریی ڕێژیمی سەرتاپا گەندەڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، بێگومان ئەوا بۆ نەتەوە بندەستەکانی نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە جیاواز لەو خاڵە هاوبەشە، پرسێکی لەمێژینەی چارەسەرنەکراو بە ناوی مافی نەتەوەیی بوونی هەیە کە لانیکەم بۆ خەڵکی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. پرسێکی ژیانەکی کە وەبیرهێنەرەوەی خەبات و هەوڵ و تێکۆشانێکی سەدان ساڵەی پڕ لە چەرمەسەری و کەوتن و هەستانەوە و هەورازونشێوی زۆری نەتەوەی کوردە. بۆیە لە شۆڕشی ئەمجارەشدا پرسی نەتەوەیی پڕڕەنگتر لە هەمووکات و لە ڕیزی هەرەپێشەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوو.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، لە شەڕ و ماڵوێرانی، پەلامار و ئێعدام، کوشتاری



سەرچاوە
Serchawe

بەکۆمەڵ و ژێنوساید، بۆمباران و ڕاوەدوونان، کۆچی زۆرەملێ و تیرۆری ڕێبەرانی کورد و دەسبەسەرکرانی بەربڵاوی چالاکانی سیاسی، مەدەنییەوە بگرە هەتا مووشەک و درۆنبارانی حیزبەکانی کوردستان کە مەبەست لێی زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و لاوازکردن و نەهێشتنیەتی، بەڵام سەرنجڕاکێش و خاڵی بەهێزی بزووتنەوەکە ئەوەیە: ئەم گەلە کۆڵی نەداوە و هەروا لەسەر پێ و چالاکە و لە شۆڕشی ژیناشدا بزوێنەر و پێشەنگی شۆڕشەکە بوو و هەیە.

خاڵێکی تری بەهێزیی بزووتنەوەی کوردستان ئەو یەکگرتوویە ڕێژەییەی لەنێو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ناوەندی هاوکاریدا هەبوو. ناوەندی هاوکاری کە خۆی وەک وڵامدانەوەیەک بە پێویستیی یەکگرتوویی و پێکەوەکارکردن بوو، لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا. بەڵام مەنشووری جۆرج‌تاون و هاتنەئارای بیروڕای جیاواز لە کوردستان ئەو یەکگرتووییەی ناوەندی هاوکاری لەلایەن کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانەوە هێمای پرسیاری لەسەر دانرا و خوڵقێنەری دۆخێکی نەرێنی بوو کە دەکرێ لە هەڵسەنگاندنی ئەم یەکساڵەی دواییدا ئەمە بە یەکێک لە خەسارەکان ناو ببرێ.
بە حوکمی پێگە و کاریگەریی زیاتری حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی کوردستان و لە کۆمەڵگەی کوردستان، دەکرێ بگوترێ کە ئەم حیزبە هەر بەو ڕاددیەش بەرپرسایەتیی گرینگی دەکەوێتە سەرشان و وەک ئاڵاهەڵگری پرسی نەتەوەیی لە کوردستان پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەتر بۆ هەڵوێست و ڕەفتارە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لاوان وەکوو چینێکی زیندووتری کومەڵگە بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێڕن لە سەد ساڵەی ڕابردوودا، شانازیی دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی کوردی و ڕەسمیەت بەخشین بە هێما نەتەوەییەکانی کوردی، وەکوو ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی و سوپای میللی کوردستان لە دنیادا هەیە. سەرەڕای لەنێوچوونی کۆماری کوردستان بەڵام ئەوەی لەو کۆمارەدا لە پرۆسەی نەتەوەسازییدا کاری بۆ کرا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێنا و بزوتنەوەی کوردستانی خستە سەر ڕێڕەوێکی وەها کە ئێستا گەشەی ناوسیونالیزم لە کوردستاندا لەوپەڕی خۆیدایە.

لە بابەت خۆشەویستی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و کاریگەرییان لە سەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەت نەوی نوێ دەیان و سەدان نموونەی بەرچاو هەیە بەڵام لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوو کەس لە شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری پیرانشار بکرێ. باوی شەهید کۆمار دەرئوفتادە لە کاتی ناشتنی تەرمی جگەرگۆشەکەیدا بە گەرووی پڕگریانەوە گوتی: "ئەمن ئەم کوڕەم لە ٢٥ی گەلاوێژدا لە دایک بوو، ناوم نا کۆمار." یان باوکی شەهید کاروان، ئەویش هەر لە کاتی ناشتنی کوڕەکەیدا گوتی: "لە بەر خۆشەویستیی کاروانی شەهیدان ناوی کوڕەکەمم نا کاروان" کە مەبەست بەرنامەی کاروانی شەهیدانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتە کە تێدا ڕێز لە یاد و ناوی شەهیدانی پێشمەرگە دەگیرێ.
بە گشتی هەڵسوکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستاندا جیا لەوەی دەکرێ بڵێین بێوێنە بوون، لە لایەکی دیکەوە نیشاندەری ئاستێکی بەرز لە وشیاری سیاسی و هەست بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر دۆزی ڕەوا و مافەکانی

گەلەکەیان بوو. مانگرتنە بەردرێژەکانی دوکاندار و بازاڕییەکانی کوردستان، یارمەتیدانی برینداران بە هەموو جۆرەکان و بەتایبەت لەلایەن دوکتور و پەرستارەکان و لە سەرپشت بوونی درگای ماڵان بۆ پەناهێنانی خۆپیشاندەران و بەتەنیا نەهێشتنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و چەندین و چەندەها نموونەی دیکە لە هاودڵی و هاوکاریی خەڵکی کوردستان تابلۆیەکی بەربەرینی پڕ لە هیوا و ئومێدیان لە ئاستی بەرزی هەست و ویستی نەتەوەیی لە کوردستان خستە پێش چاوی دونیا. لە یەک ڕستەدا وا باشە بگوترێ کە خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەدا وەک نەتەوە دەرکەوتن. نەتەوەیەک کە بە پێناسە نوێیەکەی نەک تەنیا زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ئایینی هاوبەش و شتی وا، بەڵکوو نەتەوەیەک بە هەست و ویستی هاوبەشەوە. بێگومان بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئێستای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەم شۆڕەشدا و دەرکەوتنە فرەلایەن و ماناداره‌کانیان پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی بەرفراوان هەیە و لە توانای ئەم وتارەدا نییە، بەڵام ئەوەی بەئاشکرا دیارە ئەوەیە،میللەتێک بە هەموو وجوودیەوە داوای مافەکانی خۆی دەکا. ئەم نەتەوەیە لە مافەکانی خۆی تێگەیشتووە و بەباشی ئاگاداری جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ نەتەوەی باڵادەستە کە ساڵانێکە دەسەڵاتدارەکانی حاشایان لێ کردووە و هەوڵیان داوە بیسڕنەوە.

لەوە ئەولاتر ئێستا نەوەیەک پەروەردە بووە و لە مەیداندایە کە سێ و چوار ساڵ لەوەپێش شەهید دوکتور قاسملوو بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشبینیی کردبوو. دوکتور قاسملوو لە دوایین قسەکانی لەگەڵ هەیئەتی بەناو وتووێژکاری ئێران دەڵێ، نەوەی ئێمە ئێستا لەبەرانبەر داواکاریی خۆمان کە خودموختارییە بەرپرسیارین، بەڵام ڕەنگە لە دواڕۆژدا و نەوەی دواڕۆژ داوای سەربەخۆیی بکەن.

ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە ئەوەیە بوترێ چاوخشاندنێکی سەرپێی بە ڕەفتارە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێمان دەڵێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی قووڵی بەسەردا هاتووە و لە ئێستا تینووی گوتارێکی تۆختری نەتەوەیی لەچاو ڕابردوویە. ئەوان لە بیروزەینی خۆیاندا سنووری خۆیان لە گەڵ دەرەوەی کوردستان دیاری کردووە،و پێویستە ئەم واقعییەتە لە چاوی هیچ ڕێکخراوێکی بەرپرسەوە ون نەبێ. وەک لە سەرەتاشدا باس کرا، لەم بوارەدا ئەرکی سەرەکی لە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. حیزبی دێموکرات ئەو حیزبەیە کە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردستاندا بە هەڵسەنگاندن و دەرکی دروست و واقعبینانە لە ژینگەی سیاسی خۆی، هەنگاوی دروست و پێویستی هەڵگرتووتەوە. حیزبێک کە هەر لە سەرەتاوە دامەزرێنەر و پارێزەری هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی خۆی بووە پێویستە لە ئێستادا کە ناسیونالیزم لە ڕۆژهەڵاتدا لە چڵەپۆپەی خۆیدایە بەباشی دەرک بەم بابەتە بکا و بە گوتارێکی ڕادیکاڵتر لە پێشوو ڕەسالەتی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# وڕەی شۆڕش



**ئاسۆ مینبەری**

لەو ڕۆژەوە کە ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم کوژرا و شۆڕشی بێوێنەی ژینا بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد، تاکوو ئەمڕۆ کە نزیک بە ١٠ مانگ بەسەر دەسپێکی ئەم شۆڕشەدا تێدەپەڕێ، کوردستان بینەری کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر بووە. کۆمەڵێک حەماسەی گەورە خوڵقاون کە ڕەنگە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامیدا و سەرەڕای هەبوونی شەپۆلی جیاوازی ناڕەزایەتییەکان، کۆمەڵگە ڕووداو و حەماسەی لەو چەشنەی بە خۆیەوە نەدیتبێ.

بە شەهیدبوونی هەر لاوێکی کوردستان، حەماسەیەک خوڵقا، ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و پرسە و چلەی ماتەمینی، بە پێچەوانەی نۆرمی کۆمەڵگە، بوون بە دەرفەت بۆ بەگژداچوونەوە و ئەکتێکی نوی بەرانبەر بە داگیرکاری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی ئێران و هاوکاتیش خوڵقاندنی حەماسەیەکی نوێ و دەگمەن.

ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو، هەڵگری کۆمەڵێک بەها و پەیامی گرینگ بوون؛ وردبوونەوە لە هەرکام لەو ڕووداوانە بۆ ئەوە دەبێ دەیان و سەدان کتێبی لێ بنووسرێ و بچێتە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردەوە.

هەر کام لە ڕووداوەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا، وانەیەکی جیاوازی پێ بوو، بەڵام هەموویان لە یەک شتدا کۆک و تەبا بوون، ئەویش ئەو پەیامە گرینگەی ئەم نەتەوەیە بە هیچ چەشنە سەرکوت و زەبر و زەنگێک بەچۆک دانایە و تا گەیشتن بە ئامانجی خۆی، لە ڕێبازی تێکۆشان بەردەوام دەبێ.

لە ڕۆژی شەهیدبوونی ژیناوە، شارەکانی کوردستان هەموو ڕۆژێک دەبوون بە گۆڕەپانێک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە ڕێژیم. هەر ڕۆژە و لە شارێک بڵێسەی ئاگری نارەزایەتییەکان بەرز دەبووەوە و ڕێژیمی لە لێواری هەڵدێر نزیکتر دەکردەوە. هەر ڕۆژ و لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا، کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویان دەدا کە پێکەوە بوون بە پێناسەیەک بۆ شۆڕشی ژینا.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١، "محەممەد حەسەنزادە"ی تەمەن ٢٨ ساڵ، لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی شاری بۆکاندا بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شەهید بوو. شەهید محەممەد لە دوایین ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا نووسیبووی: "ڕەنگە ئەمڕۆ، ڕۆژی کۆتایی ژیانم بێ، لە پێناو بەختەوەری گەلەکەم...". بەڵام چیرۆکی محەممەد لێرە و بە شەهیدبوونی کۆتایی پێ نەهات، هەر ئەوەی کە هاوڕێکانی بە گیانبازییەوە چوونە مەیدانی خەباتەوە، نیشانی دا کە چۆن ڕێبازی شەهیدان درێژەی دەبێ. باوکی شەهید محەممەد، لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەی بە دڵێکی پڕ بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی بەڵام سەربەرزانە و وەک باوکی شەهیدێکی ئەم نیشتمانە، بە قسەکانی حەماسەیەکی نوێی خوڵقاند، و هێز و وزەی دووبارەی بە شۆڕشەکە بەخشی و بە ڕێژیمی ئێرانی سەلماند کە تەنانەت شەهیدکردنی ڕۆڵەکانیشیان ناتوانێ لە خەبات و تێکۆشان بیانوەستێنێ. باوکی شەهید محەممەد، لە سەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بە ڕستەیەک، وێڕای بزواندنی هەستی خەڵکی کوردستان، وزەی بەردەوامبوونی پێ دان، کاک ئەحمەد لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بەغیرەتبوونی پیاوانی، بە غیرەتی ژنانەوە پێناسەوە کرد و گوتی، لەمەبەدوا بۆ ئەوەی پیاوێک زۆر پیاو و بەغیرەت بێ دەبێ زۆر ژن بێ!

هێنانە سەر زاری ئەم قسانە بۆ باوکێک کە ساڵەکانی تەمەن و لاوەتیی خۆی لە پێناو بەختەوەریی منداڵەی داناوە، ئاسان نییە، ئەگەر خۆشەویستیی نیشتمان نەبێ چی ئەتوانێ لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی جگەرگۆشەیەکدا، ئەم هێزە بەم باوکە ببەخشێ کە ئاوا سەربەرزانە و بوێرانە بێتە گۆ و شۆڕشێک بە زیندوویی ڕابگرێ!



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

بەڵام چیرۆکەکە لێرەش کۆتایی پێ نەهات، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەک لە دایکی شەهید محەممەد، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاند. دایە عەزیمە، لە کاتی پڕکردنەوەی ئەو گۆڕانەی لە تەنیشت گڵکۆی کوڕە شەهیدەکەی و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە ئامادە کرابوون، پێشی بە پیلانە نگریسەکەی ڕێژیم گرت. ڕێژیم بە خەیاڵی خۆی بە هەڵکەندنی عەرزی دەوروبەری مەزاری شەهیدان دەتوانێ پێش بە کۆبوونەوەی خەڵک لەسەر مەزاری شەهید محەممەد بگرێ و ئاگری ئەم شۆڕشە دامرکێنێ، بەڵام دایە عەزیمە بە وتنی ئەم ڕستەیە کە خاک و وەتەنی ئێمەیە، خۆ هی حکوومەت نییە، بۆ جارێکی دیکە حەماسەیەکی نوێی خوڵقاند.

ئەکتی دایک و باوکی شەهیدان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لە گرینگترین فاکتەرەکانی زیندوومانەوەی ئەم شۆڕشە بوون. بێگومان بۆ هیچ دایک و باوکێک ڕاهاتن لەگەڵ مەرگی منداڵەکەیان ئاسان نییە، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، دایک و باوکان، پاش شەهیدبوونی منداڵەکانیان، بوون بە بزوێنەری شۆڕشەکە. ئاخرین ستۆرییەکانی شەهید محەممەد، قسەکانی باوکی لە کاتی ناشتنی تەرمەکەی و کردەوە و قسەکانی دایکی لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە هیچ بەربەستێک ناتوانێ خەڵک لە داواکارییەکانیان دوور بخاتەوە. هەر کام لەم ئەکتە جیاوازانە لە زەمەنێکی جیاوازدا ڕوویان دا، بەڵام ئاراستەی هەموویان، شۆڕشەکە و زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە بوو. لە ڕاستیدا کردەوەی هەر کام لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدان، بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیی وزەیەکی تازە بە شۆڕشەکە بدات.

لە فیداکاری بۆ گەل و نیشتماندا، شەهیدبوون بەرزترین پلەیە کە بە تاک دەبەخشرێت، شەهیدانی شۆڕشی ژیناش سەرەڕای ئەوەی کە هەر کامەیان لە جێگە و پێگەی خۆیاندا سەرمایەی ئەم خاک و نیشتمانە بوون، بەڵام بە شەهیدبوونیان و پێشکەشکردنی ژیان و گیانیان لەپێناو ئازادیی نیشتماندا، وانەی لەخۆبوردوویییان جارێکی دیکە پێ داینەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمە، شەهیدبوونیان هێزێکی تایبەتی بە بنەماڵەکانیان بەخشی و ئێستا ئیتر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن کە وزە بە شۆڕشەکە دەبەخشن و بێگومان ئەم وزەیە دەبێ سەرچاوەی هێز بۆ بەردەوامکردنی شۆڕشە تا گەیشتن بە ئامانج بێ.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## قوتابخانەی گەلاوێژ




**کەریم پەرویزی**

"حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی لەنێو ئەندامان و لایەنگرانی لەسەر شانە. هەتاکوو بەو شێوە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر سەرکوت و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامیدا تووشی کولتووری نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران نەبن و جیهانێکی مرۆڤانەتر و یەکسانیخوازانەیان لەبەر چاو بێت".

بنەما فیکرییەکانی حیزبی دێموکرات؛ بەرنامە و پێڕەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم

حیزب وەکوو دیاردەیەکی مۆدێرن، بەرهەمی کۆمەڵگای کوردستان نییە، بەڵکوو وەکوو دیاردە مۆدێرنەکانی دیکە هاوردەی کۆمەڵگایە کە بە چاولێکردن لە ئەزموونی وڵات و نەتەوەکانی دیکە، کوردستانیش وەدوای ئەو ئەزموونانە کەوتووە و

ویستوویە کە لە چاکییەکانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بەهرەمەند بێ.

حیزب کۆبوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە بە دەوری یەکەوە کە بە شێوەی سیستماتیک وزەکانیان سەر یەک بخرێ و پێوەندیی تایبەتی لە نێوان تاکەکان دامەزرێ و بە ڕێکخستنیان لە سیستمێکی تایبەتدا بە یەکەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک یان چەند مەبەستی دیاریکراو هەوڵ بدەن.

حیزب وەکوو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیی هەیە لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە تاکەکان بە دەوری یەکەوە کۆ دەکاتەوە: بۆ وێنە جیاوازیی حیزب لەگەڵ سێنف یان تەناتەت لەگڵ خێڵ ئەوەیە کە تاکەکانی نێو حیزب پێویستی نییە کە پێشتر یەکتریان ناسیبێ و لە شوێن و جوغرافیایەکی ناوچەیی وەک یەکەوە هاتبن، بەڵکوو حیزب تاکە جیاوازەکان بە ڕنگ و ناسنامەی ناوچەیی و کارکردی کۆمەڵایەتیی زۆر دوور لە یەکەوە کۆ دەکاتەوە و لەو جیاوازانە، دیاردەیەکی مۆدێڕن دروست دەکا کە لە هەندێ شتدا هاوشێوەیان دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزران و خەبات و تێکۆشانی یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسەت و چالاکی لە کوردستانە.

ئەم حیزبە وەکوو حیزبێکی سیاسی و مۆدێڕن لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاوە و لە پێویستییەکی مێژووییدا کە چیدی پیوەندییە کۆمەڵایەتی پێشووەکان وەکوو خێڵ یان حوجرە و ... وەڵامدەری ئەو قۆناخەی کۆمەڵگای کوردستان نەبوون، حیزب لە دایک بوو و شێوازی دیکە لە گرێچنی سیاسی کۆمەڵایەتیی پێشنیار کرد و ختسیە بەردەست کە مێژووساز بوو. بەو مانایە کە لە وەها خاڵێکدا وەرچەرخانێک لە مێژوو دێتە ئاراوە. هەر وەکوو دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ، لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا چونکە خێڵ و سەرۆک خێڵ بەڕێوەی دەبرد، بە بڕیارێکی سەرۆک خێڵ ڕاپەڕین دادەمرکا یان بە شەهیدبوونی سەرۆک خێڵەکە ڕاپەڕینەکە پەرتەوازە دەبوو، بەڵام بە تێپەڕین لەو قۆناخە و دروستبوونی حیزب، ئیدی ڕاپەڕین و خەبات تەنانەت بە شەهیدبوونی سەرکردە هەرە ناودارەکانی تێدا نەچوو و خەبات ڕەنگە بە خەسارەوە، بەڵام درێژەی هەبووە.

نموونەی هەرە زیندوو و مێژوویی هەر خودی حیزبی دێموکراتە کە لە مێژووی خۆیدا سێ ڕێبەری گەورە و ناوداری لەدەست دا و بە دەستی دوژمنانی کورد و کوردستان شەهید کران، بەڵام دوای ئەوانیش حیزبی دێموکرات بە برینی قورسەوە بەڵام بە ئەزموونی گەورەوە درێژەی بە تێکۆشان داوە و بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە لە ڕیزەکانیدا خەبات دەکەن و دوژمنان



سەرچاوە
Serchawe

تەنیا ئەوکات دەتوانن دێموکرات لەنێو ببەن کە هەموو کوردێک لە جیهان بسڕنەوە، چونکە تا کورد بمێنێ، دێموکراتیش دەمێنێ.

حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە وەکوو حیزبێکی سیاسی لەنێو کۆمەڵگا لە دایک بوو و سەری هەڵ دا و لە نزیکترین دەرەتانی بەردەستیدا، کۆمارێکی خولقاند کە بۆ کوردستان بۆتە ناسنامە و کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە ڕەنگە وەکوو هەموو حیزبێکی ئەم جیهانە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی ئیرادەی بڕیاردان و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا کار بکا، بەڵام لە درێژەی ٧٨ ساڵ تەمەن و تێکۆشانیدا لە حیزبێکی بەتەنیا سیاسییەوە تێپەڕیوە و بۆتە قوتابخانەیەک بۆ کوردستان.

قوتابخانەی دێموکرات کە لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا و بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر لە دایک دەبێ و دادەمەزرێ، لەم نزیک بە هەشت دەیەدا وەها پەرەی سەندووە و گەورە بووە کە بە دەیان هەزاران قوتابیی بەئەمەگ و وریا و گیانبازی، پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە.

**هەندێک لەو وانە گرنگانەی کە لەم قوتابخانەیەی گەلاوێژدا دەوترێنەوە و وامان لێ دەکا کە حیزبی دێموکرات وەکوو قوتابخانەی گەلاوێژ ناو ببەین بریتین لە:**

* پرسی کورد لای حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەییەکە کە دەیەوێ ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە زمانی سیاسی وەربگێڕێتەوە سەر دەسەڵاتێکی کوردستانی کە خۆی بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی خۆی بێ. پرسی نەتەوەیی لای حیزبی دێموکرات وەکوو وانەی یەکەمی ئەم قوتابخانە لە ڕوانینێکی یەکسانیخوازانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ڕوانینی یەکسانیخوازانە بریتییە لەوەی کە لەم قوتابخانەیەدا مرۆڤ وەها پەروەردە دەکرێ کە نەتەوەی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نییە. نە لەو نەتەوانە کەمترە و نە لەوانیش زیاترە. کورد نەتەوەیەکی هاوتا و یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەیە و هەر بۆیە دەبێ مافی ئەم نەتەوە بدرێ کە چارەنووسی خۆی، خۆی دیاری بکا. لەو لاشەوە ئەم نەتەوەیە یەکسان و هاوتایە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بۆیە لە قوتابخانەی گەلاوێژدا بیری تەسکی نەتەوەیی کە بگاتە شۆڤێنیزیم و خۆبەزلزانیی نەتەوەیی ڕێگای نییە و سەر هەڵ نادا. هەر بۆیە کاتێک حیزبی دێموکرات لەسەر ستەمی نەتەوایەتی قسە دەکا و دەدوێ، دژایەتیی نەتەوەکانی دیکە ناکا. لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا دژایەتیی نەتەوەی فارس یان نەتەوەی دیکە ناکرێ بەڵکوو دژایەتیی بیرو بۆچوونی ستەمکارانە و فاشیستی و

کۆلۆنیالیستی دەکرێ.

* لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، ڕێبەریی ئەم حیزبە، نەک خۆی بە شتێکی سەرتر و بانتر لە کەسانیتر نازانێ، بەڵکوو ڕێبەری لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیددا ئەرک و بەرپرسارەتیی زیاترە و ئامادەبوون بۆ خۆفیداکردن لەهەموو قۆناخێکدایە؛ هەر وەک پێشەوا و هەر وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لە ڕیزی پێشەوەی گیانبازیدا بوون و ڕێبەرایەتی کردن لای ئەوان کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانە خولقاوەکان بۆ وەسەریەکخستنی خەرمانی زیاتر لەم ڕێبازەدا بووە و لە بڕگەیەکی هەستیاریشدا کە بڕیاری تایبەت پێویست بووە، لە خۆبەختکردن نەسڵەماونەتەوە.

* ئاساییە کە تووشی هەڵە و یان کەموکووڕی و گرفتیش بۆتەوە.

لە مێژوویی دوور و نزیکی حیزبی دێموکراتدا دەتوانی ڕووداو و کردار و کردەوەی سیاسیی وەها ببینی گەر بە نیسبەتی ڕۆژ و قۆناخی خۆیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، کەموکۆڕی و هەڵەی تێدا دەستنیشان بکەی و هەڵەکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کرداری مرۆییە چونکە هیچ مرۆڤێک لەم جیهانەدا نییە لەبەر ئەوەی زانیاریی تەواوی لەبەردەستدا نییە یان ئیمکانەکانی کەمن یان هەر هۆیەکی دیکە، تووشی هەڵە نەبێ.

بەڵام ئەوەی لە حیزبی دێموکراتدا گرنگە و وەکوو ڕەوتێکی گرنگ بۆتە وانەی فێرکاری بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و دەرەوەی حیزبیش، ئەوەیە کە دێموکرات ڕەنگە هەڵەی کردبی بەڵام قەت تووشی خەیانەت نەبووە و لە هەڵە و کەموکۆڕییەکانیشدا ڕەنگە لەو ساتەوەختەدا تووشی بووبێ، بەڵام دواتر کراوەتە ئەزموونێک بۆ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکان و لێ فێربوونیان.

* یەکێک لە وانە گرنگەکانی دیکە کە بە شێوەی بەردەوام لەم قوتابخانەیەدا نەوە بە دوای نەوە فێر دەکرێ و نەوەی ئەمڕۆ دەبێتە مامۆستا بۆ نەوەی داهاتوو تاکوو ئەو وانە بگوترێتەوە و لە ڕاستیدا بۆتە پێناسەی دێموکراتبوون، بریتییە لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بڕیاردان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. بیرکردنەوەی سەربەخۆ، هەزینەی زۆری بۆ دراوە و لەوەتەی دوکتور قاسملووی نەمر باسی کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ لەنێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دەگوترێتەوە و بیری لێ دەکرێتەوە، تەنیا یەک ڕەهەند ناگرێتەوە بەڵکوو گەر سەربەخۆ بیرکردنەوە ببێ بە فاکتەری سەرەکیی بڕیاری تاکێکی دێموکرات، ئیدی ئەو مرۆڤە لە قۆناخی پێش هاتنە نێو قوتابخانەی دەگۆڕێ بۆ تاکێکی وشیار و ئامادەی نرخدان لەپێناو بڕوا و ئاواتەکاندا.

گەلاوێژی ٢٧٢٣

ئەو بڕوا و ئاواتانەش گرنگترین فاکتەریان، بەرژەوەندیی گشتییە کە وا دەکا دێموکراتێکی ڕاستەقینە، بارهاتوو لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، بەردەوام هەستیار بێ لەسەر کردار و کردەوە و لێکدانەوە سیاسییەکانی و ئەو کردار و کردەوانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا دادەڕێژی، نەک بەرژەوەندیی تاکەکەسیی کورتخایەن.

لە حیزبی دێموکراتدا بە سەدان هەزان کەس بە شێوازی جۆربەجۆر تێکۆشانیان بۆی کردووە و نرخیان لە پێناودا داوە و لەم ڕێبازەدا بە سەدان و هەزاران کەس بار هاتوون کە بوونەتە مامۆستا بۆ نەوەی دوای خۆیان. وانەکانی قوتابخانەی گەلاوێژ زۆر زۆرتر لەم چەند خاڵەن کە لێرەدا باس کران بەڵام هەموویان پێکەوە وەها دەکەن کە هەر تاکێک کە پەیوەست بەم قوتابخانەیە دەبێ، هەندێ کردەوە و هەڵسوکەتی سیاسی لە خۆی نیشان دەدا و لە کەشی گوتارێکی تایبەتدا دەژی کە ناسنامەی دێموکراتبوون یان لۆگۆی تایبەتی گەلاوێژی لە هەڵسوکەت و کردارەکانیدا دیار دەبێ.

دامەزرانی ئەم قوتابخانەیە لە هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پێناویدا نرخیان داوە و هەموو ئەوانەی هیوایان بە دواڕۆژێکی گەشاوە بە هۆی تێکۆشان و خەباتی ئەم ڕێبازە پڕ شانازیەوە هەیە پیرۆز بێ.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# "ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین"



**ئارام کەیخوسرەوی**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە درێژایی مێژوودا فەرهەنگ بووە. هیچ مرۆڤێک یان هیچ کۆمەڵە خەڵکێک لە دنیا و بەدرێژایی مێژوودا شک نابەین کە خاوەنی فەرهەنگ و کولتووری تایبەت بە خۆیان نەبن. مەبەست لە فەرهەنگ لێرەدا زمان، ئاکار، هەڵسوکەوت، نەریت، جلوبەرگ و چۆنیەتیی ڕوانینە بە نیسبەت سروشت و دنیا. فۆلکلۆر، مێژووی زارەکی، ئەدەبیات، چیرۆک و تەنانەت مۆسیقای هەر نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵکێک ئاوێنەی فەرهەنگ و کولتووری ئەو نەتەوە و خەڵکانەیە. بە ئاوڕدانەوەیەک لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و مۆسیقای کوردی دەتوانین زۆر خاڵی تایبەت لەمەڕ چۆنیەتیی تێگەیشتنی مرۆڤی کورد لە خۆی، ژیان و دنیا فام بکەین. ئەوەی لێرە دەتوانم وەک ئیددیعایەک ئاماژەی پێ بدەم ژیاندۆستیی مرۆڤی کورد بووە کە ڕەنگدانەوەی ئەم ژیاندۆستییە لە فۆلکلۆر و وێژەی کوردیدا دەبینین.

مرۆڤویستی هەتاهەتاییبوون لە هەناویدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵنیایە بە مەرگی خۆی. ئەم دژوازییە هۆکارێکە تا مرۆڤ بە دووی ڕێگایەک بێت تاکوو بتوانێت بەسەر ئەم دژوازییەدا زاڵ ببێت و بژیت. بە ئاوڕدانەوەیەک لە

مرۆڤی کورد دەتوانین بڵێین مرۆڤی کورد ئەمەی لە ژیاندۆستییەوە دۆزیوەتەوە. ژیاندۆستی بە مانای ئەریگوتن بە ژیانە بە هەموو تەنگ و چەڵەمە و ڕەنج و نەهامەتییەکانییەوە. سەرمەستی، شادی، مۆسیقا و تەنانەت هەڵپەڕکێی کوردی جۆرێک وەڵامدانەوەیە بەم دژوازییە و ڕەنج و سەختییەکانی ژیان.

لە بزاڤی سیاسیی کوردستاندا دیسان دەتوانین ڕەگ و ڕیشەی ئەم ژیاندۆستییە دەرهاوێژین. بزاڤی سیاسیی کوردستان لە هەر چوار بەشەکەیدا مێژوویەکی خوێناوی و سووری بووە. دەیان و هەزاران لاوی خوێنگەرمی کورد بە کچ و کوڕەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی وڵاتەکەیان غەرقی خوێن کراون. بەڵام بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە هیچ قۆناخێکدا مەرگ و کوشتنی نەلاواندووەتەوە. مژاری سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە ڕزگاری و ئازادیی کوردستان بووە، بۆیە ئەم گوتارە بەرهەمهێنەری تاکێکی مەرگدۆست لە ڕێگای سەربەستیی وڵات نەبووە. هیچ تاکێک بۆ مەرگ ئاوێتەی ئەم بزاڤە نەبووە. هیچ ئامانجێک بێجگە لە سەربەستی و ئازادیی وڵات بایەخ و ئێژایی نەبووە و نییە. ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ ئەم ڕوانگەیە ئەم گوتەیەی دوکتور قاسملوو بێت کە دەفەرموێ: «شۆڕش ناراحەتبوونی ناوێت، ئێمە بۆ ئەوەی شەهید ببین تەقلی شۆڕش نابین و شەهیدبوونیش بۆمان ئارمان نییە. ئێمە لە کاتی شۆڕشدا بۆ ژیان بیر دەکەینەوە و بۆ ژیان تێدەکۆشین، هەرچەند لەم ڕێگەیەشدا شەهیدیش دەدەین و هاوڕێیانیشمان بەجێمان دەهێڵن، بەڵام تەواوی تێکۆشانی ئێمە بۆ ژیانکردنە و بۆ ژیانکردنیش دەمێنێت".

کەوا بوو بزاڤی سیاسیی کوردستان پێش لە هەموو شتێک بزاڤێکی جیهانی و سیکۆلار و ژیاندۆستە. سروشتییە کە لەم ڕێگایەدا مەرگ و کوشتن لە بۆسەی شۆڕشگێڕاندا بێت و شەهید بکرێن و شەهیدان ببن بە بەشێک لە پیرۆزییەکانی ئەم ڕێبازە. بەڵام ئەوە جیاوازیی زۆری هەیە لەتەک بەپیرۆزکردنی خودی مەرگ. زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە کوردستان تا شۆڕشگێڕانی کورد سەرکوت بکەن، هاتوون تا لەو ڕێگایەدا بکوژرێن، واتە بۆ ئامانجێکی ئەوجیهانی و مێتافیزیکی. کوژران ئاوات و بزوێنەری ئەوان بووە. لوتکەی ئەو ڕێبازە لە فەتوای "خومەینی" دژ بە خەڵکی کوردستان دەردەکەوێت، کە لەوێدا بە لێشاو خەڵکی ئێران بۆ کوژران یان بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی خۆیان باوە بۆ شەهیدبوون بەرەو کوردستان وەڕێکەوتبوون. ئەگەر واوەتر بچین دەتوانین بڵێین شەڕی ئێمە و داگیرکەرانی کوردستان شەڕی دوو فەرهەنگ و کولتوورە، واتە شەڕی ژیان و مەرگ.

ئەم کولتوورە ژیاندۆستەیە کە «ژن، ژیان، ئازادی» لە هەناویدا بەرهەم دێت، دروشمێک کە پاژێکی سەرەکی بۆ ژیان تەرخان دەکات؛ بەڵام دیسان کولتووری بەرامبەر، کولتوورێک کە سەدان ساڵە دەیەوێت خۆی بەسەر کوردستان بسەپێنێت ناتوانێت ژن، ژیان، ئازادی قەبووڵ بکات و لەباتی ئەمە «مرد، میهن، آبادی» دادەنێت. لێرەش دیسان جیاوازیی ئەم دوو

کولتووره به ڕوونی دەردەکەوێت. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: مەبەست چ ژیانێکە و کورد وەدووی کامە ژیانە؟ دوکتور قاسملوو لە گوتەیەکدا لەبارەی خەباتی گەلی کورد دەڵێت: «ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین.» تێگەیشتن لە ئەم «باشترە» لەوانەیە وەڵامی پرسیارەکەی ئەم وتارەشی لێ بکەوێتەوە.

یۆنانییەکان وشەیەکی یەکەیان بۆ «ژیان» نەبوو. ئەوان لە دوو وشە بۆ ژیان کەڵکیان وەردەگرت. وشەی «zoe» و «bios» کە یەکەمیان ئاماژە بوو بە ژیانی ئاسایی و گیانداربوونی گیانلەبەران کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەش بوو. ئەم جۆرە لە ژیانە تایبەت بە کەتواری بایلۆجیکی هەر گیانلەبەرێکەوە بوو. بەڵام جۆری دووهەمی ژیان، شێوازێکی باشتر و گونجاوتر بۆ تاک یان کۆمەڵە کەسێک بوو. بیرمەندانی یۆنانی کاتێک باسیان لە ژیان دەکرد ئاوڕیان لە ژیان بە مانای «zoe» نەئەداوە. ئەم شێوە ژیانە واتە ژیانی سروشتیی پەتی لە پانتاییی گشتی وەدەرنرابوو و تەنیا قەتیس کرابووەوە بۆ ماڵ. بایۆس ئەو شێوە ژیانە بوو کە تەنیا تایبەت بە هاووڵاتییانی پۆلیس (دەوڵەت - شار) بوو. کۆیلەکان چون گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانن مافی بەشداری لە پۆلیسیان نەبوو، واتە کۆیلە تەنیا خاوەنی ژیانێکی بایۆلۆجیکی بوو وەک هەر گیانلەبەر و ئاژەڵێکی تر.

**دواتر "هانا ئارێنت" ژیانی کرداریی مرۆڤ بەسەر سێ چالاکیدا دابەش دەکات کە بریتین لە:**

١- زەحمەت (labor)

٢- کار (work)

٣- کردا (action). زەحمەت پێوەندی بە بازنەی بایۆلۆجیکی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرانەوە هەیە. ئەم چالاکییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان هەیە. مرۆڤ لەم ئاستەدا ئازاد نییە و گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانە. لە یۆنانی کۆنیشدا تەنیا ئەوانەی هاووڵاتی بوون و لە پانتایی گشتی ئامادە بوون کە گیرۆدەی بازنەی بایۆلۆجیکی واتە پێداویستییەکانی ژیان نەبوون. ئەم بازنە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ هاوبەشە، واتە ئاژەڵیش پێویستیی بایۆلۆجیکی هەیە، بۆیە بە وتەی ئارێنت مرۆڤ لەم ئاستەدا لە پەستترین ئاستی خۆیدایە.

چییەتی مرۆڤ لە کرداردا خۆی دەردەخات، مرۆڤێک کە گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانی نییە و ئازادە. بۆیە کردار و ئازادی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. ئەوەی دێتە پانتاییی گشتییەوە ئازادە و توانایی کرداری هەیە، واتە داهێنان، زمان، وتووێژ و لە هەمووی گرنگتر دەستپێکردنی شتی نوێ (آغازیدن)، چونکە بە گوتەی ئارێنت، دەستپێکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە. لەم ئاستەدا مرۆڤ دەتوانێت قسەکەر بێت و دەتوانێت هەمیشەیی‌بوونی خۆی مسۆگەر

بکات؛ بەپێچەوانەی ئاستی زەحمەت کە مرۆڤ بچووک دەکرێتەوە و لە مرۆڤبوون خاڵی دەکرێت و لەگەڵ ئاژەڵدا هاوسەنگ دەکرێت. وەک چۆن بە ئاژەڵێک دەڵێین بێزمان، مرۆڤ لە ئاستی زەحمەتدا دەبێتە بێزمانێک، کەسێک کە زمانی قسەکردن، وتوویژکردن و داهێنان و هتدی لێ دەستێنرێت و تەنیا دەبێتە گیانلەبەرێک کە گیرۆدەی پێداویستییە بایۆلۆجییەکانییەتی. مرۆڤبوونی مرۆڤ، تەنیا لە ئاستی کرداردا خۆی دەردەخات. کار ڕەهەندی سازێنەری مرۆڤ دەردەخات. هەموو بەرهەمەکانی مرۆڤ، لە پیشەسازییەوە تا بەرهەمی هونەری، بەرهەمی «کار»ی مرۆڤن. بەرهەمێک کە لە ئاکامی کاردا چێ دەبێت بەپێچەوانەی ئەو بەرهەمەی کە لە ئاکامی زەحمەت بەرهەم دێت، تەمەنێکی زۆرتری هەیە. ئارێنت جیاوازی دادەنێت لە نێوان دوو وشەی «مەسرەف» و «کەڵک». بەرهەمی زەحمەت مەسرەف دەبێت، بەڵام بەرهەمی کار کەڵکی لێ وەردەگیرێت و زۆر جار تەمەنی بەرهەمەکە لە تەمەنی سازێنەرەکەی زۆرترە.

بەڵام بە گوتەی ئارێنت بەرزترین ئاستی چالاکیی مرۆڤ، کردارە. کردار پێوەندی بە فرەیییەوە هەیە؛ واتە بەم ئەسڵەی کە بە گوتەی ئارێنت، جیهانی جیهانی مرۆڤەکانە نە مرۆڤ. بۆیە کردار لە پانتاییی گشتیدا ڕوو دەدات. دوو تایبەتمەندیی ئەم ئاستە لە چالاکیی مرۆڤ بریتین لە کردەوە و پەیڤ. ئەمەش تەنیا بە بوون لەگەڵ مرۆڤانی تردا مسۆگەر دەبێت. بە گوتەی ئارێنت، "مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ زەحمەت بژین یان کەسانی تر ڕاسپێرین لەباتی ئەوان زەحمەت بکێشن و دەتوانن سازێنەریش نەبن، بەڵام ژیانی بە بێکردەوە و پەیڤ ئیتر ژیانی مرۆیی نییە، چونکە ئیتر لە نێو مرۆڤگەلێکی تردا تێپەڕ نابێت".

لە زمانی ڕوومیدا بەڕوونی ئاماژە بەم فرەییە و بەم شێوە ژیانە کراوە. واتە «ژیان» و «لە نێو مرۆڤگەلی تر بوون» یان «مردن» و «لە نێو مرۆڤگەلی تردا نەبوون» بە یەک واتا بە کاردەهێنرا. تەنیا لە ئاستی کردارداپە کە مرۆڤ دەتوانێت کێیەتیی خۆی دەربخات و دەتوانێت دەستپێکەری شتی نوێ لە جیهان بێت.

ئەوەی ڕوونە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا مرۆڤی کورد بەردەوام وەدووی ئەوەدا بووە تا قەتیس نەکرێتەوە سەر بازنەی بایۆلۆجیکی و خۆی وەک مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت و بە هەموو تایبەتمەندییە مرۆییەکانەوە دەربخات. دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە، کاری هاوبەش و هەرەوەز و گرنگیدان بە پرسی ژینگە و تەنانەت مانگرتن و کۆچی سیاسی و هتد بەشێک بووە لە هەوڵی کورد بۆ ئەم مەبەستە. هەر بۆیەش بەردەوام ئێمە لە کوردستاندا مرۆڤێک دەبینین کە مرۆڤێکی خاوەن کردەوە یان مرۆڤێکی سیاسییە کە نایەوێت قەتیس بکرێتەوە سەر ژیانی بایۆلۆجیکی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان قەتیسکردنی مرۆڤی کوردە لە نێو ژیانی بایۆلۆجیکی، ژیانێک کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٣

پەرەگرتنی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان بە پیلانی داگیرکەران قەتیسکردنەوەی تاکی کوردە لەم بازنە بایۆلۆجیکییە. واتە جێگۆرگێکردنی مرۆڤێکی سیاسی بە مرۆڤێکی زەحمەتکێش بە واتا ئارێنتییەکەی بۆیە پرۆسەی بە کۆڵبەرکردنی کورد پرۆسەی لە مرۆڤ خستنە. واتە بەرهەمهێنانی تاکێک کە تەنیا یەک ژیانی هەیە و ئەویش ژیانی بایۆلۆجیکییە، نە دەستپێکەرە و نە زمانی قسە و پەیڤی هەیە، نە داهێنەرە، تەنیا هەناسەدانی هەیە و لە بازنەی بایۆلۆجیکیدا دەسووڕێتەوە، بۆیە مەرگیشی ئیتر مەرگی مرۆڤێکی تەواو نییە و بە ڕەحەتی دەکوژرێت.

لێرە دەزانین کە ئەو پاشگری «باشترە» کە دوکتور قاسملوو لە دەستەواژەی «ژیانێکی باشتر»دا کەڵکی لێ وەردەگرێت دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ ژیانێکی سەردەمیانە کە تایبەتی مرۆڤێکە کە بە گوتەی ئارێنت لە بەرزترین ئاستی چالاکیدایە و نێوی کرداری لێ دەنێت، واتە ئەو ئاستە کە مرۆڤبوونی مرۆڤ بە تەواوی خۆی دەردەخات. هەر بۆیەش لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا لە ڕەهەندێکەوە دەتوانین بڵێین گەڕانەوەی مرۆڤی کورد بوو بۆ ڕستەکەی قاسملوو کە خەباتی گەلی کوردی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر پێناسە کردبوو. واتە بە لەونێکدا ئەم بزووتنەوە بەرسڤێک بوو بۆ پرۆسەی لە مرۆڤ خستنی کورد و هاتنە ڕۆژەڤی دووبارەی مرۆڤی سیاسی لە کوردستان کە بە دووی ژیانێکی باشتر و سەردەمیانەوەیە.

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# ناونیشانی دروست کامەیە؟




**ئارمان حوسێنی**

ئەو کەسەی لە ئێران ژیابێت یان لەتەک ئێرانییەکاندا پێوەندییەکی بووبێت، دەبێ بەم ڕاستییەی زانیبێت کە ئێران وڵاتێکی فرەڕەنگ و فرەچەشنە. وڵاتێک کە نەتەوە، ئایین، مەزهەب، فیرقە و بیروبڕوای جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیشی تێدا. بەڵام پرسە سەرەکییەکە ئەمەیە دوو ڕێژیمی پێشوو (پاڵەوی) و ئێستا (کۆماری ئیسلامی) بەردەوام حاشایان لە بوونی ئەم فرەچەشنییانە کردووە و باسکردن لە پرسی فرەنەتەوە و فرەچەشنی ئێرانیان بە هەوڵێک دژبە ئەمنییەتی خۆیان لێک داوەتەوە.

لەو ماوەیەدا کە سیاسەتی حاشاکردن و لە کۆتاییدا سڕینەوەی فرەچەشنی لەم وڵاتە بەتایبەتی سڕینەوەی فرەنەتەوەیی‌بوون کە لە سەردەمی پاڵەوییەوە تاکوو ئێستا حکوومەتی ناوەندی گرتوویەتە بەر و بەداخەوە کاریگەرییەکی خراپیشی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە، هەر چەشنە باسێک لەسەر بوونی فرەیی لەم وڵاتە وەکوو پرسێکی ئەمنییەتی لێک دراوەتەوە، بەپەلە سەرکوتیان کردووە و ئیزنیان نەداوە سەر دەر بێنێ. بەداخەوە بەهۆی ئەم تێڕوانین و سیاسەتە

دواکەوتوو و پێشێلکەری مافی مرۆڤەوە، تا ڕادەیەکیش خەڵکی ئێران بە تایبەتی ناوەندنشینانیش کەوتوونەتە ژێر باندۆڕی ئەم سیاسەتە و ئاوەها لە پرسەکە دەڕوانن کە هەر چەشنە باس و مشتومڕێک لەسەر فرەڕەنگبوونی ئێران - ئەڵبەت بەو چەشنەی کە هەیە نە و بەو شێوەی کە لە ناوەندرا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ- وەکوو هەڕەشە وەردەگیردرێ و لە کۆتاییدا کەشێکیان ڕەخساندووە کە یان دەبێ لە بەرانبەر ئیرادەی تاراندا کۆڵ بدەی، یان بەرەوڕووی تۆمەتگەلێک وەکوو تەجزییەتەڵەب، مرۆڤکوژ، دواکەوتوو و ... دەبیتەوە.

بەداخەوە ئەم دەمارە شێرپەنجەییە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتیشی گرتووەتەوە و ئەوانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم دەزانن و تەنانەت ئۆپۆزیسیونی ڕاستەقینەیش تا ڕادەیەک کەوتوونەتە داوی ئەم سیاسەتە و هەر کاتێک باسی فرەچەشن و فرەنەتەوەیی ئێران دێتە گۆڕێ، بەپەلە هەڵوێست دەگرن و لە بەرانبەریدا بەم بیانووە کە دۆخەکە هەڵگری ئەم باسە نییە و لە ئێستادا باش نییە باسی لێوە بکەین، ڕادەوەستن. هۆکاری ئەم خۆدزینەوەش لە ڕاستیدا ڕوونە، ئەوان هەر ئەو تێڕوانینەیان بە نیسبەت نەتەوە، ئایین و بیر و بۆچوونە جیاوازەکان هەیە کە ڕێژیمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی هەیبوو و هەیەتی. بەڵام بەخۆشییەوە لایەنی بەرانبەر واتە نەتەوە زوڵملێکراوەکان، ئازادیخوازانی ئێرانی، ژنان و زۆرێکی تر لە پێکهاتەکانی وڵات بەهۆی خەبات و بەرخۆدانێکی کەموێنە، ئەوڕۆکە باشتر و ڕێکخراوتر لە پێشوو گەشەیان کردووە و لە هەوڵدان بە پێچەوانەی تێڕوانین ناوەند، بە داننان بە فرەڕەنگبوونی ئێران لە دەوری گوتارێکی پێشکەوتوودا کۆ ببنەوە و سەرەڕای ڕێز لە شوناسە جیاوازەکان و هەوڵنەدان بۆ سڕینەوەیان یان تواندنەوەیان لە شوناسێکی گەورەتردا، ببنە ئادرەسێک و ناونیشانێک بۆ هەموو دێموکراسیخوازان، ئازادیخوازان، بەرابەریخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و لە کۆتاییدا بەرەیەکی بەهێزی فرەڕەنگ پێک بێنن کە ڕەنگە جیاوازەکان تێیدا جێگایان بێتەوە.
لەسەر ئەم تێڕوانینە پێشکەوتنخواز و سەردەمیانەیە و لە بەرەبەری ساڵڕۆژی شۆڕشی "ژینا" (ژن، ژیان، ئازادی)، دوو بەرەی "شوڕای دێموکراسیخوازانی ئێران و یەکگرتوویی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران" یەکبوونی خۆیان ڕاگەیاند و لە بەرەیەکی گشتگیرتردا و لە ژێر ناوی "یەکگرتوویی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران" درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن. بنەمای ئەم بەرەیە کە خۆی بە "یەکگرتوویی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران" ناساندووە، ئەمەیە کە "ئێران وڵاتێکی فرەڕەنگە کە لەوێدا بە شێوەی سیستماتیک ماف و مەوجوودیەتی نەتەوەکان، ئایین و مەزهەبەکان و باقی ڕەنگەکانی تر پێشێل کراوە و ئامانج لە دامەزراندنی ئەم بەرەیەش خەباتە بۆ بەرابەری هەموو نەتەوە، ئایین، ئایینزا و بیر و بڕوا جیاوازەکانی نێو ئێران لە بەرانبەر یاسادا. یاسایەک کە ڕێز لە هەموو خەڵکی ئێران بەو جۆرەی کە هەن بگرێ و مافی یەکسانیان بۆ دابنێ.

ئەڵبەت بوون بە ناو بەرەگەلێک کە بە دزییەوە ناوی فرەچەشنییان لە ئێراندا دەهێنا، بەڵام فرەچەشنییەک کە لەتەک



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

تێڕوانینی کۆماری ئیسلامیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو و زۆرتر هەوڵی ئەوە بوو کە نەتەوە و ئایین و بیر و بڕوا جیاواز و پێشکەوتنخوازەکان لە نێو خۆیدا بتوێنێتەوە نەک ڕێزیان لێبگرێ بەو چەشنەی کەهەن و شایانین.

لە ئاکامدا و بەهۆی خەباتی بێ‌پسانەوە و فیداکاری و قوربانیدانێکی زۆر و هەروەها بەرپرسیارێتی لایەنەکان ئەوڕۆکە ناونیشان و ئادرەسێکی ڕوون و ناسنامەدار کە تا ڕادەیەکی زۆر گشتگیرە و دانی بە ڕاستییەکانی ئێران وەکوو فرەنەتەوەبوون و هەروەها بوونی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، دروست بووە. دەتوانین بڵێین کە ئەم بەرەیە وەرزێکی نوێیە لە پێوەندی نێوان ئێرانییەکان بەیەکەوە تاکوو بتوانن لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و بە قبووڵ کردنی بیر و بڕوای جیاواز و هێندێ جاریش دژ بە یەک، بە تێگەیشتنێکی ئەمڕۆژی و ڕاستەقینە لە ئێران و ئێرانیبوون بگەن کە بەو چەشنەی کە لە بنەمای بەرەکەدا هاتووە، هیوابەخشە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین وەرچەرخانێک لە تێڕوانینی ئێرانییەکان بە نیسبەت ئێران و ئێرانی‌بوون هاتووەتە ئاراوە کە هیوابەخشی داهاتوویەکە جیاواز لەوەی لە سەد ساڵی ڕابردووەوە هەبووە. ئێرانێک کە نیشتمانی هاوبەشی هەمووان و ئێرانی‌بوونێک کە پێک هاتووە لە ناسنامە و شوناسە جیاوازەکانی نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی و. ...

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەریی پەیماننامەی ئەلجەزایر لەسەر پرسی کورد



**مستەفا مەولوودی**

هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی ڕێکخراوی نەوتیی "ئۆپێک" (١٩٧٥) کە لە ئەلجەزایر پێک هات، ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەنێوان حکوومەتی ئێران و عێراق لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بە لەبەرچاوگرتنی پاراستنی یەکپارچەیی خاک و دەستدرێژنەکردن بۆ سنوور و دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی یەکتردا، لە چەند مادە و بەندی سەرەکیدا بڵاو کرایەوە. لە ڕێککەوتننامەیەکدا کە پێوەندیی بە سنووری نێوان ئێران و عێراقەوە هەیە، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆککۆماری عێراق و محەممەدڕەزا پەهلەوی، شای ئێران، هەر یەک لە عەبباسعەلی خەلعەتبەری, وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران و سەعدوون حیمادی وەزیری دەرەوەی عێراقیان ڕاسپاردوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە چوار خاڵی سەرەکیدا لەسەری ڕێککەوتبوون.

هەموو ئەوانەی شارەزای پێوەندیی نێوان حکومەتەکانی ئێران و عێراقن بە تایبەت شارەزای سنووری وشکانیی ئەو دوو وڵاتەن، دەزانن هەموو سنووری ئەو دوو وڵاتە لە وشکانی بە خاکی کوردستاندا کێشراوە کە لە دوای شەڕی چاڵدێران لە

ساڵی ١٥١٤ و کاتی ئیمپراتووریی سەفەوی و ئیمپراتووریی عوسمانی لە پەیماننامەی زەهاوەدا دیاری کراوە. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتووریی عوسمانی ئەو سنوورە وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە.

پاش دروستبوونی وڵاتی عێراق، چالاکی و بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا زۆر پەرەی ئەستاندبوو و لە هەموو بارێکەوە تەنگی بە حکومەتی عێراق هەڵچنیبوو. لەلایەکی دیکەش بەپێی هەلومەرجی ناوچە و تا ڕادەیەکی سنووردار، شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ حکومەتی ئێران پێوەندی هەبوو. حکوومەتی عێراق بۆ تێکشاندنی ئەو شۆڕشە بەهێزە ئامادە بوو دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ کە سنووری وشکانیی لەگەڵ ئێران هەبوو و هەموو ئەو سنوورە بە نێو کوردستاندا کێشراوە، تەنانەت سنووری ئاویش لە باشوور (شط العرب) قسەی لێ بکات و دەستکاریی بکات. ئەوە بوو لە بەرانبەر هێندێک دەسکەوتی ئەرزی و ئاوی بۆ حکومەتی ئێران شکست بە بزووتنەوەی بەهێز و نەتەوەیی کوردستان بهێندرێ و تووشی نسکۆی بکات و بۆ ماوەیەکی هەرچەند کەمیش بێ ئەو جووڵانەوەیە کپ و بێدەنگ بکرێ.

سنووری نێوان عێراق و ئێران لە وشکانی هەمووی بە ناو کوردستاندا کێشراوە یانی زیاتر لە ٦٠٠ کیلۆمیتر درێژایی ئەو سنوورە کوردستانە و پێشتر باسمان کردووە کە کێشانی سنووری ئەو وڵاتانە بە نێو خاکی کوردستاندا بۆ کورد و کوردستان چ کارەساتێکی بەدواوە بووە.

## نێوەرۆکی ڕێکەوتننامەکە

ئەگەر بەوردی لە بەند و مادەکانی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق و ئێران ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو حکومەتانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان چ بەڵایەکیان بەسەر نەتەوەی کورد هێناوە. وڵاتیان لە کورد داگیر کردووە، بە هەموو ڕێگایەک تێکۆشان و پیلانیان لەدژی کورد گێڕاوە بۆ ئەوەی کوردەکان نەبنە خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. بەو جۆرە دەردەکەوێ بە درێژایی مێژوو هەرچەندی بۆیان کراوە لەسەر خاک و عەرزی خۆی چ خراپەیەکیان دەرحەق بەو نەتەوە ڕەسەنە کردووە. ئەو گەلەیان لەیەکتر دابڕیوە و لەنێو خاک و ماڵ و وڵاتی خۆی سنووریان بۆ کێشاوە. ئەوان هەر بەوەندە ڕانەوەستاون و بە ڕێککەوتن و پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە هەموو ئاستێکدا سنووردariyan کردووە و بەربەستیان بۆ دروست کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

**لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هێندێک مادە و بەندی پەیماننامەی ئەلجەزایری ١٩٧٥ لە نێوان ئێران و عێراق کە ئامانجی ئەسڵیی ئەو ڕێککەوتنە بۆ کپکردنی شۆڕشێکی مەزنی کورد بووە لە باشووری کوردستان.**

**یەکەم**: سنووری دوو وڵاتی عێراق و ئێران هەر لەسەر بناغەی پرۆتۆکۆلی قۆستەنتەنیە (ئەستەمبوڵ) لە ساڵی ١٩١٣ و ڕیزبەندیی کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤ بووە. یانی لە ڕاستیدا دەستکارییەکی ئەوتۆی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتە نەکراوە. تەنیا لە باشوور، دوڵەتی عێراق چاوپۆشی لە هێندێک سنووری ئاوی خۆی (شط العرب) کردوە، بۆ ئەوەی ئێران هاوکاریی شۆڕشی مەلامستەفا نەکات و تووشی نسکۆ و شکستی بکات، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی و کورتیش بێ.

لە مادەی ١ی پەیماننامەی پێوەندیدار بە سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هاتووە کە هەر دوو لایەن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سنووری عەرزیی ئەو دوو وڵاتە جارێکی دیکە نیشانەگوزاری بکرێتەوە. لە مادەی ٢دا هاتووە هەر دوو لایەن بەڵێن دەدەن بەپێی پرۆتۆکۆلی دیاریکراو کە پێوەندی بە تەناهی لە سنوور و پەیوەست بەو پەیماننامەیە بە درێژایی سنوور لەژێر کۆنترۆڵی بەردەوامدا دەبێ بۆ پێشگیری و کۆتاییهێنان بە هەر جۆرە دزەکردنێکی خراپکارانە.

سەیر بکەن لەو مادەیەشدا، نێوەرۆکی مادەکە هەر بۆ کۆنترۆڵ و سنووردارکردن و بەربەست دروستکردنە لە بەرانبەر بزووتنەوەی گەلی کورددا. لەبەر ئەوە ئامانجەکە ئەوەیە بەو ڕێککەوتن و بەڵێننامانە نەتەوەیەک لە یەکتر داببڕن، بەبێ گرینگیدان بە مێژوو، ڕەگەز، کولتوور، فەرهەنگ و تەنانەت پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی سەر سنووری دەستکردی دەوڵەتانی داگیرکەر.

لە مادەی ٥دا هاتووە؛ "ئەو سنوورانە بە هیچ شێوەیەک گۆڕانیان بەسەردا نەیەت و ڕێزی تەواو لە سەروەریی خاکی دوو دەوڵەت دەگیرێ. دوو لایەن پێداگری دەکەن کە خەتی سنووری وشکانی و ئاوی ئەوان گۆڕانی بەسەردا نایەت و دایمی و یەکلاکەرەوەیە."

کە سەیری ڕووداوەکان دەکەین دەبینین ئامانجی ئەو ڕێککەوتنە لە ساڵی ١٩٧٥ دا تەنیا شکستپێهێنان و نسکۆی شۆڕشی گەورەی کورد بووە لە باشوور بە ڕێبەریی مەلا مستەفا بارزانی. لە دواییدا دەرکەوت کە بە ڕواڵەت ئەو نیگەرانییەی دەوڵەتی عێراق ڕەویوەتەوە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٨١دا سەدام حوسێن سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق پەیماننامەی ئەلجەزائیری دڕاند و یەکلایەنە هەڵیوەشاندوە و هێرشی کردە سەر ئێران. شەڕێکی قورس لەنێوان دوو وڵات



سەرچاوە
Serchawe

دەستی پێ کرد کە هەشت ساڵی خایاند و بە میلیۆن ئینسان لە هەر دووک لا کوژران و بریندار بوون، دەیان شار و گوند لە هەردووک وڵات وێران و خاپوور بوون و بە میلیاردها دۆلار تێچووی ئەو شەڕە بوو کە ئێستاش هیچ لایەک نەیتوانیوە کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە بسڕێتەوە کە دیارە کاریگەریی رووحیی ئەو شەڕە بەو زووانە کۆتایی نایەت.

هێندێک لە شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژێئۆپۆلتیک باوەڕیان وایە دروستبوونی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران هۆیەکەی پەیماننامەی سنووری بووە، واتە پەیماننامەی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥دا. دەگوترێ ئەوکات حکومەتی عێراق بۆ شکستپێهێنانی بزووتنەوە و شۆڕشی کورد ناچار بووە بەشێک لە خاکی وڵاتەکەی بداتە ئێران، بەڵام چاوەڕوانی دەرفەت بووە بۆ هەڵوشاندنەوەی ئەو پەیماننامەیە. هەر کە پاش شۆڕشی ئێران سەددام حوسێن سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق هەستی کردووە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی ئێران لە حکوومەتی عێراق لاوازترە و عێراق کە بەشێک لە خەڵکەکەی شیعەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا حکوومەتی ئێران لە ڕێگەی شیعەکانەوە ژانەسەر بۆ وڵاتی عێراق دروست بکات، هێرشی کردە سەر وڵاتی ئێران. ئەوە لەکاتێکدایە کە هەر لە پەیماننامەی ئەلجەزایر بەڕواڵەت ڕێکاری یاسایی بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دەستنیشان کراوە، بەڵام چونکە بناغەی ڕێککەوتنەکە بۆ کپکردنی بزووتنەوەی کورد بووە کە بە هەر هۆیەک بێ لەو کاتدا ئەو گرینگییەی بۆ حکوومەتی عێراق نەماوە یان حکوومەتی تازەی ئێران نیگەرانیی زۆرتری بۆ حکومەتی عێراق دروست کردووە و حکوومەتی عێراق بێ گوێدانە پرۆتۆکۆلی ڕێککەوتنەکە، یەکلایەنە پەیمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە و شەڕێکی هەشت ساڵەشی بەو هەموو زیانە مادی و مەعنەوی و ڕوحییەوە لێ کەوتۆتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێکردنی پەیماننامەی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی چەند پرۆتۆکۆل و بەڵگەنامەی پەیوەست (الحاقیە) لە نێوان دوو دەوڵەتدا هەیە کە لەسەری ڕێککەوتوون و کاریان پێ کراوە و زۆربەی زۆریان هەر بۆ کۆنترۆڵی سنوور و سنووردارکردنی بزووتنەوەی کوردستان بوو.

بۆ نموونە دەتوانین پرۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە تەناهی لە سنووری عێراق و ئێران شی بکەینەوە. هەرچەند بابەتەکە درێژ دەبێتەوە بەڵام بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری پێویستە لەو پرۆتۆکۆلەدا بە کەڵکوەرگرتن لە پەیماننامەی ٦ مارسی ١٩٧٥ کە لەسەر تەناهی دڵنیایی لە یەکتر وەردەگرن و بەدرێژایی سنووری هاوبەش و کۆنترۆڵ و چاودێری ورد و دەقیق و کاریگەر بۆ کۆتایی هێنان بە هەر جۆرە دزەکردنی بە قسەی ئەوان گێرەشێوێنانە ڕێکاری گونجاو بگرنە بەر، هاوکاریی نیزیک لە نێوانیاندا هەبێ. هەروەها پێشگیری لە هەر جۆرە دزەکردنێک بکرێ یان بە قەولی ئەوان هاتوچۆی نایاسایی لە سنووری هاوبەش کە ئامانجی پێشگیرییە لە هەموو شۆڕش و ئاڵۆزییەک. لە پرۆتۆکۆلی ١٥ی مارسی ١٩٧٥ی تاران و ڕێککەوتنی وەزیرانی دەرەوەی ئێران - عێراق - ئەلجەزائیر لە مانگی مەی ١٩٧٢ی ئەلجەزایر لەسەری ساغ بوونەوە و لە ١٣ی ژوئەنی ١٩٧٥ بە بەشداریی وەزیری دەرەوەی ئێران، عێراق و ئەلجەزائیر و بە بەشداریی و حزووری عەبدولعەزیز بوتفلیقە،



سەرچاوە
Serchawe

ئەندامی شورای بەرزی شۆڕشی ئەلجەزایر له بەغدا بە گشتی ئیمزا کراوه.

**مادەی ١ دەڵێ:** "دوو لایەن بەڵێن دەدەن ئاڵۆگۆڕی زانیاری بکەن له پێوەندی لەگەڵ هاتوچۆی ئاژاوەگێڕان که لێرەدا مەبەست له ئاژاوەگێڕان، تێکۆشەرانی کوردە له هەر دوو دیوی سنوور، یانی دوو دەوڵەت بەڵێن بە یەکتر دەدەن بەڕەسمی جاسووسی لەسەر کورد و تێکۆشەرانی کورد بکەن که لەو شوێنەی سنووری پێداکێشراوه، هاتووچۆی یەکتر دەکەن یان وەک کورد دەڵێ "هاتووچۆی گەرمێن و کوێستان" دەکەن.

**مادەی ٢ دەڵێ:** پێداگری لەسەر نێوەرۆکی مادەی ١ دەکەنەوه و بەڕاشکاوی دەڵێن دەبێ هۆوییەتی (کەسایەتی) ئەو کەسانه بۆ یەکتر دیار و ڕوون بکەنەوه که بە مەبەستی -وەک ئەوان دەڵێن- خەراپکاری هاتوچۆ و ئەو دیو ئەو دیوی سنوور دەکەن. یانی هەر دووک لا تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان بە یەکتر بناسێنن. هەموو تێکۆشان و جموجۆڵێکی ئەوانیش دەبێ لەژێر چاوەدێریدا بێ و بۆ ئەو بابەتەش هەموو ڕێکارێک دەگرنەبەر. له بەشێکی ئەو مادەیەدا هاتوه که دەبێ پێشی هەر گردبوونەوەیەک بگیردرێ، ئەگەر بەپێی یاسای کۆنترۆڵی سنوور بێ، لێرەدا پێویستە قسە له تاک بکرێ، له حاڵێکدا زۆر بەڕوونی باس دەکات که پێویستە پێش بە گردبوونەوەیان بگیردرێ. بەبێ ئەوەی ناوی هیچ دەستە و گرووپێک بهێنن. زۆر بەڕوونی دیارە نییەت و غەرەزیان تێکۆشەرانی کوردە که بە مەبەستی سیاسی و تێکۆشان له دەوری یەکتر کۆ دەبنەوه و خەبات دەکەن.

له **مادەی ٣** دا باس له هاوکاریی کاربەدەستانی دوو وڵات دەکا لەسەر سنوور و ئەو کاربەدەستانەی له هەردووک لا دیاری کراون تا ئاستی بەرزی وەزیرانی بەرگری و دەرەوه و نێوخۆ. واتە بزووتنەوەی کورد بە هۆی دوو دەوڵەت و کاربەدەستێکی زۆر و چەند وەزارەتی پێوەندیدار و ئیمکاناتی ماڵی و ئینسانی زۆری ئەو وڵاتانەیان بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕوویان ببنەوه و تا بۆیان بکرێ خەبات و تێکۆشانی گەلێکی خەباتکار و مافخواز له ڕیشەدا وشک و بنبڕ بکەن. هەروەها دەستنیشانی چەندین خاڵی سنووری دەکەن که بە خەیاڵی ئەو دوو دەوڵەتە ئیمکانی هەیە تێکۆشەرانی کورد سوودیان لێ وەربگرن بۆ دزەکردن له نێوان دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا.

لێرەدا بە گشتی ٣٨ خاڵی سنووری دەستنیشان دەکرێن بۆ کۆنترۆڵکردن و هەر بەوەندەش ڕاناوەستن و دەڵێن له داهاتووشدا ئەگەر پێویست بکا خاڵ و نوقتەی دیکەش بە ڕاوێژی نیوان هەردووک لا دیاری و زیاد دەکرێن. دەڵێن هەموو ڕێگەیەک دەبەسترێ تەنیا ئەوانە نەبێ که لەژێر چاودێری گومرگی دوو لایەن دان. هاتوچۆ له ڕیگەکانی دیکەدا بە هەموو جۆرێک قەدەغە دەکرێ، مەگەر ئەوانەی له داهاتوودا بەهاوبیری هەردووک دەوڵەت دەکەونە ژێر چاودێریی گومرگی دوو وڵات.



سەرچاوە
Serchawe

**لە مادەی ٤** دا دەڵێن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٣ دوو لایەن بەڵێن دەدەن ئیمکاناتی ئینسانی و ماددیی پێویست دابین بکەن بۆ کۆنترۆڵ و پێشگیری لە کەسانی ئاژاوەگێڕ. هەروەها هەر دووک لا بەڵێن دەدەن بەپێی ئەزموونێک کە دەستیان دەکەوێ لەو سنوورانە بە تەگبیری یەکتر بۆ کۆنترۆڵی سنوور ڕێکاری کاریگەرتر بگرنە بەر.

**مادەی ٥ دەڵێ:** هەر خراپکارێک لە هەرکام لە وڵاتەکان قوڵبەست بکرێ تەحویلی وڵاتی پێوەندیدار دەدرێتەوە و ئەو ڕێوشوێنانەی دیاری کراون لەسەری جێبەجێ دەکرێن. جیا لەوەش هەردووک لا بەڵێن دەدەن لە حاڵەتی دەرباز بوون لە سنوور لە هەوەڵین دەرفەتدا زانیاری لەسەر هاووڵاتی یەکتر بدەن بە وڵاتی پێوەندیدار بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستگیر بکرێ.

**مادەی ٦ دەڵێ:** لە کاتی پێویستدا بە ڕەزایەتی دوو لایەن ڕەنگە هێندێک ناوچە بۆ پێشگیری لە هاتنەدیی ئامانجی خەڵکانی گیرەشێوەن بە ناوچەی قەدەغەکراو ڕابگەیەنرێن.

هەر ئەوەی دوای پەیماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر لە ناو خەڵکی ئاساییدا بڵاو بۆوە و باو بوو کە هەردووک دەوڵەت ئیزنیان بە یەکتر داوە تا سنووری بیست کیلۆمیتری بۆ قووڵایی هەر کام لە وڵاتان قەدەغەکراو ڕاگەیەندراوە، کەس مافی نییە تێیدا نیشتەجێ بێ. کە ئەوە لە سنووری باشووری کوردستان لە زۆر ناوچە هاتۆتە بواری جێبەجێ کردن.

**مادەی ٧:** لەو مادەیەدا ئیقرار کراوە بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی دوو لایەنەی کاریگەر و بەسوود، کۆمیتەیەکی تێکەڵاو و هەمیشەیی لە بەرپرسانی ئیداراتی سنووری و نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە و نێوخۆی دوو وڵات پێک بهێندرێ کە ساڵانە دوو جار کۆ دەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی کارەکان و کۆنترۆڵی سنوور. جیا لەوەش ساڵانە دەکرێ لەسەر داوای هەر کام لە دەوڵەتەکان کۆبوونەوەی نائاسایی پێک بهێندرێ بۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بە سنوور و کۆنترۆڵی سنوور.

**مادەی ٨ دەڵێ:** پرۆتۆکۆڵی ئامادەکراو کە پێوەندی بە داخستن و کۆنترۆڵی سنوورەوە هەیە، نابێ گرفتێک لە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەی تایبەتی لە نێوان ئێران و عێراقدا دروست بکا.

لەسەرەتادا ئیشارەمان پێ کردوە کە ئەو پرۆتۆکۆلە تەناهییە! لە ٩ مادە پێک هاتوە. هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان دەزانن گرینگترین بەشی سنووری ئاوی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە "شط العرب" بوو کە بە کێشانی خەتی "تالوگ" گۆڕانی بەسەردا هاتوە. بۆیە پێویستی دەکرد لەو پرۆتۆکۆلەدا زۆرتر ڕێوشوێنی یاسایی و ئەمنی لە سنوورەکانی "شط العرب"

دانرابا و ڕێکاری تەناهی و کۆنترۆڵی تێدا دەست نیشان کرابا. بەڵام لەو پرۆتۆکۆلەدا لە ٩ مادە ٨ مادەی پێوەندی بە سنووری وشکانیەوە هەیە کە بەنێو خاکی کوردستاندا کێشراوە و لە هەرکام لە مادەکان کە لە چەند خاڵ و بەندێک پێکهاتوون و ڕێکاری توند و تۆڵیان تێدا ڕەچاو کراوە بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە سنووری ئاویی خوارووی عێراق یانی باشوورەوە هەیە تەنیا لە یەک مادەدا زۆر بەکورتی ئیشارەی پێ کراوە و بێ وردکردنەوە بە خاڵ و بەند، کە ئەوە زۆر بە سانایی ئێمە دێنێتە سەر ئەو بڕوایە ئەو شێوە دیاریکردنەی سنووری دوو وڵات هی هاوسێیەتیی باش نییە؛ بەڵکوو کۆنترۆڵی خەڵکی ئەو سنوورەیە کە لە هەموو مادە و بەند وخاڵ و نێوەرۆکی پرۆتۆکۆلەکە بەڕوونی دیارە و بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆریش لە چاو دەدا.

**لە خاڵی ٢ی مەنشووری ئاتلانتیکدا نووسراوە:** ئەوان خوازیاری ئەوەن کە هەر گۆڕانێک لە سنووری وڵاتان پێک بێ، دەبێ بە خواستی سەربەستانەی خەڵکی سنوورەکە بێ. دەزانین ئەو مەنشوورە لە ژانوییەی ١٩٤٢ بە ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو کراوە، بەڵام دیاریکردنی سنووری کوردستان لە هەموو دەورانەکاندا بێ پرس و بێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و تەنانەت دانیشتوانی سەر سنوور و دەڤەرەکەش بووە.

سنووری وشکانیی نێوان ئێران و عێراق بەتەواوی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، یانی خاکی کوردان لەت و بەش دەکات. خەڵکی کورد و کوردستان لە یەکتر دادەبڕێ، بەڵام لەیەک شوێنی ئەو پرۆتۆکۆلەدا بچووکترین ئیشارە بە کورد و خواستی کورد نەکراوە.

لەلایەکی دیکە لە دیاریکردنی سنووری وڵاتاندا کە پرەنسیپی جیرانەتیی باش ڕەچاو دەکەن، لەگەڵ دیاریکردنی سنووری ولاتەکانیان وەک دوو جیرانی باش، ڕەچاوی تایبەتمەندیی ناوچەکە و پێکهاتە و خەڵکەکەی دەکرێ، یانی حیساب بۆ ویست و خواستی خەڵک، ئاڵوگۆڕی بازرگانی، پێوەندیی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کولتووری دەکرێ و بە ڕێککەوتن ڕێوشوێنی بۆ دەدۆزنەوە تا کەمترین زیان بە خەڵکی دەڤەرەکە نەگەیەندرێ. لە حاڵێکدا لەو ڕێککەوتنەدا حیساب بۆ هەموو شتێک کراوە، تەنانەت حیساب بۆ ئەوەش کراوە کە ئەگەر نیشانەیەکی سنووری بە هەر شێوەیەک نەمێنێ و لەنێو بچێ، چۆنی چاک بکەنەوە و تەنانەت ئەگەر بە دەستی خەڵکی وەک ئەوان دەڵێن خەرابکار خەراپ بکرێ و جەریمە و سزای توندی بۆ لەبەرچاو گیراوە. بەڵام هەر وەک ئاماژەی پێ درا بە یەک وشەش باسی کوردستان و خەڵکی کورد نەکراوە و ڕەچاوی ماف و ژیانی خەڵکی ناوچەکە نەکراوە؛ بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر خەڵک ئازادی لێ زەوت کراوە؛ مافی پێشێل کراوە و پێش بە تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت لە زۆر شوێن کار و کاسبیشی گیراوە.

گەلاوێژی ٢٧٢٣

لە یەک کەلامدا ئایا ڕێککەوتنێک با نێودەوڵەتییش بێ، ئەگەر بێ لەبەر چاوگرتنی ئیرادە و خواستی خەڵک بێ و هیچ بەرژەوەندیی خەڵکی لەبەر چاونەگرتبێ و بۆ سنووردار کردنی ژیانی سیاسی و تەنانەت ژیانی ئاسایی ڕۆژانەش دەیان بەربەستی دروست کردبێ، ڕەوایيەتی دەدرێتێ و دەکرێ ناوی لێ بنێین ڕێککەوتنێکی یاسایی؟

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیەک لە هەشت دەیەی ڕابردوودا




**حەسەن قارەمانی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی دەیان‌ساڵەی پڕ هەورازونشێوی هەیە.**

حیزبێک کە لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا بەردەوام بۆ پێشخستنی مافەکانی کورد و ڕزگاریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئاڵۆزی سیاسی و جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەباتی کردووە. ئەم حیزبە لە سەردەمێکدا دروست بوو کە کورد بە دوای نوێنەرایەتیی سیاسی و دانانی بە شوناس و مافە کولتوورییەکانی خۆیدا دەگەڕا. ئەم حیزبە بەدرێژایی دەیان ساڵ خەبات بۆ مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد لە ئێران ڕۆڵی هەرە سەرەکیی هەبووە و لەو پێناوەشدا زۆرترین تێچوو و قوربانیی داوە.

حیزبی دێموکرات لە سەردەمی هەڵچوونی سیاسی و نائارامیی کۆمەڵایەتی لە ئێران پێک هات کە ئاکامی گۆڕانکاری لە دۆخی ژێئۆپۆلۆتیکی ناوچەکە بوو، و ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە ئێران کە پێشتر کۆمەڵەی ژیانەوێ کورد (ژ. ک)یان بۆ

بووژانـدنەوەی هەسـتی نەتەوەیـی دروسـت کردبـوو، بە ڕاگەیانـدنی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لەسـەر بنەمـا هـزری و فەلسەفییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بەرنامەی تۆکمەتریان بۆ ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان دارِشت.

ساتێکی دیاریکەر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ بوو. دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات تەنیا ڕووداوێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو گوزارشت کردن لە خەباتێکی درێژخایەنە بۆ مافەکانی مرۆڤ، شوناسی کولتووری و سەربەخۆیی سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکەدا. کۆمارێک کە بووە سیمبولی هیوا و ئازادی بۆ نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان.

حیزبی دێموکرات دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دەستی لە ئامانج و بەرنامەکانی بەرنەدا. خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە لە شێوەی جۆراوجۆری خۆی و لە مێتۆدەکانی چالاکی سیاسیی، بەرگریی پێشمەرگانە، خەباتی دیپلۆماسی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا بەردەوام بووە و سەرەڕای هەموو لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەڵام نەوێستاوە و هەموو کاتێک جێگای هیوا و هۆمێدی خەڵک بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆیدا ئەوەی هەمیشە تەکزی لەسەر کردووە و وەک بنەما لێی ڕوانیوە، بەرژەوەندییەکانی کورد و بایەخ و بەهاکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە. بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی، پێناسی زمانی، کولتووری کۆمەڵایەتیی کورد لە نێو ئێرانی فرەنەتەوەی پڕ جۆراوجۆریدا و پێکهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی خودموختار لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکرات لە سیاسەتە نەگۆڕەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٧٨ ساڵی بوونی خۆی و لە ڕەوتی خەباتی دوورودرێژیدا هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە سەرکوت و بەربەستی لە بەردەم دروست کراوە. جگە لەوە بارودۆخی ژئۆپۆلوتیکیی ناوچەکە لەگەڵ گۆڕانی هاوپەیمانییەکان و گۆڕانی هەلومەرجەکان شوێنکاری نەرێنیی لەسەر حیزب داناوە، بەڵام نەیتوانیوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ ئامانج و پرۆژەکانی سارد بکاتەوە. ئەم خۆڕاگری و پابەندبوونە بە پرەنسیپەکانی خەبات، پێگەیەکی دیار و بەرچاوی بە حیزب بەخشیوە، بە جۆرێک بووەتە ڕەمزی یەکریزی و خۆڕاگریی لە نێوخۆی کوردستان و ئادرەس بۆ مافەکانی کورد لە ئێران لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مێژووی دەوڵەمەندی لە خەبات و پێداگریی لەسەر مافەکانی کورد، توانای ئەوەی هەیە وەک هەمیشە لە سیاسەتی کوردیدا هێزی بنەڕەتی و سەرچاوەی ئیلهام بۆ هێزەکانی دیکەش بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

**حیزبی دێموکرات لە ژیانی سیاسیی دووورودرێژ و پڕ نرخی خۆیدا زۆر دەسکەوتی بەبایەخی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەستەبەر کردوە. ئەم حیزبە لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا زۆر قۆناغی دژواری ئەزموون کردوە، بەسەر زۆر کەندوکۆسپدا سەرکەوتوە، لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کورددا زۆر بەها و پرەنسیپی گرینگی جێگیر کردوە، خوێنی زۆر لەبەر ڕۆیشتوە، نشوستی و تاڵیی هاتووەتە ڕێ، ڕیزەکانی لێک ترازاون؛ بەڵام لە هیچ بارودۆخێکدا ئاڵای خەباتی مافخوازیی ئەم گەلەی هەڵنەپەساردوە و لەسەر ئەو ڕێباز و ئامانجە بەردەوام بووە کە لە پێناویدا دامەزراوە.**

**ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەهەندەکانی گوتارسازی، بەرگریی چەکداری، گرتنەبەری شێواز و نەریتی جۆراوجۆری خەباتگێڕی، دیپلۆماسی و ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە، چەسپاندنی نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا و زۆر ڕەهەندی دی هەموو کاتێک جێی سەرنج و لێکدانەوەن.**

**حیزبی دێموکرات وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری گەورە گوتاری نەتەوەیی هەمیشە لە تەعامول و سازان و لە یەک حاڵیبوون لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ بووە، حزووری پڕ ڕەنگی ڕێکخراوەیی بە شێوازی شوێندانەر بەڵگەیەکە بۆ ئەم ئیدعایە و توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە پتانسیلەکانی لە دەرەوەی وڵات و سازماندانی کوردانی دیاسپورا، وەک نوینەرایەتییەکان و پێکهێنانی گرووپی دیپلۆماسیی بەهێز بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە جهانیان و..... بە باشترین شێواز کەڵک وەرگرێ.**

**٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی




**عەلی بداغی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەروودا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای

گەلاوێژی ٢٧٢٣

دامەزرێنەری، لە تیرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆر بە تیرۆر وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی - بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتێک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بێ و شەڕ و نائارامی وماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. بەڵام کاتێک ڕێژیم پەلاماری کوردستانی دا، ئەمە حیزبی دێموکرات بوو باری هەرەقورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێن‌شوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکرات سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتوویژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.



سەرچاوە Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لە پێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداوانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.


پرسی جەوهەری لە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەربۆیە جۆری مامەڵەی حیزب لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و داهاتووی ئێرانیش پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە.

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ٢٥ی گەلاوێژ و چەند وتەیەک




**برایم چووکەڵی**

یەکێک لەگرینگترین ڕۆژەکانی مێژووی نەتەوەی کورد ڕۆژی ٢٥ی گەلاویژە، کە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزراوە، و لە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورددا جێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سێ چارەگە سەدە لەوە پێش بە حەول و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەسەر ڕێبازێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە دامەزرا. لە مێژووی کوردستاندا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووێ گەلی کورد دانراوە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە و لەلایەن مێژوونووسان و نووسەرانەوە کە لە خەباتی ئەو نزیک بەو ٨٠ ساڵەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لێکۆڵینەوەیان کردوە پێ لەو ڕاستییە دانراوە. هەر بۆیەش بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناخێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دەستی پێ کرد.

گرینگترین خاڵی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی سیاسی کورد بۆ هەمیشە چووە قالبی ڕێکخراوەیی و حیزبێکی سیاسی بە بەرنامەی پێشکەوتنخوازانە و ڕوونی سیاسی ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی وەئەستۆ گرت. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران شوێنەوارییەکی قووڵی لەسەر هەستو بیری کۆمەڵانی خەڵک دانا، بە جۆرێک کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئەو زەبرە قورسەی پاش زاڵبوونەوەی ڕێژیمی پاشایەتی بە سەر خەڵکی کوردستان وەپەیکەری حیزب کەوت، دەستی لە خەبات هەڵنەگرت و ئاڵای خەباتی بۆ وەدیهێنانی مافە لەمێژینەکانی گەلی کورد هەر شەکاوە ڕاگرت. ئەگەرچی حیزبەکەمان لەکاتی دامەزرانیەوە تا ئێستا ڕێگای زۆر سەختی پێواوە، هەوراز و نشێوی لەڕادەبەدەر بەجێ هێشتووە و هەر لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و لەگەڵ ئەوەش برینی زۆر قورسی هەڵگرتووە. بەوحاڵەش تائێستا نە سەرکەوتنەکانی مەغروور و لەخۆبایی کردووە، نە ئەو برینە قووڵانە توانیویەتی بەچۆکی دابێنێ. هەربۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم لە ئاستی دەرەوە وهەم لە نێوخۆی کوردستان و ئێران جێگای تایبەتی خۆیو ئیعتبارو پرستیژی تایبەتی هەیە، ڕوونیشە کە، ئەو دەسکەوتانە زۆر بەئاسانی بەدەست نەهاتووە. لەوبارەوە دەبێ بڵێین حیزبێک کە داوا ڕەواکانی ئەوەندە بەرحەق و عادڵانەیە کە بێ شک لە ئاستی جیهانی و ڕوو بە دەرەوە خاوەنی ئەوپرستیژە دەبێ.

لەلایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکریزی ماڵی کورد هەوڵی زۆری داوە و لە هەموو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات زیاتر خۆی بۆ ئەم مەسەلەوە ماندوو کردووە، چونکی باوەڕی وایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی درێژە بە ملهوڕی خۆی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی دەدا لەبەر ئەوە نییە کە جێ پێی لەنێو خەڵکدا بەهێزە، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی پرشوبڵاویی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و نەبوونی هاوکاریی نێوان حیزبەکانە. لەو پێوەندییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر هەنگاوی گرینگی هەڵێناوەتەوە و بۆ یەکریزی ماڵی کورد درێخی نەکردووە.

بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا، سیاسەتەکانی پێشووی ڕێژیم هەروا بەردەوامن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ توندتر لەپێشوو بەڕێوە دەچێ. نموونەکەی ئێعدامی لاوانی کورد لەم چەند ساڵی دواییدا، ئەمەش ڕەخنەو بێزاریی زۆری لێ بەرز بۆتەوە. ئەم ڕێژیمە پێی وایە بە کوشتنی لاوانی کورد دەتوانێ خەباتی ڕەوای کورد بێدەنگ بکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بەرانبەر بەو ئێعدامانە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوە و سەلماندی کە زیندان، ئیعدام، دەربەدەری و کوشتن وماڵوێرانی.... ناتوانێ چۆک بە خەباتکاران دادا و تێکۆشانی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد درێژەی هەیە.

بەسەر هەڵدانی شۆڕشی "ژینا" جارێکی دیکە کوردستان نیشانی دا کە لە هەمووی ئێران بۆ خەبات و تێکۆشان دژی ڕێژیمی ئاخوندی پێشەنگە، لە ساڵی ڕابردوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک ساڵانی پیشوو خەڵکی کوردستانی زیاتر لە ژێر فشار ناوە و چالاکوانان و کەسایەتییە سیاسییەکانی لە بەندیخانە خزاندوون، کاسبکارانو کۆڵبەرانی بەر گوللە دراون،

## گەلاوێژی ٢٧٢٣

سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کوردستان هەروا قایم لەسەنگەری خەباتدا وەستاونەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێپەڕکردنی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ قۆناخێکی نوێ لە خەباتی دەست پێ دەکاتەوە، دیارە شارەواوە نییە لە ماوەی چەندین دەیە تێکۆشاندا کە دەسکەوتی بووەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، شکانیشی هەبووەو بێ هەڵەش نەبووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ڕێگای خەباتی خۆی گرتۆتە بەر و لە هەڵەکانی دەرسی وەرگرتوە و لە کورەی خەباتدا قاڵ و پوختە بووە، توانای ئەوەی هەبووە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تێ بگا و بە قازانجی بەرەو پێشبردنی خەباتی گەلەکەی کەڵکیان لێ وەر بگرێ. سەرەڕای ڕێگای دوورودرێژو پڕ لەکەندولەندی خەبات، ئێستاش گەرموگوڕتر لەجاران لە میدانی خەبات و تێکۆشاندا ماوەتەوەو درێژە بە خەباتە پیرۆزەکەی دەدا.

٢١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە



**سمایل شەرەفی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری دامەزراوەیەکی مودێڕنی خۆبەڕێوەبەری لەسەر دوو بنەمای "کۆماری" و "دێموکراتیک" بە ناوی "کۆماری کوردستان"ە، ئەساسی بەرنامە و تێڕوانینی، کارکردن بۆ کەسایەتییبەخشین بە ئینسانی چەوساوەی کورد و نیشتمانە خاپوور و داگیرکراوەکەی بووە. کە لە یەکەم هەنگاوی دوای دامەزرانی‌دا "کۆماری کوردستان" وەک قەوارەیەکی سیاسی دادەمەزرێنێ، دەیهەوێ لەم ڕێگایەوە کۆمەڵی کوردەواری هەست بە "بوون" و "کەسایەتی"ی خۆی بکات و باوەڕ بەو حەقیقەتە بێنێ هیچی لەو نەتەوانەی کە دەوڵەت و کیانی خۆیانیان هەیە، کەمتر نییە.

کورد بۆ دەرخستن و نیشاندانی ئەم بوون و کەسایەتییە، پێویستی بە ڕەمز و سەمبولێکی دیکە هەبوو، بۆیە پێشەوای کورد و حیزبی دێموکرات و سەرۆککۆماری کوردستان، قازی محەممەد بڕیاری دانان و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەر دەکات کە لە چەند شار و شارۆکەیەکی ئەوکاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری بە ئامادەبوونی جەماوەری خەڵک ڕێوڕەسمی تایبەتی بەم بۆنەوە بەڕێوە دەچێ.

پرسی پاراستنی ئەم دەسکەوتانە و پارێزگاری لەم بوون و کەسایەتیی کورد و نیشتمانەکەی کە بە درێژایی مێژوو هێرشی کرابووە سەر و پەلامار درابوو، بۆ حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوای کوردان گرینگ و جێی تێڕامان و بیرکردنەوە بووە. بۆیە بڕیار لەسەر پێکهێنانی سوپای میلیی کوردستان کە دواتر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناسێندرا، درا. کەوایە فەلسەفەی دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاراستن و پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی کورد و نیشتمانەکەی بووە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی خۆی لەسەر ئەم تێفکرین و پێناسەیە، لە ئەرک و وەزیفەی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"ی ڕوانیوە.

ئەم حیزبە کە هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، شانازیی ئەوەی پێبڕا کۆماری کوردستان دامەزرێنێ و، لە کاتێکدا بە بێ ئەوەی چاوی بڕیبێتە سەر خاک و نیشتمانی خەڵکی دیکە، سەرقاڵی بنیاتنانی پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێخستنی دامەزراوە مەدەنییەکانی تایبەت بە لاوان، ژنان، منداڵان، قوتابییان و ڕۆشنبیران بوو و چەندین جار بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بە دیالۆگ سەردانی تاران کرابوو، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی پاشایەتییەوە پەلاماری درا. لە وەها دۆخێکدا کە شەڕ بەسەر کۆماری کوردستاندا سەپێندرابوو، کابینەی وەزیرانی کۆمار، وەزیری بەرگریی، محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازیی ڕاسپارد کە بۆ پاراستنی خەڵک و خاکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری دوژمن، سوپای ملیی کوردستان بجووڵێنێ.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش، هەموو هەوڵێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی شەهید دوکتور قاسملوو، وەک سکرتێری گشتیی حیزب و وتەبێژی هەیئەتی کوردستان بۆ دانووستان لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، ئەوە بوو کە وتووێژ و دیالۆگ تەنیا ڕێگا چارەسەری کیشەکان بێت. د. قاسملوو کە لێکەوتەکانی دوورکەوتنەوە لە مەنتقی دیالۆگ و کەوتنەوەی شەڕ و تێکهەڵچوونی بە باشی دەرک کردبوو، دەیگوت: "ئەگەر ڕۆژێک ئەم شەڕە دوا بکەوێ، ئێمە ڕۆژانێکی زۆر قازانج دەکەین ."

بەڵام کاتێک کە فەرمانی جیهاد ڕاگەیاندرا و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان شەڕێکی چەندین ساڵەی بەسەردا سەپێندرا، حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بە هەموو شێوەیەک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش، پشتیوان و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن و ناچار بە پەنابردنەبەر خەباتی چەکداری بوو.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

لە کاتێکدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەیەی شەستی هەتاویدا لە بەرگری و بەرەنگاریدا بوو و ڕۆژ نەبوو لە پێناو پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستاندا حەماسەی قارەمانانە تۆمار نەکات، دیسان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوەڕەوە، پێداگریی لەسەر ڕێگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەکرد. ئەوە بوو کە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانەی هێزەکانی پێشمەرگە، سکرتێری ئەم حیزبە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ نێردراوانی تاران کە دواتر بە تێرۆریست و پیاوکوژ دەرچوون و ناوبراویان تێرۆریان کرد، لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد کەوتە دیالۆگ و وتووێژەوە.


لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتەوە، "خەباتی چەکداری" یان "خەباتی پێشمەرگانە" کە لە چوارچێوەی مەفهوومەکانی "مافی خۆ پاراستن" و "مافی بەرگری لەخۆ"وە سەرچاوە دەگرێ، مافێکی ڕەوا و مەشرووعە. بەو مانایە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان - وەک بزووتنەوەیەکی مافخوازانە - لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بەزۆر و چەوساندنەوە لێی زەوت کراوە، مافی خۆپاراستن لە پیلان و پەلاماری دوژمن و بەرگری لە خاک و کەرامەتی خۆی هەیە.

حیزبی دێموکرات کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی جیهانی، ناوچەیی و خۆماڵیدا و لەشار دامەزراوە و ڕێبەرانێکی خاوەن تێفکرین و بیرمەندی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیی هەبووە و خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی مودێرن و تەشکیلاتێکی بەرینی جەماوەریی پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بۆ کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە، تێفکرین و جیهانبینیی خۆی هەیە.

لەم پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە، لەگەڵ باوەڕ بە ئازایەتی و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پێی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی و تێگەیشتن لە پیلان و پلانەکانی دوژمن و شوێنەواری ئەم شێوازە لە خەبات، لەسەر خەباتی جەماوەریی خەڵک لەسەر شەقامەکانی کوردستان، بڕیاری لەسەر ئەم ڕەهەندە لە خەبات داوە و دەدات. هەر وەک چۆن سپای ملیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەسکەوتەکانی دیکەی حیزب و کۆماری کوردستان، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی شانازین، خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردستاندا، بەشێکی دانەبڕا و حاشاهەڵنەگر لە مێژووی ئەم حیزبەن.

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# مەرگی عەبدولکەریم شێخانی: خەسارێکی گەورە



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ - ٠٨ - ٢٠٢٣ نووسەر و وەرگێڕ و تێکۆشەری گەورەی کورد مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پاش دەیان ساڵ خزمەت بە زمان و ئەدەب و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد تێکەڵ بە کۆمەڵی نەمران بوو و هەزاران خەون و ئاواتی وەدینەهاتوو بۆ گەل و نیشتمانی دەگەڵ خۆی بردە بن گڵ. بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بوونەوە تەرمی مامۆستا شێخانی کە دوارۆژ و ساتەکانی ژیانی لە شاری هەولێر بەڕێ کردبوون لە گۆڕستانی کەسنەزانی ئەو شارە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. ئەگەرچی دەنگدانەوەی مەرگی کەریم شێخانی بە هیچ جۆر بارتەقای ژیان و خزمەتەکانی ئەو پیاوە دڵسۆز و خۆنەویستە نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ لەدەستچوونی بووە مایەی داخ و کەسەری کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکان و بەگشتی دڵسۆزانی نەتەوەی کورد و هاوسۆزیکردن لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکارەکەی.

مامۆستا شێخانی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا کەسێک نیە پێویستیی بە ناساندن هەبێ و زۆربەی ئەوانەی لەو کۆستەدا لەسەریان نووسی یان لەسەریان نەنووسی لەمن شارەزاتر لە ڕابردووی و ئاشناتر بە کار و بەرهەمەکانی ئەو سەرمایە

لەدەستچووەن. بەو پێیە ئەمن لە بەرهەمەکانی نادوێم و بە قەڵەمە تا سەر بەبڕشتەکەی هەڵناڵێم.

**حەز دەکەم ئەگەر بەکورتییش بووە باسی ئەو کەریم شێخانییە بکەم کە بۆخۆم دەمناسی:**

- کاک کەریم شێخانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیی بە وردەکاری و بە ڕێنووس و ڕێزمانەوە دەزانین. ئەوەندەی بۆخۆم بزانم لەگەڵ ئەوەی تێبینیی وردی لەسەر زمان و لێدوانی تەنانەت نووسەر و ئەدیبانی عەرەبیش زۆر بوو، بەڵام غەمی ئەو بەشەی بۆ غەمخۆرانی ئەو زمانە بەجێ هێشتبوو کە هەرچی لە ئیمکانات پێویستە لەبەردەستیاندا هەبوو. خەمی گەورەی مامۆستا شێخانی خەمی زمانی کوردی بوو کە بە هەموو کەموکوڕییەکی جەرگی دەهاتە ژان و دەگەڵ هەر هەڵەبەکارهێنانێکی دەکەوتە هەژان. ڕاستە وەک هەموو شارەزایانی ئەو بوارە خەفەتی دەخوارد و لەبەرخۆیەوە دەیناڵاند، بەڵام زۆر جار بەوەندە ڕازی نەدەبوو و هاواری لێ هەڵدەستا. لە زۆر بۆنەدا و هەر جارەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیدا دەنگی هەڵدەبڕی و بێ ئەوەی قامک لەسەر خەتابار دابنێ خەتای دەستنیشان دەکرد و هەڵەی ڕاست دەکردەوە. بەداخەوە کەمیش وابوو گوێی لێ بگیرێ و تێبینییە وردەکانی لەبەرچاو بگیرێن. لەوحاڵەتانەدا پتر خۆی دەخواردەوە و تەنانەت هێندێ جار بێدەنگەی لێدەکرد و بەردی لەسەر دادەنا. کەچی پاش ماوەیەک دیسان بێدەنگیی دەشکاند و هاواری لێ هەڵدەستایەوە.

- خەسڵەتێکی بەرزی مامۆستا بێفیزی و خاکەڕایی بوو و دەگەڵ ئەو هەموو زانایی و شارەزاییەکە هەیبوو خۆی بەسەر کەسەوە ڕانەدەنا و فیزی بە کەس نەدەفرۆشت. دەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆشی و هەموو نەوە (جیل)ەکانی دوای خۆش برادەر بوو، و لە زانیارییەکانیشیدا چەندی بتەوێ بەخشندە بوو.

- مامۆستا وەک هەموومان ڕۆڵەی کوردستانێکی دابەشکراو و بەو پێیە سەر بە بەشێکی کوردستان بوو. دەزانین کە ڕابردوویەکی بەردرێژی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی باشوور و تەنانەت ئەندامەتی لە حیزبەکانی ئەم بەشەی کوردستانیشدا هەبوو، بەڵام لە ویژدانی کوردانەی خۆیدا هیچ وەخت ئەو دابەشکردنەی قبووڵ نەکرد و دەگەڵ ئازاری هەموو پارچەکانی کوردستان دەژیا. ئەمەشی زۆر جار بە نووسین و تەنانەت بە شێعریش دەردەبڕی. ئەوەی من بزانم مامۆستا لەمەش بەولاوەتر دەڕۆیشت و دڵی دەگەڵ دڵی زۆرلێکراوانی هەموو گەلان یان بڵێین هەموو گەلانی زۆرلێکراو لێی دەدا. نازانم بڵاو بوونەوە یان نا، بەڵام بۆخۆم شێعری عەرەبیم لە هاودەردی لەگەڵ خەڵکی فەلەستیندا لێ بیستوە.

شتێک کە وا بزانم قەت بۆخۆی باسی نەکردوە و کەس لێی نەبیستوە و بە ئەمەگناسییەوە باسی دەکەم ئەوەیە کە مامۆستا

کەریم شێخانی بۆخۆم وەک کەسێک کە کەمتاکورتێک سەروکاری لەگەڵ وشەی کوردی هەیە سەرچاوە و پەناگەیەک بوو. هەروەخت بۆ وشەیەک یان دەربڕینێکی کوردی یان عەڕەبی دادەمام هاوارم تێ دەبەست و هەرخۆم و خۆشی دەمانزانی بە چ خەمخۆرییەکەوە بەهانام دەگەیشت. ئەگەر ڕێ کەوتایە کاتی پرسیارکردنم وەڵامی پێویستی لەلا نەبێ، کۆڵی نەدەدا و بەدوایدا دەگەڕا هەتا دەگەیشتە جوابێک کە بەدڵی هەردووکمان بێ و ئاگاداری دەکردمەوە.

شتێک کە ناتوانم نەیڵێم ئەوەیە کە ئەم پیاوە ناسراو و پڕبەهرە و خزمەتە بۆ وا بە بێدەنگی مرد و وەک گەوهەرێکی قیمەتی بە نهێنی ژێرخاک کرا. دەگەڵ شانازیم بە هەموو بستەخاکێکی کوردستان بۆچی دووگەز لە خاکی شاری لەدایکبوون و پەروەردەبوونی خۆی پێ ڕەوا نەبینرا تا ببێتە دراوسێی دەیان نووسەر و شاعیری هاوشار و هاودیار و هاوکاری خۆی؟ بەبۆنەی ئەم کۆستە گەورەیەوە پڕبەدڵ سەرخۆشی و هاودەردی پێشکەشی هەموو خزم و کەسوکاری مامۆستا شێخانی، کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکانی کورد و خەڵکی شارە بەهرەدارەکەی کۆیە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم.


**ڕووحی مامۆستا کەریم شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و کەسوکار و ئازیزانی خۆش بن. یادی هەمیشە بەڕێز بێ.**

عەبدوڵڵا حەسەنزادە

١٤ - ٨ - ٢٠٢٣

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# کۆدەکانی فاشیزم




کەریم پەرویزی

ڤیدیۆیەکی کۆن، لە جیهانی میدیادا بڵاو بۆتەوە کە لەودا موحەممەد عەلی ڕەجایی، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، لە بەردەم ئایەتوڵڵا مەرعەشیدا ئەژنۆی داداوە و خەریکە وانەکانی ئیدارەکردنی وڵاتی لێ وەردەگرێ.
ئایەتوڵڵا مەرعەشی یەکێک لە مەرجەعە بەناوبانگەکانی شیعەیە و مامۆستای زۆربەی ئایەتوڵڵاکانی نێو ڕێژیمی ئیسلامی وەکوو ئایەتوڵڵا موتەهەری و ئایەتوڵڵا موفەتێح و ئایەتوڵڵا بەهەشتی و ... ئەوانە بووە، لە ڕاستیدا لە سیستمی ویلایەتی فەقیهیدا کۆڵەکەیەکی ئەو ڕێژیمە بووە.

مەرعەشی لەم ڤیدیۆیەدا چەند ڕستەیەک بە کورتی بە ڕەجایی دەڵێ کە بناخەی بیرکردنەوە و سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و فاشیستیی ڕێژیمی حاکم لە تاران بەنیسبەت کوردستان و کوردەوە بە ڕوونی باس دەکا.

ئەم چەند ڕستە کورتە، دەرخەری سیاسەتی زیاتر لە یەک سەدەی ڕێژیمی تارانە بەرامبەر بە کورد.

بۆیە دەڵێین زیاتر لە یەک سەدە، چونکە ڕێژیمی پاڵەویش هەرهەمان سیاسەتی بەڕێوە دەبرد و لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی میراتگری تاوانەکانی پاڵەوی بەنیسبەت کوردستانەوە بووە و درێژەی هەمان سیاسەت پێڕەوی دەکا.

لە ڕستەی یەکەمیدا، ئایەتوڵڵا مەرعەشی دەڵی کە لە لایەکەوە خەلیجمان هەیە و لە لایەکەوە کوردستان!

لەم ڕستەیەدا کرۆکی ڕوانینی ڕێژیمی تاران بەنیسبەت کوردستانەوە نیشان دەدا کە چۆی لێن دەڕوانێ.

لێرەدا باس لەوە ناکرێ کە کوردستانیش وەکوو پارێزگاکان و ناوچەکانی دیکە بەشێکە لە ئێران یان خاکی خۆمانە و خەڵکی خۆمانە! لێرەدا دەڵێ لە لایەکەوە خەلیجمان هەیە و لە لایەکەوە کوردستان!

لە ڕاستیدا ئەم ڕێژیمە و هەروەها ڕێژیمی پێشتریش، ڕوانینیان بۆ کوردستان ڕێک بەم شێوەیە بووە کە وەکوو شوێنێکی غەیرە و بێگانە چاویان لێ کردووە کە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییە بۆیان.

لەم ڕستەیەدا ئایەتوڵڵا مەرعەشی کاتێک دەڵێ لە لایەکەوە خەلیجمان هەیە و لەلایەکەوە کوردستان، ئاماژە بە مەترسییەکان و هەڕەشەکانی سەر ڕێژیمەکە دەکا کە لەو کاتەدا بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، خەلیج وەکوو دەروازەیەکی هرووژمی جیهانی عەرەبی و بەقەولی خومەینی، نۆکەرانی ئیمپریالیزم چاویان لێ دەکرد و کوردستانیش هاوتای دەروازەی هرووژمی عەرەبەکانی سەر بە ئیمپریالیزم، بە نوێنگەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات و ڕێژیمەکەیان دەزانی.

کاتێک ئەو دۆخە و دروشمە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی وەرد دەدەینەوە، باشتر لە مانای ئەم ڕستەیەی مەرعەشی تێدەگەین کە کاتێک دەڵێ لە لایەکەوە کوردستانمان هەیە، لە ڕاستیدا دەڵی کە کوردستان سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامی و ویلایەتیی فەقیهی! و هەمان ڕوانینە ئەمنییەتییەکەیە کە ڕێژیمی تاران بە نیسبەت کوردستانەوە هەیەتی.

لە ڕاستیدا ڕێژیمی تاران، کوردستان وەکوو ناوچەیەکی بێگانە بەنیسبەت خۆیەوە دەبینی، هەر بۆیە هەست بە مەترسیش دەکا و بەردەوام وەکو سەرچاوەی هەڕەشە و کۆتایهێنەر بە ڕێژیمەکەی، لە کوردستان و کورد دەڕوانێ!



سەرچاوە
Serchawe

پرسێکی دیکە کە لە ڕستەکانی ئایەتوڵڵا مەرعەشیدا خۆی بە زەقی دەردەخا ئەوەیە کە دەڵێ کوردەکان لە چوار وڵاتی ئێران و تورکیە و سووریە و عێراق هەن و هەموویان خێڵی جیاوازن بەڵام خزمن و پێوەندیی خێڵەکی و خزمایەتییان پێکەوە هەیە!

ئەمە پێناسەیەکی سەد ساڵەی فاشیستی و کۆلۆنیاڵیستییە کە لە ڕەزاخانی میرپەنجەوە تاکوو ئێرانشەهرییەکانی ئێستاش تەنانەت لەنێو هەندێ لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئیسلامیشدا برەوی هەیە و پێڕەویی دەکەن.

ئەوان بە ڕوونی دەزانن کە کورد نەتەوەیەکە کە لەژێر دەستی دەسەڵاتداران و حاکمانی چوار وڵاتی ئێران و سووریە و تورکیە و عێراقدا هەیە، بەڵام ئینکاری نەتەوەبوونی دەکەن! بۆ ئەوەیش خۆیان لە نەتەوەبوونی دەرباز بکەن دەڵێن خێڵ و تایفەی جیاوازن کە لە چوار وڵاتەکەدا هەن، بەڵام بۆ پاساوی ناسنامەی هاوبەشی ئەم خێڵە جیاوازانە دەڵێن کە ئەمانە پێکەوە خزمایەتییان هەیە!

وەک بڵێی هەندێ خزم و خێڵ، لە ڕووداوی مێژووی یان سروشتیدا، ڕەنگە بە هۆی لافاو یان بوومەلەرزەوە لێک هەڵبڕابێتن و بە ڕێکەوت هەرکامەیان کەوتبێتنە وڵاتێکەوە!

ئایەتوڵڵا مەرعەشی وەکوو نوێنەری فاشیزم و کۆلۆنیالیزمی یەک سەدەیی لە ئێراندا، بە ڕوونی دەزانێ کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان دابەش کراوە بە سەر چوار حکوومەتدا، بەڵام خۆ لە نەزانی دەدەن و بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، پەنا دەبەنە بەر سووکایەتی و سووککردن و بە خزمی دابڕاو لەیەک ناویان دەبەن تاکوو هیچ جۆرە مافێکی سیاسییان بۆ ڕەچاو نەکەن.

لایەنی دیکە ئەم ڕستەیە دەرخەری ئەوەیە کە بەپێچەوانەی هەندێ خۆفریودەر کە پێیان وایە دەسەڵاتدارانی تاران نازانن کورد چۆنە و دەیانەوێ لە ڕێگەی بەقەول مەدەنی و ئسیلاحتەڵەبانەوە دەسەڵاتداران تێ بگەیەنن کە کورد چییە! بەڵام ئایەتوڵڵا مەرعەشیی زمانحاڵی سیستمی کۆلۆنیاڵیستی دەڵێ کە کوردستان مەترسییە بۆ سەریان و کوردیش لە چوار وڵات هەیە، یانی بە ڕوونی لە پرسی کورد دەگەن، بەڵام بەپێی بەرنامە و پلانی خۆیان لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکەن.

پلانەکەیان چییە؟ لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئایەتوڵڵا مەرعەشی باسی بەرنامە و پلانەکەشیان دەکا و ڕێگاکە بە ڕەجایی نیشان دەدا و دەڵێ کە چی بکەن.

مەرعەشی دەڵێ کە ئەمانە چونکە لە چوار وڵات هەن و هەمووشیان پێکەوە خزم و خێڵن! بۆیە بە هەستیارییەوە لەگەڵیان بجووڵێنەوە و لەگەڵیان بە نەرمی بجووڵێنەوە! بەڵام لە هەمانکاتدا چریک پەروەردە بکەن، بۆ بەشە دژوارەکانیان لە شاخەکاندا بە چریک بەرەوڕوویان ببنەوە!

ئەمە سیاسەتی کردەیی زیاتر لە یەک سەدەی دەسەڵاتدارانی فاشیستیی تاران بووە و تا ئێستاش درێژەی هەیە!

مەرعەشی دەڵی کە لەگەڵیان بە هەستیارییەوە بجووڵێنەوە!

بۆچی بە هەستیارییەوە؟ نەک لەبەر ئەوەی کە نەتەوەیەکن و مافیان هەیە و مافیان بدرێ! بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە چوار وڵات هەن و هەموویان خزمن! واتە لەبەر مەترسیی ئەوەی کە لە چوار وڵات هەن، لەگەڵیان بە هەستیاری بجووڵێن!

لە ڕاستیدا ئەم زمانحاڵەی فاشیزم لە ئێراندا دەزانێ کە هەستی نەتەوەیی کوردەکان لە بەشە جیاواز و لێککراوەکانی کوردستاندا دەبێتە هۆی پاڵپشتی و هاوپشتیی کوردەکان لە یەکدی و بۆ ئەوەی دژکردەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی بەدوادا نەیە و هەستی نەتەوەیی کوردەکان بە دژی ڕێژیمی ئێران هەڵنەخڕێندرێ، باشترە بە هەستیارییەوە بجووڵێنەوە! بەشێکی دیکەی سیاسەتی کردەیی ڕێژیم لێرەدا ئەوەیە کە دەڵێ بە نەرمی بجووڵێنەوە تا ئاکام بگرن! ناڵێ کە خەڵکێکن و گەر نەتەوەش نەبن خۆ هەر مرۆڤن و تەنانەت بەپێی یاسای ئیسلامیش هەندێ مافیان هەیە و مافە ئیسلامییەکانیان بدەن! بەڵکوو دەڵێ بە نەرمی بجووڵێنەوە تاکوو نەتیجە بگرن! نەتیجەکە چییە؟ ئاکام یان نەتیجەکە بریتییە لە دوورخستنەوەی مەترسی و هەڕەشە ئەمنییەتییەکان لەسەر ڕێژیم، چونکە لە سەرەتادا دەڵێ و ڕوانگەی ڕێژیمی تارانیش ئەوەیە کە کوردستان مەترسییە و هەڕەشەیەکی ئەمنییەتییە. بۆیە دەڵێ بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییە ئەمنییەتییە یان لە ڕاستیدا بۆ پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەی کوردستان لەسەر ڕێژیم، باشترە لەگەڵیان بە نەرمی بجووڵێنەوە!

سیاسەتی ڕەهەندی نەرمی ڕێژیمی تاران چ لە دەورانی پاڵەوی و چ لە دەورانی ویلایەتی فەقیهیدا، تەنیا و تەنیا بۆ پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەی کوردستان یان بە زمانی دیکە بۆ تواندنەوەی کورد لەنێو سیستمی فاشیستیی حاکمدا بووە و نەتیجەی دڵخوازی مەرعەشی و سیستمەکە، بریتییە لە سڕینەوەی ناسنامەی کورد و سڕینەوەی سەرچاوەی مەترسی لەسەر نیزامەکەیان و تواندنەوەیان لەنێو سیستمی ناوەندیدا.

لە کۆتاییشدا دەڵێ کە لە شوێنە دژوارەکان "چریک" پەروەردە بکەن و بە چریک بەرەوڕوویان ببنەوە!



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٣

سیاسەتی چریکیش کە مەرعەشی باسی دەکا، لە دەورانی حەمەڕەزاشای پاڵەویدا داهێنرابوو کە هەندێ کوردی سەر بە ڕێژیمی تارانیان بار دەهێنا و چەکداریان دەکرد و ناوی چریکیان لێ دەنا و لە کوردستاندا بە دژی کوردیاندا دەکردەوە تاکوو بە دەستی هێزی چەکداری سەر بە ڕێژیمی تاران، کوردستان داگیر و کورد سەرکوت بکرێ!
ناوی چریکیش لەوێوە هاتبوو کە ڕێژیمی پاشایەتی ڕقی لە چریکەکانی فیدایی خەڵک دەبوویەوە و سیاسەتی هەمیشەیی کۆلۆنیالیزم و ئیرانشەهری بریتی بووە لە داگیرکردنی ناو و ناسنامەکان و لە نێوەڕۆک بەتاڵکردنەوەیان و بە مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکارهێنانیان! لەو سەردەمەشدا چونکە ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خۆشنێو بوون و خەڵک باسیان دەکردن، حەمەڕەزاشای پاڵەوی بۆ ئەوەی ناوی چریکیان لێ بستێنێ، ناوی چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمەکەی نا "چریک"!

ئایەتوڵڵا مەرعەشی و لە ڕاستیدا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیش کە میراتگری ڕێژیمی پاشایەتی بوو، ئەو سیاسەتەی پاڵەویی پێ زۆر گونجاو بوو و هەر بۆیەش ناوی چریکیان لێ دەبا، لە کاتێکدا ئەوکات ڕێژیمی خومەینی بەوانەی دەگوت پێشمەرگە موسوڵمان و خەڵکی کوردیش ناوی دیکەیان لێ نابوون!


بەکورتی، ڕێژیمی تاران وێڕای بە ئەمنییەتی چاولێکردن لە کوردستان و وێڕای ڕوانگەی کۆلۆنیالیستی و سڕینەوە بەنیسبەت کوردەوە، لە پێناوی سڕینەوەی کورددا و بۆ بەئاکامگەیشتنی ڕێژیم، یان لە ڕاستیدا بۆ بەردەوامیی ڕێژیم و پاراستنی لە ڕووخان و هەرەسهێنان، سیاسەتی نەرمەبڕی بەنیسبەت کوردەوە پێڕەو کردووە تاکوو، لەنێو ناسنامەی دەسکرد و چەواشکراوی تاراندا بیتوێنێتەوە و پووچەڵی بکاتەوە و لە نێوەڕۆک بەتاڵی بکاتەوە و لە شوێنە دژوارەکانیش واتە لە ڕەهەندی ڕەق و قورسدا، پەنای بردووەتە بەر بەکرێگیراوەکان چونکە ویستوویە شەڕی کورد بە کورد بکا!

سیاسەتی کوردستانیی دروست بەرامبەر بەو پیلانەی ڕێژیمی تاران بریتییە لە پێداگری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، ستراتژیی هاوپشتیی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان، خەباتی جەماوەری لەپێناوی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی نەک هەرزانفرۆشکردنی مافەکان، هەروەها پڕڕەنگکردنەوەی هێڵی خەبات و ناسنامەی پێشمەرگایەتی بەرامبەر بە هرۆژمی سیاسی و فیکریی فاشیزم.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# کوردستان، چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا




**عەلی بداغی**

٤٤ ساڵ لەوە پێش، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە کاتێکدا هێشتا شەش مانگ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئازادیی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو، خومەینی، ڕێبەری ئایینی و سیاسیی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو لە ئێران فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردی دەرکرد. ئەم فتوایە و بەکافرزانینی کورد بەپێی بڕیاری بەرزترین مەرجەعی ئایینیی دەسەڵات بووە هۆی لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسدارانی تازەدامەزراو بۆ سەرکوردستان و داسەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر نەتەوەی کورددا، شەڕێک کە لە مێتۆدی جیاواز و بە ئامانج و پلانی جۆراوجۆر هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بەو مانایە کە چل و چوار ساڵ پاش فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی دژی کورد، کوردستان هەروەک ئەوکات چقڵە لە چاوی کۆماری ئیسلامیدا و، چل و چوار ساڵیشە خۆڕاگری و بەرگریی کورد لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتۆریی ڕێژیمدا بەردەوامە.

هەڵبەت مێژووی دوژمنکاریی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لەگەڵ کورد و پرسە ڕەواکەی لە ئێران و هەروەها پێشێنەی خۆڕاگری و

مافخوازیی نەتەوەی کورد لەو چوارچێوە جوغرافیا سیاسییەدا بۆ دەیان ساڵ پێش ئەو ڕووداوەش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕێکەوتە و ئەم فتوایەی خومەینی، بوو بە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی دژایەتی و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کورد و داوا ڕەواکانی. بەڵام بۆ؟ مەسەلە ئەوە بوو کوردستان دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پاشخانی زیاتر لە ٥ دەیە خەباتی سیستماتیک بۆ ماف و ئازادییەکانی، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک لە کۆماری کوردستان، و بەردەوامیی خەبات و خۆتەیارکردن بۆ ئیدارەدانی وڵاتی هەبوو. هەر لە ماوەی چەند مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشیشدا بە دامەزرانی شوراکانی گوند و شارەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، چالاکیی ئازادانە و بێبەربەستی حیزبەکان لە تەنیشت یەکتری، ئازادیی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، ئازادیی گرووپ و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان و کرانەوەی سیاسیی کەموێنە مزگێنیی قۆناغێکی نوێی لە ئازادژیان و پێکەوەبوونی دێموکراتیک بە بەشەکانی دیکەی ئێران دەدا.

بابەتی بنەڕەتی لەو هاوکێشەیەدا جیاوازیی و بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو: لە کوردستان خەڵک مافی نەتەوەیی و خودموختاریی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەویست، مافێک کە دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و خوێنی بۆ دابوو. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناوەندگەرێتیی و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی دەویست، ئەویش لەژێر دروشمی یەکڕیزیی ئیسلامیدا. وێژمانی سیاسیی کوردستان ڕوون بوو: دێموکراسی، ئازادژیان، هاوپێوەندیی نیشتمانی، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزم، دابینبوونی ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، یەکسانیی ماف، نەمان و نەهێشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان، لاشەڕی و بەرەودان بە فەرهەنگ و هونەر. بەڵام ئەو بەها و بایەخانە لە قامووسی خومەینی و ڕێژیمەکەیدا مانایان نەبوو. ئەوان لەبیری ئیسلامی سیاسیی فەندەمینتاڵ و چێکردنی دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی خۆیاندا بوون.

بەمجۆرە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پاشخانی دواکەوتووانەی ئایینی و دژەمرۆییەکانی و بە مەبەستی لەنێوبردنی بیری پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان و، ڕێگری لە تەشەنەسەندنی ئایدیای ئازادژیان و مافخوازی لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران؛ سەرەتا کەوتە نانەوەی ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوان کورد و تورکەکان و پاشان هەڵایساندنی شەڕ و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان. بۆیە پاش خوڵقاندنی جینایەتی نەورۆزی خوێناویی سنە لە بەهاری ١٣٥٨ شەڕەکەی هێنایە نەغەدە و پاشان پاوە و دواتریش بە فیتوای جیهادی خومەینی دژی بزووتنەوەی کورد هەموو کوردستانی پەلکێشی شەڕێک کرد کە دوای چل و چوار ساڵ، جگە لە بەردەوامیی کوشتار و وێرانی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

پێش و دوای ئەم شەڕە نیزامییەی کۆماری ئیسلامی لە چل و چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم بەدرێژایی ئەو مێژووە شەڕێکی

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

نەرم و چەواشەکارانەی بەردەوامیشی لەدژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کردووە. شەڕی بەراوەژووپێشاندانی ڕاستییەکانی بزووتنەوەی کورد بەهۆی سانسۆڕ و مۆنۆپۆلکردنی مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ئێستا؛ هەروەها لە چەشنی ناسیۆنالیست و فاشیستە ئێرانییەکان بە بەشینەوەی تۆمەتی جیاییخوازی و بەستراوەبوونی جووڵانەوەی کورد بە وڵاتانی دەرەکی. بەڵام چوار دەیە گێڕانەوە و پێشاندانی ڕیوایەتی ناڕاست لە بزووتنەوەی کورد و وێژمانەکەی سەرەڕای دەیان ساڵ کاری سیستماتیک، دامەزراندنی دەیان ناوەند و خەرجکردنی هەزاران میلیارد تمەن بۆ ئەو پڕۆژانە، بە شۆڕشی ژینا و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی پرسی کورد بۆ گەلان و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران، لەو بەرەیەشدا جگە لە ڕیسوایی و مایەپووچی هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە.

چل و چوار ساڵ دوای فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی موسوڵمانی کورد، وەفاداریی ڕێژیم بەو بڕیارەی ئایەتوڵڵاکەیان هەر لەجێی خۆیەتی و، خوێندنەوە و سیاسەتی دەسەڵات لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد هەر هەمانە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. لەو سۆنگەیەشەوە چل و چوار ساڵە کوردستان بە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیر دەکرێ، پەراوێز دەخرێ، دژی بەها و بایەخەکانی دەوەستنەوە، بۆ گۆڕینی ناسنامە و شوناسی نەتەوەییەکەی پیلان دادەڕێژن، سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی بەتاڵان دەبرێن، ڕۆڵە تێکۆشەر و مافخوازەکانی دەگیرێن و لەدار دەدرێن، ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەکەی تێرۆر دەکرێن و حیزبە سیاسییەکانی بە مووشەک و درۆن بەئامانج دەگیرێن؛ بەڵام سەرباقی ئەوەش ئەویی سەرکەوتووە هەر بزووتنەوە ڕەواکەی کورد بووە.

ئەگەر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویدا کوردستان بە بایکۆتی ڕێفراندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و لەو سۆنگەیەوە چل و چوار ساڵە باجی هەڵوێستە بوێرانە و دروستەکەی دەدات؛ ئێستاکە لە تەواوەتیی ئێراندا "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە دەگوترێ و ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە ٢٨ی گەلاوێژ وەک بەڵگەیەک بۆ قەڵاچۆی ئێمەی کورد و وەک بنەمایەک بۆ ڕەوایی و سروشتی ڕزگاریخوازانەی خەبات و مافەکانمان بەشێکە لە گوتار و بەرنامەی سیاسییمان کە قەت لەبیری ناکەین.

**٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**

# فتوای خومەینی و خەباتی گەلی کورد دوای ٤٤ ساڵ




**برایم چووکەڵی**

٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ، ٤٤ ساڵ بەسەر دەرکردنی فتوای خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان تێدەپەڕی، لەو فتوایەی خومەینی سەروماڵی کوردی بۆ هێزەکانی خۆی بە حەڵاڵ زانی، و بەو پێیە شەڕێکی ماڵوێرانکەر و نەخوازراوی بەسەر گەلی کوردا سەپاند. فتوای خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان، بوو بە هۆی ئەوە کە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان و بە هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بن و لەوەش زیاتر برینداربن و کەمئەندام ببن.

خومەینی دوای هاتنەوەی بۆ ئێران، نییەتی ناپاکی خۆی سەبارەت بە خەڵکی کوردستان هەر لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ دەرخست. بە دروستکردنی سپا، شەڕ و ئاژاوە لە کوردستان بەرەبەرە دەستی پێکرد. تەنیا چەند مانگ لە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە تێدەپەڕی کە دەهۆڵی شەڕیان گرماندی و هێزەکانیان بەرەو کوردستان سەرەوخوار بوونەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو بۆ ڕێگاخۆشکردنی شەڕ لە کوردستان، هەر لە نەورۆزی ١٣٥٨ەوە تا گەلاوێژی ئەو ساڵە، کە خومەینی فتوا بەدناوەکەی


سەرچاوە
Serchawe

دەرکرد، بەرەبەرە هێزەکانی بەرەو کوردستان دەنگ دا و ڕێگای بۆ شەڕێکی فەرمی و هەمەلایەنە خۆش کرد. شەهیدکردنی ٤٥٠ کەس لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨، کە بە نەورۆزی خوێناویی سنە ناوبانگی دەرکرد نموونەیەکی چووکەیە.

دوابەدوای قەتڵوعامی خەڵکی سنە، لە ٣١ی خاکەلێوەی هەمان ساڵدا، کۆبوونەوەی ئاشتییان لە شاری نەغەدە کردە ئامنج، ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە مەبەستی نوێکردنەوەی پەیمانی برایەتیی دوو گەلی ئازەری و کورد پێکهاتبوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تەقە لە میتینگی نەغەدە کرا و ماوەی ٤ ڕۆژ شەڕیان لە نێوان کورد و ئازەری هەڵایساند.

دوای ئەو پەیامە دژ بە خەڵکی کوردستان، یەکەمین هەنگاوی هێرشی سپای پاسداران بۆ کوردستان دەستی پێکرد و لە پاوە خەڵکیان غەرقی خوێن کرد، هەر لەو کاتەشدا خاڵخاڵیی جینایەتکاران بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە ڕاسپارد. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕێژیم ڕوخساری خۆی بەتەواوی نیشان دا و پەردەی لەسەر مەبەستەکانی خۆی بۆ لەنێوبردن و وێرانکردن و قەلاچۆکردنی خەڵکی کوردستان لادا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانەدا هێرشیان کردە سەر گوندی قارنێ بە ژ٣ و سەرنێزە و قەمە ٦٨ کەسیان لە خەڵکی ئەو گوندە قەتڵوعام کرد هەر دوای ئەو کردەوە قێزەونە ٦ مانگ دواتر واتە ٦ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ هێرشیانە کردە سەر گوندی قەڵاتانی نەغەدە و ٥٠ کەسیان لە ژن وپیاو و منداڵ لە خاک و خۆڵ وەردا و شەهیدیان کردن.

هێزەکانی ڕێژیم بەو فتوایەی خومەینی هێرشی خۆیان بۆ گوندەکانی: وسووکەند، ئیندرقاش، سۆفیان، کورەخانەکانی ساروقامیش، قەرەگۆل و سەوزی، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کۆیکان، کەرێزەیشکاکان، یونسڵیان، هەڵەقووش، گێچی، چەقەڵمستەفا، گۆرخانە و خەڵیفەڵیان و چەندین گوندی دیکە کرد و زیاتر لە ٢٠٠ کەس خەڵکی ئەو گوندانەیان قەتڵوعام کرد کە زیاتر لە ١٠٠ کەسیان ژن ومنداڵ پیرەپیاوی ٨٠ ساڵە بوو.

کۆماری ئیسلامی پێی وابوو بە کوشتن و ئێعدام کۆتایی بە خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی دێنێ. خومەینی بەو جنایاتانە نەوەستا، و خەڵخاڵیی ڕاسپارد کە واژۆی گوللەبارانکردنی سەدان و هەزاران کوڕ و کچی کوردستانی جێبەجێ بکا و ئێستاش ئاسەواری ئەو جەنایەتانە بە خەڵکی کوردستانەوە دیارن. هێزی ڕەشی "سپا" بە ناوچاوانی بەستراو بە پەڕۆیەکی ڕەش و سەوز کە لێی نوسرابوو "یاحسین" بەشی هەرە زۆریان بالای چەکەکانیان نەبوون، کە دەچن کافرەکان لە کوردستان خاشەبڕ دەکەن و بە جلوبەرگی نیزامییەوە بۆ کوردستان سەرەوخوار بوونەوە. وەک نیعمەتێکی خودایی سەیری ئەو

گەلاوێژی ٢٧٢٣

ئەرکە بە ناو پیرۆزەیان دەکرد. سپا، هەم پۆلیس، هەم وەکیل، هەم قازی و بڕیاردەری سەرەکی بوو و چییان پێ خۆش بایە لە کوردستان بە ئەنجامیان دەگەیاند. لە مزگەوتەکاندا، فێری هەموو کردەوەیەکی نەشیاوی ئینسانی و چەکداری ببوون و مرۆڤیان دەکوشت و ئازاری خەڵکیان دەدا.

تیرۆر یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی خەباتگێڕان وشۆڕشگێڕان، لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی لەو ٤٤ ساڵەدا کەڵکی لێ وەرگرتووە و دەیان و سەدان کردەوەی تیرۆریستی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە عێراق و دەرەوەی وڵات بەڕێوە بردووە.

هەروەها کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی وزە و توانای لاوانی کوردستان بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا، هەوڵی زۆری داوە کە لاوانی کوردستان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بکا، ئەوەی لە توانایدا بوو لەو بارەوە لە کوردستان درێغی نەکرد.

لەلایەکی دیکەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتیوانی هەموو چین و توێژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆ پاراستنی ئاو و خاک و نیشتمان و گەلەکەی، لە بەرامبەر هورووژمی شەوپەرستانی ئاخوندی سەنگەری گرت و لە شیمالی کوردستانەوە تا قووڵایترین ناوچەی جنووبی کوردستان، بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان بوو بە گۆڕستانی دوژمنان و پێشمەرگەکانی کوردستان حەماسەیان تێدا دەخوڵقاند و لە بەرامبەر هێزی پۆشتە و پەرداخی دوژمن بەربەرەکانێیان دەکرد.

٤٤ ساڵ شەڕی داسەپاو وماڵوێرانکەری ڕێژیم بەسەر خەڵکی کوردستاندا زیانێکی یەکجار زۆری گیانی و ماڵی بۆ خەڵکی زۆلملێکراوی کوردستان هەبووە و چەندین بەرامبەریش زیانی ئینسانی و ماڵیی بۆ ڕێژیم لێ کەوتووەتەوە. سەرەڕای ئەوە، ئەو ڕێژیمە بە مەبەستی چەپەڵی خۆی لەنێوبردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردە نەگەیشتووە و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان، هەروا درێژەی هەیە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و لە شۆڕشی ژینادا، بە ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان، چڵەپۆپەی بزووتنەوەی کورد، خۆی نیشان دا. بۆیە ئەوەی هەروا سەربەرز و ڕووسوور لە مەیداندا ماوەتەوە خەباتگێرانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە پێشەنگی ئەو خەباتەیە.

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە




**سمایل شەرەفی**

ساڵێک پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا و دوای ١٦ ساڵ لە لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەردوو لایەنی دێموکرات (حدک و حدکا) یەکیان گرتەوە. دێموکراتەکان بەم یەکگرتنەوەیە وێڕای خستنەسەری شانازییەکی دیکەی گەورە بە تۆماری شانازییەکانی حیزبی دێموکرات، وزە و هیوایەکی گەورەیان بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسییەکەی بەخشی.

بۆ قسەکردن لە زەروورەتی ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا ئاماژەدان بە دوو ڕووداو و ڕەفتاری تەواو لێکجیاوازی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسە کە کەمتر لە یەک مانگ دوای سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕوویان دا. دەستپێکی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان و هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەر بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، هەرکام بە مانا و خوێندنەوەی جیاواز سەلمێنەری زەروورەتی ئەم کردەوە مێژووییەی دێموکراتەکان بوون.



سەرچاوە Serchawe

لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ژیناوە کە پرسی یەکگرتنەوە، شوێنەواری ئەرێنی لەسەر ئیرادەی یەکگرتووانەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ڕەفتارێکی یەکگرتوانە دانابوو، خەڵک لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەریندا وڵامی بانگەواز و ڕێنوێنییەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبی دێموکراتیان دایەوە. بزووتنەوە بە گوتارێکی هاوبەش و یەکانگیرەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرە و گەشەسەندندا بوو، بەشێوەیەک کە لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژدا توانی پشتیوانی و سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێت و کۆماری ئیسلامی تووشی شۆک و داماوی بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروستی دەرکی بە سەرچاوەی ئەم هێز و یەکگرتووییەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان کردبوو، لە ماوەی یەک مانگی سەرەتای شۆڕشەکەدا سێ جار جار هێرشی مووشەکی و پەهبادیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تازە ڕیزەکانی خۆی یەک خستبۆوە و پێگە و نفووزی لەنێو شەقامەکانی کوردستاندا سەرنجی گشت لایەکی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. بە واتایەکی دیکە؛ شوێنەواری زەینیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە سەر ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بەکردەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا خۆی دەرخست و دواتر هێز و وزەی بە شەقامەکانی کوردستان ببەخشی، بەشێک لە زەروورییبوونی بەئەنجامگەیاندنی ئەم پرسە لە قۆناغێکی هەستیاردا دەردەخات.

گرینگیی پرسی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب پێوەندی بە ماهییەتی ئەو زەروورەتەوە هەیە کە یەکگرتنەوەکەی لەسەر بنیات نرا. بە پێچەوانەی لێکدابڕان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ "حیزبی دێموکراتی مێژوویی" تەنیا زەروورەتێکی تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو زەروورەتێکی تەواو سیاسی و خەباتکارانە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان خوازیاری بوون.

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە خەڵک لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوویی و پێکەوەبوونیان دەوێ و لە لێکترازان نیگەران و بە یەکگرتوویی خۆشحاڵن. بەڵام زۆرمان نەوتووە کە بڵێین ئەم مەیل و داواکاریانە لە حیزبی دێموکرات چەند بەرانبەرە کە هۆکارەکەی بۆ ڕەساڵەتی مێژوویی ئەم حیزبە و پێگە جەماوەرییەکەی دەگەڕێتەوە. لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا کورد لە کوردستانی ئێران قەت ئەم لێکدابڕانەی نێو ڕیزەکانی حیزبیان لە تێکۆشەرانی دێموکڕات قبووڵ نەکرد و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دابڕانەوە بە بێ ئەوەی لێی ماندوو و بێهیوابن، داوایان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، لەگەڵ ئەوەی وڵامێکی -هەرچەند درەنگ- بەڵام

گەلاوێژی ٢٧٢٣

درووستی بە خەڵکی کوردستان و ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی کوردستان دایەوە، بە قەرا گەورەیی و بەرینایی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوەڕوانیی لێ دەکرێ. پاراستنی ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە لە ئەولەویەتی پرۆسەی کاریی ئەم حیزبەدایە. هەروەک چۆن لە هەموو دۆخ و هەلومەرجێکی خەباتکارانەدا ئەسڵێ یەکیەتی و یەکگرتوویی لە بزووتنەوەکەدا گرینگ و پێویستە، لە ئێستا و هەموو قۆناغێکی خەباتی ئەم حیزبەدا پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتووییەکەی زەروورەتێکی ژیوارییە.

بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە حیزبی دێموکراتدا سەرنجدان بە دوو بابەت؛ یەکەمیان، "ئەرک و ڕەسالەتی ئەم حیزبە بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان" و دووهەمیان، "تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک"، پێویستە. بابەتگەلێک کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و ئەم حیزبەیان لەسەر دامەزراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە درێژایی ٧٨ ساڵەی تەمەنی خۆی، پشتئەستوور بە سامانی مەعنەویی هەمیشەیی خۆی (خەڵک) بووە بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵک دامەزراوە و بە پشتیوانیی خەڵک درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، تەنیا بە بەڕێوەبردنی ڕەساڵەتی خۆی بەرانبەر بە خەڵک و تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە کە دەتوانێ یەکڕیزی و یەکگرتووی خۆی بپارێزێ. لەژێر ڕووناکایی ئەم خوێندنەوە لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە قازانجە لاوەکی و کورتخایەنە فەردی و گرووپییەکان لاواز و پووچەڵ دەردەچن و بەرژەوەندییە گشتییەکان گرینگی پەیدا دەکەن.


لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا کە کۆمەڵگە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستیان بە یەکیەتیی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، لەسەر هەموو لایەکە زیاتر لەسەر ئەم پرسە کار بکرێ. نابێ فرەلایەنی و فرەجۆری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە مانای لێکجیایی و پەرتەوازەیی لێک بدرێتەوە، بەڵکوو با فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێتە دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانێکی تۆکمە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای یەکخستنەوەی ڕیزەکانی و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بە بەردەوامی هەوڵی داوە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستنی پرنسیپە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستی لەگەڵ هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بکاتە ئامیانی هەڵوێست و سیاسەتەکانی و، پێداگری لەسەر زەروورەتی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی، بەشێکی دانەبڕاو لە گوتاری سیاسیی ئەم حیزبەیە.

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی ئێران - عێراق



**ماڵپەڕی سیاسەتی ئیماڕات - سەردار عەزیز**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە لەسەر ئەو بڕوایەیە ڕێککەوتنی ئەمنییەتی نێوان ئێران-عێراق، کە لە مانگی مارسدا واژۆ کرا، بێجگە لە کۆتاییهێنان بە چالاکیی حیزبە سیاسییەکان لە خاڵە سنوورییەکان، لایەن و ئاسەواری نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییشی هەن. لە کاتێکدا ئێران پێی وایە دەوڵەتی ئێستای عێراق و هەلومەرجەکە گونجاوترینن بۆ هەنگاونان بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانە کە ڕەنگبێ لە کاتی دیکەدا نەکرێ جێبەجێ بکرێن، ئەگەری ئەوە هەیە جووڵە سەربازییەکانی ئێران ئاکامی پێچەوانەیان هەبێ.

## چ باسە؟

لە جولای ٢٠٢٣، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران، محەممەد باقری، لەبارەی چالاکیی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی

کوردی ئێرانی که له هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، دەوڵەتی عێراقی وریا کردەوە. بۆ یەکەم جار، ئەو ئولتیماتۆمی دا که ئێران به پشوودرێژی چاوەڕوانی کۆتایی دوا وادەی دیاریکراوی عێراق له سێپتەمبەری ئەمساڵه. ناوبراو هۆشداریی دا بێتوو دەوڵەتی فیدراڵی عێراق له جێبەجێکردنی "بەرپرسیارییەکەی" ناسەرکەوتوو بێ، تاران دژی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەنگاو دەنێ و "هێرشەکانی ئێمه دژی ئەو گرووپانه به شێوەی چڕتر درێژەیان دەبێ." هەنگاوەکانی پێشوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، مووشەکباران و تیرۆری گرتبوونه خۆ.

### بەپێچەوانەی لێدوانەکانی ڕابردوو، هۆشدارییەکه چەند لایەنی هەبوون:

**یەکەم**: ئەو لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووی له حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو حیزبه سەرەکییه سیاسییه کوردەکان، واته یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان بێ، بەپێچەوانەی پەیوەندیی مێژوویی باش لەگەڵ ئەو دوو لایەنه هەیەتی، ڕووی له دەوڵەتی عێراقه.

**دووهەم**: سەرەڕای مێژوویەکی دووردرێژی باسەکه، ئێران بۆ یەکەمجاره ئولتیماتۆمی بۆ ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ عێراقدا دیاری کردووە. ئەوە خاوەنی چەند ئاماژەیه، وەکوو لێبڕاویی ئێرانییەکان، تەنگاویی دۆخەکه، ماوەی کاتیی دەرفەتەکه و بەربەستی چالاکییه نێوخۆیی و ناوچەییەکان .

**سێهەم**: ئەوە له یەکەم ساڵوەگەری ناڕەزایەتییه بەربڵاوەکان دژی ڕێژیمی ئێراندا ڕوو دەدات. بۆیه، بەرجەستەکردنی ئەو بابەته له ئێستادا به مەبەستی لێڵکردنی بیرەوەرییەکه و تۆخکردنەوەی ئەو بووچوونەیه که ناڕەزایەتییەکان به مەبەستی جیاییخوازیی کوردانه.

**چوارەم**: ئەوە بۆته هۆی تێوەگلانی دەوڵەتی عێراق، حیزبه کوردییەکان، وڵاته یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئورووپایی و ئەنجومەنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و له پەیوەندی لەگەڵ تێوەگلانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران، کاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی دەسەڵاتی ناوچەیی عێراق دەبێ.

ئەو توێژینەوەیه دەریدەخا که گرووپه ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی له هەرێمی کوردستان له خاکی ئەو وڵاتەوە هەڕەشه بۆ سەر دەوڵەتی ئێران نین، بەڵکوو بوونەته بیانوو بۆ گەیشتنی ئێران به ئامانجی جیاوازی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی. توێژینەوەکه دەپرژێته سەر کاردانەوە هەرێمی، ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان.

## بۆچی ئەوە گرینگە؟

- ئێران کەڵک لە دەرفەت وەردەگرێ تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتانی دراوسێدا وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی بسەپێنێ. سەرەڕای ئەوەی وەک لایەنێکی یەکلاکەرەوە لە عێراق دەرکەوتووە، ئێران دەوڵەتی ئێستا وەک هاوپەیمانێکی نزیک سەیر دەکات و بە تەمای گەیشتن بە دەسەڵاتی زیاتر بەسەر خاکی عێراق و دامەزراوە عێراقییەکانە. هەروەها هەوڵەکانی ئێران بۆ ناوەندگەرایی زیاتری عێراق ئاشکرا دەکات (داهاتووی فیدراڵیزمی عێراق).

- نوێترین ناڕەزایەتییەکان، کە زۆر جار بە شۆڕشی ژینا/مەهسا ناسراوە، تێگەیشتنەکان لەسەر کوردانی ئێرانی گۆڕی و ڕەوایی زۆرتری بە پرسەکەیان دا. گۆڕینی ئاراستەی سەرنج لەلایەن ئێرانەوە بەرەو کەمپە پەنابەرییەکانی کوردانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەو مەبەستەیە تا ئەوان وەک جیاییخوازی چەکدار وێنا بکات.

- وڵاتە یەکگرتووەکان خوازیاری یارمەتیی زیاتر بە هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی هێرشبەرانەتر دژی لایەنەکانی سەر بە ئێران لە عێراقە. ئێرانیش هەوڵ دەدا بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی دژی ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوەستێتەوە.

- کێشەکە سروشتی بانناوچەیی پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاشکرا دەکات.

## پاشخان

تایبەتمەندیی پەیوەندی عێراق - ئێران ئەوەیە عێراق لە چەقی بیری ستراتیژیکی ئێراندایە و لایەنێکی جیانەبۆوە لەو پەیوەندییەدا هەمیشە پرسی کورد بووە. پاش کودەتای ١٩٥٨ لە عێراق و تێکدانی ڕێژیمی پاشایەتیی لایەنگری خۆراوا و دامەزراندنی کۆمارێکی پان-عەرەبیی لایەنگری مۆسکۆ لە سنووری خۆراوای ئێران، ڕێژیمی پێشووی پەهلەوی لە ئێران بڕیاری دا پشتیوانی لە کوردەکانی عێراق بکات و ئەوانی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ عێراق و سنووردارکردنی دەوری ناوچەیی ئەو وڵاتە بەکار هێنا. دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئەو پەیوەندییەی پاراست و تەنانەت لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی سەددام حوسێن (١٩٨٨ - ١٩٨٠) قووڵتریشی کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بە درێژایی مێژوو، ئێران ترسی لە کوردەکانی ئەم وڵاتە هەبووە کە مێژووی خەبات بۆ مافەکانیان لە ١٩٤٥ بەولاوە هەیە، کاتێک توانیان کۆماری کورتخایەن لە مەهاباد دامەزرێنن. سەرەڕای مێژووی دووردرێژیان، جووڵانەوەی کوردەکانی ئێران بچووک و لاواز بووە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە. هێندێک لایەن ئەوە، بە لەبەرچاوگرتنی تەریککەوتنەوەی ڕێژەیی دەوڵەتی ئێران لە چل ساڵی ڕابردوودا و نەبوونی دەوری کاریگەر لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە شتێکی پارادۆکس دەزانن. ئێران ئیدارەی ئەو پەیوەندییەی هێندێک جار بە شەڕانشۆیی ئاشکرا و هێندێک جار بە پشوودرێژیی ستراتێژیک کردووە، دەستەوەژەیەک کە زۆر جار بۆ دیپلۆماسیی ئێران دژی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. چەند گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لە کوردستانی عێراق جێگیرن. کۆنترینیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، کە لە کۆماری مەهابادەوە دامەزراوە. ئەوان پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین و خودموختاری لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەکەن. گرووپەکەی دیکە کۆمەڵەیە. ئەو لە تاران لە ١٩٦٩ دامەزرا و ڕێبەری ئێستای عەبدوڵڵا موهتەدییە. لایەنێکی دی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە. ئەو ڕێکخراوێکی پان-کوردییە کە لە هەشتاکانی زایینییەوە لەگەڵ تورکیە لە شەڕدایە. حاجی ئەحمەدی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک)ی نزیکەی ٢٠ ساڵ لەوەپێش وەک لقی پەکەکە لە کوردستانی ئێران دامەزراند. ئەو حیزبە لەگەڵ پەکەکە لە چیای قەندیلە. پژاک بەو شێوەیە خۆی لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە و هیچ بنکەیەکی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتیدا نییە .

## ڕێککەوتنەکە

لە ١٩ی مارسی ٢٠٢٣، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی لەگەڵ ئێران واژۆ کرد. چەقی سەرنجی ڕێککەوتنەکە زیادکردنی ئەمنییەتی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەیە. ئەو ڕێککەوتنە لە بەغدا و بە بەشداریی سەرۆک وەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع ئەلسودانی و، لە لایەن قاسم ئەلئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی ئێران، واژۆ کرا.

ئەفسەرێکی ئەمنییەتیی عێراقی کە لە کاتی واژۆ کردنەکەدا لەوێ بوو گوتی: "بەگوێرەی ڕێککەوتنە ئەمنییەتییەکە، عێراق بەڵێنی دەدا ئیزن نەدا تاقمە چەکدارەکان کەڵک لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ هێرشبردنە سەر ئێرانی دراوسێ وەرگرن." بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، کەمپەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەولێر یان موسڵ، دوور لە سنووری ئێران دروست دەکرێن. نزیکەی ٢٠-١٥ پاسەوانی چەکدار ڕەنگبێ بەرپرسی هەر کام لە کەمپەکان بن و ڕەنگبێ ئەنجومەنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسی بەڕێوەبەریی کەمپەکانی ناوچەی سلێمانی بێ.

هیچکام لەو پێشنیارانە نوێ نین. جێگای وەبیرهێنانەوەیە لە سێپتەمبەری ٢٠١٣، بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بۆ وڵاتێکی دیکە (ئاڵبانی) لە لایەن سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق، نوری مالیکی، ڕاگوێزرا. بنکەی ڕێکخراوە ئوپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی لە نەوەدەکانی زایینی نزیکتر لە سنووری ئێران هەڵکەوتبوون. بەڵام کاتێک ئێران بەردەوام ئەوانی بۆمباران دەکرد، ناچار بوون بۆ نێو هەرێمی کوردستان بگوێزنەوە. ئەوان زۆربەیان لە نزیک شاری کۆیە و شاری سلێمانی هەڵکەوتوون.

بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ پێشگرتن بە دزەکردنی تێکۆشەرە کوردەکان بۆ نێو ئێران لە خاکی عێراقەوە هەڵێنێ، کە بە مانای جێگیرکردنی هێزی سەربازی لە شوێنە شاخاوییە چڕەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانە. بێجگە لەو هەنگاوانە، دەوڵەتی ناوەندی هەوڵ دەدا ڕێکخراوە کوردییەکان لە چەکی مامناوەند و قورس دامالێ. لە کۆتاییدا، ئەو دەبێ ئەو کەسانە ڕادەست بکاتەوە کە ئێران داوایان دەکات.

ڕێککەوتنەکە ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە مێدیاکانی ئێراندا هەبوو. بێجگە لە پرسی ئەمنییەت لە ڕێککەوتنەکەدا جەخت لەسەر پرسە ئابوورییەکانیش کراوە. ئاژانسی هەواڵدەریی نوور، سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ڕایگەیاند بانکی ناوەندیی ئێران لەگەڵ شاندی شەمخانی بۆ بەغدا چووە. ئەوە بەڕوونی ئاشکرای دەکات پەیوەندییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی ئێران و عێراق پێکەوە گرێدراون.

## ئالنگارییەکان

ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران وەک موجاهیدینی خەلق نین کە هیچ پەیوەندییەکان بە کۆمەڵگەی عێراقەوە نەبوو. لەلایەکی دیکەوە گرووپە سیاسییە کوردەکانی ئێران لە هەرێمدا وەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراون. ئەوان ئاخێوری هەمان زمان و شێوەزاری سۆرانیی کوردی عێراقن. ئەوان دەیان ساڵە لەو مەڵبەندە ژیاون و، گەلێک لەوان لە ڕێگای پەیوەندیی هاوسەرییەوە تێکەڵاوی خەڵکی ئێرە بوون و منداڵەکانیان لێرە گەورە کردووە. لە ئاکامدا، ئەوان پەیوەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەیە.

بێجگە لەو پرسە مرۆیی و سیاسییانە، چەند بەربەستی لۆجیستیکی و پێکهاتەییش لە ئارادان. گشت پرۆسەکە پێویستی بە بەرپرسیاریی و سەرپەرشتیی نوێ هەیە. سەرۆک وەزیران، ئەلسودانی، بڕیاری دامەزراندنی تیپێکی نوێی پارێزگاریی لە سنووری لە پارێزگای سلێمانی لەسەر سنووری ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان داوە. وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆنترۆڵی

سنوور، پلانی ٥٠ بورج، چل کامێرای چاودێر و ٤٧ خاڵی پەڕینەوەی سنووری عێراق - ئێران داڕێژراوە. هەموو ئەوانە هێشتا لە قۆناغی پلاندانان‌دان.

بە گوتەی موسەننا ئەمین، نوێنەری پارلەمانی عێراق نە پارلەمان و نە کۆمیتەی ئاسایشەکەی شتێک لە بارەی ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی عێراق - ئێران نازانن. بەڵام، ئەو باسی ئەوەی کرد کە لە بودجەی ٢٠٢٣دا، بەشی دوو تیپی پارێزەری سنوور تەرخان کراوە کە قەرارە لە خەڵکی ناوچەکە ئەندامگیرییان بۆ بکرێ. تا ئێرە، هیچ کەمپێک بۆ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکانی ئێران دەستنیشان نەکراوە.

سەرچاوەیەکی دیکەی نزیک لە یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرای کرد کۆبوونەوەیەکی نێوان ئەنجومەنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتی عێراق و نوێنەرانی شاری سلێمانی لە پارێزگاکەدا بەڕێوە چووە. لە کاتی وتووێژەکەدا، ئەنجومەنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتی کردۆتەوە لە دروستکردنی کەمپدا بەشدار بێ و گوتوویەتی ئەوە نە کاری ئەوانە و نە لە بودجەی ئەوانیشدایە. سەرەڕای بەپەرۆشی و ژمارەیەک سەفەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، قاسم ئەلئەعرەجی بۆ سلێمانی و هەولێر، دەوڵەتی عێراق بۆی دژوارە لە قسە بەولاوە کارێک بکات. بۆ کوردەکانی عێراق، ئەوە پرسێکی ناوخۆیی ئێرانە و هێندێک دامەزراوە لە ئێران دەیانهەوێ کەمایەسی و بەرهەڵستکاریی نێوخۆیی بە قوربانیکردنی حیزبە کوردەکان لە هەرێمی کوردستان پەردەپۆش بکەن.

هێندێک کێشەش لە لایەنی ئێرانن. دوا وادەی دیاریکراو هاوکاتە لەگەڵ یەکەم ساڵوەگەری خۆپیشاندانەکانی ژینا - مەهسا، کە لەودا خۆپیشاندەرە لاوەکان ڕژانە سەر شەقامەکانی ١٦٠ شار و دروشمیان دژی ڕێژیم دا. بەشێکی زۆر لەو خۆپیشاندەرانە کورد بوون. بۆیە هێرشی ئێرانی دەتوانێ ببێتە هۆی هەڵگیرسانەوەی نارەزایەتی. خۆپیشاندانەکانی ژینا ڕەنگبێ کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕێژیم نەبێ، بەپێی بۆچوونی خاوەنرایان نارەزایەتییەکان یارمەتییان بە پڕ کردنەوەی کەلێنی نێوان فارس - کورد لە ئێران کرد. خۆپیشاندانەکان ئێرانییەکی زۆریان هان دا، بە تایبەتی ژنان و بەو ئاکامە ڕۆیشت کە کورد نە تیرۆریستە و نە جیاییخواز. نوخبەی دەسەڵاتداری ئێران لەو هەڵوێستە بێزارە.

ئێران هەوڵ دەدا بە لەنێوبردنی کەمپە چەکدارەکان تیشک بخاتە سەر جووڵانەوەی سەربازیی کورد، تا پێش بە سەرهەڵدانی وێنەی دیکە یان گێڕانەوەی جیاواز بێجگە لەوە کە ئەوان تاقمی چەکداری دژی دەوڵەتن، بگرێ. بەپێچەوانە، ئەوە دەتوانێ هاوکات لەگەڵ ماندووبونی خەڵک لە گێڕانەوەی فەرمیی دەوڵەت، کاریگەریی پێچەوانەی هەبێ. بێتوو هێرش

ڕوو بدات، ئەوە هەروەها بە مانای کۆتایی مەیلی ئێران بەرەو دیپلۆماسی و ددان بەجەرگیخۆ داگرتنە، هەڵوێستێک کە ئێران تەنیا کاتێک خوازیاریەتی کە بژاردەیەکی دیکەی نەبێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پاشخانە، هێندێک لایەن لەو بڕوایە دان ئێران مەبەستی دیکەی لە بەئامانجگرتنی گرووپە کوردییەکان هەن. ڕوانگەکانی ئێستای ئێلیتی عێراق هاوتەریبی سوپای پاسدارانن. بۆ وێنە، قاسم ئەلئەعرەجی، ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئێران ژیاوە، لەوێ چۆتە زانکۆ و فارسییەکی باش دەزانێ، بێجگە لە زانیاریی لەمەڕ زمان و سیستەمی ئێرانی. ئەوە وەک هەلێکی زێڕینی ئێران بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی سەیر دەکرێ کە ڕەنگبێ هەلی ئەوتۆ هەڵنەکەوێتەوە.

دووهەم، هەر وەک پسپۆڕی ئێرانی، حەمیدڕەزا عەزیزی، لە وتووێژێکدا دەڵێ، نانەوەی کێشە لەلایەن ئێران دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دانی بەرپرسیارییەکەی بە عێراق بەشێک لە گۆڕانی هاوسەنگی بە قازانجی بەغدا و سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لەلایەکی دیکەش وڵاتە یەکگرتووەکان لەوە ئاگادارە بەو زەخت هێنانە، ئێران دژایەتیی خۆی بەرانبەر بە دەوری وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دەردەبڕێ. بەگوێرەی ناوەندێکی هەوڵدەریی ئێرانی، "ئەوان هەڕەشەیان لە ئەمریکاییەکان کردووە بنکەکەیان لە ناوچەدا کە وەک ناوەندێکی دژە شۆڕش کەڵکی لێ وەرگیرێت، کۆ بکرێتەوە." ڕەنگبێ ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئەمریکاییەکان لێک نزیکتر بکاتەوە.

## ئۆلتیماتۆمەکە و وەڵامەکان

لە کاتێکدا ئێران هەمیشە جەختی لەسەر ئەو کێشەیە کردۆتەوە، ئەوە یەکەم جارە ئۆلتیماتۆمی داوە. لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ چەتهام هاوس لە ١٢ی جولای، سەرۆکی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان، بافڵ تاڵەبانی وەڵامی داوە و گوتی ئێرانییەکان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق واژۆ کردووە. ئەوان چاویان بە یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان کەوت و ئەمجارە لە جاران ڕووڕاستتر بوون کە نەخشەکەیان جێبەجێ دەکەن، بێتوو دەوڵەتی عێراق ئەو کارە نەکات. لە ئاکامدا، تایبەتمەندییەکی ئۆلتیماتۆمەکە، ئاستی ئەو زەختەیە کە بۆ جێبەجیکردنی ڕێککەوتنەکە کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

سەرچاوەیەکی هەرێمی دەڵێ نە دەوڵەتی عێراق و نە حیزبە کوردییەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە ئەنجومەنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری هێرشی سەربازیی لەلایەن ئێرانەوە نین. لە کاتێکدا کە دوا وادەکە نزیک دەبێتەوە، هیچ ڕێگاچارەیەکی کرداریی نەدۆزراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدەن ڕێگا چارەیەک بۆ



سەرچاوە Serchawe

دەرباز بوون لەو دۆخە بدۆزنەوە. لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕووداو، خالید عەزیزی، وتە بێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەمکی دانانی چەک و رووکردن لە کەمپەکانی ڕەت نەکردەوە، بەڵام داوای زەمانەتی ئەمنییەتی بۆ ئەندامان و دامەزراوەکانی حیزبەکەی کرد. ئەو هەروەها گوتی: "ئێمە پێمان وا نییە هەڵمەتی سەربازی پرسی کورد لە ئێران چارەسەر دەکات. ئێمە لەو دواییانەدا پێشمەرگەمان نەناردوون و بەتەماش نین لە داهاتوودا ئەو کارە بکەین. ئێمە هەروەها خۆمان لە بەکار هێنانی خاکی هەرێمی کوردستان وەک گۆڕەپانی شەڕ لە خەباتەکەماندا بواردووە." بەگوێرەی سەرچاوەی دیکە، لایەنە چەکدارەکان نایانهەوێ سەرەڕای ئەوە لە چەک داماڵدرێن.

## ڕەهەندی دیکە

سەرەڕای گرینگیی ئەمنییەتی سنوور، هێندێک لێکۆڵەرەوە دەڵێن پرسەکە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە نییە و توخمی دیکەی هەن. بە گوتەی حەمیدڕەزا عەزیزی، هاوکارێکی کلینگندەیل، زەختی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ هەستی ئێران بۆ گەمارۆدرانی یەک دەگرێتەوە، بە تایبەتی دوای پەیماننامەی ئیبراهیم. ئێران دەیان ساڵە هەستی بە گەمارۆدرانی کردووە، بەڵام هەنووکە جەخت لەسەر ئازەربایجان و کوردستان دەکاتەوە. ئەو هەستی گەمارۆدرانە سەرچاوە سەرکەییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دیسکۆرسی خۆ بە قوربانیزانینی کۆماری ئیسلامی. بۆیە گەمارۆدرانەکەی وەک ئاکارێکی دیکەی "موستەکبرین"، وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، بۆ دەستڕانەگەیشتنی ئێران بە ڕووبەڕێکی بەربەرینتر لە ناوچەکەدا، سەیر دەکرێ. وەکو عەزیزی ئاماژەی پێ دەکات، ئێران ناتوانێ هێرش بکاتە سەر وڵاتی سەربەخۆی دیکە لە ناوچەدا. بەڵام، وەک یەکەیەکی نادەوڵەتی، کوردستانی عێراق ئامانجی دڵخواز دەستەبەر دەکات تا ئێران توانایی سەربازییەکەی بێ وە ئەستۆگرتنی بەرپەرسیاریی نیشان بدا. لە پاشخانەکەدا، هەروەها دالانی زەنگەزووریش هەیە.

تورکیە هاندەری دالانی زەنگەزوورە، ڕێگایەک بۆ لێکبەستنەوەی ئازەربایجان بە تورکیەوە لە ڕێگای ئەرمەنستانەوە. ئەرمەنستان و ئێران دژی ئەوەن. بۆ ئێران، پەیوەندی ڕاستەخۆی تورکیە و ئازەربایجان، دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوندی ئاسیا بنکۆڵ دەکات و خولیا ناوچەییەکانی تورکیە بەهێز دەکات. بێجگە لەوە، پێش بە ئێران دەگرێ تا لە ڕێگای هێڵی ئاسنەوە دەستی بە سیستەمی هێڵی ئاسنی کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤیەت ڕابگا، کە دەتوانێ ببێتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی ئێران.

ئێران هەر هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان هەولێر و باکو وەک جۆرێک لە هەڵوێستی کێبڕکێی ناوچەیی سەیر دەکات، بە تایبەتی پاش سەردانی ئەو دواییانەی نێچیروان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئازەربایجان. جێگای



سەرچاوە
Serchawe

سەرسوڕمان نییە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کارتی بنکەکانی کوردانی ئێرانی زەختی دەخرێتە سەر. بەڵام، گەمارۆدران زۆرتر وەک ئەفسانەیە تا ڕاستی. کاتێک لەگەڵ ڕاستی بەراورد دەکرێ، ئەو ڕوانگەیەی ئێران کەمیی دێنێ. هەستی گەمارۆدران لە دوو فاکتەوەرە سەرچاوە دەگرێ: یەکەم، مێژووی دوورودرێژی کۆماری ئیسلامی لە خۆبەقوربانی زانین و، دووهەم، ناسەرکەوتوویی لە جێبەجێکردنی ستراتێژییە مەزنەکەی واتە وەدەستهێنانی هەژمۆنی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست.

لە ٢٠٠٣، کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقی داگیر کرد، هێزەکانی لە قەفقاز، ناوەندی ئاسیا، ئەفغانستان، پاکستان و کەنداوی عەرەب جێگیر ببوون؛ ئەوکاتی ئاخاوتن لە گەمارۆدران ڕێگای تێ دەچوو. بەڵام، ڕاستی ئێستا پێچەوانەیە: زۆر لە وڵاتانی چوار دەورەی ئێران، پەیوەندیی باشتریان لەگەڵ ئێران هەیە تا وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل. بە سەرهەڵدانی چین و دەوەری پەرەئەستێنی ئەو وڵاتە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لاوازتربوونی دەوری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا، ئێران بە هیچ شێوەیەک گەمارۆ نەدراوە یان ناکرێ گەمارۆ بدرێ. لەجیات گەمارۆدران وەک خاوەن هێزێکی مامناوەندی کە لە هەوڵی دەستێوەردان لە شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکەدایە، ئامانجە ستراتێژیکییەکانی ئەوەیە تا نەخشەی دەسەڵاتە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان پووچەڵ بکاتەوە. بۆ وێنە، ئامانجێکی باسنەکراوی ئێران ئەوەیە پێش بە گەشەکردنی دەسەڵاتی تورکیە لە سلێمانی، یەکێک لە بنکە بەهێزەکانی لە عێراقدا، بگرێ.

بەڵام، کێشە نێوخۆییەکانی ئەو دواییانەی ئێران گرینگترین فاکتەری خوڵقاندنی زەختی هەنووکەیین. ناڕەزایەتییەکان دیمەنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوچەکەیان گۆڕیوە. ئەو بۆچوونە هەیە کە کوردەکان خوڵقێنەری بوون و لە ئاکامدا، ناوچەکە بووە گۆڕەپانی چالاکیی چەکداریی دیکە. کەرەستەی سەربازیی قورس بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرتر بەسەر ئەو ناوچانەدا نێردراون، چیاکان تۆپباران کراون و، جادەی نوێ کێشراون. پلانی ئارامکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار لە کوردستانی عێراق، تەنیا توێژێکی دیکەی ئەو پرۆسەیە بووە.

## هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

لە ٣٠ جولای ٢٠٢٣، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جەنین هەنیس-پلاسخارت سەردانی تارانی کرد. لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، حوسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان، وەزیر پێداگریی لە جێبەجێ کردنی بێ ئەملا و ئەولای ڕێککەوتنی ئەمنییەتی نێوان ئێران-عێراق، واتە چەکداماڵین لە گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کرد. مانشێتی هەواڵدەریی "مێهر"ی ئێران ئەوە دەگەیەنێ نوێنەری تایبەت داوای ئاڵوگۆڕ

یان داواکاریی کەمتر توندی لە ئێرانییەکان کردووە.

لە کاتێکدا سەفەری نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی داواکارییەکانی ئێران و ئەگەری ناسەقامگیرتر کردنی ناوچەکە بە گشتییە، بەگوتەی زیاتر لە سەرچاوەیەکی خاوەن زانیاریی، هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردی ناگاتە نێو بەرنامەی کۆمەڵگەی دیپلۆماتیک لە هەولێر. لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی چالاکییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەیە، ئەو نیگەرانییە نەبۆتە هۆی پەیوەندیی باش لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی. ئەوە بەشێک لە "سیاسەتی پاشەکشە" بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەولێر، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی ئۆپۆزیسیۆن، کۆنسولخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان هیچ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تاقمە ئۆپۆزیسیۆنەکان یان هەر کەسێکی لایەنگری ئەوانەوە نەبووە.

**ڕەنگبێ چەند هۆ بۆ ئەو سیاسەتەی دەرگای داخراو بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆن هەبن:**

**یەکەم:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیهەوێ ئەو پەیامە بداتە ئێران کە گۆڕینی ڕێژیم بڕیاردەیەکی سەر مێز نییە.

**دووهەم:** ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ڕێبەریی ڕێکخستن و دوورەدیمەنی هاوبەش بۆ داهاتووی ئێرانی نییە؛ بۆیە ویناچێ بە جیددی ئالنگاریی بۆ ڕێژیمی ئێران دروست بکات، کە یارمەتیدەری نەبوونی کێش لە گۆڕەپانی سیاسیدایە.

**سێهەم:** لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوترەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چاخی پاش دەستێوەردان و دێموکراتیک کردندایە. لەجیاتان، فرەجەمسەری، سەقامگیری و ئاسایش لەلایەن زۆرانەوە پێشترییەتی پێ دەدرێ. دوای نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە، ڕێژیم سەلماندی دەتوانێ سەرەڕای زەختی چڕی نێوخۆیی و دەرەکی، لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کاتی ڕێککەوتنی ئۆباما - ئێران بەولاوە تەریک خراونەوە. ئەوە بەڕێوەبەرایەتی ترامپیش دەگرێتەوە، سەرەڕای هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت بۆ سەر ئێران.

## دەرئەنجام

ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی ئێران-عێراق زیاتر لە چالاکیی سیاسیی کوردان لەمبەر و ئەوبەری سنوور دەگرێتەوە. لە پێش هەموو شتێکدا؛ ئەوە لایەنێکی نێوخۆیی هەیە. ئێران لەو دواییانەدا لە دژوارترین جووڵانەوەی نارەزایەتی نێوخۆی لە چەند

**گەلاوێژی ٢٧٢٣**

دەیەدا تێپەڕ بوو. هێرش بۆ سەر بنکەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەوڵێکە بۆ هێشتنەوەی کەلێنی نێوان تاقمی ئێتنیکیی کورد و ئەوانی دیکە لە ئێران، بە تایبەتی پاش ئەوە کە خۆپیشاندانەکان، ژنانی (لاوی) کردە دایناموی سیاسی لە ئێران و پێشترییەتی دا بە پرسە زایەندییەکان بە سەر پرسە ئەتنیکییەکان، کە بووە هۆی هاوپشتیی باشتری نێوان ئێتنیکەکان. بێجگە لەوە، تاران بەتەمای زیندووکرنەوەی تاوانبارکردنەکانی تێرۆریزم و جیاییخوازیی دژی کوردانە. ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکە بەرەو دروستکردنی عێراقێکی دڵخواز لە ڕوانگەی ئێرانییەکانەوە، یەکێک کە لەویدا تەنانەت تاکەحیزبێکی دژی ئێرانی لێ نەبێ. لەوەش بەولاوە، ئەو یارمەتیدەری قۆرخکردنی زیاتری دەسەڵات لە ناوەند لە ڕێگای ئێلیتی هاوپەیمانی ئێرانە کە دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتی عێراقەوەیە.

وەک دەسەڵاتێکی لاواز، ئێران بەدوای پەیوەندیگرتن بە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی ناوچەیی و ناونەتەوەییەوەیە. بەڵام، ئامانجی یەکەمی وەستاندنی دەستڕۆیشتوویی تورکیە لە سلێمانییە، لە پێش هەموو شتێکدا بە حزووری سەربازیی عێراق لە دەڤەرەکە. سەرەڕای ئەوانە، هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە ئۆپەراسیۆنەکە لەبار بچێ. هەنووکە، ئێران ئەوەی لە عێراقی دەخوازێ دەستی دەکەوێ، بێ ئەوەی پەنا بۆ لەکارکردنی هێز بەرێ. خولیا سەربازییەکەی دەتوانێ دەسکەوتەکانی لە مەترسی هاوێ. زۆر لایەن لەسەر ئەو بڕوایەن، لەبەر ئەو هۆیە ئەوە تەنیا وەک هەڕەشەیەک دەمێنێتەوە.

***

**تێبینی: ئەم نووسینە تا ڕادەیەک کورت و پوخت کراوەتەوە**

**٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە




**کوردکاناڵ**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژ دەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فەرمیی حیزب (کوردکاناڵ) باسی لە پێویستیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، دەوری پێشەوا قازی محەممەد و دکتۆر قاسملوو لە داڕشتنی سیاسەتە گشتگیر و ستراتێژیکییەکانی حیزب و ڕەوشی خەبات لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا کردووە. باس لە چۆنیەتی و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی سیاسەتی سڕینەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندی تەوەرێکی دیکەی ئەو دیمانەیە بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختە و گرنگترین بەشەکانی وتوێژی بەڕێزیانی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کوردکاناڵ**: گرنگی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات:

**خالید عەزیزی**: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، وەڵامێک بوو بۆ پێویستییەکی مێژوویی،

سیاسی و تەشکیلاتی لە کوردستانی ئێران. بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەی بەربڵاو بەڵام ڕێکنەخراو و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا دژایەتیی دەستەڵاتی ناوەندی بە ئاراستەی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوونی دەکرا. بەڵام دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دەرکەوتنی بۆشاییەک لە ئاکامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئینگلیس، نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات بە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی لە دۆخی ئارایی، حیزبی دێموکراتی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک دامەزراند. دەکرێ بڵێین دوای ئەم ڕووداوە ژینگەی سیاسی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی کورد لە هەمبەر چۆنیەتیی چالاکیی سیاسی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان شێوازیی حیزبی بەخۆوە گرت.

**کوردکاناڵ**: دەوری پێشەوا قازی محەممەد:

**خالید عەزیزی**: بە ڕوانینێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئێران و کوردستانی ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، ڕەوشی ئاڵۆز و ناهەمواری ئێران، پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بەبەراورد دەگەڵ ئەمڕۆ، نزمبوونی ئاستی خوێندەواری و زانست لەنێوان خەڵک و هەبوونی کۆمەڵگەیەکی عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی؛ هەوڵی قازی محەممەد بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ئامادەکردنی کوردستان بۆ ژینگەیەکی سیاسی نوێ، هەوڵێکی ناوازە و پێشکەوتوانە بوو. هەڵبەت لەو سەردەمەدا ئالنگاری و دەرفەتی زۆریش بوونیان هەبووە. دەرفەتەکان ئەوانە بوون چۆن بکرێ لەو دەرفەتە هەڵکەوتووە بۆ ڕۆنانی دێموکراسی و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد، کەڵک وەربگیردرێ. کێشە و ئالنگارییەکانیش ئەوە بوو کە دەبوایە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە بە دوای چارەسەری کێشە و قەیرانەکان هەنگاو بنێن و، بەخۆشییەوە بەڵگە مێژوویەکان نیشان دەدەن کە ئەو پرسانە بە ژیری و وریایی چارەسەر بوون و ئێمەش هیواداریین کە ئەم ئەزموونە مێژووییە ئێستاش کاری پێ بکرێ و هەردووک لایەنی کورد و تورک پێکەوە بە هاوکاری و هاوتەریب دەگەڵ یەکتر پەرە بە پێوەندییەکانییان و هاوکاریی دوولایەنە بدەن. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان حکومەتی پەهلەوی بوو کە نەیدەویست دان بەو حکوومەتانە دابنێت. قازی محەممەد هەوڵی ئەوەی دابوو بە چالاککردنی دیپلۆماسی و دیالۆگ دەگەڵ تاران بەپێی ڕاستییەکانی ئارایی باشترین بڕیار بدرێ، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران ئاگاداری ئەوە نەبوون دۆخی کوردستان چۆنە و خەڵکی کورد چی دەوێ، وێڕای هەوڵی بێوچانی قازی محەممەد بۆ چارەسەری گرفتەکان، بەڵام لە تاران هیچ گوێچکەیەک بۆ بیستن بوونی نەبوو.

چۆنیەتیی ئیدارەی کوردستان یەکێکی دیکە لە داڵغە فکرییەکانی پێشەوا بوو. بە هەوڵ و خەباتی بەردەوامی قازی محەممەد و ڕێنوێنییەکانی لەو سەردەمدا (کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی لاوان و ژنانی کوردستان دامەزرا) بەڵگەیەکی

زۆر هەن پشتڕاستی دەکەنەوە، حکومەتی خودموختار بۆ ئیدارەکردنی کوردستان بەرنامەی داڕشتووە و زۆربەی ئەو بەرنامانە لە ئاوەزی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە. "ئارچیبالد ڕوزوێلت" کە ئەوکات دیپلۆمات و بەرپرسی کاروباری نیزامیی ئەمریکا لە سەفارەتی ئێران بوو، سەفەرێک بۆ کوردستان دەکات و چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێت و دگەڵی دەدوێ، ئەو دەڵێ: قازی محەممەد لە نێو خەڵکدا کەسایەتییەکی زۆر جێگای ڕێز و خۆشەویست بوو، ئەو بەسەر چەند زماندا زاڵ بوو و کتێبخانەیەکی هەبوو یەکجار زۆر گەورە و دەوڵەمەند، هەڵسوکەوتی ناوبراو دەگەڵ سەرجەم چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی ڕێزەوە بوو، کاتێک پرسیارم لێ کرد ئارمانج و جۆری حکوومەتی دوارۆژتان چییە؟ گوتی: دێموکراسی. ئەمە لەوسەردەمەدا و لە جیهانبینیی ئەو چاخە کە کلوکۆی هزری چەپ و کۆمۆنیستی زاڵ بوو، زۆر جێگای بایەخە".

**کوردکاناڵ**: کۆمارە ناوچەیەکان لە وڵاتی پاشایەتیی ناوەندتەوەر:

**خالید عەزیزی**: ئێستا ئێمە باس لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر و دواساڵەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکەین. لەو سەردەمدا باکووری ئێران، بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو داگیر کرابوو و هەوڵیان دەدا لەم ناوچانەی ژێر دەستەڵاتییان ئەزموون و بیرۆکەی سیاسیی خۆیان دابمەزرێنن. ئەم بابەتە لەلایەک ئەرێنی بوو، چونکە لە نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو نزیک ١٥ نەتەوەی جۆراوجۆر دەژیان، ئەوان هەموویان کۆمار یان خودموختاری نێوخۆیی خۆیان هەبوو واتە دەستەڵات لەدەستی خۆیان دابووە، کۆماری کوردستان و ئازەربایجانیش لەوە وەرگیرابوو، هەربۆیە قازی محەممەد و حیزبی دێموکرات بەرنامەی ئەوەیان نەبوو لە ئێران جیا ببنەوە و هەوڵی ئەوان ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد و هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دابێ.

**کوردکاناڵ**: دۆخی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای نەمانی کۆماری کوردستان:

**خالید عەزیزی**: دوای لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیەکانی حیزبی دێموکرات قۆناغی خەباتی نهێنیی دەست پێ کرد، زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب زیندانی و بەشێکیشیان شاربەدەر کرابوون، بەلام سەرەڕای ئەوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب دەگەڵ چالاکانی ئیداریی ئێرانی پێوەندی باشیان هەبوو، بۆ میناک لە سەردەمی موسەدیق ئەو پێوەندی و چالاکییانە هەروەها کەشی هەتا ڕادەیەک کراوەی سیاسی لە کوردستان بووە هۆی ئەوەیکە جارێکی دیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وە جموجۆڵ بکەوێتەوە، بەڵام دوای کودتا و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هەمدیسان بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات گیران و تەنانەت بەشێکیان هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە بەندیخانەدا مانەوە و هەبووە ٢٥ ساڵ لە زینداندا بووە. لەم دەورانە ئاڵۆز و نهێنیکارییەدا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەناچار نیشتمانی بەجێ

هێشت و لە باشووری کوردستان درێژەیان بە خەباتی سیاسی خۆیان دا، بەڵام هەرچۆنێک بێ پردی پێوەندیی خەڵک و حیزب هەر بەردەوام بووە.

**کوردکاناڵ**: دۆخی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی ١٣٥٧:

**خالید عەزیزی**: خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆرش هەبوو، بەڵام بەداخەوە وردوردە ئێمە لە نێوخۆی ئێران وەک بێگانە و دژ سەیرمان کرا، هەتا وای لێ هات بەشێک لە خەڵکیی چەکداری تاران و شارەکانی دیکەی ئێران لە ڕێکخراوە تازە دامەزراوە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خران. سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەردەوام پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کردووە پرسی کورد دەگەڵ دەستەڵاتی ناوەند لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر دەبێ، هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و د. قاسملوو وەک وتەبێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵقی کورد لەو کاتەدا و دواتریش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان ئەوە بووە کۆتایی بەو قسە بێنێت کە باس لە وەهمی "جیایی‌خوازی" کوردەکان دەکات. بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینیش وەک ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە پرسی خودموختاری نەنا و دەیگوت ئەوە چەمکێکی ڕۆژئاواییە. ناوبراو هەر لەم پێوەندییەدا بە هاوکارێکی خۆی دەڵێت: ناکرێ ئێمە ئەوان بگۆڕین؟ دوای ئەوە باسی خودگەردانی هاتە کایەوە و، هەموو نەرمی و نەوی‌کێشانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە بوو کۆماری ئیسلامی ئێران خێرا و بەهاسانی شەڕ بەسەرماندا نەسەپێنیت بۆوەی دەرفەتی زیاترمان بۆ وتوویژ و لەیەکتر حاڵیبوون هەبێ. تەنانەت ئەوکات زۆربەی چەپەکانی ئێران و کۆمۆنیستەکان تانەیان لەو سیاسەتەی حیزب دەدا و مۆرک و بوختانی ئەوەیان بۆ حیزب و د. قاسملوو هەڵدەبەست کە "سازشکارە". تەنانەت کاتێک باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیرا و کارمەندەکانی بەبارمتە گیران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین حیزبەکان بوو ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد و پێداگریی لەسەر پاراستنی یاسا و ڕێسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کرد. ئەم هەڵوێستەش هەر لەلایەن حیزبگەلی کۆمۆنیستی و چەپ کەوتە بەر ڕەخنە و گازندە، بەڵام ئێمە وەک بەشێک لە مێژوویەکی درەوشاوەی خۆمان سەیری دەکەین چوونکە ئێمە هەمووکات دژایەتیمان کردووە دەگەڵ تیرۆر و بەبارمتە گرتن و ئەمەش سیاسەتی بنچینەیی و نەگۆڕی حیزبەکەمانە. بەهەرحاڵ وێڕای هەوڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی کورد بە دامەزراندنی شووڕای خەڵکیی و دێموکراتیک، ناوچەکانی کوردستان ئیدارە دەکران، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هێرشمان کرایە سەر و شەڕێکی سەرتاسەری بە دژی خەڵکی کورد سەپێنرا.

**کوردکاناڵ**: دەوری دوکتور قاسملوو لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتە ستراتێژییەکانی حیزب:

**خالید عەزیزی**: سەرجەم ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە بەشێکی زۆریان لە مەیدانی خەبات دەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

و لە ئاکام هێرش بۆسەر کوردستان شەهید بوون یان لە کوردستانی باشوور تیرۆر کران، یان نەمر دکتۆر شەرەفکەندی کە لە ڕیستۆرانی میکۆنوسی ئاڵمان تیرۆر کرا، دەورێکی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە. بەڵام ڕۆڵ و کاریگەریی دوو کەس لە ڕێبەرانمان یەکجار زۆرتر دیارە. یەکەم قازی محەممەدە کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی دامەرزاند و دوای ئەو د. قاسملوو کە ئەندازیار و دارێژەری نوێکردنەوەی تەشکیلاتی، سیاسی و ستراتیژیی حیزب بووە. ئەگەر قازی محەممەد سوور بوو لەسەر دامەزراندنی حیزب، د.قاسملووش بەو ڕادەیە پێداگر بوو کە حیزب دەبێ یاسا و ڕێسا، تاکتیک، ستراتیژی، بەرنامە، کۆنگرە، کۆنفرانس و دووره دیمەنی سیاسی خۆی هەبێ، هەربۆیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بنچینەیی و پێویست، ڕۆڵی د.قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بە شێوەی گشتی لە بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرچاو و دیارە. دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزماتیک و مەزنی هەبوو، بەرێزیان کە لەسەردەمی دامەزرانی حیزبدا تازەلاوێک بوو، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە تاران و دواتر بۆ درێژەی قۆناغەکانی خوێندنی ئاکادیمیک وڵاتی بەجێ هێشت. مانەوە لە ئورووپا و گۆڕانکارییەکانی بەهاری پراگ دەرفەتێکی باش بوو بۆ د. قاسملوو هەتا بتوانێ ئەو ئەزموونانە بگوازێتەوە نێو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەک ڕستەدا دوکتور قاسملوو ئەندازیاری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

**کوردکاناڵ**: هۆکاری هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان:

**خالید عەزیزی**: کوردستانی ئەو سەردەم بە بەراورد دەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران پێشەنگی دێموکراسیخوازی و ڕێکخستنی سیاسی و خەڵکی بوو. ڕێبەری و نوێنەرایەتی زۆربەی هێزەکانی ئێرانی دژبەری ئەو ڕێژیمە نوێیە کە نەیاندەتوانی لە تاران و ناوچەکانی دیکە بمێننەوە، لە کوردستان بوون و کۆماری ئیسلامی ئێران جیهانبینیی جیاوازیی کوردستانی بۆ نەدەسەلما و دانی پێ نەدەنا، هەربۆیە هێرشی کردە سەر کوردستان و بەشێک لە خەڵکی کوردستانیش کە وەک باقی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران چەکیان هەبوو، دەگەڵ دامەزراندنەوە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کەوتن و هەتا ئێستاش ئەو بەرگرییە هەر بەردەوامە. خاڵێکی جێ سەرنج لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق ئەوەیە، نەمر د. قاسملوو پەیامێکی بۆ تاران نارد بەو نێوەڕۆکەی، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دان بە ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێ، ئێمە ئامادەین هێزەکانی خۆمان بۆ بەرەی شەڕ دەگەڵ عێراق بگوازینەوە. ئەمە پەیامێکی زۆر مێژوویی و گرنگ بوو، بەڵام هەتا ئێستاش لەو خەڵکانە بوونیان هەیە کە لە ڕێبەری ڕێژیم دان یان بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە ئاگادارییان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد نییە و هەر زۆر بە هاسانی بەدوای تیۆری پیلان گێڕیدان هەوڵ دەدەن کوردستان و حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار بکەن کە ئێوە "جیاییخوازن"، د. قاسملوو بەردەوام باوەڕی بەوە هەبوو دامەزراندن و سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران و هەبوونی مافی خودموختاری کە بۆ نەتەوەکانی نێو

ئێران گرنگی هەبوو، هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی ئێرانە. کەواتە ئەگە بۆ هەمیشە کوردستان و باقی نەتەوەکان لە پەراوێز دابن و ناوەندیش هەر بە ناوەندی بمێنێتەوە، زۆر سرووشتییە هۆکاری هەڕەشەکە بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە بگەڕێتەوە.

**کوردکاناڵ**: بۆچی لە کاتێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەهۆڵی کوشتار و تیرۆر و خوێنڕشتن دەکوتێ بەڵام حیزبی دێموکرات واز لە خەباتی مەدەنی، سیاسەتی دیالۆگ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیانە ناهێنێت؟

**خالید عەزیزی**: پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کاتێک کە ئارچیباڵد ڕوزوێڵت لە قازی محەممەد دەپرسێ ئێوە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی پەسند دەکەن، وڵامی پێشەوا ئەوەیە کە؛ حکومەتێکی دێموکراتیک. د. قاسملوو لە درێژەی خەباتی سیاسی و حیزبی ئەو دێموکراسیخوازی و بایەخە جیهانداگرەکانی بردووەتە نێو هەناو و ناخی حیزبەوە. لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی دەستەڵاتی ناوەندی بەدژی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات هیچکات دیلەکانی شەڕی ئەشکەنجە نەدا، بریندارەکانیان لە مەیدانی شەڕ وەک پێشمەرگەکان دەرمان دەکران و دوای ئەوەیکە لە بواری بیرکردنەوەی سیاسی ڕوون دەکرانەوە ئازاد دەکران، جا زۆربەی ئەوان لە ناوچەی خۆیان دەبوونە سەفیری پرسی کورد، ئێمە هیچکات باوەڕمان بە تیرۆر نەبووە، تەنانەت ئەو کاتەی ڕێبەرانمان سەرەتا د. قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ دەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێرانی و دواتریش لە میکۆنوس د. شەرەفکەندی کاتێک دەگەڵ بەشێکی لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن دانیشتبوو، و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە تیرۆر کران، ئێمە بۆ وڵامدانەوەی ئەو تاوانە مەزنانە دەستمان بۆ تیرۆر نەبرد. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا ناوەندەکانی ڕێبەریی حیزبەکەمان چەندین جار بە درۆن و مووشەک پەلامار دران و خەسارەتی گیانی و ماڵیی زۆرمان وەبەر کەوت بەڵام ئێمە وتمان تیرۆر بە تیرۆر وڵام نادەینەوە دواتریش دیتمان خەڵک چۆن ئەو پەیامەی ئێمەی وەرگرت و بە خەباتی مەدەنی، سیاسی و یاسایی ئەوەندەی بۆیان لوا بە چالاکیی وەک مانگرتن، ناڕەزایەتیی سەرشەقام و بە بەشداریی ژنان و پیاوان و لاوانی کوردستان لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە تەنانەت مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییەکانی مەزهەبی کە هەمووکات دەوری کاریگەریان لە ژیانی سیاسی حیزب هەبووە، مەیدانی خەبات و تێکۆشانییان لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران گرتووە.

**کوردکاناڵ**: بنەمای دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب:

**خالید عەزیزی**: فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، فەلسەفەیەکی سیاسیە، ڕوانینی ئێمە سەرچاوە و ئاخێزگەیەکی ئایدۆلۆژی تایبەتی یان حیزبێکی چینایەتی نییە، ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین و کاتێک دەڵێین ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین،

گەلاوێژی ٢٧٢٣

ئەمە هەموو خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە بە سەرجەم چین و توێژ و باوەڕەکانیان. چوونکە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە، ئەو جۆراوجۆرییەش بە جوانی لەنێو ڕیزەکانی تەشکیلاتیی حیزبدا خۆیا دەبێ. هەروەک باس کرا ئێمە بەدوای چارەسەری پرسی کورد و مافەکانی نەتەوەیی خۆمانین و لە دانیشتنە سیاسییەکانیشدا زۆر سرووشتییە بۆ ئەو مەبەستە بەدوای یارگیری و بەردەنگی خۆمانین. لەناوخۆی ئێران سەرجەم ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێرانی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، ئیدارەی هاوبەشی ئێران و نا ناوەندبوون و مسۆگەربوونی یەکسانیی مافی نەتەوەکانی ئێران هەبێ، ئێمە وەک هاوپەیمان چاویان لێدەکەین، لایەنگری دۆستایەتی و پێوەندی دەگەڵ هەموو ڕێکخراوە و ڕەوتێکین کە بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن. لە بواری دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیشەوە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە لەسەر ئەو بنەمایە پێداگر بین کە وێنایەکی گشتی لە ئێران و کوردستان پێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە داهێنان و نوێکاری و جیهان بینییەکانی نەمر د. قاسملوو کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تێکۆشاوە لە ئەمریکا و ئورووپا دەگەل دامەزراوە و وڵاتانی جۆراوجۆر پێوەندی هەبێ، لە درێژەی ئەو سیاسەتانە و پێوەندی ئێمە وەک ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیست و دەرفەتەکانی دیکەش هەوڵ بدەین پەیام و ڕێکاری سیاسی حیزب و خەڵکی خۆمان بگەیەنینە گوێی جیهان.

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٣ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانەو وتارەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**